# خەرمانەی هونەر

# خەرمانەی هونەر

کۆکردنەوە و ئامادەکردن

خالید عومەر عوسمان

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **خەرمانەی هونەر**

- کۆکردنەوە و ئامادەکردن: خالید عومەر عوسمان
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: ڕێمان
- نرخ: (٦٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٢٠
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی تاران

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن: (١٣٩) لەساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە.

**زنجیرەی کتێب (٨٧٦)**



**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

**بەرایی:**

بەڕێزان ئەم بەرهەمەی لەبەر دەستتە بریتیە لەسەر ژیاننامەی کۆمەڵێك هونەرمەند، لە سەرەتای هەشتاکانەوە حەزی ئەوەم هەبووە کە زانیاریم هەبێ لەسەر هونەرمەندان، لە هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێك ژیاننامەی هونەرمەندێکی تیادابوایە ئەوا بە مقەس هەڵمدەبڕی و بە سیکۆتین لە دەفتەرم دەدا، تا لە ساڵانی دوو هەزارەکان زۆرترین ژیاننامەم کۆکردەوە، پاشان فێری کۆمپیۆتەر بووم و تاییم کردن، ئینجا بیرم کردەوە بیکەمە کتێبێك و بەچاپی بگەیەنم، پەیوەندیم بە دەزگای چاپەمەنی موکریان کرد، لەوێ مامۆستا (کاروان پێشنیاری کرد زیاتر پەرە بە ژیاننامەکان بدەم، ئەوەی کەر کورتە زیادی بکەم لەلای خودی هونەرمەندەکە، منیش پێشنیارەکەم قبوڵ کرد، لفەگەڵ ئەوەشدا بۆم ڕەخسا چاوپێکەوتن لەگەڵ چەندین هونەرمەندی تر بکەم و ژیاننامەیان لێوەرگرم، لێرەوە سوپاسی ئەو هونەرمەندانە دەکەم هاوکاریان کردم بۆ نووسینی ژیاننامەیان، داوای لێبوردنیش لەو هونەرمەندانە دەکەم کە پێڕانەگەیشتم چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکەم، خوا یاربێ لە داهاتوو بۆ بەرگی دووەم ئەوەی ماوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دەدەم،

سوودم وەرگرتووە لە:

- ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودی هونەرمەند
- دوا لاپەڕەی گۆڤاری کاروان ساڵانی هەشتاکان
- ڕۆژنامەی هاوکاری
- ڕۆژنامەی خەبات
- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
- ڕۆژنامەی برایەتی
- ڕۆنامەی ئاسۆ
- تۆڕی ئەنتەرنێت
- ژیان و هونەر (تاهیر کرمانج) بڕێك زانیاریم لە کتێبەکەی وەرگرت لەسەر ئیزنی خۆی

**سوپاس و پێزانین:**

- د. رۆژگار حەمید
- وەزیری ڕۆشنبیری بەڕێز خالید دۆسکی
- بەڕێز دەرباز کۆسرەت رەسول
- هونەرمەند مام ئەنوەر عەزیز بۆ ناو لێنانی بەرگی کتێبەکەم
- هاوڕێی دێرینم ئازاد سەعید وەك خەمخۆری بەدەست هێنانی پەرتوکەکەم
- کاك مستەفا سلێمان و کاك ئاکۆ خەسرو عەدۆ زۆر پاڵپشتم بوون

سوپاسی فۆتۆگرافەران

- ئامانج مەرزانی
- هێرش عومەر
- سەهەند عیماد
- عەلی عادل

خالید عومەر

## پێشەکی:

من وەکو هونەرمەند سەعدون یونس سەرسام بووم بەو هەموو سەردیقە جوانانەی خالید عومەر کە بایەخێکی زۆری بە کۆکردنەوەی ژیاننامەی هونەرمەندان داوە کە خەرمانەی هونەری ناو ناوە ناوێکی پڕ بە پیستیەتی، هەڵبەتە بە نەفەسێکی زۆر قوڵ تەعامولی لەگەڵ ئەو کارەی کردووە، بەڕاستی ئەو کارە خۆی مێژووەکی گرنگە بۆ بەبیر هێنانەوی ئەو هونەرمەندانەی کە وون بوونە یان لە بیر کراون، جا لێرەدا من دەستخۆشی لە خالید عومەر دەکەم بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزەی کە هەنگاوی بۆ ناوە، لە کۆتاییدا دەڵێم ماندوو نەبی دەشتخۆش بە هیوای بەرگی دووەمت.

سەعدون یونس

ئەڵمانیا ٢٠١٨/١١/٢٤

## پێشەکی:

خەرمانەکەی خالید عومەر هەمووماني پێککگەیاندەوە، دەتوانم بڵێم ڕۆژانە لە میانی شتە جوانەکانی (فەیسبوك) ئەو هەوڵە پڕ لە بایەخەی (خالید عومەر) ی ئەرشیفساز دەبینم و دەخوێنمەوە لە مانشێتێکی زیرەکانە کە ناوی (خەرمانەی هونەر) ی بە خۆوە گرتووە، ئەوە دەبینم هێشتا (قەڵەم بەدەست) ی خەمخۆر ماوە کە بەدوای بەشێکی گرنگی کلتوری گەلەکەم کە فایلی هونەر و ڕووناك بیرییە دڵخۆشدەبم و هیلاکیەکانی بەقەد هیلاکی هەموو ئەوانەیە کە (خالید عومەر) ڕۆژانە بە هەزارانیان دەناسێنێ و مافی مێژوویی بەخشینەکانی ئەو بەشەی کلتوری کوردی دەپارێزێ و بەبیری نەوەی نوێی دەهێنێتەوە، ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو هونەرمەند و نووسەرانەی دەیانبینین ساڵانێکی زۆر لە ڕۆژانێکی زۆر سەخت ڕۆژانێکی زێڕینی شانۆ و دراما و نووسین و ڕۆژنامە نووسی و شیعر و شێوەکاری و — هتد دروست کردووە و (خالید عومەر) بۆ هەر یەکێ لەوانە پەیکەرێکی سەرفرازی دروست کردووە، کەواتە بۆچی هەموومان ئەو (ئسکلۆپیدیا) یە نەکەینە دەسپێکێك بۆ نووسینەوەی سەر هەڵدانی مێژووی هونەر و ڕووناکبیری بۆ خۆمان، با لێرەوە ستایشی ئەو هەوڵە پیرۆزەی (خالید عومەر) بکەین و من لەلای خۆمەوە ئەو حەزەی نووسەری ئەو (ئسکلۆپیدیا) یە بەسەروەرییەکی گەورە دەبینم هەم بۆ ئەو هەم بۆ خۆشمان، چونکە ئەوە بوو بە وەسیقەیەکی زیندوو لە ژیانی ئێمە و مێژوویەکی زیندووی دوێنێ و گێڕانەوەی بۆ ئەمڕۆی ئەم نەوەیەی حەزیان بەوە هەیە دوێنێ بخوێنینەوە، کەواتە بەرۆحیەتی ڕاستگۆیی و خۆشەویستیەوە ئەو دیارییە زێڕینەی (خالید عومەر) وەربگرین و لە یەکەم ڕەفەی کتێبەکانمان بپارێزین، هەر ئەوەندە ماوە بڵێم درووود بۆ قەڵەمە ئازیزەکەی (خالید عومەر) و درووود بۆ ئەو (ئسکلۆپیدیا) پڕ خەرمانەیەی هەمووماني بە یەکگەیاندەوە،

نازم دڵبەند

نووسەر و ڕۆژنامەنووس

٢٠١٨/١١/٢٤

## پێشەکی:

به ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، هەر کۆمەڵگایەك ڕێزی له هونەر و هونەرمەندان نـا ئەوا کۆمەڵگایەکی ژیر و پێشکەوتووه، گەلی کوردیش بەوه ناسراوه کـه هونەرمەنـدی خـۆش دەوێ و ڕێزی زۆری لێدەگرێ، ئەوانەی له نێوەندی هونەرین باشترو چاکتر هەست بەمه دەکەن، کاتێك هاوڵاتی هەمیشه پرسیاری دوا هەواڵ و چالاکی لێدەکاو پەرۆشـی و تامـەزرۆیی خـۆی دەردەبڕی بۆ بەرهەمی تازه، گەرچی میدیای کوردی به هـەموو بەشـەکانیەوه کـەم و کوڕیـان نەبووه له ناساندن و بلاّو کردنەوەی دوا هەواڵی هونەرمەندان، بەلاّم به ئەرشیف کردنی ژیـان و چالاکیان خشتێکی زێڕینی تری گەورەیه بۆ بنیادی کۆشکی هونەر و هونەرمەندان، ئەم هەوڵـه زۆر جار دراوه و شتی باش پێشکەش کراوه، هونەرمەند (خالید عومەر) یش دەیەوێ ئـەمجاره لەو مەیدانه هەنگاوێکی گەوره و جوان بنێت و دیاریەکی زێڕین پێشکەش بـه هونەرمەنـدان و هەوادارانیان بکا، ئەوەندەی له نزیکەوه ئاگام لێیه کاك خالید چەندین ساڵه خەریکی ئەو پرۆژه جوان و قەشەنگەیه، که بەڕاستی جێگای ڕێزو دەست خۆشیه، لەم کـاره جوانـەی هەولێـداوه کتێبەکەی هەموو هونەرمەندان بگرێته خۆ، بێ جیاوازی بۆچوون و شارو شوێن، ئەمه کارێکی پیرۆزه و بەڕاستی جێگای دەستخۆشیه، هیوادارم ئەم هـەنگاوه و کـاره جوانـەی هونەرمەنـد خالید عومەر دوا کارو دوا هەنگاوی نـەبێت و بـەردەوام بـێ لـەو ئەرکـه جوانـەی، دووبـاره دەستخۆشـی لێدەکـەم و دەسـتی مانـدوو بـوونی دەگووشـم و داواکـارم لـه خـوای مـەزن تەندروستیەکی باش و سەلامەتی پێبدا، تا بەردەوام بێ لەو کاره جوانەی

ئوسامه جەمیل

هەولێر — پاییزی ٢٠١٨

## پێشەكی:


خەرمانێكی هونەری پڕ گوڵە گەنم ڕۆژگارێكە وەك كەسێكی ئەكتیڤ و چالاك لە بواری هونەری دراما و شانۆ دەیبینم و سەر بە هەموو كون و قوژبنێكی نیشتماندا دەكات لە پێناو كۆكردنەوە و بە ئەرشیف كردن و ناساندنی هونەرمەندانی سەرجەم بوارەكان لە شانۆ و دراما و سینەما و میوسیك و گۆرانی و هۆنراوە، ماوەیەكیشە بە تاكە باڵی خۆی و شەو نخونی و بە ڕێگای تۆڕە كۆمەلاّیەتیەكان و بە تایبەتی فەیسبوك هەر جارەو هونەرمەندێك و هەر دەرفەتە و بوارێك لە بوارەكانی هونەر بەسەر دەكاتەوە و ژیان و بەسەرهات و چالاكی هونەرمەندانمان ئاشنا دەكات، ئەوەندەی ئاگام لێبێت سەرەتا لە شاری هەولێر و هونەرمەندانی دەوروبەری خۆی دەستی پێكرد، دواتر پرۆژەكەی پەلو پۆی هاوێشت و فراوان بوو تا زۆربەی هونەرمەندان بەسەر بكاتەوە و هەنگاو بەرەو شار و شارۆچكەكانی تریش بنێ، (خەرمانەی هونەر) خەرمانەیەكی بە ڕاستگۆیی و سەر ڕاستی هێنراوەتە بەرهەم، نووسەر ڕاستگۆیە لە كۆكردنەوەی زانیاری و ئەرشیفی هونەرمەندان و ناساندنیان، جیاوازی نووسەری خەرمانەی هونەر لەگەڵ ئەوانی دی تەنها ئەوەیە كە دڵسۆز و ڕاستگۆیە بۆ پرۆژەكەی، ئەو فەرقی هەیە لەگەڵ كەسانێك كە لە ڕابردوو لە ساتە تاریك و ڕەشەكانی حوكمی بەعس ئەرشیفی هونەرمەندانیان بە دوو سەرەو بە دوو دانە خڕ دەكردەوە، دانەیەك بۆ ئاغاكانیان و پێدانی مەعلوماتی ترسناكی چەكی هونەر، ئەوی دیش وەك ئەرشیفچی بە سەقەت و پەقەتی بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەكان و خۆشیان پێ بادەدا، بەهەر حاڵ كاكی نووسەر (خالید عومەر) لەو دڵسۆزانەیە كە دەزانێ چۆن و بە چ وەفادارییەك خزمەت بە هونەر و هونەرمەندان بكات وەك دەست پێكیش سەركەوتووە و پیرۆزبایی لێدەكەم، تاكە داواشم ئەوەیە لە بەرگەكانی دی گەر بواری چاپكردنەوەی (خەرمانی هونەری بۆ ڕەخسا با زیاتر هونەرمەندانی شارۆچكەكان و شارەكانی (سلێمانی و كەركوك و دهۆك) یش بگرێتەوە، بە هیوای سەركەوتن،

زایەر عەبدوڵلاّ

٢٠١٨/١١/٢٤

هەولێری پایتەخت

# شانۆکاران



چەتۆ حەسەن - سەعدون یونس



## عەبدوڵلا پشدەری / ئەکتەر

ناوی تەواوی (عەبدوڵلا خدر) ە، ساڵی ١٩٣٢ لە (قەلا دزێ) لە دایك بووە، قۆناغی سەرەتایی لەساڵی ١٩٤٨ لە قەڵادزێ تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٢ لە بەڕێوەبەرایەتی بەریدی قەڵادزێ دامەزراوە، ساڵی ١٩٥٥ دەگوازرێتەوە بۆ بەریدی (میرزا ڕۆستەم)، لەماوەی ساڵی ١٩٦٠ تا ١٩٦١ دەگوازرێتەوە بۆ (قەڵادزێ و ڕانیە و سلێمانی و سەنگاو)، ساڵی ١٩٦٤ دەگوازرێتەوە بۆ (کەرکوك) پاش مانەوەی (١١) ساڵ لە کەرکوك دەگوازرێتەوە (هەولێر) بۆ بەڕێوەبەرایەتی (ڕەی) هەولێر، ساڵی ١٩٤٧ لە ئاهەنگێکی تایبەت بەبۆنەی جەژنی نەورۆز لە قەڵادزێ لەگەڵ لاوانی قەڵادزێ تەمسیلی (کاوەی ئاسنگەر) یان نمایش کرد، ساڵی ١٩٥٣ بەشداری لە (هەر کەسەو لە شوێنێ دەدوێت) کرد بۆ ڕادیۆی کوردی، بەداخەوە لە ٢٠٠٥/١٢/٢ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.



**کارەکانی:** (کاوەی ئاسنگەر) (هەر کەسەو لە شوێنێ دەدوێت) (پاسەوانی بەندیخانە) (سەرباز = گیان بەخت) (بەهاری دزراو ١٩٧٢) (مەرەزە ١٩٧٢) (تەقینەوە) (هونەر و ژیان) (کۆتی کۆمەڵ) (قەڵای دم دم

---

سەرچاوە — ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ٢٠٠٥



## مەکی عەبدوڵڵا / ئەکتەر

هونەرمەند (مەکی عەبدوڵڵا) ساڵی ١٩٣٨ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٧ ڕووی لە نواندن کردووە، ساڵی ١٩٥٤ گروپێکی شانۆیی لە کەرکوك دامەزراندووە، ساڵی ١٩٥٨ گرووپی شانۆی خەباتی هەولێری دامەزراندووە، ساڵی ١٩٦٠ گرووپی شانۆی خەباتی لە سلێمانی دامەزراندووە، لەو کاتەوە خولیای دروست کردنی فیلمی سینەمایی دەبێت و ئەو خەونەی دوای تێپەڕینی ٣١ ساڵ لە هەوڵ و ماندوو بوون توانرا فیلمی سینەمایی (نێرگز بووکی کوردستان)



بەرهەم بێنێت، ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٩١ لەسەر ئەرکی خۆی و خوالێخۆشبوو نوری نانەکەلی و وریا قادر جەمسی و حەمە کەریم لە دایکبووە و ٤٠٠ هەزار دۆلاری تێچوو و لەچەندین وڵات نمایش کرا وەکو سوید و بەریتانیا، وەهەروەها لە شارەکانی کوردستانیش، بەداخەوە ماوەیەك باری تەندروستی تێکچوبوو توشی نەخۆشی گورچیلە ببوو، تا لە ٢٠١٥/١٢/١٩ کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی شێخ فەتاحی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا،

---

سەرچاوە — لەیەکێ لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان



## تەها خەلیل / ئەکتەر


ناوی تەواوی (تەها خەلیل حوسێن) ە، ساڵی ١٩٤٠ لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لە دایك بووە، ساڵی ١٩٤٩ دەستی بەکاری هونەری کردووە لە شانۆگەری (قوربانیەك) لە شارۆچکەی چوارتا، ساڵی ١٩٥٨ لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا وەرگیراوە و تەواوی کردووە، بەشداری زیاتر لە (٨٠) تەمسیلی ڕادیۆیی و (٢٠) تەمسیلی تەلەفزیۆنی کردووە، لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە چەندین زنجیرە دراما بەشداری کردووە لە ئامادەکردن و دەرهێنانی



حوسێن میسری وەکو (ڕەشەی پۆلیس و حەسەنە فەنی و نامەکانی ئەشرەف)، دوا بەرهەمیشی زنجیرەدرامای (ڕەیحانە) بووە لە تەلەفزیۆنی کوردستان، بەداخەوە لە ١٧-١١-٢٠١٠ کۆچی دوایی کردووە لە گۆڕستانی سەیوان لە سلێمانی بەخاك سپێردراوە،


---


سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان





## سەفوەت جەراح – شانۆکار

ناوی تەواوی (سەفوەت عەلی محەمەد) ە، ساڵی ١٩٣٥ لە گەڕەکی قەلاّی شاری کۆیە لە دایك بووە، دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا بەشی شانۆ، ساڵی ١٩٥٣ دەستی بەکاری هونەری کردووە، مامۆستا سەفوەت ئەکتەر و دەرهێنەر بووە، بەشداری چەندین شانۆگەری و دراما و فلیمی سینەمایی کردووە، کاری دەرهێنان وەکو (نموت ولا نسلم/ کاتلین أبنة هولبان/ ثورة الطيور/ الصياد/ سورمێ خان)، وە کارەکتەری شانۆگەری (شهرزاد) لە دەرهێنانی (حقي الشبلي) ١٩٦٨ و چەندین شانۆگەری تر، بەشداری چەندین زنجیرە تەلەفزیۆنی کردووە (جرف الملح) لە دەرهێنانی محەمەد یوسف الجنابی ١٩٧٢ (فارس بن حمدان) لە دەرهێنانی عمانوئیل رسام ١٩٧٤ (حلب حبيبتي) لە دەرهێنانی عادل الخزاعي ١٩٧٩ (خاتوو کلاّو زەر) لە دەرهێنانی زوهێر عەبدولمەسیح ١٩٨٩، وەهەروەها وەك نواندن بەشداری چەندین فلیمی عێراقی کردووە لەوانە (المسالةالكبرا) لە دەرهێنانی محمد شکری جمیل ١٩٧٩ (نێرگز بووکی کوردستان) لە دەرهێنانی جەعفەر عەلی ١٩٩٠، بەڕێوەبەری دەزگای هونەری حکومی بووە لە بەغدا و هەولێر، لە ٢٠١٠/٧/١٩ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە،






سەرچاوە – لە یەکێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان



## خەلیل یابە کەریم / ئەکتەر



هونەرمەند (خەلیل یابە کەریم) ساڵی ١٩٣٨ لە ناحیەی گوێڕ سەر بە شاری هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوێڕ و ناوەندی لە هەولێر و خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە موسڵ تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٩ دەبێتە مامۆستا یەکەمجار لە گوندی (سۆربەش) وانە دەڵێتەوە پاشان لە (گوێڕ)، ساڵی ١٩٧١ دەگوازرێتەوە هەولێر، لە پەنجاکان دەستی بەکاری هونەری کردووە بۆ یەکەمجار بەشداری کرد لە تەمسیلی (دەرەبەگ و شوان)، مامۆستا پەرۆشی وەرزش بووە بەتایبەتی (هەڵگرتنی قورس و لەش جوانی)



**کارە هونەریەکانی:** (دەرەبەگ و شوان) (وێنەیەك لە ڕابوردو) (قەلە ڕوتە) (خاڵۆی ڕێبوار) (چیرۆکەکانی مام سمایل) (گوێزان) (بۆرەپیاو) (هەولێر لە ڕابوردو وئێستادا ١٩٧٣) (سەرکەوتن) (زاوایەکی گەلحۆ) (کۆتی کۆمەڵ) (هونەر و ژیان) (هەڵەی دەرهێنەر) (خۆتان بگرن هات) (وەلی دێوانە) (قەڵای دم دم) (لافاو) (سورمە خان) (هەبو نەبو) (محەمەد و سێوێ) (لاس و خەزاڵ) (تاپۆ حەقی چییە) (خاتو کڵاو زەر) (ترس و ئەڤین) (گرێ) (گەردەلول ٣)


---

سەرچاوە - گۆڤاری (کاروان) لە هەشتاکان کەبەعەرەبی نووسرابو منیش وەرمگێرایە سەر زمانی کوردی



## قادر مستەفا / ئەکتەر

هونەرمەند (قادر مستەفا) ساڵی ١٩٤٣ لە هەڵەبجە لە دایك بووە، ساڵی ١٩٦٤ خانەی مامۆستایانی سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٦ بۆ یەکەمجار لەڕێی هونەرمەند ئەنوەر توفی چووەتە سەرتەختەی شانۆ وەك ئەکتەر لەشانۆگەری (ئۆتێللۆ) ڕۆڵی بینیوە، ساڵی ١٩٥٩ لە ناوچەی قەرەداغ لە شانۆگەری (کۆتایی زۆردار) ڕۆڵی بینیوە، دواتر لەبەر بارودۆخی ئەوسای کوردستان چالاکییەکانی کەم بۆتەوە تا ساڵی ١٩٧٠، ساڵی ١٩٧١ بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی



هونەرو وێژەی کوردی سلێمانی، ساڵی ١٩٧٥ چۆتە چالاکی قوتابخانەکان، ساڵی ١٩٨٤ بووەتە بەڕێوەبەری چالاکی هونەری، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری تیپی شانۆی سالار بووە، لە ٢٠١٤/٩/٢٨ کۆچی دوایی کردووە ،

---

سەرچاوە – ڕۆژنامەی (هەولێر) ٢٠١٤



## کاوه ئەحمەد میرزا / ئەکتەر و نووسەر


مامۆستا (کاوەی ئەحمەد میرزا) لە ١٩٤٠/٨/٤ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانی سلێمانیە، ساڵی ١٩٦٨ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و سێ کچ و دوو کوڕ هەیە، ساڵی ١٩٥٦ بە شانۆگەری (پیسکەی تەڕپیر) دەستی بە خەرمانی هونەری کرد لە ڕێی هونەرمەند (تەها خەلیل) کە لە گەڕەکی خۆیان بووە بەشداری پێدەکات، هەر لە پەنجاکان شانۆگەری (ئافرەت و نوشتە) نووسیوە، لەدوای شانۆ لەساڵی ١٩٧١ هەنگاوێك دەنێ بۆ تەلەفزیۆن کە ئەو کاتە تازە تەلەفزیۆن کرابووەوە، بەبۆنەی بەیانی ١١ی ئازار ڕێگەدرا کە بەشی کوردی لەو تەلەفزیۆنە بکرێتەوە، ساڵی ١٩٧٣ یەکەم بەرهەمی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کرد بەناوی (چایخانە) لەگەڵ تیپی نواندنی سلێمانی لە نووسین و سیناریۆی خۆی و ڕۆڵیشی بینیوە، هونەرمەند لە کاری بچوك وایلێهات گەیشتە ئەوەی زنجیرە دراما بنووسێ، ساڵی ١٩٨٤ یەکەم زنجیرە دراما کە نووسی (ژاڵە) بووە، ژاڵە کورتە چیرۆکێکی (جەلیل زەنگەنە) بووە لە چیرۆکێکی ڕووسی وەری گرتووە بەناوی (یەکەم مامۆستا) هونەرمەند



دەستکاری کردووە و سیناریۆی بۆ داناوە و دواتر ناوی گۆڕدرا بۆ (ژاڵە) و ناسر حەسەن دەرهێنانی بۆ کرد لەماوەی (١٨) ڕۆژ کارەکە تەواو بوو و نمایش کرا، کاوە میرزا بەشداری دەیان شانۆگەری کردووە وەك ئەکتەر و ئامادەکار و وەرگێر، دامەزرێنەری ماڵی شانۆی کوردە لەساڵی ٢٠١٠،

---

سەرچاوە — لەیەکێ لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان

## هۆشیار سەید ئەحمەد – ئەکتەر

ناوی تەواوی (هۆشیار ئەحمەد سالّح) ە، بە ڕەچەڵەك كۆییە، لەبەر ئەوەی باوكی بەڕێوەبەری گومرگ بووە لە (تەوێڵە) ئەو لەساڵی ١٩٤٠ لە گوندی (تەوێڵە) ی شاری هەڵەبجە لـە دایـك بـووە، سـاڵی ١٩٦٢ دێنـەوە هـەولێر و لـە گـەڕەكی تـەیراوە نیشـتەجێدەبن، سـاڵی ١٩٦٣ هاوسەرگیری كردووە و دوو كوڕو سێ كچی هەیە، ساڵی ١٩٤٣ دایكی كۆچی دوایـی كـردووە، باپیری سالّح لەبەر ئەوەی خۆشی ویستووە لای خۆی لە كۆیە بەخێوی كردووە، ساڵی ١٩٤٦ لە كۆیە چووەتە قوتابخانەی (الثانیة)، دوای ئەوە چـووەتەوە لای بـاوكی، هـەر بـەهۆی وەزیفـەی باوكی یەكی ناوەندی لە تەلەعفـەر و دوو لـە هـەولێر و سـێ لـە هەڵەبجـە و چـوار و پێنجـی دواناوەی لە سنجار تەواو دەكات، دەرچووی (خانەی مامۆستایان) ی سلێمانییە لەساڵی ١٩٦٠ – ١٩٦١، ساڵی ١٩٦١ بووەتە مامۆستا لـە گونـدی (بێسـتان سـور) سـەر بـە شارۆچـكەی عـەربەت لە سلێمانی، دوای ساڵێك دەگوازرێتەوە بۆ گونـدی (مورتكـەی گـەورە) لـە سـنوری هەولێر ساڵێك دەمێنێتەوە، دواتر ساڵ و نیوێك دەچێتە (قوشتەپە)، دواجار دەگوازرێتـەوە بـۆ هەولێر دەچێتە قوتابخانەی (هندرێن) ی ئێواران، بەپێی وەزیفەی باوكی نیشتەجێی ئەم ناوچانە بوونە، لەچـلەكان (تەوێڵـە/ هەڵەبجـە/ پێنجـوێن) پـەنجاكان (قـەڵادزێ/ سـنجار/ تەلەعفـەر) شەستەكان (ڕواندز/ كەركوك)، ساڵی ١٩٥٦ دەستی بەكاری هونەری كردووە لـە هەڵەبجـە بـە شانۆگەری (ئەمرەكەی بەگم) لە دەرهێنانی (ڕەئوف یەحیا)، ماوەیەك دادەبڕێ و ساڵی ١٩٧٠ دەست دەكاتەوە بەهونەر و لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر بەشداری تەمسیلی (مارەیی) دەكات، ساڵی ١٩٧٠ بەشداری ڤیستیڤاڵی هونەری كوردی كردووە لە بەغـدا بـە شـانۆگەری (لـەپێناو ڕوناكی) لە نووسینی خۆی و دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان، ساڵی ١٩٧٤ لە هـەولێرەوە دوو


شانۆگەری دەبەن بۆ سلێمانی (بێژەر بەڵێ بێژەر نا) لە نووسینی برێخت و دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان، (چیرۆکی کرن) لە نووسینی مەعاز یوسف و دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان، هەر لەو ساڵەدا هونەرمەند هۆشیار سەید ئەحمەد بەیەکجاری واز لەهونەر دێنێ،




**بەرهەمەکانی:** (ئەمرەکەی بەگم ١٩٥٦) (مارەیی ١٩٧٠) (لەپێناو ڕوناکی) (مەسەلەی شارێك ١٩٧٢) (چلپاو ١٩٧٣) (بێژەر بەڵێ بێژەر نا ١٩٧٤) (چیرۆکی کرن ١٩٧٤) ،

---

ئەم ژیاننامەم لەگەڵ خۆی ساز کردووە لە ٢٠١٨/٦/٢٠




**واحید مەرجان / ئەکتەر و شێوەکار و مۆسقا ژەن**

ناوی تەواوی (عەبدولواحید خدر مەرجان) ە، ساڵی ١٩٤٢ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (ئەربیل ئولا) و (ئیبن مستەوفی) تەواوکردووە، ساڵی ١٩٦٢ خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٣ بۆتە مامۆستای هونەر لە ناوەندی سەلاحەدین، ساڵی ١٩٥٨ بەشداری پێشانگەیەکی هاوبەشی کردووە لە یاریگای هەولێر خەڵاتی دووەمی وەرگرتووە، چەندین پێشانگای هونەری تایبەتی لەناوەو دەرەوەی کوردستان کردۆتەوە، دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای دەرسیم بووە لەساڵی ١٩٥٨، دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای مامۆستایان بووە لە هەولێر، هەروەها دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای کرێکاران بووە لە هەولێر، وەك پسپۆڕ لەبواری نەخشەسازی و دیکۆر لەگەڵ تیپی هونەرە میللییەکان کاری کردووە، سەرۆکی تیپی مۆسیقای چالاکی قوتابخانەکان بووە، خەڵاتی یەکەم وەر دەگرێت لەسەر ئاستی عێراق بەرامبەر بە پێشکەش کردنی ئۆپەرێتی (کاروانی خەبات)، لێپرسراوی تیپی مۆزیکی هونەرو وێژەی کوردی هەولێر بووە، بۆ یەکەمجار ئامێری ئۆکۆردیۆن لە شێوەی ڕۆژئاوایی دەگۆڕێت بۆ ڕۆژهەڵاتی، بەشداری لە یەکەم ڤیستیڤاڵی هونەری کوردی لە بەغدا کردووە، ساڵی ١٩٧٤ بە ئۆپەرێتی (باران) لە نووسین و ئاواز و دەرهێنانی خۆی بەشدار بووە، ساڵی ١٩٧٩ بۆ ئاشنا بوون لە بواری هونەر

سەردانی وڵاتانی (بولغاریا و چیکسلۆفاکیا و یەکێتی سۆڤیەت و نەمسا) ی کردووە لەگەڵ تیپی هونەرە میللیەکانی هەولێر وەك سۆلیست لەسەر ئامێری عود، وەك ئەکتەر و دەرهێنەر لە چەندین شانۆ و درامای تەلەفزیۆنی کاری کردووە لەوانە (چلپاو/ مارەیی/ مەم و زین/ تاپۆ حەقی چییە/ شێتخانە ئەفەندی/ لاس و خەزاڵ/ میوانی ناوەخت/ گوڵی نهێنی/ زاوای گەلحۆ/ گەمەی خەونە زیندووەکان)، ساڵی ١٩٩٨ و ٢٠٠٠ و ٢٠٠٤ پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە ، ساڵی ٢٠٠٦ خانەنشین بووە ، بەداخەوە لە ٢٠١٦/٢/٩ کۆچی دوایی کردووە،



سەرچاوە — ڕۆژنامەی (هەولێر) ٢٠٠٦



## چەتۆ حەسەن / ئەکتەر و شێوەکار

ناوی تەواوی (چەتۆ حەسەن عەزیز) ە، ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی عەوێنەی شاری هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆی و ناوەندیشی لە قوتابخانەی (زارا) لە هەولێر تەواو کردووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانی سەرەتاییە، بەشداری پێشانگای هونەرمەندانی شێوەکاری کردووە، ساڵی ١٩٦٠ دەستی بە هونەری تەمسیل کردووە، لەو کاتەوە بووەتە ئەندامی تیپی هونەری هەولێر بە هاوکاری هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان، لە چەند شانۆگەری و تەمسیلی وەك ئەکتەر و دەرهێنەر بەشداری کردووە، پاش ڕاپەڕین لەساڵی ١٩٩٣ لە تەلەڤزیۆنی کوردستان بەرنامەی (هەگبە) ی فۆلکلۆری پێشکەش کرد بە هاوکاری هونەرمەند ئەنوەر شێخانی



**کارەکانی:** (خالۆی ڕێبوار ١٩٧٢) (بۆرە پیاو) (لافاو ١٩٧٤) (سەرکەوتن) (حەمەدۆك) (مۆڵەت) (سێ چەتە) (جۆزان) (کاوەی ئاسنگەر) (چیرۆکێك بۆ منداڵە خۆشەویستەکان) (هەڵەی دەرهێنەر) (هەور و ساماڵ) (قەڵای دم دم ١٩٨٢) (کونەبا) (سورمە خان) (میوانی ناوەخت) (مرۆڤ و ئازارەکانی) (تاپۆ حەقی چیە ١٩٨٤) (لۆ تێم ناگەن) (مۆرانە) (مەرزی و کاکەمین)

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## ڕەسمی جەلال / ئەکتەر

ناوی تەواوی (ڕەسمی جەلال مـەحمود شـاڵی) یـە، سـاڵی ١٩٤٧ لە گەڕەکی ساری کەهیەی شاری کەرکوك لـە دایـك بووە، سەرەتایی لە کەرکوك و دوبز ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، لە ١٩٦٣/٧/١٥ لە کاتی حەرەس قەومی هاتونەتە هەولێر و لە گەڕەکی جمهوری نیشـتەجێ بووەنـە، دەرچـووی ئامادەیی کشتوکاڵە ١٩٧١، (١٠) سـاڵ فەرمانبـەر بـووە، دەرچووی ئامۆژگای مامۆستایانی هەولێرە ١٩٨١، لەو کاتەوە بووەتە مامۆسـتا تـا ١٩٨٨، ساڵی ١٩٦١ دەستی بە کاری هونەری کردووە، ساڵی ١٩٧٣ دامەزرێنەری تیپی شـانۆی لادێ بووە، ساڵی ١٩٧٢ یەکەم بەشدار بووی لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر تەمسیلی (فاڵچی) بـووە، لە ١٩٨٨/٦/٣٠ بەهۆی ئەوەی دوو برای پێشمەرگە بووە کوردسـتانی جێهێشـتووە و چـووەتە ئێران، دواتر لە ١٩٨٨/١١/١٦ چووەتە تورکیا، لەوێوە لە ١٩٨٩/٦/٢٠ دەچێتە وڵاتی سوید، سـاڵی ١٩٩٢ تـا ٢٠٠٥ سـەرۆکی یـەکێتی سـینەما کـارانی کـورد بـووە لـە سـوید، لـە ١٩٩٣/٣/١٦ تا ٢٠٠٥/١٢/٣١ دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری ڕادیـۆی دەنگـی کـورد بـووە لـە ستۆکهۆڵم، ساڵی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٥ دامەزرێنەری کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کـورد بـووە لـە سوید، لە ١٩٩٢/٣/٤ هاوسەرگیری کـردووە و کچـێکی هەیـە بـەناوی (شـایان لـەدایکبووی ١٩٩٣) یە،



**بەرهەمەکانی:** (وتەی ئا – وتەی نا ١٩٦١) (خێزانی کـۆر بـــۆوە ١٩٧١) (ئۆپـــەرێتی شۆڕشـــی جوتیـــاران ١٩٧١) (ئۆپەرێتی تارا ١٩٧١) (فاڵچی ١٩٧٢) (فیلمی کەریم پاڵـەوان ١٩٧٢) (مـــارەیی ١٩٧٣) (مەســـەلەی شـــارێك ١٩٧٣)

(چیرۆکی شۆڕش ۱۹۷۳) (داسەکەی شاسوار ۱۹۷۳) (خوێندن ڕووناکیە ۱۹۷٤) (سـەرکەوتن ۱۹۷٥) (هەڵەی دەرهێنەر ۱۹۷٥) (نەخوێندەواری ۱۹۷٦) (زەنگی تەلـەفۆن ۱۹۷٦) (ئـۆن باشی ۱۹۷۸) (مام حەسەن دەگەڕێتەوە ۱۹۷۹) (بووکی بەفر ۱۹۸۰) (بە زۆر کراوە بە دکتۆر ۱۹۸۳) (فایلی ٦۷ ۱۹۸٤) (ئیمپراتۆر جۆنز ۱۹۸۷) (ئۆپەرێتی بارانی زەرد هەڵەبجە ۱۹۹۰) (مەلول ۱۹۹۲) (ڕەحمەتی ۲۰۰٦) (دۆڵچی ۲۰۱۰) ،

---

ئەم ژیاننامەم لە خۆی وەرگرتووە لە ۲۰۱۸/۹/۹ .



## سەباح عەبدولڕەحمان / ئەکتەر و دەرهێنەر

ناوی تەواوی (سەباح عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا) یە، ساڵی ١٩٤٥ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، لە ١٩٧١/٧/١٣ هاوسەرگیری کردووە، کۆی بەرهەمەکانی وەك نووسین و نواندن و دەرهێنان زیاتر لە ١٠٠ بەرهەم دەبێت لەبواری شانۆو درامادا، بە نەوەی دامەزرێنەری شانۆی کوردی لەسەر ئاستی کوردستان دەژمێردرێت، لەگەڵ هاو تەمەنەکانی خۆی لە سلێمانی هونەرمەندان (تەها خەلیل/ نەوزاد مەجید) لە بەغدا (بەهجەت جبوری/ نزار سامەرائی) لە کەرکوك (سەلمان فایەق) لە هەولێر هەر خۆی بووە کە لەیەك قۆناغدا گوزەراون، بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٦١ وەك دەستپێك لە شانۆگەری (هەر دەژیت) بەشداری کردووە لە دەرهێنانی سەفوەت جەراح، لە بەغدا خوێندنی دواناوەندی و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بەشی شانۆی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٠ لە کۆنگرەی نووسەرانی کورد لە هەولێر شانۆگەری (چیرۆکی کۆن) نمایش کردووە، دواتر درامای (فاڵچی) حەمە کەریم هەورامی بە چوار زنجیرە لە تەلەفزیۆن پێشکەش کرد، ساڵی ١٩٧١ شانۆگەری (مارەیی) نمایش کردووە لە نووسین و دەرهێنانی خۆی، ساڵی ١٩٧٩ شانۆگەری (هەبو نەبو) نمایش کردووە لە نووسینی (قاسم محەمەد) وەرگێڕانی (عومەر شێخەڵڵا) و دەرهێنانی خۆی لە هەولێر لەهۆڵی گەل و لەبەغدا هۆڵی (مسرح وطني)، دواتر لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ تەلەفزیۆن تۆماری دەکەن، هەروەها زنجیرەی (مەرزیە و کاکەمین) بۆ تەلەفزیۆن تۆمار دەکات، دوای ئەو هەموو خزمەتەی بۆ هونەری کوردی ئێستا خانەنشینە،




---

سەرچاوە — لە یەکێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان



## عوسمان ئەحمەد جاسم – ئەکتەر

هونەرمەند (عوسمان ئەحمەد جاسم) ساڵی ١٩٥٢ لە گەڕەکی بندیانی شارۆچکەی مەخموری سنوری شاری هەولێر لە دایک بووە، لە عەشیرەتی (شەهوان) ە، ساڵی ١٩٧٧ هاوسەرگیری کردووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی مەخمور تەواو دەکات، پاشان بەهۆی بارودۆخی سیاسی ماڵیان دەچێتە بەغدا و لە گەڕەکەکانی (باب و لشێخ و ئەعزەمیە) نیشتەجێ بوونەو لەوێ ناوەندی و دواناوەندی تەواو کردووە، دوای بەیانی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ دەگەڕێنەوە هەولێر و لە گەڕەکی تەیراوە نیشتەجێ دەبن، لەو کاتەوە دەبێتە پێشمەرگە، لەگەڵ نسکۆی شۆڕش بۆ ماوەیەك ئاوارەی ئێران دەبێت دواتر دەگەڕێتەوە، دەسپێکی هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٤ بە سەرپەرشتی هونەرمەند (تەحسین تەها) لە شارۆچکەی مەخمور بەشداری شانۆگەری (قوتابی چالاك) کردووە لە نووسین و دەرهێنانی تەحسین تەها، ساڵی ١٩٧٤ دەستەی دامەزرێنەری تیپی نەقابەی هەولێر بووە، یەکەم بەرهەمی ئەو تیپە شانۆگەری (ئامانجی میللەت) بووە لە نووسینی خۆی و دەرهێنانی سوبحی کۆیی، دوای ئەوە چەند بەرهەمێکی تر ئەنجام دەدەن، دوا بەرهەمی هونەرمەند لەگەڵ ئەو تیپە شانۆگەری (بەرهەم) بووە لە ساڵی ١٩٧٧، پاشان لەو تیپە دادەبڕێ و دەبێتە ئەندامی کۆمەڵ و هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر و تا ئێستاش لەو کۆمەڵەیە بەردەوامە، یەکەم بەرهەمی تۆمارکراوی بۆ تەلەفزیۆن شانۆگەری (بەزۆر کراوە بەدکتۆر) بووە، ساڵی ١٩٩٢ دەستەی دامەزرێنەری تیپی شانۆی سامان بووە بە سەرپەرشتی مامۆستا تەڵعەت سامان، یەکەم بەرهەمیشی درامای (٣ کەللە پوچ) بوو لە نووسینی شێرزاد پۆلیس و دەرهێنانی تەڵعەت سامان بۆ تەلەفزیۆنی کوردستان تۆمار کرا، لە ١٩٩٧/٧/٢٧ هەموو تیپی هونەرییەکانی هەولێر یەك دەگرن و دەچنە ناو کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، دوای ئەوە بەشداری فلیمی (وێران) دەکات لە نووسین و دەرهێنانی ئوسامە جەمیل، ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ چەند هونەرمەندێك سەردانی وڵاتی میسر دەکەن بە مەبەستی ناسینی هونەری کوردی،


**بەرهەمەکانی:** (قوتابی چالاك ١٩٦٤) (ئامانجی میللەت ١٩٧٦) (بەرگدرووی ئاخر زەمان ١٩٧٧) (نەخوێندەواری ١٩٧٨) (مارەیی ١٩٧٨) (تەرازوو ١٩٧٩) (بووکی بەفر ١٩٨٠) (قەلاّی دم دم ١٩٨٢) (بەزۆر کراوه بەدکتۆر ١٩٨٣) (فایلی ٦٧- ١٩٨٤) (خانزادێکی تر ١٩٨٤) (لێو بەبارەکان ١٩٨٥) (شاری ئەوین ١٩٨٦) (قەل و ڕووتە ١٩٨٧) (راشامون ١٩٨٨) (قەرەج ١٩٨٩) (شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە ١٩٩٠) (پێکەنینی تورەیی ١٩٩٢) (٣ کەللە پوچ ١٩٩٢) (حوکمی قەرەقۆش ١٩٩٤) (ڕەشەبای مەرگ ١٩٩٦) (وێران ١٩٩٨) (گرێ ٢٠٠٠) (کۆچ ١- ٢٠٠٠) (کۆچ ٢- ٢٠٠١) (ئازارەکانی بارام ٢٠٠٦)،





---


ئەم ژیاننامەم لەگەڵ خۆی ئەنجامداوه لە ٢٠١٨/٧/١٣



## سابیر عەبدولڕەحمان / ئەکتەر و مەنەلۆجست

ناوی تەواوی (سابیر عەبدولڕەحمان مەحمود) ە، سالّی ١٩٤٧ لە گوندی عالّلای سەر بە شاری هەولێر لە دایك بووە، تا پۆلی چواری سەرەتایی لە گوندی عالّلا خوێندووە دواتر سەرەتایی لە شارۆچکەی دوبز تەواو کردووە ناوەندیش لە هەولێر، دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر ١٩٦٨ – ١٩٦٩، سالّی ١٩٧٠ بووەتە مامۆستا لە گوندی (ناو شیوان)، سالّی ١٩٧٣ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە ٣ کوڕ و ٣ کچی هەیە، یەکەم کاری هونەری لەسالّی ١٩٦٧ ئۆپەرێتی (بوك و زاوا) بووە، سالّی ١٩٦٩ مەنەلۆجی (حاجی لەق لەق مار هات) بۆ مندالاّن گوتووە، سالّی ١٩٧٠ مەنەلۆجی (بوك و خەسو و کاکی شوفێر) بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کردووە، سالّی ١٩٧١ دەستی بە کاری نواندن کردووە و بە بەشداری کردنی لە درامای تەلەفزیۆنی (مەرج)، یەکەمین سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی بووە لە هەولێر، سالّی ١٩٧٤ تا ١٩٧٧ لە ئێزگەی دەنگی کوردستان پێشکەشکار بووە، سالّی ١٩٨٤ چووەتە دەرەوەی ولاّت بۆ ماوەی ٢٢ سالّ لە سوید ژیاوە، سالّی ٢٠٠٣ بڕیاریدا بە یەکجاری بگەڕێتەوە کوردستان، لەچەندین بەرنامەی فۆلکلۆری لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان کاری کردووە، بۆ تەلەفزیۆنی (نیگا) بەرنامەیەکی فۆلکلۆرییان پێشکەش دەکرد لەگەلّ هونەرمەندان (چەتۆ حەسەن و سلاّح محەمەد عەلی)،

**کارەکاني:** (مەرج) (فرمێسك) (گوێزان) (فالّچی) (کاوەی ئاسنگەر) (مالّی نوێ) (هەور و سامالّ) (ئاوارە) (لاس و خەزالّ) (ئازارەکانی بارام)





---

**سەرچاوە – لە یەکێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان**



## سەعدون یونس / ئەکتەر و دەرهێنەر

ناوی تەواوی (سەعدون یونس شەمسەدین) ە، ساڵی ١٩٤٨ لەبەر ئەوەی باوکی پۆلیس بووە دەوامی کەوتۆتە (ڕانیە) لەوێ لە دایك بووە، لەبەر ئەوەی نەبوون بوونە باوکی لە تەمەنێکی گەنجی خۆی خانەنشین کردووە و هاتونەتەوە هەولێر لە گەڕەکی تەیراوە سەرکەندێ نیشتەجێ بوینە، بە ڕەچەلەك خەڵکی گوندی (دەلو گول) سەر بەشاری هەولێرە و لەهۆزی (مەموند) ە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە گەڕەکی تەیراوە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٦ پەیمانگای مامۆستایانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٦٧ بۆ یەکەمجار هاتۆتە سەرتەختەی شانۆ، ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ هونەرمەند (سەمیرە عەبدۆك) هاوسەرگیری کردووە، کە ئەوکاتە لەیەك گەڕەك و یەك کۆڵان بوونە، زڕ دایکی سەمیرە خان خوشکی دایکی سەعدون یونسە، پەیوەنییەك دروست دەبێت و دواتر هاوسەرگیری دەکەن، ئەوکاتە سەمیرە خان کوردیشی بە باشی نەزانیوە چونکە لە بەغدا لە دایك بووە، دوای کۆچی دوایی سەمیرە خان هونەرمەند سەعدون یونس جارێکیتر هاوسەرگیری دەکات هەمدیسان لەگەڵ ئافرەتێکی هەولێر، هونەرمەند سەعدون یونس ساڵی ١٩٧٤ بڕوانامەی دبلۆمی لە بەشی دەرهێنان بەپلەی شەرەف وەرگرتووە، زیاتر لە ١٠٠ بەرهەمی شانۆ و تەلەفزیۆنی وەك ئەکتەر و دەرهێنەر ئەنجامداوە، لە هەشتاکان بە دەیان بابەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بلاّو کردۆتەوە، ساڵی ١٩٩٤ کوردستان جێدێڵێت و دەچێتە وڵاتی (لیبیا) دواتر (ئەڵمانیا)




**کارە هونەریەکانی: نواندن و دەرهێنان:** (هەبو نەبو/ نواندن ١٩٨٠) (محەمەد و سێوێ/ نواندن ١٩٨٢) (ماڵەی سەر گردەکە/ نواندن) (مۆرانە/ نواندن) (سورمە خان/ نواندن) (ئاسکە خان/ نواندن و دەرهێنان) (شۆڕش گەڕانەوە/ دەرهێنەر) (فوانیس/ دەرهێنەر) (خۆتان بگرن هات/ دەرهێنەر ١٩٧٩) (قەلاّی دم دم/ دەرهێنەر) (مەرزییەو کاکەمین/ دەرهێنەر) (کەونە دەرکە/ نواندن) (خانووی تازە = وەلی

دێوانە/ نواندن) (خاتو کلاو زەر/ نواندن) (گوڵە مێخەك/ دەرهێنەر) (ماڵی نوێ/ دەرهێنەر) (فلیمی ئەمریکانر) (کەونەدەرکە ٢)



سەرچاوە — لەگەڵ ئەوەی ژیاننامەیم لە ڕۆژنامەیەك دەستکەوتبوو دواتر لەتۆڕی ئەتنەرنێت و لەخۆی زانیاری زیاترم وەرگرت






## ئەحمەد جەمیل / ئەکتەر

ناوی تەواوی (ئەحمەد جەمیل عەبدولسەمەد) ە، ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لـە دایـك بووە، هەرسێ قۆناغی خوێندنی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، دەرچووی دبلۆم لـە هونـەر لـە ئۆپرای نۆرنبێرگ، هونەرمەند تەحسین تەها پاڵپشتی هونەری بووە، لەساڵی ١٩٦٨ دەستی بە کاری هونەری کردووە یەکەم بەرهەمی تۆمار کراوی تەمسیلی (هونەر و ژیـان) بـووە لەسـاڵی ١٩٧٥ لە نوسینی مەهدی ئومێد و دەرهێنانی تاریق فازل.



بەرهەمـەکانی: (خـەبات ١٩٧٩) (مێـژوو ڕەش نابێتـەوە) (خـەباتی کرێکـاران) (بەنـدی ژمـارە ٤٨) (نەخوێندەواری) (هەور و سـامانڵ) (کـێ بەرپسـیارە) (نەخۆشـی لـەبیر چـونەوە) (هەبو نـەبو) (لاس و خـەزاڵ) (جـەنابی جانەوەر) (قـەڵای دم دم) (سـورمەخان) (خـاتوو کڵـاوزەر) (گـوڵی نهـێنی) (خانەدان) (مرۆڤ و ئازارەکانی) ( ئادابا) (میوانی ناوەخت) (تاپۆ حەقی چیە) (گەرەکەکەمان) ( ئاسکە) (گورچیلە) (خەج و سیامەند)

---

سەرچاوە: گۆڤاری (کاروان) ی هەشتاکان - لە عەرەبییەوە کردومەتە کوردی



## عومەر چاوشین/ ئەکتەر


ناوی تەواوی (عومەر محێدین عەبدوڵڵا) یە، ساڵی ١٩٤٢ لە گەڕەکی گوێژەی شاری سلێمانی لە دایك بووە، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، ساڵی ١٩٦٨ دەستی بەکاری نواندن کردووە، ئەو کاتە پێشمەرگە دەبێت دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی سەردانی (سەید ئەحمەد دەنگ گەورە) دەکات کەخاوەنی ستۆدیۆی جوان بۆ وێنەگرتن بووە، سەید ئەحمەد پێی گوتووە تەمسیلێکمان هەیە ڕۆڵی ئافرەتی تێدایە دەتوانی بەشداری بکەیت لەگەڵمان، ئەمیش بەوپەڕی ئامادەییەوە دەڵێت ئامادەم، تەمسیلییەکەش بەناوی (گۆڕ هەڵکەن) بوو لە دەرهێنانی (سەید ئەحمەد دەنگ گەورە) لەگەڵ (تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی)، دوای ئەوە بەشداری (لەژێر سێبەری دڕکدا) کردووە لە نووسین و دەرهێنانی (فەتاح کاوە)، پاشان لەسالی ١٩٧٠ بۆ تەلەفزیۆن بەشداری (مەکری ژنان) کردووە لەگەڵ هونەرمەندان (سمکۆ عەزیز و ئیسماعیل بەرزنجی)، تا ساڵی ١٩٨٠ (١٠) کاری تەمسیلی لەگەڵ (مەکی عەبدوڵڵا) کردووە، ساڵی ١٩٨٠ چووەتە ولاتی سوید بۆ ماوەی (٣) ساڵ لەکاری هونەری دابڕاوە، دوای ئەوە دەستی پێکردۆتەوە، زیاتر لە (٢٥٠) کاری هونەری کردووە لە هەموویان ڕۆڵی سەرەکی بینیووە، هونەرمەند سەرسامی (ئازادی حەمە بچکۆڵ/ عەبدولی حەمەجوان/ مەکی عەبدوڵڵا/ گەزیزە) یە، وەکو عەرەب (سوعاد حوسنی/ عادل ئیمام/ دورێد لەحام)، وەکو بیانیش (ئەنتۆنی کوین).



**کارە هونەریەکانی:** (پیسکەی تەڕ پیر/ جەنابی موفەتیش/ ژن بە ژن/ ماوتە کاولی کەی/ شایی خوێناوی/ گۆڕ هەڵکەن مشتەی ناو هەمانەکە/ مەکری ژنان/ لە چایخانەدا/ بلیت و زاوا/ کرێ گرتە/ مەلوس/ قلێشایەوە کێچ/ سێ گوڵی ژاکاو/ چاوی ڤێتنام/ شێخی تەپڵە ڕەش/ دلۆپی خوێن/ مامەخەمە).

---

سەرچاوە — لەیەکێ لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان




## فەرهاد شەریف / ئەکتەرو دەرهێنەر

ناوی تەواوی (فەرهاد شەریف یونس) ە، ساڵی ١٩٤٦ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلیژی هونەرەجوانەکانی بەغدا بەشی دەرهێنانی شانۆیی لەساڵی ١٩٧١ وەرگرتووە، لە ساڵانی شەستەکان دەستی بەکاری هونەری کردووە، بەشداری زیاتر لە (٢٠) کاری شانۆیی لە نواندن و دەرهێنان، لەساڵی ١٩٧١ تا ١٩٧٣ لە ئێزگەی کوردی بەغدا سەرۆکی بەشی تەمسیل و هەمەڕەنگ بووە، لەوێوە زیاتر لە (٥٠) کاری کورتە تەمسیلی بۆ ئێزگەی کوردی وەك دەرهێنەر و ئەکتەر تۆمار کردووە، هەر لە ئێزگە لەگەڵ هونەرمەند (ناسر حەسەن) لە چەندین تەمسیلی تەلەفزیۆنی بەشداری کردووە، لە ٢٠١٥/٧/١٧ لە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد



**کارە هونەریەکانی:** (کاوەی ئاسنگەر) (ڕۆژهەڵات) (یەکگرتن) (خوازبێنی) (شانۆگەری شەهید) (کیچ – ئەکتەر) (مەم و زین) (ڕۆمیۆو جولێت) (ئەودەمەی ئەڤین مەزنتر دەبێت) (محەمەد و سێوێ – ١٩٨١ ئەکتەر) (بە زۆر کراوە بە دکتۆر ١٩٨٣ دەرهێنەر) (خزمەت کارێکی گوێ ڕایەڵ ١٩٨٥ دەرهێنەر) (لێو بە بارەکان ١٩٨٥)



---

سەرچاوە – ڕۆژنامەی (هەولێر)



## تەڵعەت سامان/ نووسەر و دەرهێنەر

ناوی تەواوی (تەڵعەت مامە کەریم) ە، ساڵی ١٩٤٦ لە گەڕەکی تەعجیلی شاری هەولێر لە دایك بووە و لە هۆزی (فەقێ مەرکی) باوکی خەڵکی گوندی (سەیدەمین) ە دوای خزمەتی سەربازی ڕوو دەکاتە هەولێر و لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بەپۆلیس دادەمەزرێت و ژن دێنێ و خێزان پێکدێنێ کە ئەو ژنەی لە هەولێرییە کورەچییەکانە و دایکی مامۆستا تەڵەتە، دواتر ژنێکی دیکەش دێنێ و لەو دوو ژنانە ١٢ کوڕ و یەك کچی بووە، نازناوی سامان دەگەڕێتەوە بۆ یەکێك لە پشتەکانی باپیرەی هەشتەمی، کەمندالێ بووە ماڵیان لە گەلاڵە بووە چۆتە بەر خوێندن لەبەر ئەوەی تەمەنی بچوك بووە وازی لەخوێندن هێناوە، کە دێنەوە هەولێریش ناچێتەوە قوتابخانە، دواتر سەرەتایی لە عەوێنە و عەنکاوە تەواو دەکات، کاتێك ئامادەیی تەواو دەکات باوکی زۆری لێدەکات بچێتە کۆلیژی پۆلیس بەلاّم لەبەر ئەوەی پەیوەندی هەبووە بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان وەرنەگیراوە، دواتر لەساڵی ١٩٦٥ دەچێتە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا، دوای دەرچوونی بە بێپچڕان لەگەڵ شانۆ ژیاوە، ئەو کاتەی قوتابی بووە بەشداری نواندنی دەکرد بە زمانی عەرەبی، لە شانۆگەری (القرد کتیف الشعر) بەشداری کردووە لە دەرهێنانی مامۆستا (سامی عەبدولحەمید) ئەو کات پۆلی دووی ئەکادیمیا بووە لە ساڵی ١٩٦٨، یەکەم بەرهەمی لە ساڵی ١٩٦٩ وەکو دەرهێنان شانۆگەری (نەفرەت لێکراو) بووە وەکو نامەی قوتابی پێشکەشی کردووە، هەمان شانۆگەری بەبۆنەی ١١ی ئازار لەساڵی ١٩٧٠ لەسەر شانۆی ( سمیر أمیس ) لە بەغدا نمایش کرد، پاشان وەکو یەکەم بەرهەمی تەلەفزیۆنی کوردی تۆمار کراو لەگەڵ هونەرمەندان (ئەحمەد سالار/ فەرهاد شەریف/ سەعدون یونس /زوهێر عەبدولمەسیح/ بەدیعە دارتاش/ حیکمەت هیندی/ پەروین بابان/ عەلی کەریم) بەشداری کردووە، لەهەمان ساڵ دەگەڕێتەوە هەولێر تیپی لاوان دادەمەزرێنن و چەند بەرهەمێك پێشکەش دەکەن لەوانە (بوکی پەردە/ جەنگاوەری شێت)، دواتر پەیوەندی بە تیپی هونەری هەولێر دەکات، پاشان لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی دەکەنەوە، پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ هەوڵدەدات تیپی شانۆی سامان دابمەزرێنێت بەلاّم ڕێی پێنادرێ، دوای ڕاپەڕین لەیەکەم

کابینەی حکومەتی هەرێم دووبارە هەوڵ دەدات کەوەزیری ڕۆشنبیری (شێرکۆ بێکەس) بووە مۆڵەتی پێدەدرێ، لە ١٩٩٧/٧/٢٧ دوای کۆبونەوەی گشتی کۆمەڵە بڕیاردرا تیپی سامان و کۆمەڵە یەك بگرن ناوی کۆمەڵە بووبە کۆمەڵەی هونەرە وێژەی کوردی.

بەداخەوە لە ٢٠١٩/١/١٤ بەرووداوێکی هاتووچۆ لە نێوان ڕێگای هەولێر پیرمام گیانی لە دەستدا.

**بەرهەمەکانی:** نەفرەتلێکراو ١٩٦٩/ جەنگاوەری شێت ١٩٧٠/ ترس ١٩٧١/ بووکی بەفر ١٩٧٢-١٩٨٢/ خەملی پەمۆ ١٩٧٢/ دووکەڵ ١٩٧٢/ ئالۆ گۆڕ ١٩٧٢/ زنجیرەدرامای مەرج ١٩٧٢/ خالۆی ڕێبوار ١٩٧٣/ گوێزان ١٩٧٣/ مەم و زین ١٩٧٥/ زنجیرەدرامای فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە ١٩٧٥/ پیلان ١٩٧٦/ قەل و ڕوتە ١٩٧٩/ گێچەڵەکانی حەمە وەی وەی ١٩٧٩/ خانزادێکی تر /فایلی ٦٧= ١٩٨٣/ شاری ئەوین ١٩٨٤/ چەپکێ گوڵ ١٩٨٤/ خەج و سیامەند ١٩٨٥/ ئەفسانەی چیای ئاگرین ١٩٨٦/حەمەدۆك ١٩٨٧/ پێکەنینی تووڕەیی ١٩٩٢/ ٣ کەللە پوچ ١٩٩٢/ زنجیرەدرامای کەوەکانی قەرەچوغ ١٩٩٣/ چەقۆ ١٩٩٣/ حوکمی قەرەقۆش ١٩٩٤/ سێدارە ١٩٩٥/پیلان ١٩٩٧/ گوریس ١٩٩٨/ هەڵگەڕانەوە/ دڵدارێکی قرچۆك ٢٠٠٤/ هەڵچوون ٢٠٠٥،

---

سەرچاوە تۆڕی ئەنتەرنێت سایتی کوردسات نێت — چاوپێکەوتن (ئاسایش عوسمان دانش) ٢٠٠٩ ، پێشتریش خۆم هەندێك زانیاریم لێی هەبووە

## جەلال بەیار / ئەکتەر




ناوی تەواوی (جەلال ئەحمەد ڕەسول) ە، ساڵی ١٩٤٦ لە شارۆچکەی ڕانیە لەدایکبووە، کە ئەوکات ئەو شارۆچکەیە سەر بە لیوای هەولێر بوو، ساڵی ١٩٦٩ بۆیەکەمجار وەکو ئەکتەر بەشداری شانۆگەری (مارەیی) کردووە، پاشان لەزۆربەی شانۆگەری و دراماکانی هەولێر بەشداری کردووە، باوکی هونەرمەند جەلال بەیار لە سەردەمی خۆی ڕۆژانە سەردانی تەکیەی تاڵەبانی کردووە لەشاری کۆیە، دۆستی شێخ حوسامەدین تاڵەبانی باوکی مام جەلال بووە، شێخ حوسامەدین کە هەواڵی لەدایك بوونی هونەرمەند جەلال بەیار دەزانێ بە باوکی دەڵێ دەبێ ناوی کوڕەکەت بنێی جەلال لەسەر ناوی مام جەلال، سەبارەت بەنازناوی بەیار واتە زەویەکی بەپیت و بەرەکەت، سەرەتای هاتنی هونەرمەند جەلال بەیار لەشاری کۆیە بۆ هەولێر لەگەڕەکی عارەبان نیشتەجێ بوونە، خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی فەیسەلیەی دووەم تەواوکردووە، بەداخەوە لە ٢٠١٢/٦/٢٧ لە کاتی وێنە گرتنی زنجیرە درامای گەردەلول کۆچی دوایی دەکات.



**بەشداریەکانی:** مارەیی/ چڵپاو/ مەسەلەی شارێك/ هەور و سامار/هەبو نەبو/ محەمەد و سێوێ/ تاپۆ حەقی چیە/ بەزۆر کراوە بە دکتۆر/ مرۆڤ و ئازارەکانی/ سورمەخان/ ئادابا/ قەڵای دم دم/ نامە/خانەدان/ خزمەت کارێکی گوێ ڕایەڵ/ خەج و سیامەند/ مۆرانە/ ٣ کەللە پوچ/ ماڵی نوێ/ ئەژدیهاك/ چیای ئەفسانەی ئاگرین/ گەردەلول ٣

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ٢٠١٢



## حەمە ڕەشید هەرەس/ ئەکتەر و دەرهێنەر و نووسەر


هونەرمەند (حەمە ڕەشید هەرەس) ساڵی ١٩٤٨ لەشاری هەڵەبجە لەدایکبووە، تاپۆلی چواری سەرەتایی لەو شارە خوێندووە، ساڵی ١٩٥٦ هاتۆتە سلێمانی، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و پەیمانگای مامۆستایانی لەسلێمانی بڕیوە، هەر لەتوێی خوێندنی لەپەیمانگا هاتۆتە بواری هونەرەوە و لەچیرۆکی شانۆیی بڕیار و ئەنجامی ئەمینی میرزا کەریم ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی شیرینی بەسەرکەوتوویی بینیوە، ساڵی ١٩٧٠ وەك مامۆستا لەهەولێر دادەمەزرێت و تا ساڵی ١٩٧٧ لەگوندەکانی هەولێر دەوامی کردووە، ساڵی ١٩٧٧ دەگوازرێتەوە بۆ سلێمانی، ساڵی ١٩٧٣ دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و لەساڵی ١٩٧٤ دەبێتە بێژەرێکی سەرەکی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لەشاخ، ساڵی ١٩٨٦ چەقۆی بەعس لە ملی نزیك ئەبێتەوە و ڕێگای هەندەران دەگرێتە بەر، دوای پەناهێندەیی لە ئێران و سوریا و یۆنان، ساڵی ١٩٨٩ وەك کۆچبەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەوڵاتی کەنەدا ئەگیرسێتەوە و تاساڵی ٢٠١٣ لەو وڵاتە وەك هاووڵاتی دەمێنێتەوە، ساڵی ١٩٩٩ دەچێتە کۆنستۆگا کۆڵێج لەکەنەدا، دیبلۆمی بازرگانی بەسەرکەوتوویی بەدەست دەهێنێ و هەر لەکەنەدا ڕادیۆیەکی کوردی لەگەڵ محەمەد سنجاری لەشاری ویندزۆر دەکاتەوە و چالاکی ئێستگەیی لەبارەی کوردەوە ئەنجام دەدا، هەر لە کەنەدا بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی کوردی لە ئۆنتاریۆ دەکات و لە توێ ئەو

کۆمەڵەیەدا چالاکی شانۆیی و کەلتووری ئەنجام دەدا، ساڵی ٢٠١٣ بە یەکجاری دێتەوە کوردستان و هاوسەرگیرییەکی نویێ دەکات و خۆی بۆ هونەر و نووسین تەرخان کردووە، لە دامەزراندنی تیپ و کۆمەڵە هونەرییەکاندا بەشداری کردووە و دەیەها بەرهەمی شانۆیی و تەلەفزیۆنی وەك نووسین و نواندن دەرهێنان هەیە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی بووە، دوا بەرهەمی فیلمی سینەمایی (ماڵ و کلیل) بووە، زیاتر لە (١٠) خەلاتی نێودەوڵەتی بەدەست هێناوە، شانبەشانی هونەر بەردەوام دەنووسێت.



---

ئەم ژیاننامە لەسەر داواکاری خۆم لە ستۆکهۆڵمەوە بەماسنجەر بۆمی ڕەوانە کردووە لە ٢٠١٨/٩/٢٩



## زوهێر عەبدولمەسیح / شانۆکار و دەرهێنەر


ناوی تـەواوی (زوهێـر عەبدولمەسـیح ئیلیـا) یـە، سـاڵی ١٩٤٨ لە شارۆچکەی عەینکاوەی شاری هەولێر لـەدایکبووە، دەرچـووی ئـەکادیمیای هونەرەجوانـەکانی بەغــدا ١٩٧٢ — ١٩٧٣، لەبەر ئەوەی باوکی مامۆستا بووە گواستراونەتەوە بـۆ شارۆچکەی (ئەلقۆش) خوێندنی سەرەتایی لەوێ تـەواودەکات، دواتر دەگەڕێنــەوە هــەولێر و خوێنــدنی ناوەنــدی و ئامــادەیی تەواو دەکـات، سـاڵی ١٩٦٩ بـۆ یەکـەمجار لـە شارۆچـکەی عەینکاوە کاری دەرهێنانی شانۆگەری (مۆمـدانی مـەتران) ئـەنجام دەدات لـە نووسـینی (ڤیکتـۆر هۆگۆ)، ساڵی ١٩٧٠ کە بەشی نواندن دەکرێتەوە لە ڕادیۆی بەغدا هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسـیح و چەند هونەرمەندێکی تر لەم ڕادیۆیە کاردەکەن لەوانە (تەڵعەت سامان و ئەحمەد سـالار و فـەرهاد شەریف و شەماڵی عەبە ڕەش)، ساڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەمجار بەشداری لە نوانـدنی درامـای (نـەفرەت لێکراو) کردووە لە دەرهێنانی تەڵعـەت سـامان بـۆ تەلەفزیۆنی بەغدا بەرهەمهات، لەو ماوەیەش لەتەك کــاری ڕادیــۆ دەبێتــە یاریــدەدەری دەرهێنــەری تەلەفزیۆنی و چەند درامایـەك تۆمـار دەکـەن وەکـو (لانــەوازان/ مــەرەزە/ خولــەی چــەخماخە)، سـاڵی ١٩٧٤ پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی ئـەیلول دەکـات لــە ڕادیــۆی (دەنگــی کوردســتانی عێــراق) دەبێتــە



دەرهێنەر کە ئەو کات شـەهید عەبـدولخالق مـەعروف سەرپەرشـتی ڕادیـۆی دەکـرد، لـە سـاڵانی هەشتاکان چەندین بەرهەمی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کـرد چ وەکـو دەرهێنــەر یـان سـیناریۆ (جـەنابی جانەوەر/ تاپۆ حەقی چیە) هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح لەسـاڵی ١٩٩٩ ەوە نیشـتەجێی وڵاتـی سوید بووەو دواتر دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان دەبێتە کارمەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری

---

سەرچـاوە — لەگـەڵ ئـەوەی ژیاننامــەیم لــە ڕۆژنامەیـەك دەسـتکەوتبوو دواتــر لــەتۆڕی ئەتنەرنێت زانیاری زیاترم دەستکەوت



## سەلام کۆیی / ئەکتەر

ناوی تەواوی (سەلام قادر حەمەد) ە، ساڵی ١٩٥٥ لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لەدایکبووە، دەرچووی ئامادەیی بازرگانی بەشی ژمێریارییە، لە ١٩٦٩/٢/٢٠ بە شانۆگەری (چارەڕەش) دێتە دونیای هونەر، هاتنە ناو دونیای هونەری لەگەڵ هونەرمەندان (فەیسەڵ محەمەد ساڵح و جەلال بەیار و عەلی ئەحمەد و سوبحی کۆیی) بووە، ماوەی ٦ ساڵ لەگەڵ هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم بەرنامەی (ئاوێنە) یان لە تەلەفزیۆنی کوردستان پێشکەش کردووە،






**کارەکانی:** (گەشتێك بە ناو سێ ڕۆژگاردا) (مەسەلەی شارێك) (ئەو فریشتەیەی لە بابل هاتە خوارێ) (تەرازوو) (ئاگر و چڵی زەیتون ١٩٧٦) (دوا فیشەك) (هەبو نەبو ١٩٨٠) (گوندەکەم جێناهێڵم) (تاپۆ حەقی چیە ١٩٨٤) (ڕاوچی) (نرخی ئازادی) (حەمەدۆك) (بەرەو خۆر) (شارەکەم ٢٠٠٧) (کەواتا چاوەڕێ بە ٢٠٠٩)،

---

سەرچاوە — لە یەکێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان


## شێرزاد پۆلیس / ئەکتەر



ناوی تەواوی (شێرزاد محەمەد قادر خدر عەولا) یـە، سـاڵی **١٩٤٩** لەگـەڕەکی عارەبـانی شـاری هـەولێر لـەدایکبووە، لەبنەچەدا خەڵکی (دیبەگە) یە، لەبەر ئـەوەی بـاوکی سـەرباز بووە گواستراونەتەوە بۆ شاری کـەرکوك لـەوێ لەسـاڵی **١٩٥٦** دەچـێتە قوتابخانـەی (ئیمـام قاسـم) پـۆلی یەکـەم لـەوێ تەواودەکات، دواتر دەچنە شـاری سـلێمانی و دوو سـاڵ لـەوێ دەبن دواتر دەگەڕێنەوە بۆ کەرکوك دواتر لەساڵی **١٩٦٠** دەگوازرێنەوە بۆشاری بەسرە تا ساڵی **١٩٦٧** لەوێ بە زمانی عەرەبی دەخوێنێ ناوەندی لە بەسرە تەواودەکات، ساڵی **١٩٦٧** بـاوکی خانەنشین دەکرێت بەیەکجاری دەگەڕێنەوە هەولێر و لێی نیشتەجێدەبن ، ساڵی **١٩٦٩** دەسـتی بەکاری هونەری کردووە، جگە لە بواری تەمسیل دەستی وێنە کێشانیشی هەیـە، هونەرمەنـد شێرزاد پۆلیس ساڵی **١٩٧٩** بەشداری لە شانۆگەری (هـەبو نـەبو) کـردووە بـە ڕۆڵـی (عـەزە قۆڵبڕ)، بۆ تۆمار کردنی تەلەفزیۆنی ئەم شانۆگەرییە لەساڵی **١٩٨٠** نەیتوانیوە بەشداری بکات چونکە دەبێتە سەرباز، لە شوێنی ئەو هونەرمەند (سەلام کۆیی) ڕۆڵەکەی دەبینێ، هونەرمەند **(٩)** ساڵ دیلی جەنگ دەبێت لە جەنگی نێوان (عێراق و ئێران)، دوای ئازاد بوونی لە دیلی بـۆ خۆی کاسبی سەربەخۆ دەکات، دوای ڕاپەڕینی ساڵی **١٩٩١** لە تەلەفزیۆنی گـەلی کوردسـتان بۆ بەرنامەی (زووم زووم) بانگهێشت دەکرێت، لەگەڵ هونەرمەندان (زاهیر عەبـدوڵڵا و نـەوزاد ڕەمەزان و ئەیام ئەکرەم و موزەفەر محەمەد ڕەشید) ئەم بەرنامەیە بەڕێوەدەبەن،



**شـــانۆگەرییەکانی:** (جـــەنگاوەری شـــێت **١٩٧٠**) (تارماییـــەکان دزی دەکـــەن **١٩٧٠**) (زوحـــاکی زۆردار **١٩٧١/٣/١١**) (بـــووکی پـــەردە **١٩٧١/٧/١٦**) (التجربـــــــــە **١٩٧١/٨/١٨**) (خـــەملی پـــەمۆ **١٩٧٢/٨/٢٩**) (گـــــــوێزان **١٩٧٢/١١/٥**) (خـــاڵۆی ڕێبـــوار



(قــــەل و ڕووتــــە ١٩٧٣/١/١٥) (هـــەبو نـــەبو ١٩٧٨/١١/٣) (پێکـەنینی بەغـدا ١٩٨٠/٣/١٨) (حەمەدۆك تورەیی ١٩٩٢/٤/١٤) (حوکمی قـەرەقۆش ١٩٩٤/٢/١٢) (کەچـــەڵ کەچـــەڵ قاقــــا ٢٠٠٠/١٢/٢٧) (قـــەلای دم دم ٢٠٠١/٨/١٥)، بــۆ تەلــەفزیۆن (٣ کەللە پوچ ١٩٩١ تیڤی کوردستان) (مـەلای مەشـور ١٩٩٤ گـەلی کوردسـتان) (زووم زووم ١٩٩٢ – ١٩٩٤ گەلی کوردستان) (تەلاری مەزن) (بیری ژمـارە ٣) (فرمێسـك) (ونبوەکـان ٢٠١٨ کوردستان)، فلیمی سینەمایی (خدر کێشـکە ٢٠٠١) (فەرتەنـە) (گەنـدەڵی ٢٠٠٩) (سنوور ٢٠٠٣)،

سەرچاوە – خۆم پرسیارم لێکردووە – ڕۆژنامەیەك – بیۆگرافیای هونەرمەندانی هەولێر



## عەبدولی حەمەجوان / ئەکتەر


ناوی تەواوی (عەبدولکەریم محەمەد تۆفیق) ە، لە ١/١٢/ ١٩٤٨ لە گەڕەکی سابون کەرانی شاری سلێمانی لەدایکبووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧١ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٩٢ لە خوێندنگەکانی شاری سلێمانی مامۆستای وەرزش بووە، ساڵی ١٩٩٢ دوای دروست بوونی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم لەسەر خواستی یەکێتی هونەرمەندان و وەزارەتی ڕۆشنبیری پۆستی بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری سلێمانی پێدرا، دواتر کرا بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی و لە تەمەنی ٦٣ ساڵی خانەنشین کراوە، لەساڵی ١٩٨٣ تا ٢٠١٠ ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بووە،



ئەندامی یانەی وەرزشی سیروان بووە، ئەندامی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کوردستانە، لە ساڵی ١٩٦٩ تا ئێستا زۆربەی کارە هونەریەکانی لەگەڵ کۆمەڵەدا ئەنجامداوە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٨ چۆتە دونیای دراما و سینەما،

---

سەرچاوە – لەیەکێ لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان



Osman Giwar 1946 – 21 May 1996 عوسمان چێوار ١٩٤٦ - ٢١ مانگی گوڵان ساڵی ١٩٩٦

## عوسمان چێوار – شانۆکار

ناوی تـەواوی (عوسمـان محەمـەد ئەحمـەد) ە، سـاڵی ١٩٤٦ لەگەڕەکی دەرگـەزێنی سـلێمانی لـەدایك بـووە، قۆناغەکانی خوێنـدنی لەسـلێمانی تـەواوکردووە، سـاڵی ١٩٦٩پەیمانگای مامۆستایانی تەواوکردووە، ماوەی چەند ساڵێك لەناوچـەکانی چـۆمان و شـارباژێڕ و قـەرەداغ و هەڵەبجـە و سـلێمانی مامۆسـتایی کـردووە، خـولی دەرهێنانی لە بەغدا بەپلەی یەکەم تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٢ هاوسەرگیری کردووە باوکی (٥) منداڵە، لـە شەستەکانەوە بەشـداری لـە چـالاکییە هونەرییەکانـدا کـردووە وەك شـانۆکار و دەرهێنەر ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە پێشخستنی ڕەوتی شانۆی کـوردی، دەسـتەی دامەزرێنـەری تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی بووە، ماوەی ١٥ ساڵ وەکو سەرۆکی تیپ خزمەتی کردووە، هەر زوو بەشداری کردووە لە چالاکییە سیاسـی و پێشـمەرگایەتیدا ڕابـەری سیاسـی بـووە، سـاڵی ١٩٧٤ پەیوەندی کردووە بە شۆڕش و لەئێزگەی دەنگی کوردسـتان خزمـەتی کـردووە، سـاڵی ١٩٧٥ لێپرسراوێتی چالاکی قوتابخانەکانی پێ سـپێردراوە، ئەنـدامی دەسـتەی دامەزرێنـەری یـەکێتی هونەرمەنـدانی کوردسـتان بـووە لەسـاڵی ١٩٨٤، یـەکێك بـووە لـە دامەزرێنـەری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی سلێمانی لەساڵی ١٩٩١، یەکەم کاری تەلەفزیۆنی لەماڵی ئەو ئەنجام دراوە، ساڵی ١٩٨٨ دژی ڕژێمی عێراق بە ئاشکرا لەبەر دەرکی سەرا لـە سـلێمانی ڕووبەڕووی داگیرکەران گوتوویەتی وەرن بمکوژن بەس گەلەکەم ئەنفال مەکەن، لەحەفتاکان لەبەغدا بەشداری فیستیڤاڵی سەرتاسەری عێراقی کردووە بە دوو بەرهەم (بەیتی ڕێـزان کـێ/ داپـیرەی دانا) کە هەردووکیان خەڵاتی باشترین بەرهەم و دەرهێنانی لە سەرتاسەری عێـراق پێبەخشـرا، هونەرمەند مامۆستا چێوار لە ٢١-٥-١٩٩٦ کۆچی دوایی کردووە،

**بەرهەم و شانۆگەرییەکانی:** (بڕیار و ئەنجام) (سەرینی باداری) (لانەوازان) (پاڵتۆ) (ئابلۆقە) (خەج و سیامەند) (گوڵە مێخەك) (ئەحەی کورنو) و فیلمی سینەمایی (بەهەشتێکی سوتاو)



ئەم ژیاننامەم لەڕێی تۆڕی ئەنتەرنێت لە ڕاپۆرتێکی دەنگی وەرمگرتووە ٢٠١٧



## عومەر عەلی ئەمین / ئەکتەرو نووسەر

هونەرمەند و شانۆکار مامۆستا (عومەر عەلی ئەمین) ساڵی ١٩٢٧ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، خاوەنی چەندین کتێبە لەسەر شانۆ و شیعر و چیرۆك، یەکەم کاری شانۆیی لە ساڵی ١٩٦٩ بووە بەناوی (گیسك نییە بزنە)، یەکەم کاری تەلەفزیۆنیشی لە ساڵی ١٩٧١ شانۆی (خوا لەسوڵتان مەحمود گەورە ترە)، مامۆستا عومەر عەلی ئەمین باوکی هونەرمەند گەزیزەیە، لە کاتژمێر (١٠) ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٠٠٩/١/١٣ کۆچی دوایی کردووە،

**کارە هونەریەکانی / وەك- نووسین و دەرهێنان و نواندن:** (گۆڕ هەڵکەن ١٩٧٠) (بازرگانی ڤینیسیا ١٩٧٢) (پژمین ١٩٧٣) (پەیکەر ١٩٧٤) (کوپە ١٩٧٨) (پردی ئارتا ١٩٧٨) (بەرەو خۆر ١٩٨٦) (بازنی زێڕ ١٩٧٣) (مامۆستا شێر ١٩٧٣) (ئەنۆفێلس ١٩٧٦) (بێ خەمی ناوی بەرمیل ١٩٧٣) (دار قەیسی ١٩٧٦) (بوکە بە بارانێ) (کانییەکە سەمای نەکرد) (بولبولە گۆرانیبێژەکە)،



---

سەرچاوە — لەیەکێ لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان

## فەیسەڵ محەمەد ساڵح / ئەکتەر و نووسەر

هونەرمەند (فەیسەڵ محەمەد ساڵح) ساڵی ١٩٥٥ لەگەڕەکی سەعدوناوەی شاری هەولێر لەدایکبووە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە، دەرچووی کۆلیژی پەروەردە زانکۆی موسڵ بەشی ئینگلیزی ١٩٧٨ – ١٩٧٩، لە ١٩٨١/١٠/١٥ لەگەڵ خاتوو (فائیدە ڕەشید) هاوسەرگیری کردووە کوڕێك و کچێکیان هەیە (ئەحمەد و ڤان)، ئەحمەد دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنە لەشاری ئەنقەرە، ڤان دەرچووی زانکۆی غازییە مامۆستای ئینگلیزییە، هونەرمەند لەقۆناغی چواری سەرەتایی خولیای مۆسیقا بووە، لەهەمان ساڵ مامۆستای مۆسیقا (ئەحمەد خدر شەنگە) چەند قوتابیەکی هەڵبژاردووە بۆ سروودی مۆسیقا لە قوتابخانەکەیان، دوای ڕاهێنان و فێربوون هەموو بەیانیەك سروودەکانی (خوایە وەتەن ئاواکەی/ ئێمە منالی جوانین/ ئەی ڕەقیب/ نەورۆز) یان دەگوت، لەهەمان کاتیش بەشداری نواندنی دەکرد لە بابەتی کە پۆلەکانی قوتابخانە دەیانخوێند وەك (کێیە تەپە تەپ دەکا/کۆترو بۆق/ مام ڕێوی)، لە ١٩٦٩/٢/٢١ لە ڕێگای مامۆستا (سەباح عەبدولڕەحمان) بۆ قوتابخانەی ناوەندی هەولێر چەند قوتابییەکی هەڵبژارد بۆ پێکهێنانی تیپێکی شانۆیی، لەوکاتەوە دەستی بەکاری نواندن کرد بەشانۆگەری (پووتەو ڕەحمان) لەهۆڵی گەل، هاوکات لەگەڵ هونەرمەند سەلام کۆیی، جگە لەوەی کاری نواندن دەکات دەستی نووسینی دراماشی هەیە لەوانە درامای (گەڕەکەکەمان)، ساڵی ١٩٧٩ وەك مامۆستای ئینگلیزی دامەزراوە سەرەتا لەقوتابخانەی ناوەندی چۆمان دواتر بووەتە بەڕێوەبەر، پاشان دواناوەندی مەخمور و پیرداود، دواتر ئامادەیی ئازادی و ناوەندی جۆلان، بۆ چەند ساڵێك بەڕێوەبەری ناوەندی سەربەستی بووە، لەگەڵ دامەزراندنی پەیمانگای هونەرەجوانەکان بووەتە مامۆستای ئینگلیزی، دواتر لەهەمان پەیمانگا

بووەتە جێگری بەڕێوەبەر، دوا قۆناغی مامۆستایەتی لە قوتابخانەی ئیبن مستەوفی ئێواران بووە، کارەکانی لە بەشی شانۆی زانکۆی موسڵ بە زمانی عەرەبی لەساڵی ١٩٧٤ تا ١٩٧٨ کە (عصام عبدالرحمن و شيفاء العمری) سەرپەرشتی ئەم بەشەیان دەکرد، شانۆگەرییەکان (الثغرة – کەلێن) لە دەرهێنان و نواندنی خۆی (کیف نقعد دون ان تقع) (ولید اخلاصي) دەرهێنانی عصام عبدالرحمن (خياطة المحلة – بەرگ درووی گەڕەك) نواندن و دەرهێنانی خۆی، کارەکانی لە تەلەفزیۆنی هەرێم لەساڵی ١٩٩٢ کە (ناسر حەسەن) بەڕێوەبەر بووە دواتر (شێخ سدیق و عوسمان ڕانیەیی)، چەند ساڵێك ئەندام بووە لە لیژنەی هەڵسەنگاندنی درامـا کە تیپەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك بەرهەمەکانیان دەبرد بۆ تەلەفزیۆنی هەرێم، بەرهەمەکانی خۆی لەم تەلەفزیۆنە زنجیرە درامای (جوحا) نووسین و نواندنی خۆی دەرهێنانی خۆی و ژیلوان تاهیر/ زنجیرە درامای (وێنەکانی ئەمڕۆ) نووسین و دەرهێنانی خۆی زیاتر لە (٦٠) ئەلقە/ زنجیرە درامای (گەشتیاری) نووسین و دەرهێنانی بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی گەشت و گوزار زیاتر لە (٥٠) ئەلقە/ زنجیرە درامای (تەندروستی) نووسین و دەرهێنانی خۆی زیاتر لە (٣٠) ئەلقە بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، ئەو کاتەی کارمەند بووە لە ڕێکخراوی (k o g) بۆ هەڵگرتنەوەی مین زنجیرە درامای (مین و کارەساتەکانی) نووسین و دەرهێنانی خۆی/ زنجیرە درامای (پەك کەوتوەکان لە مین) نووسین و نواندنی خۆی دەرهێنانی خەلیل لۆقە/ درامای (تازە بونەوەی ژیان)، وەرگێڕانی دەیان فلیم و کارتۆن لەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی بۆ زمانی کوردی و تۆمار کردنی بۆ بەشی منداڵان لە تەلەفزیۆنی هەرێم، ئامادە کردن و پێشکەش کردنی بەرنامەی (شانۆ و منداڵ) بۆ تەلەفزیۆنی هەرێم، ئەو دەرهێنەرانەی کاری لەگەڵ کردوون (سەباح عەبدولڕەحمان/ تەڵعەت سامان/ فەرهاد شەریف/ سەعدون یونس/ حوسێن میسری/ عصام عبدالرحمن/ واحید مەرجان/ زوهێر عەبدولمەسیح/ سەفوەت جەراح/ سیا مەنسوری/ هیوا سوعاد/ هاشم زەینەل/ ناسر حەسەن/ ژیلوان تاهیر/ سەلاح حەسەن/ تەحسین شەعبان/ تەنیا کەریم/ جوان ڕۆژبەیانی/ حەسەن عەلوان)،

**کارەکانی:** (چارە ڕەش) (چڵپاو) (مارەیی ١٩٧٣) (مەسەلەی شارێك) (فاڵچی) (نرخی ئازادی) (بەرگ درووی ئاخیر زەمان) (کاوەی ئاسنگەر) (زووحاك) (مناڵە دارینەکە) (ئابڕوو) (پیلان) (خۆتان بگرن هات) (محەمەد و سێوێ ١٩٨١) (لاس و خەزاڵ) (ماڵەی سەر گردەکە) (مەڕانە) (سورمەخان) (گەڕەکەکەمان) (کەونە دەرکە) (ئاسکە) (خاتوو کلاۆزەر) (سێوە خان)




(مام سمایـل) (چـایخانەی فـس فـس پالـەوان) (خـانزاد مـیری سـۆران) (تـەرازوو) (مـەمی ئالان) (کۆلارە) (قەڵای دم دم) (بەرەبەیانێکی زوو) (گـوریس) (مەرزیە و کاکەمین) (ئەژدیها) (دابڕانێکی تر) (حاجی قـادری کۆیی) (بەهەشتی پەنابەران) (ڕووباری ئاراس) (بەرەو خۆر) (فریشـتە لـە بابـل هاتـە خـوار) (سێدارە) (قەدەر) (تەیمور و ئەنفال) (قوتابی ژیر) (کش و مات) (قوربانی) (نـەورۆزێکی تـر) (ئەنفال — سینەما) (ئیبراهیم زەبۆك) (شەوی زەماوەند)

ئۆپەرێتەکان (کاروانی خەبات) (ڕووباری ژیان) (دوورینە) (باران) (تارا)،

---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١٠/٢٠



## کەمال سابیر / ئەکتەر

هونەرمەنـد (کـەمال سـابیر) سـاڵی ١٩٤٤ لەگـەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەنـدی و خانـەی مامۆسـتایانی لەسـلێمانی تـەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٠ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە دوو کوڕ و دوو کچی لە پاش خۆی بەجێهێشتووە بە ناوی (هەردی/ هەڤاڵ/ هەلاڵە/ هەرێز)، ساڵی ١٩٦٤ – ١٩٦٥ خانەی مامۆستایانی تـەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٩ دەستی بەکاری هونەری کردووە تاکو ١٩٧٢ ئەندامی تیپـی هاوڕێیـانی گەزیزە بووە، ساڵی ١٩٧٣ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری تیپی پێشڕەوی شـانۆی کـوردی بـووە، ئەنـدامی دەسـتەی دامەزرێنـەری یـەکێتی هونەرمەنـدانی کوردستان بووە لەساڵی (١٩٨٣ – ١٩٩٣)، ئەندامی کۆمیتەی باڵاو ئەندامی سـکرتاریەتی ئەنجومەنی باڵای یەکێتی هونەرمەندانی کوردسـتان بـووە، ئەنـدامی دەسـتەی دامەزرێنـەری تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان بووە ساڵی ١٩٩١، ئەنـدامی دەسـتەی دامەزرێنـەری بەرنامـەی (کەشکۆڵ) بووە، بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی هەرێمی کوردستان بووە (١٩٩٤ – ١٩٩٥)، ساڵانی ١٩٨٣ – ١٩٨٤ بوێرانە کۆمیتەی شارو شاخی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانی بەیەکـەوە گرێداوە، بەداخەوە لە ١٩٩٧/٦/٢ کۆچی دوایی کردووە.



---

سەرچاوە – تۆڕی ئەنتەرنێت – ماڵپەڕی قادر زادە



## فوئاد حەمەمین ئاغا /ئەکتەر

ناوی تەواوی (فوئاد حەمەمین عەبدوڵڵا ئاغا ساڵح) ە، لە ١٩٣٣/٣/٢٢ لە سلێمانی لەدایکبووە، باوکی هونەرمەند (شادان فوئاد) ە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواوکردووە، دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانی بەغدایە لە ساڵی ١٩٥٣، ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ خاتوو (نەزیرە عەلی حەسەن) ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوەو (٨) منداڵیان بووە (شادان/ بەیان/ شوان/ کاوان/ سامان/ حەمە/ شارا/ شەم)، لەهەمان ساڵ بووتە مامۆستا، ساڵی ١٩٨٤ خانەنشین کراوە، ساڵی ١٩٦٩ ئەندامی دامەزرێنەری تیپی هونەرو وێژەی کوردی بووە، دواتر ناوی بووبە (تیپی کۆمەڵی هونەرەجوانەکانی سلێمانی)، مامۆستا فوئاد جگە لەبواری هونەری و ماری وەزیفی ساڵی ١٩٦٥ لەمەلەوانگەی سەرچنار ڕاهێنەری مەلەوانێتی بووەو هەرەوەها ئەندام و ڕاهێنەری یاری شەترەنج بووە، لەتەمەنی لاوێتیدا پەیوەندی هەبووە بە حزبی شیوعیییەوە، ساڵی ١٩٦٣ لەکاتی (مەنعی تەجەول) ی سلێمانی لەلایەن ڕژێمی بەعس بۆماوەی (٩) مانگ گیراوە، ئەوەی شایانی باسە خاتوو (نەزیرە) ی خێزانی توانیویەتی بەشداری کاری هونەری لە درامی (نامەیەك لەخنکاو و لەگوڵێك کالتر و گەڕانێك بەدوای سێبەرەکاندا و ژیلەمۆ)) فیلمی (نێرگز بوکی کوردستان و خولە پیزە) بکات، هونەرمەند فوئاد حەمەئەمین ساڵی ١٩٩٩ دەچێتە وڵاتی هۆڵەنداو جێگیردەبێت، دوای ساڵ و نیوێك لەوێ توشی جەڵتەی مێشك دەبێت و لە ئەنجامدا توانای قسەکردنی نامێنێ تا لە ٢٠٠٤/٣/٧ لەنەخۆشخانە دەکەوێت و لە ٢٠٠٤/٣/١٩ کۆچی دوایی دەکات و لە ٣/٢٥ تەرمەکەی دەهێننەوە سلێمانی و لەگردی سەیوان دەنێژرێت.

**شانۆیەکانی:** (کێچ ١٩٧٠) (شێخی تەپلە ڕەش ١٩٧١) (شایی خوێناوی ١٩٧١) (جەنابی موفەتیش ١٩٧١) (بلیت و زاوا ١٩٧٢) (پیسکەی تەرپیر ١٩٧٢) (تاوانێك لە ئاسماندا ١٩٧٢) (بازرگانی ڤنیسیا ١٩٧٢) (چاوی ڤێتنام) (ئایاری سەرکەوتنە) (پژمین ١٩٧٣) (سارا

خان ١٩٧٣) (دیوار نوسینی سارتەر ١٩٧٤) (پەیکەر ١٩٧٤) (ئۆپەرێتی دایکی نیشتمان و بوك و زاوا) (چرا) (نامەیەك لە خنکاوەوە) (کاوەی ئاسنگەر ١٩٧٧) ( دکتۆر تیێلا ١٩٧٧) (مرۆڤ و زەوی ١٩٧٧) ( کابرا سەیرەکە ١٩٨٥) (شار ١٩٩٧) ، دراما تەلەفزیۆنیەکان (ژیان ١٩٧٧) ( گولاڵە)، فیلمەکان (نێرگز بوکی کوردستان ١٩٩٠) ( خولە پیزە ١٩٩٨)



---

سەرچاوە — تۆڕی ئەنتەرنێت.



## گـەزیزە – شانۆکار

ناوی تەواوی (گەزیزە عومەر عەلی ئەمین) ە، ساڵی ١٩٦١ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٩ بۆ یەکەم جار وەك منداڵێك هاتۆتە سەرتەختەی شانۆ، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدایە لەساڵی ١٩٨٧، ١٤ ساڵ وەك مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی وانەی وتۆتەوە، سەرۆکی تیپی شانۆی هاوڕێیانی گەزیزەیە، بەرهەمەکانی لەکوردستان و وڵاتانی سوید و بەریتانیا و ئێران نمایش کراوە، کچی شانۆکار و نووسەر مامۆستا ( عومەر



عەلی ئەمین) ە، خێزانی هونەرمەندی شێوەکار (ئیسماعیل خەیات) ە، ڕۆڵی بینیوە لە زنجیرە درامای (گەردەلوول) لەبەشی یەکەم و دووەم لەنووسین و دەرهێنانی (جەلیل زەنگەنە) یە، ژمارەیەك گوتار و نووسینی دەربارەی شانۆی کوردی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان و عێراق بڵاو کردۆتەوە، کاری دەرهێنانی لە چەندین شانۆگەری ئەنجامداوە، ساڵی ٢٠١٤ وەك شارەزا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەست بەکار بووە،



---

سەرچاوە — لەیەکێ لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان




## مستەفا ئەحمەد / ئەکتەر

ناوی تەواوی (مستەفا ئەحمەد مەحمود) ە، لەمانگی ١١ی ساڵی ١٩٤٧ لە شارۆچکەی عەربەتی شاری سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٠ باوکی کۆچی دوایی دەکات، دوای ماوەیەك دەچنە سلێمانی، ساڵی ١٩٩٢ دایکیشی کۆچی دوایی دەکات، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەسلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٦٧ ئامادەیی تەواوکردووە، لەڕێگەی قوتابخانە تێکەڵی هونەر بووە، ساڵی ١٩٦٩ کە کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی دامەزراوە دەبێتە ئەندام، ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەند لە کۆمەڵە دێنە دەرەوەو (تیپی شانۆی پێشڕەو)



دادەمەزرێنن یەکەم کاریشیان تۆمار کردنی درامای (لانەوازان) بووە، دوای ئەوە شانۆگەری (چەخماخە) یان نمایش کردووە لەنووسینی سمکۆ ناکام، دواتر لەساڵی ١٩٩٤ شانۆگەری (گوڵ عومەر) و ساڵی دواتر (ئەحەی کوڕنو) (وڵاتەکەم) (ئاوایی بێکەسە) و فیلمی (خولە پیزە) یان پێشکەش کردووە، دوای دامەزراندنی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی سلێمانی لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەند بەرنامەی (کەشکۆڵی) پێشکەش دەکەن، دواتر تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کوردسات دادەمەزرێ ئەو بەرنامەیە بەناوی (بەرنامەی بەرنامە) دەگوازنەوە ئەو تەلەفزیۆنە،




---

سەرچاوە – لەیەکێ لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان و دواتر زانیاری زیاترم لەتۆڕی ئەنتەرنێت وەرگرتووە



## ئەحمەد سالار / شانۆکار

ناوی تەواوی (ئەحمەد عەبدولواحید ئەفەندی مەلا ئەحمەد دەروێشی حاجی مەحموودی حاجی مستەفای حاجی قوربانی عەبدوڵڵای سێتەبە سەری هەمەوەند) ە، لە ١٩٤٦/٦/٢٠ لەگەرەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایکبووە، لەشاری هەڵەبجە چۆتە قوتابخانە، سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧١ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەغدا تەواو کردووە، لە١٩٩٩/٣/٣ بۆتە نەقیبی هونەرمەندانی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لەڕادیۆی بەغدا کاری کردووە، ساڵی ١٩٧١ دەبێتە سەرۆکی بەشی دراما لەڕادیۆی بەغدا، ساڵی١٩٧٣ تیپی پێشڕەوی پێکهێناوە، پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی کوردستان بووە لەسلێمانی،



**(کارە هونەریەکانی):** سیزەرت لەبیر بێ ١٩٦٨/ ڕۆمیۆ جۆلێت ١٩٦٩/ خەبات ١٩٧٠ / مانگ هەڵهاتن ١٩٧٠ / کاوەی ئاسنگەر ١٩٧٠ / من مرۆڤم ١٩٧٠/ گلۆر ١٩٧٠/ نەفرەت لێکراو ١٩٧٠/ کێچ ١٩٧٠ / پێنج کەس لە ئوتێلێکدا ١٩٧٠ / لەژێر خۆڵەمێشەوە ١٩٧١/ ئەوانەی لەژێرەوەن ١٩٧١/ قبوولّ ١٩٧١/جەنابی موفەتیش ١٩٧١/ ئۆتۆمبیلچی ١٩٧٢/پیسکەی تەڕپیر ١٩٧٢/ چاڵی جەرگی پیرێژن ١٩٧٢/ گوڵی خوێناوی/ئۆپەرێت ١٩٧٢



---

سەرچاوە: لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## ئەنوەر شێخانی / ئەكتەر


ناوی تەواوی (ئەنوەر محەمەد مەولود) ە، ساڵی ١٩٥١ لە شاری هەولێر لە دایكبووە، دەرچووی ناوەندییە، ساڵی ١٩٧٠ دەستی بە كاری نواندن كردووە لە تیپی پێشڕەو، یەكەم بەشداربووی شانۆگەری (سەرەتان) بووە بەڵام بۆ تۆماری تەلەفزیۆنی ناوەكەی گۆڕا بۆ (مارەیی)، بەڵام بەداخەوە نەیتوانی بۆ تەلەڤزیۆن ئامادە بێت بۆ تۆمار كردن لەبەر بوونی بە سەرباز لە سوپای عێراق، دوای ٥ ساڵ لە ڕێكخستنی (پ د ك) لە نەورۆزی ١٩٧٣ دەستگیر دەكرێت و ئەشكەنجە دەدرێت و ڕاگواست دەكرێت بۆ دیوانیە، پاشان ڕادەكات و پەیوەندی بە هێزی دەشتی هەولێر دەكات لە دێگەڵەو دەبێتە پێشمەرگە، سەرەتا لەناوچەی قەڵادزێ دەبێت، دوای نسكۆی شۆڕش دەچێتە ئێران و لەساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە، ڕاستەوخۆ لەدوای گەڕانەوە دووبارە ڕادەگوازرێتەوە بۆ دیوانیە، ساڵی ١٩٧٦ لەڕێگەی هەڵبژاردن بووەتە بەڕێوەبەری هونەری (كۆمەڵ و هونەرو وێژەی كورد)، لەبەر ڕێگریكردن لە دەستوەردانی چالاكی حزبی بەعس نەیانهێشت لەساڵێك زیاتر بەردەوامبێت، ساڵی ١٩٩٢ یەكێك بووە لە دامەزراندنی تەلەڤزیۆنی كوردستان، دامەزرێنەری كۆمەڵەی هونەرمەندانی كوردستان — هەولێر بووە لە ١٩٩١ /٣/٣١، ساڵی ١٩٩٣ تا ٢٠٠٣ بۆماوەی ١٠ ساڵ بەرنامەی (هەگبەی كوردەواری) پێشكەش كردووە لەگەڵ هونەرمەند چەتۆ حەسەن لە تەلەفزیۆنی (كوردستان تیڤی)، دەستەی دامەزرێنەری سەندیكای هونەرمەندانی كوردستان بووە لەساڵ ١٩٩٨، (٤) ساڵیش وەكو سكرتێری گشتی سەندیكا هەڵبژێردرا، لەگەڵ یەكگرتنەوەی سەندیكاو یەكێتی هونەرمەندانی كوردستان لەكۆنگرەی یەكگرتن لەساڵی ٢٠٠٦ بوو بە سكرتێری گشتی ڕێكخراوی هونەرمەندانی كوردستان، بەداخەوە لە ٢٠١٩/٩/٢٣ كۆچی دوایی كرد.




**بەرهەمەكانی** - (مارەیی) (چڵپاو) (داسەكەی شاسوار) (مەسەلەی شارێك) (هەبو نەبو) (محەمەد و سێوێ) (ژان لە گەڕانەوە) (جۆمان) (وێنەیەك لە ڕابردوو) (مام حەسەن دەگەڕێتەوە) (مۆكینبۆت) (وەلی دێوانە) (دەنگی تەلەفۆن) (جەنابی جانەوەر).

---

سەرچاوە: لەیەكێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان

## بەدیعە دارتاش / شانۆکار

ناوی تەواوی (بەدیعە عەبدوڵڵا حەسەن) ە، ساڵی ١٩٤٦ لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٨ دەچێتە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا بەشی شانۆ وەك یەکەم ئافرەتی کورد دەخوێنێت، دوای تەواو بوونی دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی دەبێتە مامۆستا لە ئامادەیی سلێمانی کچان بۆ ماوەی (٨) ساڵ، ساڵی ١٩٧٠ یەکەم کاری هونەری شانۆگەری (بازرگانی ڤینیسیا) بووە، ساڵی ١٩٧٤ لە میهرەجانی هونەری کوردی لە شاری بەغدا خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ وەردەگرێت، بەدیعە دارتاش لە شانۆگەرییەکانی وەك (نەخشەی خوێناوی/ هاوڕێیان/ ئاهەنگی زەوی/ مەچەك) و ئۆپەرێتی وەك (کۆتایی زۆردار) خەڵاتی باشترین بەرهەمی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٨٠ کە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی دەکرێتەوە وەك مامۆستا لە بەشی شانۆ بۆ ماوەی (٢٢) ساڵ وانە دەڵێتەوە، دوای ئەمە خانەنشین دەکرێت.



ئەحمەد سالار - فەرهاد شەریف - بەدیعە دارتاش 1972

---

سەرچاوە: لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## تەها ئاغا جان / ئەکتەر


ناوی تەواوی (تەها ئاغا جان کەرەم القلولوس) ە، لە ۱۹-٤-۱۹٥۷ لە شاری خانەقین لە دایکبووە، ساڵی ۱۹۷۰ دەستی بەکاری شانۆیی کردووە، لە کۆتایی حەفتاکان دەگوازرێتەوە شاری هەولێر، لە هەولێر درێژە بەکاری هونەری دەدات لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر و نیشتەجێی ئەو شارە دەبێت، دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێرە ساڵی ۱۹۸۲، ماوەیەکی زۆر بەهۆی نەخۆشییەوە ئازارەکانی زیاتر دەبوو دواجار لە ۱٥-۲-۲۰۱۷ کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (کەسنەزان) ی هەولێر بەخاك دەسپێردرێت ،



**کارە هونەرییەکانی:** هەژاری/ چیرۆکی ئەو پیاوەی خۆی کوشت/ محەمەد و سێوێ/ لاس و خەزاڵ/ حەمەدۆك/ ئەفسانەی چیای ئاگرین/ گوریس/ مەم و زین/ دڵدارێکی قرچۆك/ پەپوو/ فێڵەکانی جەمۆ/ مەمی ئالان/ مۆرانە/ ماندوو کراو/ یۆلیۆس قەیسەر/ تۆ بڵێی وابێ/ خەندەی گورگ/ براوەو دۆڕاوەکان

---

سەرچاوە ڕۆژنامەی (هەولێر) و ئەنتەرنێت

**تەها فەقێ یوسف / ئەکتەر**

شەهید و شانۆکار (تەها فەقی یوسف) ساڵی ١٩٥٠ لە هەولێر لەدایکبووە، ئەندامی تیپی شانۆی هەولێربووە، لە شانۆیی بووکی بەفر وەك ئەکتەر بەشداربووە، دوای ئەوەی بووەتە پیشمەرگەی کوردستان بۆ بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان، لەرێکەوتی ١/ ٧ / ١٩٨١ ، لە دائرەی ئەمنی بە غدا گوللە باران کرا. تە رمە کەیان ناردەوە هە ولێر وقە دە غـە ش کـرا تە عزییەی بۆ دانێن، شەهید تەها مامی هونەرمەندان (موئەیەد قـەقێ و مازیچـن عـەزیز و خاڵی هونەرمەند ڕەبیع هەززالە.

---

سەرچاوە تۆڕی ئەنتەرنێت ٢٠١٦



## جیهاد دڵپاك / ئەكتەر

ناوی تەواوی (جیهاد زۆراب ئەحمەد) ە، ساڵی ١٩٤٨ لە شاری كەركوك لەدایكبووە، سەركردەی قارەمانی شۆڕش (ئەنوەر زۆراب) برا گەوری بووە، ساڵی ١٩٨٣ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ هونەرمەند(ڕوپاك) پێكهێناوە، ساڵی ١٩٦٩ خانەی مامۆستایانی تەواوكردووە، ساڵی ١٩٧٠ دەستی بە كاری هونەری كردووە، یەكەم بەشداری كردنی شانۆگەری (كچە لاڵەكە) بووە، دوای ٢ ساڵ توانای ئەم ئەكتەرە بۆ جەماوەر دەردەكەوێت، ئەویش لەڕێگای درامای (بەهاری دزراو) و پاشانیش درامای (مەرەزە)، ساڵی ١٩٧٤ بەشداری میهرەجانی شانۆی كوردی كردووە لەبەغدا، چوار خەڵات بەدەست دێنن، جیهاد دڵپاك بەزمانی عەرەبیش شانۆگەری كردووە، بۆ نمونە لەساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٧ لەشاری دهۆك بەشداری دوو شانۆگەری عەرەبی كردووە بەناوی (عندما تتكلم الجراح) (الطوفان الصمت)، جیهاد دڵپاك دوای ململانەیەكی زۆر لەگەڵ نەخۆشیەكەی كە گوازرایەوە بۆ ئەڵمانیا لە ٢٠١٣/٩/٢٥ هەر لە ئەڵمانیا كۆچی دوایی دەكات پاشان لە دوای چەند ڕۆژێك دەیهێننەوە بۆ كوردستان و بەخاك دەسپێردرێت



**هەندێك لە كارەكانی:** بەهاری دزراو/ مەرەزە/ ژاڵە/ گردی پیرۆز/ هەڵۆی گەرمیان/ گەلەگورگ/ تاوان و سزا/ مامە ڕیشە/ گەردەلول/ كەركوك ٤/ لاپەڕەكانی كەركوك.

---

سەرچاوە لەیەكێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان



## عەبدولڕەزاق  شەمسەدین / ئەکتەر

ناوی تەواوی (عەبدولڕەزاق شەمسەدین حەسەن) ە، ساڵی ١٩٥٤ لەگەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لەدایکبووە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەی (ئیبن خەلەکان) تەواوکردووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازیە، یەکەم بەشداری لەدرامای (فالچی) بووە لە ساڵی ١٩٧٠ لە نووسینی (حەمە کەریم هەورامی) و دەرهێنانی (سەباح عەبدولڕەحمان)، لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٨٣ ژیانی هاوسەرگیری  پێکهێناوەو ٢ کورو ٢ کچی هەیە بەناوی (ڕزگار/ ڕێباز/ ڤالا/ ڤان)، لەسەرەتای هەشتاکان سەردانی وڵاتانی دەرەوە دەکات و دەچێتە سەر گۆڕی هونەرمەندی کۆمیدی (شارلی شاپلن)،  ساڵی ٢٠٠٥ سەردانی ماڵی خوای کردووە، ساڵی ٢٠٠٧ سەردانی قاهیرەی کردووە لەگەڵ هونەرمەندان (تەلعەت سامان/ زرار ڕواندزی/ فەرهاد شەریف/ کەریم بابیز/ خەلیل یابە/ عوسمان ئەحمەد جاسم)، بەشداری چەندین بەرهەمی دۆبلاجی کردووە، وەهەروەها بەشداری چەندین دراماو شانۆی کردووە وەك (مارەیی/ چڵپاو/ پێچە ڕەشە/ هەڵەی دەرهێنەر/ کەوەکانی قەرەچوغ/ سێدارە/ کۆچ/ ئازارەکانی بارام/ کونەبا/ لێزەر/ دەربچی/ کرێچی/ دوعای باوك/ یابە/ دراوسێ/ بەخشین/ ئاگر/ دۆڕاو/ مۆبایل/ باوەش/ پەرژین/ خوێن/ گۆڕان/ هێلانە/ قەرپ/ نزا/ دووکەڵی مەرگ/ لێدە عەلۆ برنجە/ گرێ)





---

ئەم ژیاننامەم لە ڕزگاری کوڕی وەرگرتووە لەساڵی ٢٠١١



## عەلی ئەحمەد / ئەکتەر


ناوی تەواوی (عەلی ئەحمەد خدر) ە، ساڵی ١٩٤٩ لەگەڕەکی تەیراوی شاری هەولێر لـەدایکبووە، لەبنەچـەدا خـەڵکی گونـدی (یەدی قزلەر) ەو ئامۆزاکانی لەهـەردوو گونـدی (یـەدی قزلـەر و پیرداود) نیشتەجێن، لەتیرەی ناسری سەر بەهۆزی مەرزانە، عەلی ئەحمـەد هونەرمەنـدێکی بـەتوانای کـوردە، سـەرەتای کـارە هونەرییەکانی لەبواری شانۆو نواندن بۆساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە، یەکەم بەرهـەمی تەلـەفزیۆنی بـەناوی (مارەیی) لەساڵی ١٩٧٠ لەتەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کردووە، سـاڵی ١٩٧١ لـە شـانۆیی (مەسـەلەی شارێك) دا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، هەر وەك لە شانۆیی (چلێاو) یشدا بەشـداریی کاریگـەری بـووەو بـە شێوەیەکی ڕەسمی،

**کارە هونەریەکانی:** مارەیی ١٩٧٠/ مەسەلەی شارێك ١٩٧٢/ چـلپاو ١٩٧٣/ چـیرۆکەکانی مـام سمایل ١٩٧٧/ خۆتان بگرن هـات ١٩٧٩/ هـەبو نـەبو ١٩٨٠/ لاس و خـەزاڵ ١٩٨٣/ مـرۆڤ و ئازارەکانی ١٩٨٣/ سورمە خـان ١٩٨٣/ ئادابـا ١٩٨٣/ میـوانی ناوەخـت ١٩٨٣/ قـەڵای دم دم ١٩٨٤/ گەڕەکەکەمان ١٩٨٤/ محەمەد و سـێوێ ١٩٨٦/ گوڵی نهێنی ١٩٨٦/ خـەج و سـیامەند ١٩٨٧/ مۆرانە ١٩٨٨/ کەونـە دەرکـە ١٩٩٠/ نامـە ١٩٩٥ / بـەرەو خـۆر ١٩٩٧/ گـوریس ١٩٩٨/ مەمی ئالاان ٢٠٠٠/ گڕێ ٢٠٠٠ / ئاژاوەچیەکان ٢٠٠٤/ قـڕنیس ٢٠٠٤/ دەفـڕی و نـافڕێ ٢٠٠٦، یۆلیۆس قەیسەر ٢٠٠٧/ گەمەی شار ٢٠٠٩/ مەم و زیـن ٢٠١٠/ قرچۆك ٢٠١١/ دکتـۆر فاوست ٢٠١٢/ گەردەلول (٣) ٢٠١٣.



---

پێشتر زانیاریم لە ڕۆژنامەیەك وەرگرتبوو پاشان لەدانیشـتنێك لـە ٢٠١٨/٥/٣١ زانیـاری زیاترم لەخۆی وەرگرت.

## عەلی نوری/ ئەکتەر



هونەرمەند (عەلی نوری) ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٥ هاوسەرگیری کردووە بەڵام منداڵی نییە، بە هۆی هەردوو هاوڕێی (عومەر دڵپاك و سەلاح باڵا بەرز) دەرگای کارکردنی لەسەر شانۆ بۆ واڵا کرا، ساڵی ١٩٧٠ دەستی بە کاری هونەری کردووە بە شانۆگەری (لە سێبەری دڕکدا) لەگەڵ تیپی نواندنی سلێمانی، نزیکەی (٥٠) ساڵ خزمەتی هونەری کوردی کردووە و بەشداری چەندین شانۆگەری و فیلم و درامای کردووە، دیارترینیان ڕۆڵی (مام سلێمان) بوو لەدرامای (ژاڵە) لە ساڵی ١٩٨٥ پاشان شانۆگەری (نرخی ئازادی) و (سێبەری دڕك) فیلمی (خولە پیزە) (فرمێسك) درامای (خۆر نەوازان) (ڕەشەی پۆلیس) زۆری تریش، دوای درامای (ئاریا) تووشی نەخۆشی دەبێت و توانای جوڵەی بەباشی نامێنێت ، بەداخەوە لە ٢٠-٤-٢٠١٧ کۆچی دوایی کرد،




**کارە هونەریەکانی:** نرخی ئازادی/ سەرکردە/ کۆتایی مەرگ/ داوی مەرگ/ من کێم/ پردی ئارتا ١٩٧٨/ جوولەکەکەی ماڵتە ١٩٨٠/ دکتۆر پاڵمی ١٩٨٢/ کەللەی سەر ١٩٨٢/ مانگی ئاوابوو/ ژاڵە/ جومعە/ خەمی چۆلەکەکان/ ڕەشەی پۆلیس)

---

سەرچاوە — لەیەکێ لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان.


## غازی غەفور – ئەکتەر و مۆسیقا ژەن

ناوی تەواوی (غازی عەبدولغەفور مستەفا) یە، لە ١٩٥٤/٢/١٦ لەگەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لەدایکبووە، خێزانەکەیان هونەرمەندی تریشی لێهەڵکەوتووە وەك (هیتلەر و فەرهەنگ) ی برای، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی کشتوکاڵی لەهەولێر تەواوکردووە، سەرەتای ژیانی هونەری بەهونەری نیگار کێشان دەست پێکردووە، ئەوەش بەهۆی کاریگەری خاڵی (مامۆستا حوسێن عەبدوڵلا خۆشناو) کەلەو فێر بووە، ساڵی ١٩٧٠ قوتابی ناوەندی بووە خولیای دراما بووە، ئەوکاتە بەشداری شانۆگەری (چارەڕەش) ی کرد لەهۆڵی گەل لەدەرهێنانی مامۆستا سەباح عەبدولڕەحمان، بۆ ماوەیەکی تر ویستیان هەمان شانۆگەری نمایش بکەن بەلاّم ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی (فالّچی) دەبینی نەیتوانی ئامادەبێ بۆیە ئەو ڕۆڵەکەی بینی لە قوتابخانەی (حەدیاب) لەعەنکاوە، لە ١٩٧٢/١/١ دوو (فاسلّ فکاهی) یان پێشکەش کرد بەناوی (بزنە یا مامزە) (مامۆستای هونەر) لەڕۆڵی مەلا و ملاکم لەنووسینی حاجی مەجید و دەرهێنانی تێکڕایی، ساڵی ١٩٧٤ بووەتە پێشمەرگەو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە، دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ئێران بووەو دواتر گەڕاوەتەوە هەولێر، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی کردووە بەکۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی بووەتە ئەندام، ساڵی ١٩٨٢ دووبارە چووەتەوە شاخ و بەشداری شورشی نوێی گەلەکەمانی کردووە و هەر لەوێش شانۆگەری (کێ کوشتی) یان پێشکەش کردووە، لەچەند گوندێك نمایشیان کردووە لەوانە (نێوزەنگ و زەڵێ – هتد)، لەوێشەوە پەیوەندی کردووە بە یەکێتی هونەرمەندان و دەستبەکار بووە لەگەڵ چەند هونەرمەندێك لەوانە هونەرمەند (موئەیەد فەقێ)، لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ ڕاستەوخۆ لەهەولێر یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانی دامەزراندەوە و دەست بەکار بوون، ساڵی ٢٠٠٤ بەشداری ڤیستیڤاڵی تەواری کردووە بە کورتە فیلمی (شەوی لەدایك بوونی پەپولە) لەنووسینی

(ئازاد خەمە) خەلاتی باشترین ئەکتەری وەرگرتووە لە سلێمانی کەچەندین فیلمی (ئێرانی و عێراقی و ئەفغانی) بەشداریان کردبوو، لەچەندین بەرهەمی ڕادیۆیی بەشداری کردووە لەوانە (گەردەلول/ مۆرانە/ برایم زەبۆك/ چەلەبی عاشوور/حەمەدۆك)، لەشاخ و سەردەمی پێشمەرگایەتی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپی شانۆی شۆڕش بووە، دوای ڕاپەڕین ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بووە وەك وێنەگر و بەڕێوەبەری هونەری چەند ساڵێك لەو کەناڵە کاری کردووە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپی شانۆی سامان بووەو یەکێك بووە لەو سێ کەسەی کە بەهۆیانەوە بەعس مۆڵەتی بەتیپەکە نەداوە، سەرۆکی تیپی نواندنی هەولێرە،




**بەرهەمە شانۆییەکان:** (چارە ڕەش ١٩٦٩/٢/٢٠) (سەرتاشێکی گەمژە ١٩٧٣) (چڵکن ١٩٧٥) (پرسیار ١٩٧٩/٤/١٠) (کێ کوشتی ١٩٨٢) (قەلای دم دم ١٩٨٢/١/٢) (مرۆڤ و ئازارەکانی ١٩٨٣/٩/١) (ئادابا ١٩٨٣/١١/٢٧) (فایلی ٦٧ — ١٩٨٤/٤/٢٠) (شاری ئەوین ١٩٨٤) (گوڵی نهێنی ١٩٨٦/١/١٢) (ڕاوچی ١٩٨٦) (ئەفسانەی چیای ئاگرین ١٩٨٧) (تایەر لەسەر شانۆ ١٩٨٧) (حەمەدۆك ١٩٨٨) (مەم و زین ١٩٩٩)

**بۆ تەلەفزیۆن** (ئاسکە ١٩٨٥/١٢/٢٠ تۆمارکراوە) (لۆ تێم ناگەن ١٩٨٦) (کۆلارە ١٩٨٧/١١/١٥) (قاسپەی کەو ١٩٨٧) (نامە ١٩٩٣) (کەوەکانی قەرەچوغ ١٩٩٤) (ترس و ئەڤین ١٩٩٩) (هەڵچون ٢٠٠٢)

---

سەرچاوە — کتێبی پیاوە ڕیش سپییەکە — مەسعود مەلا هەمزە — دەستکاریم کردووە ٢٠١٨/٩/٢٣



## ياسين مستەفا – ئەکتەر


ناوی تەواوی (یاسین مستەفا محەمەد) ە، ساڵی ١٩٥٠ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، دەرچووی کۆلیژی ئاداب زانکۆی بەغدایە ١٩٧٠-١٩٧١، ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانە، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە، بەڕێوەبەری ناوەندی (عەوێنە) بووە لەساڵانی ١٩٧٢ – ١٩٧٦، وەهەروەها بەڕێوەبەری ناوەندی (دیبەگە) بووە لە ١٩٧٦ – ١٩٧٧، بەڕێوەبەری ناوەندی (قەندیل) ی کوڕان بووە لە ١٩٧٨ – ١٩٨٢، یاریدەدەری بەڕێوەبەری چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر بووە، سەرپەرشتیاری ڕۆشنبیری قوتابخانەکانی دواناوەندی و ئامادەیی بووە، وانەبێژی زمان و ئەدەبی کوردی بووە بۆ پۆلی دوازدەم لەئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر، لە ٢٠١٣/٧/١ خانەنشین بووە.



**بەرهەمەکانی:** (جەنگاوەری شێت ١٩٧٠) (چیرۆکێ بۆمنداڵە خۆشەویستەکان ١٩٧٠) (ماڵی نوێ ١٩٧٥) (هەبو نەبو ١٩٨٠) (گەڕەکەکەمان ١٩٨٤) (قاسپەی کەو ١٩٨٧) (تەلاری مەزن ٢٠٠٦) (سەلیم بەگ ٢٠٠٧) (شارەکەمان ٢٠٠٩) (بێ سەرپەرشتان ٢٠١٠) (دۆڵچی ٢٠١١) (خەجە گەڕۆك) (کەونە دەرکە (٢) ٢٠١٣) (ون بوەکان ٢٠١٨)

---

لەسەر داواکاری خۆم ئەم ژیاننامەی لەڕێگەی ماسنجەر بۆ ناردوم لە ٢٠١٨/٥/١٦




**یەڵماز گۆنــای / ئەکتەر و دەرهێنەر و سینەماکار**

هونەرمەند (یــەڵماز گۆنــای) ســاڵی ١٩٣٧ لــە هــەرێمی ئەدەنەی باکووری کوردستان لــەدایکبووە، دەرچــووی کۆلیــژی ئابووری لەزانکۆی ئەستەمبۆل، هەر لەزووەوە خــەم و ئــازار و چەوساندنەوەی گەلەکەی لەناو دڵیدا پەنگی خواردۆتەوە، بەڵام باوەڕی وابوو کە دەتوانێت لەڕێگەی هونەرو سینەما دەتــوانێ خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەی بکــات و لەســەر ئــەم کــارەی چەندین جار زیندانی کراوە لــە زیندانــەکانی تورکیــا، ســاڵی ١٩٦٣ لەبەر هەستی نیشتمان پەروەری بەهۆی فیلمەکانیەوە جارێك یەك ساڵ و نیــو جــارێکی دیکەش ٢٧ مانگ زیندانی کراوە، دواجاریش بەتاوانی کوشتنی دادوەرێك ٢٤ ساڵ زیندانی بۆ دەرچووە پاشان بۆی کراوە بە ١٨ ساڵ، ساڵی ١٩٨١ لەکاتی مۆڵەتدا بۆ سەردانی کەســوکاری هەڵدێت و ژیانی ئاوارەیی دەگرێتەبەر، هونەرمەند لەزیندانیش بە بەردەوامی گرنگی بە کــاری سینەمایی خۆی داوەو چەند بەرهەمی سینەمایی و چیرۆکی کــوردی لەناو زیندان نووسیوە و سیناریۆی بۆ داڕشتووە لەمانەش فیلمی (یۆڵ — ڕێگا) (مێگەل — جەلەب) (هێڤی) (گــوڕگێن برســی) (بابــا) (ژارو)، فیلمەکانی چەندین خەڵاتی جیهانی وەرگرتووە لەڤیســتیڤاڵی جیهانیی (کان) ی سینەمایی پاش خەباتێکی زۆر لەخزمەت کردنــی هونــەر و نیشــتمان پەروەریــدا، هونەرمەنــد دوای دەربــاز بــوونی لەزیندانەکانی تورکیا و هەر هەمان ساڵ لە ئاوارەییدا فیلمی (ڕێگا) لەسوێسرا تەواو کردووە، بۆ دوا جار لە ١٩٨٤/٩/٩ بەنەخۆشی شێر پەنجە کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی پاریس دەنێژرێت،





---

سەرچاوە — لەیەکێ لەرۆژنامەو گۆڤارەکان





## عومەر کەریم ئاغا / ئەکتەر


هونەرمەند (عومەر کەریم ئاغا) ساڵی ١٩٤٤ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧١ بووە بە ئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی سلێمانی، سەرەتا لەساڵی ١٩٧١ لە (جەنابی موفەتیش) (شێخی تەپڵە ڕەش) کۆمبارس بووە، ساڵی ١٩٧٢ لە (پیسکەی تەڕ پیر) کۆمبارس بووە، ساڵی ١٩٧٣ لە (چەخماخە) ڕۆڵی خولە چەخماخەی بینیووە، ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شانۆگەری (پردی وڵات) ی کردووە، دیارترین ڕۆڵی لەتەلەفزیۆن ڕۆڵی (وەستا سلێوە) بووە لەدرامای (پاڵتۆ) لەساڵی ١٩٧٦ تۆمارکراوە، لە ناوەڕاستی هەشتاکان لە تەلەفزیۆنی کەرکوك بۆمنداڵان چیرۆکی (بەلەمی ئەفسوناوی) نمایش کرد، ساڵی ١٩٩٢ لە بەرنامەی (کەشکۆڵ) لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەشداری کردووە،



---

سەرچاوە — لەیەکێ لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان





## موئەیەد فەقێ / ئەکتەر

ناوی تەواوی (موئەیەد محەمەد فەقێ) یە، ساڵی ١٩٥٦ لەگەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لەدایکبووە، برازای هونەرمەندی شەهید (تەها فەقێ یوسف) و ئامۆزای هونەرمەند (مازیچن عەزیز) ە، دەرچووی ناوەندییە، یەکەم جار بەشداری لەشانۆگەری (پیاوێکی زۆردار) کردووە، ساڵی ١٩٧٢ دەبێتە ئەندامی تیپی لاوانی هەولێر و بەشداری لە شانۆگەری (بلیمەت) کردووە، هەروەها لە بواری مکیاج کار دەکات، ساڵی ١٩٧٥ دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی هونەرو ئەدەبی کوردی، ساڵی ١٩٧٧ بڕوانامەی خولی تایبەتی هونەری شانۆ لە بەغدا بە دەست هێناوە، ساڵی ١٩٨٢ لە شاخ و بەشداری شوڕشی نوێی گەلەکەمانی کردووە و هەر لەوێش شانۆگەری (کێ کوشتی) یان پێشکەش کردووە، لەچەند گوندێك نمایشیان کردووە لەوانە (نێوزەنگ و زەڵێ — هتد)، لەوێشەوە پەیوەندی کردووە بە یەکێتی هونەرمەندان و دەستبەکار بووە لەگەڵ چەند هونەرمەندێك لەوانە هونەرمەند (غازی غەفور)،

**بەرهەمەکانی:** (پیاوێکی زۆردار) (بلیمەت ١٩٧٢ - نووسین و دەرهێنانی - عەبدەڵڵا فەتاح) (دەنگی ئازادی - نووسینی - محەمەد سەلیم) (کۆتی کۆمەڵ ١٩٧٥ دەرهێنانی - زوهێر عەبدولمەسیح) (وێنەیەك لە ڕابوردوو - نووسینی - حامید مەجید نەجم / دەرهێنانی - رەسمی جەلال) (داس - نووسینی - ئەمین میرزا کەریم / دەرهێنانی - زوهێر عەبدولمەسیح) (ڕوناکی - نووسینی - سەمیر دەهش / دەرهێنانی - سەعدون یونس) (سەر ژمێرێك لە بەینی ئەمڕۆو سبەی - ئامادەکردنی - سەمیر دەهش/ دەرهێنانی - سەعدون یونس) (فیلمی

سینەمایی سائق شفل - سیناریۆ و دەرهێنانی -حەمزە زێدان) (میوانی ناوەخت - نووسینی - چەتۆ حەسەن / دەرهێنانی - زوهێر عەبدولمەسیح)،







---


سەرچاوە — لەیەکێ لەرۆژنامەو گۆڤارەکان




## وەلید مەعروف / ئەکتەر

ناوی تەواوی (وەلید مەعروف جارۆ) یە، ساڵی ١٩٥٥ لەشاری دهۆك لەدایكبووە، لە تیرەی مزورییە، هاتنیان بۆ هەولێر بەهۆی فەرمانبەری باوکی بووە، خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی (هەڵگورد) و ناوەندی لەقوتابخانەی (برایی) و دواناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧١ دەستی بە کاری هونەری کردووە، ساڵی ١٩٧٩ کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا بەشی نواندن و دەرهێنانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٣ هاوسەرگیری کردووە و (٣) کوڕی هەیە بەناوەکانی (ڕێڤان/ ئیڤان/ شڤان)، یەکەم بەرهەمی بۆ تەلەفزیۆن درامای (محەمەد و سێوێ) بووە، بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ لە ئەوروپا ژیانی بەسەر بردووە، پاشان دەگەڕێتەوە و لە شاری هەولێر نیشتەجێ دەبێت،

**بەرهەمەکانی:** (محەمەد و سێوێ ١٩٨١) ( لاس و خەزاڵ ١٩٨٣) (ئادابا ١٩٨٣ ) (براوەو دۆڕاوەکان) (گەردەلول ٣ ٢٠١٣)



سوودم لە ڕۆژنامەیەك وەرگرتووە ، پاشان بۆ زیاتر زانیاری پەیوەندیم بەخۆیەوە کردووە و زانیاری زیاتری پێدام لە ٢٠١٨/٦/٢٨



## نازم دڵبەند – نووسەر و شاعیر و سیناریست و ڕۆژنامەنووس

ناوی تەواوی (نازم حوسێن حەسەن) ە ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (مەولەوی) لای شەقامی پزیشکان و قوتابخانەی (ئازادی) گەڕەکی ئازادی تەواو کردووە، لەپۆلی پێنجەمی سەرەتایی حەزی لە خوێندنەوە بووە، ئەوەش لە میانەی وانەی مێژوو کەمامۆستاکەیان (ئەحمەد مەلا شەریف) بووە زۆر بە لەزەتەوە وانەکەیانی بۆ شی دەکردنەوە، لە قۆناغی ناوەندی زیاتر دەیخوێندنەوە هەندێجاریش نووسینی شیعر بەپچڕ پچڕی لای دروست بووە، سەردانی چایخانەی (عوسمان دەرگەڵەیی) کردووە لە تەنیشت چاپخانەی (گیو موکریانی) کە شوێنی نووسەران و شاعیران بووە لەوێوە (عەبدوڵلا پەشێو و سەعدوڵلا پەرۆش و جەوهەر کرمانج و جەمیل ڕەنجبەر و هیوا سەرهەنگ) و زۆری تری ناسیوە، ساڵی ١٩٧٢ یەکەم شیعری لە ڕۆژنامەی (ژین) ی کاکەی فەللاح لە سلێمانی بلاو کردۆتەوە بە ناوی (سەرەتای گڕە تینوەکە)، ساڵی ١٩٧٤ چووەتە ناوکاری ڕۆژنامەنووسی وەکو پەیامنێر لە بلاوکراوەی (ڕۆشنبیری نوێ) ی سەردەمی (دکتۆر ئیحسان فوئاد) بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری کوردی بوو لە بەغدا کاری کردووە، دوای دامەزراندنی فەرمانبەرێتی ڕۆژنامەی (هاوکاری) وەکو قوتابخانەیەکی پێگەیشتنی خۆی سەیر کردووە بە دەیان نووسین و ڕێپۆرتاژ و شیعری تێدا بلاو کردۆتەوە و سالانێکی زۆر پەیامنێری ئەو ڕۆژنامەیە بووە لە هەولێر، ساڵی ١٩٨١ بووەتە ئەندامی (تیپی هونەری هەولێر)، توانی شانۆنامەی (لاس و خەزاڵ) بنووسێ بە سوود وەرگرتن لە کلتوری کۆنی کوردی، سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا وای لێهات بۆ بینینی ئەم شانۆگەرییە لەبەر زۆری خەڵك دەرگای هۆڵی گەل بشکێ، لەماوەی نمایش کردنی (١٣٠٠٠) کەس بینەر بوون، لەبەر نەبونی کچ (ڕوپاك

عەبدولقادر) کە تازە هاوسەرگیری لەگەڵ کردبوو هێنایە سەر شانۆ، ئەم شانۆگەرییە (سەباح عەبدولڕەحمان) کاری دەرهێنانی بۆکرد و بۆ تەلەفزیۆن (ناسر حەسەن) کاری دەرهێنانی بۆ کرد و بە تاقە کامێرای وێنەگر (جەبار غەریب) تۆمارکرا، ساڵی ١٩٨٣ شانۆنامەی (خەج و سیامەند) ی نووسی و هونەرمەند (تەڵعەت سامان) کاری دەرهێنانی بۆ کرد، لەگەڵ ڕاپەڕین یەکێك بووە لە ستافی یەکەمی یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی (کوردستانی نوێ) و بێجگە لە نووسین یەکەم سەرپەرشتیاری چاپی ئەو ڕۆژنامەیە بووە لە چاپخانە و تا ئێستاش لێی جیانەبۆتەوە، لە سەرەتای دوو هەزارەکانیش دەستی بە نووسینی دراما کرد یەکەمینیان درامای (فرمێسك) بوو بە (١٥) ئەڵقە هونەرمەند (بەکر مەعروف) کاری دەرهێنانی بۆ کرد، وەکو ئەکتەر بەشداری لەدرامای (پرس) لە دەرهێنانی (تەنیا کەریم)، خاوەنی دیوانی شیعری (ئەرێ بەبیرت دێمەوە) یە، هەر دوو درامای (چایخانەی عەبۆ) بەشی یەکەم (٣٠) ئەڵقەیە لە دەرهێنانی (ناسر حەسەن)، درامای (فرمێسکی بەرائەت) کە دراмایەکی کۆمەڵایەتییە لە نووسینی خۆیەتی، وەهەروەها فیلمی (شەوە سەختەکان) ی نووسیوە، نازم دڵبەند دۆستی زۆربەی هونەرمەندانی مۆزیك ژەن و گۆرانی بێژ بووە و شیعری گۆرانی پێداون لەوانە (زیاد ئەسعەد/ فوئاد ئەحمەد/ کاوە ژاژڵەیی/ عەبدولقادر ئەسعەد/ بورهان خۆشناو) زۆریتر، لەنزیکەوەش لەگەڵ هونەرمەندان (تایەر تۆفیق/ ڕەسول گەردی/ فوئاد ئەحمەد/ تەحسین تەها/ سەعید گاباری/ نیزام شوکر) زۆری تریش ژیاوە و کۆمەڵە بیرەوەرییەکی خۆشی لەگەڵیان هەیە و زۆربەشی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بلاّو کردۆتەوە،

---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٩/١٢



## ئازاد دڵپاك – ئەكتەر و دەرهێنەر و شاعیر

ناوی تەواوی (ئازاد عەبدوڵلاّ ئیسماعیل قادر) ە، ساڵی ١٩٥٦ لە شاری كۆیە لە دایك بووە، لە عەشیرەتی (ئۆرمزیار) ە ، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە كۆیە تەواو كردووە، خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو كردووە، ساڵی ١٩٧٨ بووەتە مامۆستا، لەقۆناغی سەرەتایی لە تیپی سروودی قوتابخانە بەشداری كردووە، دواتر لەقۆناغی ناوەندی بەنواندن دەست پێدەكات، لەحەفتاكان لەیەكێتی قوتابیان كاری كردووە، ساڵی ١٩٧٢ یەكەم كاری لەگەڵ تیپی باواجی كۆیە بەشی نواندن بەشداری تەمسیلی (بیری ئازادی) كردووە و بۆ تەلەفزیۆنی كەركوك تۆماركراوە، دواتر تەمسیلی (گوندەكەم) لەنووسینی (حەمە كەریم هەورامی) بەلاّم بەداخەوە ڕژێم نەیهێشت بۆ تەلەفزیۆن تۆماربكرێت بەلاّم لەساڵی ١٩٨٤ وەك شانۆگەری لەكۆیە نمایشكرا، ساڵی ١٩٨٠ بووەتە ئەندامی تیپی باواجی كۆیە لەهەر دوو بەشی مۆسیقاو نواندن، وەك كەمانجە ژەن لەچەندین گۆرانی بەشداری كردووە، بەتایبەتی لە گۆرانییەكانی (عەبدوڵلا ئیسماعیل) ی باوكی و چەندین ئاوازی بۆ داناوە و ئامادەی كردووە، ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ ماڵی باوكی ڕوو دەكەنە شاری هەولێر و دەبنە ئەندام لەتیپی هونەرو وێژەی كوردی وەك مۆسیقا ژەن و ئەكتەر، لەچەندین ئاهەنگ بەشداری كردووە لەگەڵ (جەمال جەمیل و جەمیل سنجاوی)، ساڵی ١٩٩١ لەدوای ڕاپەڕین دەرهێنانی بۆ فیلمی (خەڵكی بێ تاوان) كردووە لەنووسین و سیناریۆ و دەرهێنانی خۆی كە بەڕێز (مام جەلال) هاوكاری كرد، ساڵی ١٩٩٤ فیلمی (هەڵۆەرین) لەنووسینی ڕێكار ئەحمەد و سیناریۆو دەرهێنان و نواندنی خۆی، نزیكەی (٢٥) فیلمی سیدی بەرهەم هێناوە، ساڵی ٢٠٠٥ تیپی مۆسیقای (چنارۆك) ی

دامەزراندووە، ساڵی ٢٠٠٨ تیپی هونەری دڵپاکی دامەزراندووە، خەڵاتی لەلایەن (مام جەلال و نێچیرڤان بارزانی و قادر عەزیز و فەلەکەدین کاکەیی و فەتاح زاخۆیی و معەمەر قەزافی و سەندیکای هونەرمەندانی میسر و هیندستان) پێبەخشراوە، (٣) دیوانی شیعری بەچاپ گەیاندووە بەناوەکانی (گزنگ و پەیام) (خونچەو گوڵ) (خاك و پێشمەرگەو ژیان)، لەساڵی ٢٠٠٩ وە خەریکی کاری خێرخوازییە کەخۆی سەرۆکی ڕێکخراوەکەیە بەناوی (ڕێکخراوی پەرەپێدانی خێرخوازی)، لەوەرزی هاویندا وەك مامۆستا وانە بەمنداڵە شەهید دەڵێتەوە، ساڵی ٢٠٠٧ سەردانی ماڵی خودای کردووە، لەژیانی سیاسی لەساڵی ١٩٧٢ لەیەکێتی قوتابییان بووە، (٢) ساڵ زیندانی کراوە لە کەرکوك و هەولێر، (٢٠) ساڵ خەباتی نهێنی کردووە، (٢) ساڵ پێشمەرگەی شاخ بووە،

**بەرهەمە فیلم و دراماکانی:** (بیری ئازادی ١٩٧٢ کەمال ئیسماعیل) (ژن بەژن ١٩٨٣ دەرهێنانی جەلال ئەلیاس) (گوندەکەم ١٩٨٤ کەمال ئیسماعیل) (نێرگز بوکی کوردستان ١٩٩٠ جەعفەر عەلی) (ئاوارە ١٩٩١) (کیلۆ مەتر سفر ٢٠٠٥ هونەر سەلیم) (کش و مات – گەمەی خەونەکان/ ئەمیر تەها) (ژوان – سەباح عەبدولڕەحمان) (کۆچ – بەشی ١ -٢ / ئوسامە جەمیل) (سفلەو دڕك – چارەنووس / ئوسامە جەمیل) (وون بوەکان ٢٠١٧ جەوهەر ئەنوەر) (نائومێدی – محەمەد زادە) (ژیان – جانۆ ڕۆژبیانی) (پەڕینەوە لەغوبار – شەوکەت ئەمین) (بێ ئومێدی)،

ئەو فیلمانەی نواندن و کاری سیناریۆو دەرهێنانی بۆ کردووە (کوێرەوەری) (دابڕان) (ئومێد) (ئەنفالی گەورە) (خوێنی پیرۆز) (فاتح العظیم – بەعەرەبی) (قسمتکی بازی = چارەنووس = ٢٠١٦ ئازاد دڵپاك)



ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٩/٢



## بەکر مەعروف /ئەکتەر و دەرهێنەر

ناوی تەواوی (بەکر مەعروف سەلیم ) ە، لە ١٩٥٩/٢/١٦ لـە گـەڕەکی مسـتەوفی شـاری هەولێر لە دایك بووە، دەرچووی ئامادەیی بازرگانییە، لە ١٩٧٢/٢/١ دەستی بە کاری نوانـدن کردووە بە شانۆگەری (ژن هێنانی هاوچەرخ)، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەنـدی بـە تیپـی (پێشـڕەو) ی شانۆیی کردووە، دواتر دەبێتە ئەندامی نەقابەی کرێکارن، (١٠) ساڵ دە زنجیرە درامـای (١٥) ئەڵقەو (٣٠) ئەڵقەیی کاری دەرهێنانی بۆ کردووە و ڕۆڵیشی بینیوە، (١٦٣) ئەڵقە هەفتانـەی (خەڵکی شـارەکەم) بـۆ تەلـەفزیۆنی هـەرێم دەرهێنـاوە، سـاڵی ١٩٩٢ تـا ١٩٩٦ بەشـداری بەرنامەی (هەوارگەی جاران) کردووە لەگەڵ هونەرمەندان (ئەنوەر عەزیز و حەمید سـابیر) لـە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی هەولێر، ساڵی ١٩٩٤ خەلاّتی باشترین ئەکتەری وەرگرتووە لە شانۆگەری (تاوان و سزا) لە دەرهێنانی (موئەیەد فەقێ) لە ڤیستیڤاڵی شـانۆ لـە هـەولێر، دەرهێنانی بۆ (ڕەحمەتی/ ئاوێزە/ سـەلیم بـەك/ فرمێسـك/ قـەرەقۆش) کـردووە، لەگـەڵ ئـەم دەرهێنەرانە کاری کردووە (تەڵعەت سامان/ فەرهاد شەریف/ سەباح عەبـدولڕەحمان/ سـەفوەت جەڕاح/ سەعدون یونس/ ناسر حەیەن/ هیوا سوعاد/ دڵشاد سامان/ حەمە عەلی خان/ موئەیەد فەقێ/ مەسعود عارف/ محەمەد جانۆ/ کرمانج خۆشناو/ ئازاد مەولود/ شەوکەت ئەمین/ ئیڤان ناسر حەسەن/ زوهێر عەبدولمەسیح/ جوان بامەڕنی/ ڕەڤین عەسـاف/ جەوهـەر بـاپیر/ مەهـدی حەسەن/ ژیلوان تاهیر/ عەدنان عوسمان)

**شـانۆگەرییەکانی:** (خـەباتی کرێکـاران) (بەنـدی ژمـارە ٤٨) (مێـژوو ڕەش نابێتـەوە) (نەخوێندەواری) (حەمە وەی وەی) (بە زۆر کراوە بە دکتۆر) (نەخۆشـی ددان) (سـورمە خـان)

(خزمەت كارێكی گوێڕایەڵ) (شێتێكی باڵا بەرز) (لێو بەبارەكان) (خەج و سیامەند) (شاری دڵداری) (ڕاشوومۆن) (پرسەی سیراجەدین) (بەرەو خۆر) (هاوارێك) (گۆرانی چابكا) (تاوان و سزا) (نووسەرێكی سەیر) (پشمین) (خوانێك بۆ كوشتن) (هاوارێك لە حاجی قادری كۆیی) (زولێخا) (تەرمی سەر شۆستەكە) (شەمەندەفەر) (قسە بكە ئەی بەرد) (مەم و زین) (شێتەكانی ئەم ڕۆژگارە) (خانزادێكی تر) (وێرانە)

**بەرهەمی تەلەفزیۆنی:** (گەمەی خەونە ئازادەكان) (ژوان) (میوانی ناوەخت) (كەوەكانی قەرەچوغ) گرێ) (شارەكەم) (نامە) (ئەناهیتا) (سەراب) (ڕەوتی ژیان) (هەنگاو) (مەزات خانە) (گێلە پیاو) (ڕەحمەتی) (ئاوێزە) (سەلیم بەگ) (فرمێسك) (گەڕانەوە) (قەرەقۆش) (پەپۆ)،

**بەشداری كردووە لە فلمی سینەمایی:** (سێ گۆشەی مەرگ — دەرهێنانی عەدنان عەسمان) (ڕۆژانی زەرد — ڕەڤین عەساف) (ئەسپەكان — مەهدی حەسەن) (بیرەوەریەكانی سەر بەرد — شەوكەت ئەمین) (قارەمانی چەرخ — جوان بامەڕنی)،





---

ئەم ژیاننامەم لە خۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١١/٧




## زاهیر عەبدوڵڵا / ئەکتەر

ناوی تەواوی (زاهیر عەبدوڵڵا خدر) ە، ساڵی ١٩٥٨ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨١ لەدوا قۆناغی ئامادەیی پیشەسازی بووە لەلایەن ئەمنەوە دەگیرێ لەسەر ڕێکخستنی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) کە ئازاد دەکرێت لەخوێندن فەسڵ کراوە، ساڵی ١٩٧٢ دەستی بەکاری هونەری کردووە، کاتێك مامۆستایان (سەباح عەبدولڕەحمان و تەحسین تەها) لە چالاکی قوتابخانەکان سەردانی ناوەندی جمهوری دەکەن و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی هەڵیدەبژێرن و لە شانۆی (ئەنجامی پوڵ پەرستی) بەشدار دەبێت لە نووسینی حەمە کەریم هەورامی و دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ یەکەم بێژەری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و دەستەی دامەزرێنەری ئەم تەلەفزیۆنە بووە، هونەرمەند لە پۆلی (٥) ی سەرەتایی بووە لە چایخانەی (قوباد) کاری کردووەو پارەی ڕۆژانەکەی دەکردە دەخیلەو کتێبی پێدەکڕی، زاهیر عەبدوڵڵا هاوسەرگیری لەگەڵ هونەرمەند (شیرین سابیر) کردووە،

**کارە هونەریەکانی:** هەبو نەبو ١٩٧٩/ خۆتان بگرن هات/ مالەی سەر گردەکە/ خاتوو کڵاو زەرد/ سورمە خان ١٩٨٣/ محەمەد و سێوێ ١٩٨١/ قەڵای دم دم ١٩٨٤/ کۆلارە/ گوڵی نهێنی ١٩٨٦/ گەڕەکەکەمان/ کەونە دەرکە/ بەرنامەی (زووم زووم) ١٩٩٢ – ١٩٩٥/ کەوەکانی قەرەچوغ ١٩٩٣/ بەرنامەی (بەرنامەی بەرنامە) / شارەکەمان ٢٠٠٧/شەوچرا/حەسەنە فەندی/سێ چاو/ماڵی نوێ/خانەدان/ زولەیخا/ هاوارێك لە حاجی قادری کۆیە.




**سەرچاوە – ئەم ژیاننامەم لە خۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨.**



## سوبحی کۆیی / ئەکتەر


ناوی تەواوی (سوبحی ئەحمەد عەبدوڵڵا) یە، ساڵی ١٩٥٥ لــە شــاری کۆیــە لــەدایکبووە، دەرچــووی ناوەندییە، ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ (سەبیحە) ی ئامۆزای بەخۆشەویستی هاوسەرگیریان کردووە دوو کوڕیان بووە (ئاری و هونەر)، برای خانمە هونەرمەند شـلێر کـۆیی یە، سـاڵی ١٩٧٢ دەسـتی بـەکاری نوانـدن کـردووە، یەکێك بووە لەدەستەی دامەزرێنەری تیپی هونەرە مىللییەکانی هەولێر و دامەزرێنەری چەندین تیپی شانۆیی و هونەری تر، لەتەمەنێکی زۆر کورتــدا تــوانی مێژوویــەکی پــڕ لــە داهێنــان و سەروەری لە ئەرشیفی نەمری خۆیدا تۆماربکات، لە ١٩٨٠/١٠/١٣ بە کارەساتی ئۆتۆمبێـل لە ڕێگای نێوان هەولێر و کۆیە  کۆچی دوایی کرد

**بەرهەمەکانی:** (داستانی شۆڕش) (مارەیی) (مەسەلەی شـارێك) (نەخۆشـی ددان) (ئـاخر زەمان) (بەرگ درووی ئـاخیر زەمـان) (دەبـەنگ) (نەخۆشـی لـەبیر چـوونەوە) (دوا فیشـەك) (گورچیلە) (چلپاو) (خەملی پەمۆ) (سەرکەوتنی جوتیـار) (ڕوبـاری ژیـان) (ئـاگر و زەیتـون) (چاڵی جەرگی پیرەژن) (کاوەی ئاسنگەر) (گێلە پیاو) (نرخی ئـازادی) (پانتۆمـایم) (کـاروانی خەبات) (هەور و سامان) (لە پێناو ڕووناکی)

لەو کۆمەڵە شانۆگەرییە تە نها (٥) یان بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکراون کە ئەمانــەن (نەخۆشـی لەبیر چوونەوە) (مارەیی) (مەسەلەی شارێك) (کاروانی خەبات) (هەور و سامان)



**سەرچاوە – لە یەکێ لـە گۆڤار و ڕۆژنامەکان و دواتـر هەنـدێك زانیـاریم لـە ئـاری کوڕی وەرگرتووە**




## شەماڵی عەبەڕەش / ئەکتەر

ناوی تەواوی (شەماڵ عەبدوڵلا عەلی) یە، ساڵی ١٩٥٥ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٤ خوێندن بەجێدێڵێ و ڕوو دەکاتە شاخ و درێژە بە هونەرەکەی دەدات واتە هەم پێشمەرگە و هەم هونەرمەند بووە، هاوسەرگیری لەگەڵ هونەرمەند (شادان فوئاد) کردووە کچی هونەرمەند (فوئاد حەمەمین ئاغا)، ساڵی ١٩٧٦ پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لەبەغدا تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٧ بۆتە مامۆستای سەرەتایی لەکەناروێ بۆماوەی (٦) مانگ پاشان گواستراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی، ساڵی ١٩٦٨ یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی (تیپی شانۆی سۆران)، پاش هەڵوەشانەوەی تیپی سۆران ساڵی ١٩٧٢ دەبێتە ئەندامی تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی و لەساڵی ١٩٧٥ دەبێتە ئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی سلێمانی، زۆربەی بەرهەمەکانی لەکۆمەڵە ئەنجامداوە، ساڵی ١٩٩٣ کوردستان جێدێڵێت و ڕوو لە هەندەران دەکات، هونەرمەند شەماڵی عەبە ڕەش گۆرانی بۆ تایتلی درامای (ژیان) گوتووە بەناوی (هەرچەند دەکەم) ئاوازی ئێرانیە شیعرەکەشی شیعری (عەبدوڵلا گۆران) ە، ئەم درامایە لە حەفتاکان وێنە گیراوە ،




سەرچاوە — ڕۆژنامەو گۆڤارەکان



## شوکروڵڵا شێخانی / ئەکتەر


ناوی تەواوی (شوکروڵڵا عوسمان عەبدوڵڵا) یە، ساڵی ١٩٥٦ باوکی لەکەرکوك سەرباز بووە بۆیە لەو شارە لەدایکبووە، دەرچووی ناوەندییە، ساڵی ١٩٧٥ هاوسەرگیری کردووە، ساڵی ١٩٧٢ بەشانۆگەری (خەملی پەمۆ) لەنووسینی حەسەنی قزلجی و دەرهێنانی تەڵعەت سامان دەستی بە کاری نواندن کردووە، دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بۆماوەی (٤) ساڵ سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان — هەولێر بووە، وەهەروەها سکرتێری یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بووە، ساڵی ١٩٩٤ پێشکەشکاری بەرنامەی ئاسۆی بەیانیان بووە لە ڕادیۆی یەکگرتوو هەولێر، هەرلەو ڕادیۆیە زیاتر لە (٣٠٠) کورتە چیرۆکی تۆمارکردووە، لە ناوەڕاستی نەوەتەکان بە هۆی نەخۆشی چاوەکانی ڕوو لە دەرەوەی وڵات دەکات بە مەبەستی چارەسەر کردنی، لەو کاتەوە لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووە،

**کارەکانی:** (ئەنجامی کابرایەکی خراپ ١٩٧٢) (بەختیاری ١٩٧٢) (خەملی پەمۆ ١٩٧٢) (لافاو ١٩٧٤) (کاوەی ئاسنگەر ١٩٧٣) (گوێزان ١٩٧٣ ئەم درامایە یەك جار پەخش کرا پاشان ڕاگیرا) (پیلان ١٩٧٦ ئەم شانۆگەرییە ساڵی ١٩٩٧ دووبارە کرایەوە بە کۆمەڵە ئەکتەرێکی تر) (گێچەڵەکانی حەمە وەی وەی ١٩٧٧) (خانزادێکی تر ١٩٧٨) (قەل و ڕووتە ١٩٧٩) (هەبو نەبو ١٩٨٠) (شاری ئەوین ١٩٨٥) (کەوەکانی قەرەچوغ ١٩٩٢) (پێکەنینی تورەیی ١٩٩٢) (کوردستانی وێران ١٩٩٤) (سێدارە ١٩٩٥) (پەشیمانی ١٩٩٦) (بێ لانەکان ١٩٩٦ دەرهێنان) (ئازارەکانی بارام ٢٠٠٦)، وەهەروەها بەشداری دۆبلاژی فیلمی کارتۆنی منداڵانی کردووە، دۆبلاژی فلیمی (ڕسالە) ی کردووە لەدەوری (ئیمام هەمزە)، فیلمی (عومەر موختار) لەدەوری (عومەر موختار).







ئەم ژیاننامەم لە ڕۆژنامەیەك دەست کـەوتووە و دواتـر زانیـاری زیـاتری پێـدام لـەڕێگای ماسنجەر لە ٢٠١٨



## غەفور عەبدوڵلا – ئەکتەر

ناوی تەواوی (غەفور عەبدوڵلا ڕەحیم) ە، ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٢ لە یەکەم کاری شانۆیی لەگەڵ مامۆستا غازی بامەڕنی دەستی بەکاری هونەری کردووە، ساڵی ١٩٧٦ بووەتە ئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی سلێمانی، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، بەشداری (٨٥) کاری هونەری کردووە وەك شانۆ و دراما و فیلم و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی و بەڕێوەبەری بەرهەم، لە هەموو زنجیرەکانی دەرهێنەر (حوسێن میسری) بەشداری کردووە لە تەلەفزیۆنی (خاك و کوردسات)، لە ڤیستیڤاڵەکانی بەغدا و موسڵ و هەولێر و سەقز و ئەسفەهانی نێو دەوڵەتی و ئامەد و دیاربەکر و سوید و ئەوروپا وەك ئەکتەر بەشداری کردووە، (٣) خەلاتی ئاڵتونی وەرگرتووە، (٢٠) ساڵ کاری کردووە لە ئەرشیف بیبلۆگرافیای شانۆییەکانی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد مەڵبەندی گشتی سلێمانی لە سالانی ١٩٨٩ تا ١٩٩٩ بە چاپی گەیاندووە، ئەندامی کۆمەڵە و سەندیکای هونەرمەندان و لێپرسراوی بەشی ئەرشیفی هونەری شانۆیە،



ئەم ژیاننامەم لەڕێگەی ماسنجەر لێوەرگرتووە لە ٢٠١٨/٩/٧



## مەحمود گلی – ئەکتەر

ناوی تەواوی (مەحمود عەبدولڕەحمان محەمەد) ە، ساڵی ۱۹۵۷ لەگەڕەکی بەگ لەزی شاری کەرکوك لەدایکبووە، دەرچووی ناوەندییە، ساڵی ۱۹۷۲ دەستی بەکاری هونەری کردووە بە بەشداری کردنی لەدرامای (بەهاری دزراو) لە دەرهێنانی سەلمان فایەق، لەهەمان ساڵ بەشداری شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر) کردووە، ساڵی ۱۹۷۳ بەشداری فیلمی (مەرەزە) کردووە لە ڕۆڵی (جەعە کەچەڵ) لە دەرهێنانی سەلمان فەیەق، ساڵی ۱۹۷۸ هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ خانمێکی شەقلاوەیی پێنج کوڕ و کچێکیان هەیە، ساڵی ۱۹۸۸ تەرعیل دەکرێن هونەرمەند مەحمود گلی شاری هەولێر هەڵدەبژێرێت و لە کۆمەڵگای جدیدە نیشتەجێ دەبن، بەهۆی بوونی بەسەرباز (۱۰) ساڵ لە هونەر دادەبڕێت لەساڵی ۱۹۸۱ تا ۱۹۹۱،

**بەرهەمەکانی** (بەهاری دزراو ۱۹۷۲ سەلمان فایەق) (کاوەی ئاسنگەر ۱۹۷۲) (مەرەزە ۱۹۷۳ سەلمان فایەق) (تەقینەوە ۱۹۷٤ سەلمان فایەق – خەڵاتی یەکەمییان بەدەستهێنا لە میهرەجانی یەکەمی بەغدا) (من و تۆ ۱۹۷۵ لەئۆردوگای ئیندی شك لە ئێران) (شارەکەم ۱۹۷۸) (قوتابخانەی خۆش دەوێت ۱۹۸۰) (تەقینەوە ۱۹۹۱ موئەیەد فەقێ) (نرخی ئازادی ۱۹۹۱ عەدنان عوسمان) (لەتەلەفزیۆنی پارێزگاران بەرنامەی تیشك ئامادەو پێشکەشی کردووە ۱۹۹۲) (بەرەو خۆر ۱۹۹۳ ئەرسەلان دەروێش) (کورد و ئیمارات ۱۹۹۳ عەدنان کەرکوکی) (سێ بەسەرهاتی عەتاوڵە ۱۹۹۳ تەحسین فایەق) (ئەنفال ۱۹۹۳) (ئۆتێلۆ ۱۹۹٤ فەرهاد شەریف) (ئاگر کوژێنەوە ۱۹۹٤ کەریم بایز) (پێکەنین و مارەکان ۱۹۹۵ لەتیف نەعمان)

(گوریس ١٩٩٦ تەڵعەت سامان) (غەریب ١٩٩٧ عەدنان عوسمان) (منداڵی بێ باوك ١٩٩٨) (سوتانی عەشق ١٩٩٨ جەلال بەیار) (دابڕان ١٩٩٨ حەسەن عەلی) (گەڕانەوە ١٩٩٩ جەوهەر ڤیدیۆ) (قەدەر ١٩٩٩ تەنیا کەریم) (حەسرەت ٢٠٠٠ حەسەن عەلی) (ڕاوە جنۆکە ٢٠٠٠ مەهدی ئومێد) (گوڵێ ٢٠٠١ ئازاد دڵپاك) (مەرگەساتی جەنگ ٢٠٠٢ ئازاد دڵپاك) (تۆڵە ٢٠٠٣ مەهدی ئومێد) (نان فرۆش ٢٠٠٤ شاخەوان ئیدریس) (گوڵەکانی کەرکوك ٢٠٠٩) (چایخانەی عەبۆ ٢٠١٢ گۆڤار ئەنوەر) (گەردەلول ٢٠١٢ جەلیل زەنگەنە) (مەم و زین ٢٠١٥ هیوا سوعاد)،






ئەم ژیاننامەیەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٧/٢٧




## یاسین بەرزنجی / شانۆکار

ناوی تەواوی (یاسین قادر بەرزنجی) یە، ساڵی ١٩٥٦ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، لەساڵی ١٩٧٦ ئامادەیی تەواوکردووە، دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنە لەزانکۆی سلێمانی، ساڵی ١٩٧٢ دەستی بە کاری هونەری کردووە، ساڵی ١٩٧٣ بەشداری لە شانۆگەری (کوردێکی نیشتمام پەروەر ) کردووە، هەر لەم ساڵەدا بووە ئەندامی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی، بەشداری لە دوو کاری شانۆیی کرد لەوانە (چاوی ڤێتنام) (کاوەی ئاسنگەر)، ساڵی ١٩٧٦ خەڵاتی یەکەمین ئەکتەری بەدەست هێناوە لە تیپی شانۆی ئامادەیی کشت و کاڵی بەکرە جۆ لەشانۆگەری (فایلی کارەساتی ٦٧)، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە تیپی شانۆی پێشڕەو کردووە تا ساڵی ١٩٨٠ لەو ماوەیەدا بەشداری چەندین دراماو شانۆگەری کرد وەکو (پاڵتۆ/ مۆڵەت/ خەج و سیامەند)، ساڵی ٢٠٠٩ بەشداری لە زنجیرە درامای (ئارەزوو) کردووە، کارمەندی دێرینی کتێبخانەی گشتی سلێمانییە، چەندین کتێبی ئەدەبی و شانۆیی و توێژینەوە و ڕۆژنامەوانی و وەرگێڕانی بلاۆکردۆتەوە، ساڵی ١٩٨٢ هاوسەرگیری لەگەڵ (خاتوو سوهام عەلی) کردووە، سێ منداڵی هەیە (ڕاستی / ڕەوەز/ شانۆ) لەگەڵێك بەرهەمی شانۆیی و درامادا وەك ئەکتەر بەشدارییان کردووە،



---

سەرچاوە – لەیەکێ لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان



**جەمالی حەمەکۆڵ – ئەکتەر**

هونەرمەند و پارێزەر (جەمالی حەمەکۆڵ) ساڵی ١٩٥٢ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٩ کۆلیژی یاسای تەواو کردووە و بووەتە پارێزەر، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر سەرقاڵی کاری هونەری بووە و پێیخۆشبووە زیاتر وەك هونەرمەند بناسرێت نەك وەك پارێزەر، لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە دەستی بە کارە هونەرییەکانی کردووە، خاوەنی چەندین کاری هونەرییە، بەڵام تاوەکو ئێستا لە بیرەوەری هەڵسەنگاندنی خەڵکدا جەمال هەر پزیشکەکەی درامای (ژاڵە) یە، درامای (ژاڵە) یەکێك لە دراما کۆن و بەنێو بانگەکانی کوردستانە و لە شاری سلێمانی بەرهەم هاتووە، بەداخەوە دوای نزیکەی چوار ساڵ لە نێو جێگە لە ٢٠١٧/٦/٢٤ لە تەمەنی (٦٥) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، بووە دووەم هونەرمەندی درامای (ژاڵە) دوای هونەرمەند (عەلی نوری) کۆچی دوایی کرد



---

سەرچاوە – تۆڕی ئەنتەرنێت ٢٠١٨



## فاتح شەریف /ئەکتەر

ناوی تەواوی (فاتح شەریف عەلی) ە، ساڵی ١٩٦١ لەگوندی ماجیداوەی سەر بەناحیەی گوێڕی شاری هەولێر لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لەگوندی ماجیداوە و ناوەندی لەگوندی عەوێنە تەواوکردووە، ئامادەییشی لە هەولێر خوێندووە بەڵام بە هۆی کاری سیاسی بۆی تەواو نەکراوە و خوێندنی جێهێشتووە لەساڵی ١٩٨٢، پاشان لەساڵی ٢٠٠٧ دەگەڕێتەوە بۆ خوێندن و پەیمانگای گەشت و گوزار تەواودەکات، ساڵی ١٩٧٦ ژیانی خێزانی پێکهێناوەو چوار کچ و سێ کوڕی هەیە، ساڵی ١٩٧٣ بۆ یەکەم جار دێتە سەرتەختی شانۆ لەشانۆگەری (بازرگان) بە کۆرسی گۆرانییەك بەشدری کردووە، ئەم شانۆگەرییە لە ئاهەنگێکی جەماوەری لە ناحیەی گوێڕ نمایشکرا ئەوکات لە قۆناغی ناوەندی دەبێت، ساڵی ١٩٧٩ بەشداری لە شانۆگەری (گەشتێك بە ناوی سێ ڕۆژگاردا) کردووە کە لەشاری تکریت نمایشکرا لەسەر ئاستی عێراق یەکەم بەدەست دێنن و پاشان لە هەولێر نمایش دەکرێت، ساڵی ١٩٨٠ دەبێتە ئەندامی (تیپی هونەری میللی بۆ سینەما و شانۆ) (الفرقة قومية للسينما و المسرح)، ساڵی ١٩٨١ بەشداری لەشانۆگەری (محەمەد و سێوێ) کردووە پاشان بۆتەلەفزیۆنی کەرکوك تۆماریان کردووە، ساڵی ١٩٨٢ بەشداری هەبووە لە شانۆگەری (لاس و خەزاڵ) بەڵام بەهۆی هەڵاتوی لەسەربازی نەیتوانیوە بەردەوام بێت، هونەرمەند فاتح شەریف لە هونەر دادەبڕێ تا ساڵی ١٩٩٢، دواتر لە تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان بەرنامەیەك دادەمەزرێنن بە ناوی (وێستگەی تەلەفزیۆن) لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەند وەکو (عومەر مامەکوردە/ حەمە سوار/ باواجی کۆیی/ ئەیوب جەوهەر) کە چەندین کورتە تەمسیلی ئامادەکرد، لە بەرنامەی فۆلکلۆری (مێخۆش) لەگەڵ هونەرمەند

(مام ئەنوەر عەزیز) بەشداری کردووە، لە کۆتاییدا هونەرمەند فاتح شەریف دەڵێت : (هەمووم بۆ میللەتی خۆم کردووە و ئەم حەزە بەردەوامە)

بەرهەمەکانی: (گەشتێك بە ناوی سێ ڕۆژگاردا ١٩٧٩ لە ڕۆڵی بانگ هێشت لەدەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان) (هەبو نەبو ١٩٨٠ لەڕۆڵی کۆیلە لەدەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان لەبەغداو هەولێر نمایش کرا) (محەمەد و سێوی ١٩٨١/٤/٢٥ لە ڕۆڵی جوتیار و پیاو ماقوڵ لەدەرهێنانی سەعدون یونس) (وەلی دێوانە و شەم ١٩٨١/١١/١٨ لە ڕۆڵی عەوداڵ لە نووسینی شێرزاد عەبدولڕەحمان و دەرهێنانی هاشم زەینەل)،





---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٤/١٢/٤


## ئەنوەر عەزیز /ئەکتەر

ناوی تەواوی (ئەنوەر عەزیز ئەحمەد) ە، ساڵی ١٩٦٠ لەگەڕەکی تەعجیلی شاری هەولێر لەدایکبووە، عەشیرەتی (نانەکەلی) یە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٤ لە قوتابخانەی دواناوەندی (جمهوری) کوڕان بەشداری لە شانۆگەری (دار فرۆش) کردووە لە دەرهێنانی (سەباح عەبدولڕەحمان) کەسەربە چالاکی قوتابخانەکانی بووە، ساڵی ١٩٨٢ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە،



دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵە ساڵی ١٩٨٠، چەندین بەرنامەی ئامادە و پێشکەش کردووە لە تە لەفزیۆنەکان وەك (هەوارگەی جاران —تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ١٩٩٤ تا١٩٩٦) (هەگبەی کوردەواری —تەلەفزیۆنی کوردستان ١٩٩٩ تا ٢٠٠٣) (ڕەسەن —تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کوردستان ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٢) (گەنجینە —تەلەفزیۆنی هەرێم ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٣) (چاوێك لەسەر —تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ٢٠٠٨) (مێخۆش —تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان ٢٠٠٨ تا ٢٠١٠) (ڕەوسە —تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان ٢٠٠٩ تا ٢٠١٠) (هەوارگە — تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان ٢٠١١) ،

کارەهونەریەکانی: هەبو نەبو ١٩٧٩/محەمەد و سێوێ ١٩٨٢/ لاس و خەزاڵ ١٩٨٣/ قەڵای دم دم /١٩٨٤، گرێ ٢٠٠٠/ هتد



---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ساڵی ٢٠١١



## نەوزاد ڕەمەزان / ئەکتەر

ناوی تەواوی (نەوزاد ڕەمەزان عەلی) یە، لە ١٩٥٩/٩/٢٥ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، بەڕەچەڵەك خەڵکی گوندی (عەوێنە) ی سەربەشاری هەولێرە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە، ساڵی ١٩٧٤ دەستی بە هونەری نواندن کردووە، بە داخەوە دوای نەشتەرگەری دڵی بە سێ ڕۆژ لە ڕۆژی هەینی ٢٠١٤/٢/٢٨ لە هەولێر کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی کارگەی قیڕ بەخاك دەسپێردرێت

**بەرهەمەکانی :** (هونەر و ژیان) (پیلان ١٩٧٧ = ١٩٩٧) (قەل و ڕووتە) (حەمەدۆك) (شاری ئەوین) (بەزۆر کراوە بە دکتۆر ١٩٨٣) (خانزادێکی تر ١٩٨٤) (فایلی ٦٧ = ١٩٨٤) (خەج و سیامەند ١٩٨٥) (کۆلارە ١٩٨٦) (سێ کەللە پوچ ١٩٩٢) (کەوەکانی قەرەچوغ ١٩٩٣) (حوکمی قەرەقۆش ١٩٩٤) (کوردستانی برینـدار ١٩٩٥) (سێدارە ١٩٩٥) (بەرەو خۆر ١٩٩٧) (بیری ژمارە ٣)، لە ساڵی ١٩٩٢ لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لەگەڵ هونەرمەندان زاهیر عەبدوڵڵا و شێرزاد پۆلیس و ئەیام ئەکرەم بەرنامەی (زووم زووم) یان پێشکەش دەکرد



---

سەرچاوە — لەیەکێ لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان



## ئیبراهیم حەكیم / ئەكتەر


شانۆكار (ئیبراهیم حەكیم) ساڵی ١٩٥٢ لەشارۆچكەی سیدەكان لەدایكبووە، باوكی بەڕێوەبەری پۆستەی سیدەكان بووە، ساڵی ١٩٦٣ هاتونەتە ڕواندز لەبەر ئەوەی دایكی ڕواندزی بووە چەند ساڵێك ژیان لەوێ بەسەر دەبەن، باوكی بەرەچەڵەك ئاكرەییە، بەشداری كردووە لە یەكەم شانۆگەری لە ساڵی ١٩٧٥ لە ئۆردوگای زێوە لەگەڵ هونەرمەند محەمەد جەزا و چەند هونەرمەنێكی ترز

**بەرهەمەكانی:** (محەمەد و سێوێ ١٩٨١) (مرۆڤ و ئازارەكانی ١٩٨٣) (سورمەخان ١٩٨٣) (ئادابا ١٩٨٣) (قەلآی دم دم ١٩٨٤) (میوانی ناوەخت ١٩٨٤) (خەج و سیامەند ١٩٨٥) (٣ كەللە پوچ ١٩٩٢) (كەوەكانی قەرەچوغ ١٩٩٣) (بەرەو خۆر ) (ترس و ئەڤین ١٩٩٨)



---

سەرچاوە لەیەكێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان



## حەمە سەعید ئیبراهیم
## ئەکتەر و نووسەر و شاعیر


ناوی تەواوی (محەمەد سەعید ئیبراهیم) ە، ساڵی ١٩٥٢ لە بازاڕە بچکۆڵەی شاری سلێمانی لەدایکبووە، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، ساڵی ١٩٧٣ فەرمانبەر بووە لە ئۆرزدی سلێمانی، ساڵی ١٩٧٥ بەبێ هیچ هۆیەك هاتۆتە هەولێر و لێی نیشتەجێ بووە، ساڵی ١٩٧٦ دەستی بەکاری هونەری کردووە بە درامای (وێنەیەکی دزراو) لە نووسینی سوبحی کۆیی و دەرهێنانی عادل عەبدوڵلا ئەو درامایە بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکرا دواتر ڕاگیرا، لە ١٩٧٧/٧/١٠ هاوسەرگیری کردووە باوکی ٢ کوڕو ٢ کچە (بەسۆز ١٩٧٩/ ساز ١٩٨٢/ ئاریۆس ١٩٨٧/ ئاسۆس ١٩٩٤)، یەکەم بەشداربوونی وەك شانۆگەری هەبو نەبو) بووە لەساڵی ١٩٨٠ بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کرا (لە نووسینی قاسم محەمەد و دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان، وەکو شیعر نووسین شیعری بۆ چەندین گۆرانی بێژ داناوە (جەلال سەعید/ پەیوەند جاف/ ئەیوب عەلی/ حەمید عوسمان/ میران/ نوری گەرمیانی/ دلێر بەرزنجی/ خۆشەوی عەزیز/ هێمن حوسێن/ قاسم سولتان/ نیزام شوکر/ تەمەن سەید ئەحمەد/ ئالان عومەر/ دڵنیا قەرەداغی/ سوهام حەسەن/ لۆکە/ دەشنێ/ هانی/ شەهێن تاڵەبانی/ چۆپی/ کریستاڵ/ لەیلا فەریقی/ ناسلی/ ئەلیسا/ چنار/ تارا ڕەسول

کارە تەمسیلییەکانی: (هەبو نەبو ١٩٨٠/ محەمەد و سێوێ ١٩٨١/ قەڵای دم دم/ سورمەخان/ خەج و سیامەند/ ئادابا/ میوانی ناوەخت ١٩٨٦/ تاپۆ حەقی چییە/ مۆرانە/ مرۆڤ و ئازارەکانی/ خاتوو کلاوزەر/ لۆ تێم ناگەن/ ئەفسانەی چیای ئاگرین/ گەمەی شارو پاشای گەمە/ شانشینی نامۆیی/ سەلیم بەگ/ مەمی ئالان/ مۆڵەت/ نامە/ ئارەزوو/ جومعە/ چارەنووس/ لە گوڵێك کاڵتر/ نامەکانی ئەشرەف/ دوا بڕیاری یەعقوب/ فیلمی دانیشتوانی عەلیاوە)






ئەم ژیاننامەم لەگەڵ خۆی سازکردووە لە ماڵەکەی خۆی لە ٢٠١٨/٤/٢٠


 

## نەهرۆ سەلیم – ئەکتەر و گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (نەهرۆ سەلیم سەیدۆك) ە، ساڵی ١٩٦٠ لەگەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی مەولەوی تەواوکردووە، دەرچووی ئامادەیی بازرگانییە، ساڵی ١٩٩٤ ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوەو خاوەنی (٣) منداڵە (ڕەهەند/ ئیسرا/ شێرکۆ)، ساڵی ١٩٧٦ بۆ یەکەمجار بەشداری چالاکی هونەری لەقوتابخانە کردووە، ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ مامۆستا سەباح عەبدولڕەحمان لەشانۆگەری (گەشتێك بەناو سێ ڕۆژگاردا) بەشداری کردووە، لەڤیستیڤاڵی تکریت، لەهەریەك لەشانۆگەرییەکانی (هەبو نەبو/ محەمەد و سێوێ/ وەلی دێوانە) بەشدار بووە، دواتر لەساڵی ١٩٨٢ لەشاخ لەگەڵ هونەرمەند (لالۆ ڕەنجدەر) تیپی هونەری چەوساوەکانی دامەزراندووە، لە نەورۆزی ساڵی ١٩٨٣ ئاهەنگێکی گەورەیان لەبالیسان سازکردووە، ساڵی ١٩٩١ لەشار تیپی هونەری چەوساوەکان دووبارە دادەمەزرێننەوە و یەکەم کاریان شانۆگەری (پسوولەی گەڕانێکی خوێناوی) بووە، دواتر شانۆگەری (ڕەشەبا) لەنووسینی دکتۆر کامەران مەنتك و دەرهێنانی نەهرۆ سەلیم، ساڵی ١٩٩٢ بەرنامەی (ئاوێنەی منالاَن) بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی هەولێر ئامادەو پێشکەش کردووە و کەریم عوسمان دەرهێنانی بۆ کردووە، ساڵی ١٩٩٥ دوو سروودی تۆمارکردووە (هەلۆ/ مەرگی شارێك) لەئاوازی وریا ئەحمەد، ساڵی ١٩٩٨ وەك ئەکتەر لەگەڵ (شێرزاد پۆلیس) لە دوو دراما بەشداری کردووە، دواتر بەرنامەی (کامێرای ٩٩) لەگەڵ شێرزاد پۆلیس و ڕەوەز مەولود و چەندین هونەرمەندی تر پێشکەشیان کردووە لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی کۆیە، ساڵی ١٩٩٩ تا ٢٠١٢ بەرنامەی یادی نەمرانی پێشکەش کردووە هەر لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی کۆیە، بۆ شەوانی ڕەمەزان لەساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٥ بەرنامەی شەوچەرەی ئامادەکردووە، لەتەمموزی ساڵی ٢٠٠٠ وەك ئەکتەری سەرەکی بەشداری لەزنجیرە درامای ژوری

ژماره ١٣ کردووه، لەهەمان ساڵدا وەك یاریدەدەری دەرهێنەر لە تەمسیلی (کەس بەکەس نییە چاوەکەم) بەشداری کردووە، لەگەڵ هونەرمەندانی شاری کۆیە بەشداری چەندین کاری هونەری کردووە وەك درامای (ملیۆنێر) (چارەنووس) کورتە فیلمی (سات)، زنجیرە درامای (کەوشەکەی ئەحەی) بۆ تیپی شانۆی کۆیە ئامادەکردووە، ساڵی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٤ بەشداری لەڤیستیڤاڵی تایەر تۆفیق کردووە بەمەقام و شیعر، هەروەها کلیپێکی شیعریشی بۆ یادی تایەر تۆفیق تۆمارکردووە بەیارمەتی مۆسیقای ڕێبین جەمال بۆ تەلەفزیۆنی کۆیە و هەولێر، سێ ساڵ لەڤیستیڤاڵی سەید برایم بەنووسینی چیرۆك بەشداری کردووە، زیاتر لە (٢٠) کلیپی گۆرانی منداڵانی بەرهەم هێناوە بۆ تەلەفزیۆنی کۆیە، ئامادەکارو دەرهێنەری بەرنامەکانی (خونچەکان/ سینەمای منداڵان/ دەرون یاری) بووە لەتەلەفزیۆنی کۆیە، ساڵی ٢٠١٢ ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەی پێشمەرگە بووە لە تەلەفزیۆنی کۆیە، ساڵی ٢٠٠٤ مەقامێك بۆ شەهیدانی یەکی شوبات لە تیپی باواجی کۆیە تۆمارکردووە، زیاتر لە (١٠) مەنەلۆجی تۆمارکردووە لەگەڵ تیپی باواجی، چەندین نووسینی هەیە لە ڕۆژنامەکان، ئەندامی بنکەی ڕوناك بیرییە، ساڵی ٢٠١٢ خانەنشینی پێشمەرگە کراوە،

**بەرهەمە شانۆییەکانی:** (ئازاری عاشقێك) (گەشتێك بەناو سێ ڕۆژگاردا) (هەبو نەبو) (محەمەد و سێوێ) (وەلی دێوانە) (پسوولەی گەڕانێکی خوێناوی) (ڕەشەبا) (ژووری ژمارە ١٣) (کەس بەکەس نییە چاوەکەم) (چارەنووس) (گێلەپیاو) (کێوێك دەڕووخێ کەندێ پڕ دەبێتەوە) (هەڵسانەوە) (تەڵەزگەی ژیان) (شەوچەرە) (ئەحەی کرنۆ) (سەرکەوتن) (نوێژی فریشتە)، **فیلمەکانی:** (دیکۆمێنتی حاجی قادر) (کورتە فلمی سات)،



ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٨/٢٨



## ئەکرەم مەولود – ئەکتەر

ناوی تەواوی (ئەکرەم مەولود ڕۆستەم) ە، لە ١٩٥٦/٦/٢٤ لەگەڕەکی بایز ئاغای نزیك قولە نێتی سیسەی شاری کۆیە لەدایکبووە، قولە نێتی سیسە کانیەك بووە خەڵکی کۆیە بۆ پێداویستیەکانیان سودیان لێبینیوە، لە ١٩٧٠/١١/١١ (١٦) ی ڕەمەزان ماڵیان دێتە هەولێرو لە گەڕەکی سەیداوە نیشتەجێدەبن، قۆناغەکانی خوێندنی تا پۆلی یەکی ناوەندی لەکۆیەو ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواودەکات، دەرچووی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانە لەساڵی ١٩٧٨ – ١٩٧٩، دەرچووی کۆلیژی زمانی عەرەبی ساڵی ١٩٩٦، لە ١٩٨١/١١/١٠ هاوسەرگیری کردووەو (٥) کوڕو (١) کچ هەیە، لە ١٩٧٧/٢/٧ دەستی بەکاری هونەری کردووە بە تەمسیلی (هونەرو ژیان) لە نووسینی مەهدی ئومێد و دەرهێنانی زوهێر عەبدولمەسیح کە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمارکرا، لەهەمان ساڵ بەشداری شانۆگەری (پیلان) کردووە لە نووسین و دەرهێنانی تەڵعەت سامان)، چوار ساڵ لە چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر کاری هونەری منداڵانی کردووە بە (٨) شانۆگەری، وەکو (بەسبێ گرین) لە ڤیستیڤاڵی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان پلەی دووەمی بەدەستهێنا، ساڵی ١٩٩٧ تا ١٩٩٩ لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی یەکگرتوو ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی (پیرە هەولێر) بووە، (١٠٥) ئەڵقە بۆ تەلەفزیۆن و (٥٥) ئەلقە بۆ ڕادیۆ پێشکەش کردووە، ساڵی ١٩٩٧ هەر لە ڕادیۆی یەکگرتوو ئامادەکار و پێشکەش کاری بەرنامەی (هونەر) بووە، ساڵی ١٩٩٧ چەندین بابەتی لەبوارەکانی هونەر و فۆلکلۆر و جوگرافیا و میژوو بۆ ڕۆژنامەی (خەبات) ٦ ئەڵقەی نووسیوە


وەکو (الصراع في مسرحيات محي الدين زنكنة)، بەشداری لە دەیان دراما کردووە لــە نووســین و دەرهێنانی (ئوسامە جەمیل) لە نەوەدەکان تا ساڵی ٢٠٠٧.

**بەرهەمەکانی:** (هونەرو ژیــان ١٩٧٧) (پــیلان ١٩٧٧) (بــەزۆر کــراوە بــەدکتۆر ١٩٨٣) (خانزادێکی تر - فایلی ٦٧- ١٩٨٤) (گۆرانی ماڵئــاوایی — نەخۆشــی ددان ١٩٨٤) (ســزا) (هەڵگەڕانەوە ١٩٩٧) (وێران ١٩٩٨) (کۆچ ١- ٢٠٠٠) ،



---

ئەم ژیاننامەم لەگەڵ خۆی سازکردووە لە ٢٠١٨/٦/٢٦



## بەكر ڕەشید /ئەكتەر و دەرهێنەر


هونەرمەند (بەكر ڕەشید) شانۆكار و دەرهێنەر لەساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەكی سابونكەرانی شاری سلێمانی لەدایكبووە، قۆناغەكانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوكردووە و پاشان چۆتە ئەكادیمیای هونەرەجوانەكان لە بەغدا بەڵام لەبەر ئەوەی كە نەبووە بە بەعس وەرنەگیراوە، لە كۆتایی حەفتاكانەوە وەك ئەكتەر كاری بۆ شانۆ كردووە، ساڵی ١٩٨٣ وەك دەرهێنەر كاری كردووە، لەبواری دراما و فیلم وەك ئەكتەر و دەرهێنەر كاری كردووە، خاوەنی چەندین خەڵاتە لەم بوارەدا، ساڵانێكە لە وڵاتی ئەڵمانیا شاری بەرلین دەژی،

كارەكتەری: (ژاڵە – ڕۆڵی شوانە) (گەردەلول – ڕۆڵی شێركۆی محامی) (فیلمی چارەنووس)

**دەرهێنان** (فیلمی گەوهەر) (وەسیەت نامە) (ژیلەمۆ) (تارمایی تاوان)



لەسەر داوای خۆم ئەم ژیاننامەی لە (بەرلین) ی ئەڵمانیا بۆ ناردووم بە مێسنجەر لە ٢٠١٨/٤/٣




## جەوهەر باپیر / ئەکتەر

ناوی تەواوی (جەوهەر باپیر حەمەدەمین) ە، ساڵی ١٩٥٢ لە کەرکوك لەدایکبووە، بەڕەچەڵەك خەڵکی گوندی (دێگەڵە) ی شاری هەولێرە، بەڵام بەهۆی کاسبی باوکی لەساڵی ١٩٥١ چونەتە کەرکوك و بەمانگانەی ٨ دینار بۆتە شوفێر، ساڵی ١٩٦٢ دەگەڕێنەوە هەولێر و ساڵی ١٩٦٥ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (یەکەمی نموونەیی) لە هەولێر تەواودەکات و ٢ ساڵیش لە ناوەندی سەیداوە خوێندویەتی، بەڵام بەهۆی هەژاری ساڵی ١٩٧٠ دەستی لەخوێندن هەڵگرت و بۆتە فیتەر، دوو ژنی هەبووە لەهەردووکیان تەنها ٣ کچی هەیە، لەژنی یەکەم کچێك و لە دووەم دوو کچ (نادیە – میدیا – مەهاباد)، ساڵی ١٩٧٨ لەڕێگەی هونەرمەند شێرزاد پۆلیس و دەرهێنەر تەڵعەت سامان دەناسێ و دەست بەکاری تەمسیل دەکات، لەهەمان ساڵ بەشداری یەکەم کاری هونەری لەشانۆگەری (قەل و ڕووتە) دەکات لە دەرهێنانی تەڵعەت سامان، لەماوەی کارکردنی هونەریدا بەشداری لە (١٧) شانۆ و (٩) بەرهەمی تەلەفزیۆنی کردووە، بەداخەوە کاتێك بۆ بەرگری کردن لە شاری هەولێر وەك پێشمەرگەیەك تا دوا فیشەك بەرگری کردن لە ١٩٩١/٣/٣١ شەهید دەبێت و لەوکاتەدا لەگۆڕستانی سەید مەعروف بەخاك دەسپێردرێ دوای گەڕانەوی باوکی بۆ هەولێر تەرمەکەی دەگوازنەوە بۆ گۆڕستانی شێخ ئەحمەد و بەخاکی دەسپێرنەوە،

**بەرهەمەکانی:** بە زۆر کراوە بە دکتۆر **١٩٨٣**/ مرۆڤ و ئازارەکانی **١٩٨٣**/ ئادابـا **١٩٨٣**/ گێچەڵەکانی حەمە وەی وەی/ کانی مەلەك ڕێزان/ پرسیار/ بـوکی بـەفر/ ڕاشـامون/ ئاسـکە/ قەڵای دم دم **١٩٨٤**/ میوانی ناوەخت **١٩٨٤**/ تاپۆ حەقی چییە **١٩٨٤**/ خزمەتکارێکی گـوێ ڕایەڵ **١٩٨٥**/ گوڵی نهێنی **١٩٨٦**/ حەمەدۆك **١٩٨٨**/ لۆ تێمناگەن **١٩٨٨**،





---

سەرچاوە – ڕۆژنامەی (هەولێر) ٢٠١٥



**شاهین نەجمەدین – ئەکتەر**

ناوی تەواوی (شاهین نەجمەدین قادر) ە، ساڵی ١٩٦٣ لەگەڕەکی تەعجیلی شاری هەولێر لەدایکبووە، لە ١٩٩٢/٩/١٨ هاوسەرگیری کردووە، دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی ١٩٨٥-١٩٨٦ بەشی شانۆ، ساڵی ١٩٧٨ بۆ یەکەمجار لەسەر دەستی هونەرمەندان (سەباح عەبدولڕەحمان/یاسین مستەفا) هاتە سەرتەختی شانۆ لە شانۆگەری (پەیامێکی نەمر) لە دەرهێنانی (سەباح عەبدولڕەحمان)، لەماوەی (٥) ساڵی خوێندنیدا بەشداری چەندین شانۆگەری کردووە لەپەیمانگا، هەروەها لەهەولێریش بەردەوام بووە لە شانۆ و تەلەفزیۆن، ساڵی ١٩٨٣ بە زمانی کوردی و عەرەبی وتار و بابەتی ئەدەبی و هونەری لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان بڵاودەکردەوە، لە زۆربەی کارە شانۆیی و دراماکانی هەولێر وەك نواندن و یاریدەدەری دەرهێنەر کاری کردووە، بۆ ماوەی (٨) ساڵ مامۆستای پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر بووە، ساڵی ١٩٩٤ بەشداری لەخولی وێنەگرتن کردووە لەلایەن وێنەگری فەڕەنسی (فیلیپ ماپیۆ)، ساڵی ١٩٩٨ بەشداری لەخولی تیڤی لۆکاڵی کردووە لەلایەن ڕێکخراوی میسری، ساڵی ٢٠٠٤ بەشداری کردووە لەخولی چۆنیەتی ئامادەکردنی بەرنامەی منداڵان لەلایەن ڕێکخراوی ئەڵمانی-فەڕەنسی)، ساڵی ٢٠٠٥ بۆماوەی (٦) مانگ لە (ئوردەن) بەشداری خولی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی چالاکی قوتابخانەکان و فێربوونی دروستکردنی فیلمی ئەنیمەیشن بە کوردی کرد، بەڵام بەداخەوە دوای گەڕانەوەی کەس گرنگی پێنەداوە، ساڵی ٢٠٠٩ بەشداری کردووە لەخولی دەرهێنان لە لوبنان، ساڵی ٢٠١٣ بەشداری کردووە لەخولی کامێرای (فایف دی) لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان/هەولێر، دواتر دەبێتە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان،

**كاری نواندنی:** (١٩٨١ محەمەد و سێوێ) (١٩٨٢ وەلی دێوان) (١٩٨٣ مەڕانە/مرۆڤ و ئازارەكانی/خانەدان/لەڕێگای گشتیدا/ تەنەكە دەنگ هەڵگر) (١٩٨٤ سورمەخان/مۆرانە/قەلآی دم دم/لەپرسەی سیراجەدیندا/ ذئاب الليل) (١٩٨٥ هێرۆشیما/حەمەدۆك) (١٩٨٦ كانی مەلەك ڕێزان) (١٩٨٧ ڕاوچی/تەنەكە/كەمانچەی ڕۆچێڵد/كونەبا/پەیامێكی نەمر) (١٩٨٨ میوەخۆشەكە/ كەونە دەركە/ هەڵتروشكان) (١٩٨٩ خاتو كلاۆزەر) (١٩٩٦ بێسەرپەرشتان) (١٩٩٩ دەسپیسەكان) (٢٠٠٠ مەم و زین) (٢٠١٠ ڕۆژگارە تەریبەكان/گەمەی خەونە ئازادەكان) (٢٠١٣ گەردەلول ٤) (٢٠١٤ خەجە گەڕۆك)،



لەسەر داواكاری خۆم ئەم ژیاننامەی لەڕێگەی ماسنجەرەوە بۆمی ڕەوانە كردووە لە ٢٠١٨/٥/٢٨



## شلێر کۆیی – ئەکتەر

ناوی تـەواوی (شـلێر ئەحمـەد عەبـدوڵڵا) یـە، سـاڵی ١٩٦٥ لە شاری کۆیە لـەدایکبووە، خوێنـدنی سـەرتایی و ناوەندی لـە هـەولێر تـەواوکردووە، سـاڵی ١٩٧٨ دەسـتی بەکاری هونەری کردووە لە ڕێی هونەرمەند (سوبحی کـۆیی) برای، یەکەم بەرهـەمی لەسـاڵی ١٩٧٨ بـوو لەشـانۆگەری (هەورو ساماڵ) لە دەرهێنانی (سـەباح عەبـدولڕەحمان) و بـە بەشـداری هونەرمەنـدان (سـابیر عەبدولڕەحمان، سوبحی کۆیی/جەلال بەیار/ئەحمەد جەمیل) و چەند ئەکتەرێکی تر، ساڵی ١٩٧٩ بەشداری شانۆگەری (هەبو نەبو) کردووە، لە ناوەڕاستی هەشتاکان هاوسەرگیری کردووە لەگـەڵ هونەرمەند (حەمە عەلی خان)، ئەم دوو هونەرمەندە لە هەولێر هاوسەرگیریان کـردو هـەر لـە هەولێر نیشتەجێبوون دواتر لەساڵی ١٩٩٦ دەچنە سلێمانی و لێی نیشتەجێدەبن،

**کارەکـانی:** (هـەورو سـاماڵ) (هەبونـەبو) (لاس و خـەزاڵ) (ئیمپراتـۆر جـۆنز) (مـوۆڤ و ئازارەکـانی) (سـورمەخان) (ئادابـا) (خـەج و سـیامەند) (کـەوەکانی قەرەچـوغ) (سـێدارە) (حەسەنەفەندی) (نامە) (شاری ئەوین) (وەسیەت) (گەردەلول ٣) (هاوارێـك لـەحاجی قـادری کۆییەوە) (هاوار) (حەسرەت) (گەمەی پڕلەگوناە) (هەتاو) (گەمەی باڵندەکان)،



لە ڕاستەوە: شلێر کۆیی، سابیر عەبدولڕەحمان و رووپاک عەبدولقادر– ١٩٨١ لە درامای لاس و خەزال

---

سەرچاوە — لەیەکێ لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان



**کامەران حاجی ئەلیاس – شانۆکار**

هونەرمەند (کامەران حاجی ئەلیاس) ساڵی ١٩٦٥ لە ڕواندز لە دایکبـووە، سـاڵی ١٩٩٣ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا بەشی شانۆ تەواوکردووە، ساڵی ٢٠٠٧ کۆلێژی هونەری لـە موسڵ تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٨ دەستی بەکاری هونەری کـردووە لەسـەر دەسـتی مامۆسـتا (زرار محەمەد مستەفا) وەکو ئەکتـەر لـە ئۆپـەرێتی (خـۆڕاگرتی تـا سـەرکەوتن) لـە هـۆڵی قوتابخانەی پاشای گەورە لە ڕواندز نمایشکرا، سەرپەرشتی چەندین تیژی قوتابیانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێری کردووە، کارەکانی لە (ڕواندز/ سۆران/ چۆمان/ هـەولێر/ دهۆك/ بەغدا/ دەرەوەی وڵات) نمایش کراوە، ساڵی ١٩٨٣ بووەتە ئەنـدامی کۆمـەڵی هونـەرو وێژەی کوردی لقی ڕواندز، ئەندامی دەستەی دامەزراندنی تیپی هونەری ڕواندز بووە، ئەندامی دەستەی دامەزراندنی تیپی شانۆڤان بووە، ئەندامی دەستەی دامەزراندنی تیپی گەنج بۆ شـانۆ بووە، ئەندامی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی (ڕواندز/ هەولێر) بووە، ئەندامی تیپی هونەری هەولێر بووە، بابەتی لە بواری دراما و شانۆ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەنووسێ، ساڵی ١٩٨٣ تا ١٩٨٨ وەکو پێشمەرگەی شار لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتان خـەباتی کردووە، بەشداری چەندین ڤیستیڤاڵی شانۆی کردووە وەك (ڤیستیڤاڵی لاوان لە دهـۆك ١٩٨٨) (ڤیستیڤاڵی شانۆ لە هـەولێر ١٩٨٧) (ڤیسـتیڤاڵی حـەقی شـبلی نۆیـەم لـە بەغـدا ١٩٩٢) (ڤیسـتیڤاڵی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری هونـەری شـانۆ ١٩٩٨ – ٢٠٠١) بەشـداری سـەرجەم ڤیسـتیڤاڵەکانی پەیمانگـەی هونەرەجوانـەکانی بەغـدای کـردووە ١٩٨٨ – ١٩٩٣، چـەندین خەڵاتی ڕێزلێنانی وەرگرتووە، مامۆستای بەشی شانۆی پەیمانگـەی هونەرەجوانـەکانی هـەولێر

بووە، بڕیاردەری بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر بووە، سەرۆکی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر بووە، بەرپرسی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر بووە، سکرتێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر بووە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (هونەری نوێ) بووە، دەرهێنەری سەرجەم بەرنامەکانی (ڕاستەوخۆ و تۆمار) لە بەشی منداڵان بووە لە تیڤی زاگرۆس، دەرهێنەری بەشی دۆبلاژ بووە لە تیڤی زاگرۆس، سەرپەرشتیاری پەروەردەی هونەرییە لە هەولێر،

**بەرهەمەکانی:** (خۆڕاگرتن تا سەرکەوتن) (هاوارێك لە فەلەستین) (کەزۆر هات قەواڵە بەتاڵە) (نهێنی پیشە) (بانێکە و دوو هەوا) (شاری ئەوین) (نەفرەت لێکراو) (مەرگی بەختەوەری) (ئۆدیب پاشا) (زەمبیل فرۆش) (ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ) (تابلۆ) (یارییەکی شکسپیری) (ژەنەڕاڵ) (پانۆڕامای شارەکەم) (لە دایك بوون) (خەندەی گورگ/ خۆر/ ژوان/ فێر بوون/ ئۆتۆلیۆ دەگەڕێتەوە/ کورسی دانپیانان/ مقام ئیبراهیم و سەفیە/ هێما سەرەتاکانی دۆزەخ) (هەموو عەترەکانی عەرەبستان) (مێوە خۆشەکە) (هێڵە سپییەکان) (هەنسکی مێژوو) (فرمێسکی بێخاڵ) (هەڵەبجە قامەتێکی خۆڵەمێش) (گۆرانی چایکا) (ولاتێ لەئاگر) (غەوارە) (ژوانی کەمانجە) (فریشتەیەك لە ئاسمان) (ڕۆحی ئەنفال –( ٢٠١٧/٥/٢٠)/خطوة خارج مكان/ الضلمة،




---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٤/١٦



## خالید بەرزنجی – ئەکتەر

ناوی تەواوی (خالید محەمەد ئەمین) ە، ساڵی ١٩٦٣ هەولێر لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواوکردووە، دەرچووی ئامادەیی پەرستیاری ساڵی ١٩٨٤، ساڵی ١٩٧٩ دەستی بەکاری هونەری کردووە، ساڵی ١٩٨٧ وەکو یەکەم بەرهەم بەشداری (تەرمی سەر شۆستەکان) کردووە لەگەڵ کۆمەڵ و هونەرو وێژەی کوردی لە نووسینی سەعدوڵلا یونس و دەرهێنانی فەرهاد شەریف، ساڵی ١٩٨٦ بووەتە ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی عێراق، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە، ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵ و هونەرو وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی هەولێر، ساڵی ٢٠١٠ بووەتە فەرمانبەر لە ڕاگەیاندنی گشتی بەڕێوەبەرایەتی ستۆدیۆ،

بەرهەمەکانی: (١٩٨٠ ئەو کەسانەی نامرن) (١٩٨٣ لاس و خەزاڵ/ جەنابی جانەوەر/ مەڕانە/ سورمەخان/ ئادابا/ مرۆڤ و ئازارەکانی/ خانەدان) (١٩٨٤ قەڵای دم دم) (١٩٨٥ گەڕەکەکەمان) (١٩٨٧ قاسپەی کەو - خاتوو کلاۆزەر) (١٩٨٨ تەرمی سەرشۆستەکان) ( بیری ژمارە ٣/ڕەحمەتی/ یۆلیۆس قەیسەر/ سەلیم بەگ/ تەلاری مەزن/ گریَ/ پیلان/ کورسی/ هەڵگەڕانەوە/ بێسەرپەرشتان/ کەونە دەرکە/ ونبوەکان ٢٠١٧) بۆ سینەماش (بەرەبەیانی/ کیلۆ مەتر سفر/ هەنیسکی ئاسمان)





---

ئەو ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٥/٦




## سامی عەبدوڵڵا – ئەکتەر

ناوی تەواوی (سامی عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان) ە، ساڵی ١٩٥٩ لە گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر لەدایکبووە، سەرەتایی لە قوتابخانەی سۆران و هەژار و ناوەندی لە قوتابخانەی سێتاقان تەواوکردووە، دەرچووی ئامادەیی بازرگانییە ١٩٧٩ – ١٩٨٠، لە ١٩٨٢/٤/٣٠ هاوسەرگیری کردووە و کوڕێکیان بووە بەناوی (هێرش)، لە ١٩٨٢/٥/١٥ لە جەنگی (عێراق – ئێران) بەدیل دەگیرێت، بەهۆی ئەو بەدیل گیرانەی خێزانەکەی لێی جیادەبێتەوە، لە ١٩٩٠/٨/١٨ لەدیلی ئازاد دەبێت، لە ١٩٩١/١١/١١ دووبارە هاوسەرگیری دەکاتەوەو (٧) منداڵیان دەبێت (٢) کوڕ و (٥) کچ، قوتابی ئامادەیی بووە لەبۆنەکان گۆرانی گوتووە، هەر لەو قۆناغەدا بووە مامۆستا (سەباح عەبدولڕەحمان) بەمەبەستی هەڵسەنگاندن لەسەر قوتابیان هونەرمەند سامی دەست نیشان دەکات، بۆ جاری یەکەم لەساڵی ١٩٧٩ بەشداری لەشانۆگەری (گەشتێك بەناو سێ ڕۆژگاردا) دەکات، دواتر بەشداری لە شانۆگەری (هەبو نەبو) دەکات لەساڵی ١٩٧٩، ساڵی ١٩٨٠ بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆماری دەکەن، دوای ئەوە بڕیار وابووە بەشداری لە شانۆگەری (محەمەد و سێوێ) بکات بەڵام بەداخەوە لەبەر بەدیل گیرانی لە سەربازی نەیتوانی بەردەوام بێت،



---

ئەم ژیاننامەم لەگەڵ خۆی سازکرد هەر لەلای خۆم لە ٢٠١٨/١٠/٧




## سەمیرە عەبدۆك / ئەکتەر

ناوی تەواوی (سەمیرە عەبدۆك عەساف) ە، ساڵی ١٩٥٤ لـە شـاری بەغـدا لـەدایکبووە، دەرچووی سەرەتاییە، سـاڵی ١٩٧٩ دەسـتی بـەکاری نوانـدن کـردووە، سـاڵی ١٩٦٩ لەگـەڵ هونەرمەند (سەعدون یونس) هاوسەرگیری کـردووە، لـە ٢٠٠٧/٤/٦ لـە وڵاتـی ئـەڵمانیا بـە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات، دواتر تەرمەکەی دەهێننەوە بۆ کوردسـتان لـە هـەولێر بـەخاك دەسپێردرێت،


**کارەکانی:** (هەبو نەبو ١٩٨٠) (محەمەد و سێوێ ١٩٨١) (قەڵای دم دم ١٩٨٤) (زولێخا) (سورمە خان ١٩٨٣) (کەونە دەرکە ١٩٨٥) (ئاسکە ١٩٨٥) (مەڕانە) (گوڵاڵە) (خاتوو کڵاو زەر) (قاسپەی کەو) (کۆلارە) (مەرزیە و کاکەمین) (شا هەر شایە) (ڕاوچی) (خانەدان) (ماڵەی سەر گردەکە) (گەڕەکەکەمان) (میوانی ناوەخت ١٩٨٤) (شەوتا) (چیرۆکی بازنەی ترس)






---

سەرچاوە — لە یەکێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان



## سیروان عوسمان – ئەکتەر

هونەرمەند (سیروان عوسمان) ساڵی ١٩٦٠ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە مەولەوی و ناوەندی لە جمهوری تەواوکردووە، دەرچووی پەیمانگای پیشەسازی بەشی کارەبایە، ساڵی ١٩٨٥ هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ هونەرمەند (سەوسەن) کچی هونەرمەند (سەعدون یونس) باوکی ٢ کوڕ (سیڤەر و سانا) ٢ کچ (سایە و سارا) یە، ، ساڵی ١٩٧٩ بۆ یەکەمجار بەشداری لە شانۆگەری (مام سمایل) کردووە، دواتر بەشداری کردووە لە چەندین شانۆگەری و دراما (خۆتان بگرن هات ١٩٧٩) (هەبو نەبو ١٩٨٠) (محەمەد و سێوێ ١٩٨١) (ئاسکە) (لاس و خەزاڵ ١٩٨٣) (کەونە دەرکە) (کۆلارە) (نالی) (زولێخا) (گەڕەکەکەمان) (قەلای دم دم – ١٩٨٤) (گوڵی نهێنی ١٩٨٦)، وەهەروەها بەشداری لەو زنجیرە درامایانە کردووە (کش و مات) (براوەو دۆڕاوەکان) ساڵی ١٩٩٥ نەیتوانیوە ببێتە شایەد و تەماشاکەری براکوژی و دەچێتە دەرەوەی وڵات لە ئەڵمانیا نیشتەجێ دەبێت، بەڵام نەیتوانیوە لە دۆست و برادەرانی دابڕێ ماوە ماوە سەردانی کوردستان دەکات




---

لەسەر داواکاری خۆم ئەم ژیاننامەی لەڕێگەی ماسنجەرەوە لە ئەڵمانیا بۆمی ڕەوانە کردووە لە ٢٠١٨/٢/٢٤



## ئاواز مەحمود / ئەكتەر

هونەرمەند (ئاواز مەحمود) ساڵی ١٩٦٣ لە هەولێر لەدایكبووە، مامۆستای سەرەتاییە، ئەو هونەرمەندە ساڵی ١٩٨٠ بە ڕۆڵی ناسكە بەشداری تەمسیلی (هەبو نەبو) كردووە، كە مامۆستا سەباح عەبدولڕەحمان دەرهێنانی بۆ كرد، ئەمە یەكەم و دواهەمین كاری تەلەفزیۆنی ئەو بووە، هۆی دور كەوتنەوەی ئەم هونەرمەندە لە هونەر كە خۆی دەڵێت تەعلیقی خەڵك و شارەكەی بوو بەجۆرێك بێزاریان كردبوو، ناسكە خان ئێستا دایكی ٦ مندالە، ئەو هونەرمەندە یەكەمین شانۆكاری ئافرەت بوو لە كوردستان لەبەردەم كامێرا دەستی پیاوێكی شانۆكاری هاو پیشەی خۆی بگرێت، كە ڕەجەب بوو، پێی وایە بەشێكی زۆری قسەو قسەلۆكی خەڵك بۆ ئەوە بوو كەچۆن دەبێ ئافرەتێكی غەریبە دەستی پیاوێك بگرێت، كاتێك دەرهێنەر داوای لێكرد دەستی ڕەجەب بگرێت، بەلایەوە قورس بوو، بەڵام هونەرمەند جەودەتی برای پێی دەڵێ ئاساییە دەستی بگرە ئەوە تەمسیلە، لە كاتێكدا ئەوەشی دەزانی بۆ ڕۆژگار و سەردەمێكی وەكو ئەو كات دەبێتە بوێری، بەڵام دیسان ناسكەی بوێر ئامادە نییە بگەڕێتەوە بۆ شانۆ، كارە هونەرییەكانی خۆی وەك یادگارییەكی شیرین لە ژیانی خۆی دەهێڵێتەوە، دەشڵێ نێوان من و شانۆ تەواو بووە،



سەرچاوە ڕۆژنامەی (هەولێر)



## ئەحمەد ڕەئوف / ئەکتەر

هونەرمەند (ئەحمەد ڕەئوف) ساڵی ١٩٦٥ لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٢ چووەتە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی و بەشی شانۆ و دەرهێنانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨١ دەستی بە کاری هونەری کردوە ئەوکات ئەندامی تیپی نواندنی سلێمانی بووە، ساڵی ١٩٨٣ یەکەم بەرهەمی شانۆگەری (ماڵئاوا ئەی شاعیران) بووە لە نوسینی (جەلیل قەیسی) و دەرهێنانی (بەکر ڕەشید)، ساڵی ١٩٨٥ بە هۆی کاری سیاسیەوە دەستگیر کراوە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە چوار ساڵ زیندانی کراوە، ساڵی ١٩٨٩ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە لەگەڵ هونەرمەند (ڕێزان فەرەج)، دوای ڕاپەڕین لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەشداری بەرنامەی هەمەڕەنگی کردووە بۆماوەی (٥) ساڵ، پاشان لەبەرنامەی (بەرنامەی بەرنامە) کاری کردووە لەکەناڵی خاك و کوردسات بۆماوەی (٣) ساڵ، لەساڵی ٢٠١٤ وە سەرقاڵی بەرنامەی (بەزمی بەزم) ە لەکەناڵی کوردماکس،

**کارەهونەریەکانی:** (ماڵئاوا ئەی شاعیران-١٩٨٣) (مانگی ئاوا بوو-١٩٨٤) (پۆنتیلاو ماتی- ١٩٨٥) (ڕۆمیۆ و جولیت-١٩٩١) (زیندان-١٩٩١) (ئەو پیاوەی بوو بە سەگ-١٩٩١) (فایلی بەرتیل خۆرەکان-٢٠٠١) (بەرەو کەلاوە-٢٠٠١) (مەملەکەتی عیللەت) (دارستان و یاساکەی)









سەرچاوە ڕۆژنامەی (هەولێر)



## ئەیام ئەکرەم / ئەکتەر


ناوی تەواوی (ئەیام ئەکرەم مەعروف) ە، سالّی ١٩٦٤ لە گەرەکی خانەقای شاری هەولێر لەدایکبووە، دەرچوی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی موسڵە، سالّی ١٩٨٢ دەستی بەکاری نواندن کردووە، لەگەڵ زۆربەی ئەکتەرە عەرەبەکانی عێراقی کاری هونەری کردووە وەك (ئەمەل تەها/ خەلیل روفاعی/ هەنا محەمەد/ مەحموود ئەبو لعەباس)، لە دوای دەرچوونی لەپەیمانگا بۆجاری یەکەم کاری دەرهێنانی کردووە و شانۆگەری (دەستوورو دەر هاویشتن) ی ئەنجام داوە لە نووسینی — برێخت لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەندی شاری هەولێر نمایش کرا، وەك کاری نواندنیش کۆمەڵێك کاری هونەری کردووە وەك (بەرنامەی زووم زووم لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان/ شانۆگەری حوکمی قەرەقۆش)،

**شانۆگەرییەکانی** (کەوەکانی قەرەچوغ) (فێڵەکانی جەمۆ) (پەپوو) (گۆڕەپانی دیموکراسی) (پیلان) (ئۆتێللۆ دەگەڕێتەوە) (هەڵگەڕانەوە) (قرچۆك) ،

**دراماو زنجیرە دراماکان** (تۆ بلّێی وابێ) (بێ سەرپەرشتان) (مەمی ئالان) (گرێ) ،

**فیلمەکان** (پەڕینەوە لەغوبار) (کیلۆ مەتر زیرۆ) (لەزگە) (فەرتەنە) (شەوی زاوا) (من شازم) (لەمیس) (شەمۆ و شەددە)،





سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## حەمید سابیر / ئەکتەر

ناوی تەواوی (حەمید سابیر ڕەحمان) ە، ساڵی ١٩٦٣ لەگوندی شێخانانی شاری هەولێر لەدایکبووە، دەرچووی ناوەندییە، ساڵی ١٩٨٢ دەستی بەکاری تەمسیل کردووە، سالی ١٩٨٤ ئەندامی تیپی شانۆی نەقابەی کرێکارانی هەولێر بووە، ئەوکاتە چەندین شانۆگەرییان نمایش کردووە وەك شانۆگەری (خەڵکی گوندەکەمان)، ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر بەشداری کردووە لە درامای (تاپۆ حەقی چیە) لە ڕۆڵی (سەعید)، هونەرمەند حەمید سابیر دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەگەڵ دامەزراندنی تەلەفزیۆنی (گەلی کوردستان) کەناڵی هەولێر لە ٩-١١-١٩٩٢ دەست بەکار بووە لەبەشی تەنسیق،

**بەرهەمەکانی:** (خزم و ناسیار ١٩٨٢) (تاپۆ حەقی چییە ١٩٨٤) (سمایل و مامز ١٩٨٤) (قەلای دم دم ١٩٨٤) (میرات ١٩٨٤) (هەڵەی دکتۆر ١٩٨٤) (گوندەکەم جێناهێڵم ١٩٨٥) (خوالێخۆشبوو ١٩٨٥) (مەملەکەتی ئەفیون ١٩٩٢) (نامە) (فیلمی سکرینی بێوا ١٩٩٦)




ئەم ژیاننامەم لە خۆی وەرگرتووە لەساڵی ٢٠٠٨ لە بارەگای تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان هەولێر



## ڕووپاك عەبدولقادر / ئەكتەر

ناوی تەواوی (ڕووپاك عەبدولقادرحەمەد) ە، ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەكی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایكبووە، لەبنەچەدا خەڵكی ڕواندزە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی ئەلیكترۆنی لە ساڵی ١٩٨٠، ساڵی ١٩٨٠ لە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری بووە لەبەشی مۆنتاژ، دواتر بووەتە بەرپرسی بەشی زنجیرەی كتێبی منداڵان، ساڵی ٢٠١٧ خانەنشین بووە، ساڵی ١٩٨٢ دەستی بەكاری هونەری كردووە، یەكەم كاری شانۆگەری (لاس و خەزاڵ) بوو لە ڕۆڵی دایكی خەزاڵ، (لاس و خەزاڵ) لە ساڵی ١٩٨٣ وەكو دراما بۆ تەلەفزیۆن تۆماركرا ئەوجارەیان ڕۆڵی (خەزاڵ) ی بینی، ساڵی ٢٠٠٨ مۆڵەتی یاسایی تیپێكی شانۆیی منداڵانی وەرگرتووە بەناوی (تیپی شانۆی منداڵانی هەولێر) تا ساڵی ٢٠١٦ (١٥) كاری شانۆیی و ئۆپەرێتی منداڵانیان ئامادە و پێشكەشی منداڵان كردووە، خاوەنی چەندان خەڵاتی ڕێزلێنانە، ساڵی ٢٠١٧ بەشداری كردووە لە شانۆگەری (لە مردن گەڕایەوە)، لەهەمان ساڵدا بەشداری زنجیرە درامای (ونبووەكان) كردووە، لەماوەی تەمەنی هونەری




خۆی بەشداری زۆرتریت دراماو شانۆی كردووە ئەمە هەندێك لەبەرهەمەكانییەتی.

**كارە هونەریەكان:** لاس و خەزاڵ ١٩٨٣/ خاتوو كڵاو زەرد/ بەرنامەی زووم زووم لە تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان ١٩٩٤/ كەوەكانی قەرەچوغ ١٩٩٣/ خەج و سیامەند ١٩٨٥/ نامە ١٩٩٦/ چەقۆ ١٩٩٦/ لەمردن گەڕایەوە ٢٠١٧/ ونبووەكان ٢٠١٧،


---

دوای ئەوەی كە ژیاننامەیم لەیەكێ لەڕۆژنامەو گۆڤارەكان دەست كەوتبوو — لەسەر داواكاری خۆم ئەم ژیاننامەی لە ڕێگای ماسنجەر بۆ ناردووم لە ٢٠١٨/٥/٢٠



## بەکر مستەفا / ئەکتەر

ناوی تەواوی (بەکر مستەفا مەعروف) ە، ساڵی ١٩٦٥ لەگەڕەکی چوار باخی شاری سلێمانی لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی مەولەوی و ناوەندی لە قوتابخانەی سیروانی کوڕان تەواوکردووە، بۆ ماوەیەك لە خوێندن دابڕاوە، دواتر ناوەندی لە ئێواران تەواوکردووەپاشان چووەتە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی لەساڵی ١٩٨٤، چەند ساڵێك لەوێ دەخوێنێ، بەڵام بەهۆی کاری سیاسی دەستگیر دەکرێت و (١٥) ساڵ حوکم دەدرێت، ساڵی ٢٠٠٧ پەیمانگای هونەرەجوانەکان تەواو دەکات، سەرەتا بە هونەری مۆسیقا دەستی پێکردووە وەك ژەنیاری ئامێری (ئۆکۆردیۆن)، پاشان لەساڵی ١٩٨٣ لە تیپی شانۆی (سەرچنار) بەشداری شانۆگەری (قاتیێ جل) کردووە، بەشداری زیاتر لە (٢٠) شانۆگەری کردووە، لە (١٥) زنجیرە دراما تەلەفزیۆنی و (٧) فیلمی سینەمایی بەشداری کردووە، دەرهێنەری (٣) شانۆگەرییە، ئامادەکاری (١٤) شانۆگەرییە، بەرهەمی ساڵی ٢٠١٨ وەك ئەکتەر و یاریدەدەری دەرهێنەر بەشدار بووە لە (سەراب)،



---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

## دڵپاك تاهیر / ئەكتەر و  بێژەر و شاعیر

ناوی تەواوی (دڵپاك تاهیر دەروێش) ە، ساڵی ١٩٦٠ لە شاری كەركوك لەدایكبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی نەورۆز و ناوەندی لە ١١ی ئازار و ئامادەیی لە پیشەسازی كارەبا ١٩٨٣ تەواو كردووە، لە ٢٠١٠ بڕوانامەی ماستەری لە یاسای نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە، لە قۆناغی ناوەندی هەستی بە نزیك بونەوەی شیعری كوردی كردووە، پاشان جارجار كارە ئەدەبییەكانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە كوردیەكان بڵاو دەكردەوە وەك (بەیان/ نووسەری كوردی/ هاوكاری/ ملحق جريده العراق)، (٥) ساڵ خزمەتی هەیە لە تەلەفزیۆنی كەركوك وەك بێژەر و پێشكەش كاری بەرنامەی (شەو چەرەی هونەری)، دڵپاك تاهیر بەرچاوترین ئافرەتی ساڵانی هەشتاكان بووە لەكاری شانۆیی و بێژەری، ساڵی ١٩٨٣ چووە بەڕێوەبەرایەتی هونەرە میللیەكان لە هەولێر، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ وەك بێژەر لە تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان كەناڵی هەولێر كاری كردووە، دواتر دەچێتە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی ژنان، دوای بێسەر و شوێن بوونی كەریم عوسمانی هاوسەری لەكارەساتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئەویش هەر لەو ساڵەدا ١٩٩٦ هەولێر جێدێڵێت و دەچێتە كۆیە و لەوێشەوە بۆ سلێمانی، دڵپاك تاهیر لەتەمەنی ١٨ ساڵی كەركوكی جێهێشتووە و لە هەولێریش ١٨ ساڵ ژیاوە، لە ٢٠٠٢ لەگەڵ دوو كچە دووانەكەی كوردستان جێدێڵن و تاكو ٢٠٠٧ لە وڵاتی ئوسترالیا نیشتەجێدەبن، دواتر خۆی و دوو كچەكەی (سۆنیا و ڤانیا) بەیەكجاری دەگەڕێنەوە كوردستان و لەسلێمانی نیشتەجێدەبن.

**هەندێك لەبەرهەمەكانی** (قەڵای دم دم) (خانەدان) (خاتو كـڵاو زەر) (ناسـر و مـار مـار) (خەج و سیامەند) (لۆ تێمناگەن)   (كەوەكانی قەرەچوغ)



سەرچاوە – گۆڤاری كاروان لەهەشتاكان لەعەرەبیەوە كردومەتە كـوردی – دواتـر سـوودم لەتۆڕی ئەنتەرنێت وەرگرتووە




## سوهام حەسەن / ئەکتەر و گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (سوهام حەسەن جەلیل) ە، لە ١٩٦٩/٦/٢٩ لە گەڕەکی جەمعیەی شارۆچکەی کۆیە لە دایکبووە، ساڵی ١٩٨٣ بۆ یەکەمجار هاتۆتە نێو دونیای هونەر، یەکەمجار لە تیپی هونەرە میللیەکانی هەولێر دامەزراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەنگی خۆش بووە لەزۆر ئاهەنگ و بۆنەدا لەگەڵ هونەرمەند (زیاد ئەسعەد) گۆرانی وتووە، یەکێك لەو گۆرانیانە (کەمەرە شل) ، بەڵام دواتر بەهۆی سەفەری زیاد ئەسعەد بۆ دەرەوەی وڵات خاتوو سوهام ئەم گۆرانییە بە تەنیا تۆماردەکات، ڕۆژێك بۆ ئاهەنگێك بانگی دەکەن کە گۆرانی بڵێ لەماڵی (ڕازگری شوعبەی حیزبی بەعس) لە هەولێر بەڵام ڕەتیدەکاتەوە، ئەگەرچی ئەو لێپرسراوە هەڕەشەی لێدەکات کە لەمەودوا ناهێڵێت



بەهیچ شێوەیەك بچێتە سەر شانۆ و گۆرانی بڵێ، بەڵام لەسەر هەڵوێستی خۆی سوور دەبێ، ئەوەبوو ڕۆژێك دواتر بە زۆرەملێ وازهێنانی بۆ دەنووسن و پێی ئیمزا دەکەن و لە تیپی هونەرە میللییەکان دەردەکرێ، ئەم خاتوونە زیاتر حەزی لە گۆرانی وتنە و گۆرانی (عەشقت) کە تێکستی (حەمە سەعید ئیبراهیم) و ئاوازی (ئازاد محەمەد) ە بە یەکێك لە باشترین گۆرانییەکانی خۆی دەزانێ، **بەرهەمی شانۆ و درامای/** (ڕەحمەتی) (بێ سەرپەرشتان) (سەلیم بەگ) (شەمەندەفەر) (خوازبێنی) (مۆڵەت) (ڕاوچی) (هەڵتروشکان) (مەم و زین) (نزاکانی ئەهریمەن) (حەشارگە) (گرێ) (خۆشەویستی) (کێ بەرپرسیارە) (ترس و ئەڤین) (ڤینۆس) (فیلمی هەنگاو) (مەمی ئالان) (فرمێسك) (خەجەگەڕۆك) (ژانی ڕۆژگار) (گەڕەکی دەهۆڵەکان) (گەڕانەوە) (قەرەقۆش) (سەراب) (کەمانجە) (ئاوێزە) (ونبوەکان) (کەونە دەرکە) **بەرهەمی گۆرانی/** (ژوان/عەشقت/چاوەڕوانی/سیدی — خەون و خولیا)

---

لەگەڵ ئەوەی ژیاننامەیم هەبووە، دواتر هەندێك زانیاریم لەخۆی وەرگرتووە لەڕێگەی ماسنجەر لە ٢٠١٨/٥/٢٩



## کاروان شەمسەدین / ئەکتەر

ناوی تەواوی (کاروان شەمسەدین عوسمان) ە، لە ١٩٦٤/١١/١ لە گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر لە دایکبووە، بەڕەچەلەك خەڵکی گوندی (مشار) سەر بەشارۆچکەی مەخموورە، عەشیرەتی زەنگەنەیە، قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواوکردووە، دەرچووی ئامادەیی بازرگانییە، لە ١/١٠/ ١٩٨٣ دەستی بەکاری هونەری کردووە بە شانۆگەری (سورمەخان) لە نووسینی محەمەد عەبدوڵلا و دەرهێنانی سەفوەت جەڕاح، لە ١٩٩٣/١٠/١ هاوسەرگیری کردووە دوو کچ و دوو کوڕی هەیە،

**بەرهەمەکانی** (سورمەخان) (قەڵای دم دم) (خانەدان) (خاتوو کلاوزەر) (تاپۆ حەقی چیە) (گوڵی نهێنی) (مۆڵەت) (خوازبێنی) (پێکەنینی توڕەیی) (سێدارە) (٣ کەللە پوچ) (تەلاری مەزن) (شا هەرشایە) (یۆلیۆس قەیسەر) (فرمێسك) (فلیمی سینەمایی — گەڕەگی دەهۆڵەکان) (فلیمی سینەمایی — ئەمریکانۆ)،




سەرچاوە — لەخۆیم وەرگرتووە ٢٠١٢ — ساڵی ٢٠١٨ زانیاری زیاترم لێوەرگرتووە



## ماجید شكاك / ئەكتەر

ناوی تەواوی (ماجید بەكر ئەیوب) ە، ساڵی ١٩٦٦ لە گەڕەكی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایكبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە هەولێر تەواو كردووە، هەڵگری دوو بڕوانامەیە ١٩٨٩ – ١٩٩٠ دبلۆم لە یاسا، ٢٠٠٩ – ٢٠١٠ زانكۆی سەلاحەدین بەكالۆریۆس لە هونەری شانۆ، ساڵی ١٩٨٣ دەستی بەكاری هونەری كردووە بە شانۆگەری (لاس و خەزاڵ) لە ڕۆڵی (ڕاوچی)، لە ١٩٩٥/٨/٨ هاوسەرگیری كردووە باوكی دوو كچ و كوڕێكە (بەڕێز – گلێنە – بڵند)، لەگەڵ دەرهێنەران (تەڵعەت سامان/ سەباح عەبدولڕەحمان/ فەرهاد شەریف/ ئوسامە جەمیل/ ناسر حەسەن/ زوهێر عەبدولمەسیح/ هیوا سوعاد/ ژیلوان تاهیر) و دەرهێنەرانی عێراقی (عەبدولڕەحمان تەمیمی/ د, راجی عەبدوڵلا) كاری كردووە،

**كارە شانۆییەكانی:** (لاس و خەزاڵ ١٩٨٣) (خانزادێكی تر ١٩٨٤) (خزمەت كارێكی گۆێ ڕایەڵ ١٩٨٥ ) (سزا ١٩٩٧) (ماندوو كراو ٢٠١٠)



**كارە تەلەفزیۆنییەكانی:** (تاپۆ حەقی چییە ١٩٨٥) (٣ كەللە پوچ ١٩٩٢) (كەوەكانی قەرەچوغ ١٩٩٣) (میوان و مانگا ١٩٩٩) (سپلە ١٩٩٩) (میرات ١٩٩٩) (كۆچ (بەشی ١) ٢٠٠٠) (گرێ ٢٠٠٠) (ئازارەكانی بارام ٢٠٠٦) (دەربچی ٢٠٠٧) (كرێچی ٢٠٠٧) (گەردەلول ٣ = ٢٠١٣)،

**كارە مۆنۆ دراماكانی:** (زیانەكانی توتن ٢٠٠٧ نواندن و دەرهێنان) (زبڵدان ٢٠١٣ نواندن و دەرهێنان) (پاڵەوانێك لە كاغەز ٢٠١٤ نواندن) (ئەدیداس ٢٠١٥ نواندن) (مینا ٢٠١٦ نواندن)

---

سەرچاوە – لەیەكێ لەڕۆژنامەو گۆڤارەكان

## هیوا سوعاد – دەرهێنەر و ئەکتەر



ناوی تەواوی (هیوا سوعاد یونس) ە، لە ١٩٦٨/٥/٢٧ لەگەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایکبووە، هەر لەو گەڕەکەش خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواوکردووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی شانۆ لقی دەرهێنان، دەرچووی کۆلیژی پەروەردەی هونەری موسڵە، ساڵی ١٩٨٣ دەستی بەکاری هونەری کردووە، دەرهێنانی بۆ چەندین شانۆگەری و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی و زنجیرە درامای ئێزگە و کورتە فیلم کردووە، ڕۆڵی پاڵەوانی بینیوە بۆ دوو فلیمی سینەمایی یەکێکیان بەرهەمی هاوبەشی دانیمارك و کوردستان بووە، چوار شانۆگەری لە (بەرلین) پایتەختی ئەڵمانیا نمایش کردووە، ساڵی ١٩٩٣ تا ١٩٩٩ سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر بووە، ساڵی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٣ بەڕێوەبەری سینەماو شانۆ بووە، دواتر سینەماو شانۆ لێك جیابۆتەوە و تا ٢٠٠٥ بەڕێوەبەری شانۆ بووە، دواتر بووەتە بەڕێوەبەری چالاکیە هونەریەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٦ سکرتێری سەندیکای هونەرمەندان کوردستان بووە، ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٠ سەرۆك و جێگری ڕێکخراوی هونەرمەندان بووە، دواتر لەساڵی ٢٠١٠ ەوە بووەتە سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندان لقی هەولێر، لەساڵی ٢٠٠٨ ەوە بووەتە بەڕێوەبەری هونەری شانۆ، سەرنووسەری گۆڤاری سینەما و شانۆ بووە، خاوەن ئیمتیاز و سەرپەرشتیاری گۆڤاری تیاترۆ بووە، زیاتر لە (٧٥) ئەلقە لەبەرنامەی هونەری ئامادە و پێشکەش کردووە لە کوردستان تیڤی، دامەزرێنەری یانەی سینەما بووە لە دهۆك، ساڵی ٢٠١٢ هەڵبژێردراوە وەك سەرۆکی (یتی) کوردستان، سەرۆکی هەر دوو ڤیستیڤاڵی مۆنۆدراما و هەولێری نێودەوڵەتی بۆ شانۆ بووە، هەروەها سەرۆکی خولی یەکەمی ڤیستیڤاڵی ئازار و نەورۆز بووە.



---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٧/٦



**خەتاب کاروانی – ئەکتەر**

ناوی تەواوی (خەتاب حامید حوسێن) ە، ساڵی ١٩٦٨ لەشاری هەولێر لەدایکبووە، دەرچووی ئامادایی بازرگانی ١٩٨٧ – ١٩٨٨، ساڵی ١٩٨٤ دەستی بەکاری هونەری کردووە بەشانۆگەری (قاچاخچی) لەڕۆڵی (میر)، زیاتر لە (٩٠) بەرهەمی هونەری هەیە وەکو ئەکتەر و نووسەر و دەرهێنەر لەبواری شانۆو درامای تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی و دۆبلاژ، ئەندامی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی هەولێر و ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان / هەولێر،

**بەرهەمەکانی وەك ئەکتەری شانۆگەری** (خولەی تەمەڵ ١٩٨٥) (بێخەمی ناو بەرمیلەکە ١٩٨٥) (هوشیار بوونەوە ١٩٨٦) (سەرتاشخانەی ڕەشۆ ١٩٨٦) (هیوای گەڕانەوە ١٩٨٧) (ئیمپراتۆر جۆنس ١٩٨٧) (موشاغەبە ١٩٨٧) (چاو ١٩٨٧) (لەپای چی مرد ئەم مرۆڤە ١٩٨٧) (پایزە خەون ١٩٨٨) (کەونە دەرکە ١٩٨٨) (نالی و خەونێکی تر ١٩٨٨) (محازەرەیەك لەپێناو ئاشتیدا ١٩٩١) (مەملەکەتی ئەفیون ١٩٩٥) (کێ ژنم لۆ دەینی ١٩٩٦) (پارە ١٩٩٧) (کامە ڕەوایە کامە ناڕەوایە ١٩٩٧) (پیلان ١٩٩٧) (قەلای دم دم ٢٠٠١) (دلداریکی قرچۆك ٢٠٠٤) (محالە ٢٠٠٦) (دوو برا ٢٠٠٦) (گوللە باران کرا ٢٠٠٧) (شەوی زەماوەند ٢٠٠٩)،

**بەرهەمی تەلەفزیۆن وەك ئەکتەر** (خاتوو کلاوزەر ١٩٨٧) (قاسپەی کەو ١٩٨٧) (کۆلارە ١٩٨٨) (منالّ ١٩٩١) (ژیانێکی سەخت ١٩٩٣) (نامە ١٩٩٥) (بابە نوێل ١٩٩٦)

(ڕەشەبای مەرگ ۱۹۹۷) (غەریب ۱۹۹۸) (دابڕان ۱۹۹۹) (ڤینۆس ۱۹۹۹) (گـریّ ۲۰۰۰) (وانەیەك لە وەفاداری ۲۰۰۰) (گوڵی ۲۰۰۰) (فرمێسكی دەرون ۲۰۰۱) (ئەسمـەر و مامـەر ۲۰۰۳) (حەبیب ئاغا ۲۰۰۳) (گەمەی خەونە ئازادەكان ۲۰۰۳) (گەنجینە ۲۰۰٤) (بولبـول زاوایە ۲۰۰٤) (ئەحمەدی لاو ۲۰۰٥) (كوێرەوەری ۲۰۰٥) (عەلی ملیۆنێر ۲۰۰٥) (تـەلاری مـەزن ۲۰۰٦) (مـەحۆی ئـاو فـرۆش ۲۰۰٦) (دەردی خۆشەویسـتی ۲۰۰٦) (بـێ ئومێـدی ۲۰۰٦) (دۆرچی ۲۰۱۰) (مەرگ ۲۰۱۱) (فێڵباز ۲۰۱۳) (كەونە دەركە ۲ - ۲۰۱۳) (كش و مات ۲۰۱۳)،

**بەرهەمەكانی وەك دەرهێنەری شانۆ** (كارەسات ۱۹۸۸) (دەرمانخانەی سـەفەری ۱۹۹۲) (بەرتیل ۱۹۹۳)،

**بەرهەمەكانی وەك نووسین** (سوتانی ئافرەتێك ۱۹۹۷) (كەمانچەكەم ۲۰۰۸)،

**بەرهەمەكانی تەمسیلی ڕادیۆیی** (نـالی و خـەونێكی تـر ۱۹۸۸) (كـەوەكانی قەرەچـوغ ۲۰۰٤) (قرچۆك ۲۰۱۰) (مۆسیقا پێویستە ۲۰۱۰) (بڕیارمدا ژن نـەهێنم ۲۰۱۰) (هـاوڕێی تەنگانە ۲۰۱۱) (ماڵی چوو سەریشی چوو ۲۰۱۱) ،

**بەرهەمەكانی وەك دۆبلاژ** (فیلمی هندی ڤیرۆسارا ۲۰۰۸) (فلمی كارتۆنی سكۆب ۲۰۰۸)

**بەرهەمەكانی لەبەرنامەی تەلەفزیۆن** (دووربین) (وێستگەی تەلەفزیۆن) (بلێسەی پێشەنگ) (بەرنامەی منداڵان) (پێشكەشكاری بەرنامەی جیهانی هونەرمەندان بۆ تەلەفزیۆن)



ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتوو لە ۲۰۱۸/۸/۱۲





## شیرین سابیر / ئەکتەر

ناوی تەواوی (شیرین سابیر خدر) ە، ساڵی ١٩٦٤ لە شاری کۆیە لەدایك بووە، دەرچووی سەرەتاییە، ساڵی ١٩٨٣ دەستی بە کاری نواندن کردووە بە شانۆگەری (سورمە خان)، لە مانگی سێی ساڵی ١٩٨٤ وەك ئەکتەر لە بەڕێوەبەرایەتی شانۆ دامەزراوە، هاوسەری هونەرمەند (زاهیر عەبدوڵڵا) یە، ساڵی ١٩٨٩ — ١٩٩٠ خەلاّتی باشترین سیناریۆی لە کورتە فیلمی (ژیان جەنگە و هیچی تر)، لە یەکەمین ڤیستیڤاڵی کورتە فیلم لە شاری سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٠ بەشداری لە شانۆیی سەر شەقام بە ناوی (گەڕان بە دوای ئەنفالەکان)، ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان و دواتر سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان،

**کارەکانی/** (سورمە خان ١٩٨٣) (مەڕانە) (قەلاّی دم دم ١٩٨٤) (گوڵی نهێنی) (ئاسکە) (گەڕەکەکەمان) (خانەدان) (شارەکەم) (بێوار) (پرس) (قاسپەی کەو) (خاتوو کلاّو زەر) (خەمێکی تر) (کۆلارە) کەونە دەرکە) (گەردەلول ٣ / ٢٠١٣)،






سەرچاوە — لە هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا وەرمگرتووە ٢٠١٨





## عوسمان ڕەحمان – ئەکتەر

هونەرمەند (عوسمان ڕەحمان) ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، لەسەرەتای هەشتاکان دەستی بەکاری هونەری کردووە، ئەندامی تیپی میللی کوردی بووە، بەشداری چەندین دراماو شانۆی کردووە، زیاتر لەناو خەڵك بە (حەسکۆ) ناسراو بوو، هونەرمەند ماوەی چەند ساڵێك لەگەڵ نەخۆشی شەکرە دەجەنگا پاشان قاچێکی بەهۆی کاریگەری ئەو نەخۆشیە بڕدرایەوە، بەداخەوە لە ٢٠١٠/٤/٢٧ لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کرد،

**هەندێك لەبەرهەمەکانی** (قەلاّی دەم دم ١٩٨٤) (میوانی ناوەخت ١٩٨٤) (تاپۆ حەقی چیە ١٩٨٦) (گەڕەکەکەمان ١٩٨٦) (نامە ١٩٩٥)



---

سەرچاوە – ڕۆژنامەی (هەولێر)



## ئوسامه جەمیل /نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر

ناوی تەواوی (ئوسامە جەمیل عەلی پیرداود یوسف عەبدوڵلاّ بەگ) ە، لە ١٩٦٥/١٢/٢٣ لە گوندی شاوەیس شاری هولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لـە شـاوەیس تـەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٥ ڕوو لە شاری هەولێر دەکەن و قۆناغی ناوەندی لە قوتابخانـەی جمهـوری کـوڕان و ئامادەیی لە قوتابخانەی کوردستان تەواو دەکات، دەرچووی بەشـی مێـژووی کۆلیـژی ئـادابی زانکۆی سەلاحەدینە، بە مامۆستای ئامادەیی قوتابخانەی گەل دادەمەزرێت، نووسەر و شاعیرە لەهەمان کاتیش وەك ئەکتەر و نووسەر و دەرهێنەری کۆمـەڵێك زنجـیرە تەمسـیلی و درامـای کوردی کاری کردووە، ساڵی ١٩٩٥ بە کورتە تەمسیلی رادیـۆیی دەسـتی پێکـردووە و یەکـەم بەرهەمی تەلەفزیۆنیشی لەهەمانساڵ بەناوی ( پەشیمانی ) بـووە، سـاڵی ١٩٩٨ تـا ٢٠٠٤ کارگێڕی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و بەڕێوەبەری دەنگی یەکگرتوو بووە، ساڵی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٢ بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی یـەکگرتوو کـەناڵی هـەولێر بـووە، لـە چەندین هەڵبژاردن پشکی شێری بەرکەوتووە تەنانەت لە هەڵبژاردنی شارەوانی ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری هەولێر توانی (٧٢٠٠٠) دەنگ کۆبکاتەوە بەڵاّم بەپلانێك بە ئەندام شـارەوانی دانـەنرا، ساڵی ٢٠١٠ لـە هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی عێـراق بەرێـژەی (٥١٠٠٠) دەنـگ بـە ئەنـدامی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عێـراق هەڵبـژێردرا، لـە ٢٠٠٩/٤/٥ (نیگـا ئەبوبـەکر) ی خێزانـی بەنەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوای دەکات و لەدوای خۆی کوڕێك و دوو کچ بەناوی (کارژین و هەژین و هەناسە) بەجێهێشتووە، دوای چەند سـاڵێك هاوسـەرگیری لەگـەڵ خـاتوو (سـومەیە

جەعفەر) دەکات، ساڵی ٢٠٠٠ – ٢٠٠١ زنجیرە درامای (کۆچ ١ -٢ ) بۆ تەلەفزیۆنی یەکگرتوو تۆمار کردووە لە نووسین و دەرهێنانی خۆی، وەك ئەکتەریش بەشداری لە هەردوو زنجیرە درامای (گرێ) و (مەمی ئالان) کردووە.






سەرچاوە – خۆم هەنێك زانیاریم لەسەری هەبووە و لەتۆڕی ئەنتەرنێت زانیاری زیاترم پەیدا کردووە بەپێنووسی خۆگر ئەنوەر خۆشناو



**بەیان ئەحمەد سەعید – هونەرمەند و شاعیر**

هونەرمەند و شاعیر (بەیان ئەحمەد سەعید) سـاڵی ١٩٧٠ لە گەڕەکی حاجی حانی شاری سـلێمانی لـە دایکبـووە، هـەر لەسەرەتاوە حەزی هونەر داگیری کـردووە و بەمنـداڵی لەگـەڵ منداڵانی گەڕەك لەیادی نـەورۆزدا ڤیسـتیڤاڵی گـەڕەکی ڕێـك خستووە بەسروودی قەدەغەکراوەکان و شانۆی کاوەی ئاسـنگەر گەڕەکی هەژاندووە، ساڵی ١٩٨٥ یەکـەم کـاری وەك ئەکتـەر شانۆی (مەلی ئاوات) بووە، پاشان زنجیرەیەك کاری تـری کـردووە وەك ئەکتـەر، سـاڵی ١٩٨٧ لەپەیمانگای هونەرەجوانەکان وەردەگیرێ و درێژە بـەکارەکانی دەدات، لـەو سـاڵانەی پـەیمانگا لەچەند کارێك بەشدار دەبێت لەوانە (شاژن و یاخییەکان) (شەوی بکوژان) و چەند کارێکی تر، دوای پەیمانگاش لەشانۆیی (شێر عەلی) (شاژنە ئەکتەر) و چەند درامایەکی تر بەشدار دەبێت، خولیای کاری منداڵانەو چەندین شانۆی بۆ منداڵان دەرهێناوە، بەشـداری کورتـە فیلمـی (تـا هەیت بێدەنگ بە) کردووە، وەك شیعریش لەهەوڵدایە بۆ جوانتر کردنی ڕۆح،




ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٩/١



## جەوهەر ئەنوەر ڕەشید – شانۆكار

هونەرمەند (جەوهەر ئـەنوەر ڕەشـید) سـاڵی ١٩٥٦ لـە هـەولێر لـەدایكبووە، دەرچـووی ناوەندییە، هەموو ژیانی بینینی فلیمی سینەما بووە، لەناو سینەما ژیاوە، پیشەی مەكینـەی سینەما بووە لە سینەما (سەلاحەدین) هەولێر، لە زۆرەها كاتیش لـە هاوینـدا لـە گونـدەكان فلیمی نیشانی خەڵكی داوە واتە سینەمای گەڕۆك، لـە هەشـتاكان دەسـتی بـەكاری هونـەری كردووە وەك ئەكتەر، ساڵی ١٩٩٠ كوردستانی جێهێشتووە چووەتە دەرەوەی وڵات، خۆی نزیـك كردۆتەوە لە خوێندنی سینەما و دوو فلیمی كردووە لە سوید و توركیا لە نووسین و دەرهێنـانی خۆی، لە كوردستانیش كاری دەرهێنانی كـردووە، گەشـتی هیندسـتان و ئـەوروپای كـردووە، ساڵی ٢٠١٧ زنجیرەدرامای (وونبوەكان) بەرهەمهێنا لە نووسین و دەرهێنانی خۆی ،



لەسەر داواكاری خۆم ئەم ژیاننامەی لەڕێگای مێسنجەر بۆ ناردم لە ساڵی ٢٠١٨

## سلێمان گەلاڵی – شانۆڤان و شاعیر

ناوی تەواوی (سلێمان ئیبراهیم قادر) ە، ساڵی ١٩٦٥ لەگەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (بێتوش و بلێسە) و ناوەندی لە چیمەنی کوڕان لە سەیداوە تەواو کردووە، هەر لە قۆناغی ناوەندی دەستی کردووە بە شیعر نووسین، لەچەند ڤیستیڤاڵی شیعری بەشداری کردووە و خەڵات کراوە، بەداخەوە نووسینەکانی ئەو سەردەمی لێ وون بووە، لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی موسڵ وەرگیراوە تا پۆلی چواری لە موسڵ دەخوێنێ دواتر دەگوازرێتەوە بۆ سلێمانی، ساڵی ١٩٨٨ پەیمانگا تەواودەکات، بەشداری چەندین شانۆگەری کردووە وەك ئەکتەر و دەرهێنان و کاری هونەری لەوانە (ئیمپراتۆر جۆنز لێکۆڵێنەر/ دەرگا/ برایانی هۆریاس/ قەرەج/ کەرەشین/ ڕۆمیۆ جولێت/ شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە/ بەسەر شۆستەی نەویستەوە/ بارانی ژێر خۆر)، ساڵی ١٩٨٣ بۆ ١٩٨٥ بووەتە ئەندامی تیپی شانۆی شەماڵ لە بنکەی لاوان بەشداری کردووە لە شانۆگەری (خزم و ناسیار/ خەڵکی گوندەکەمان/ میرات/ سمایل و مامز) لەنووسین و دەرهێنانی مامۆستا (سەمیر عەبدولستار)، لەوماوەیەدا چەندین پارچە شیعر و چیرۆکی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی (هاوکاری/ بەیان/ عێراق/ کاروان/ ڕەنگین) بلاّو کردۆتەوە و بەشداری کۆڕی شیعری کردووە لە هەولێر و سلێمانی، ساڵی ١٩٨٧ بەشداری ڤیستیڤاڵی دهۆکی کردووە بە شانۆگەری (دەنکە شقارتە) لە بەرهەمی تیپی کاروان پلەی دووەمیان بەدەست هێناوە، ساڵی ١٩٨٨ بووەتە ئەندامی تیپی شانۆی هەڵگورد لە سلێمانی شانۆی (خۆناسەکان) پێشکەش کردووە، ساڵی ١٩٩٣ لە ڕادیۆی قوتابیان و لاوان کارمەند بووە، تا ساڵی ٢٠٠١ لە ڕاگەیاندن بەردەوام بووە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گولان – هەرێم – نەورۆز – لقی دوو، دواتر گوازراوەتەوە بۆ بەشی ڕاگەیاندن لە وەزارەتی ئەوقاف، ساڵی ١٩٩٩ بەشداری لەخولی سینەما کردووە لەلایەن سەلمان کاکەیی، ساڵی ٢٠٠٧ بۆ

خوێندنی بەکالۆریۆس چووەتە کۆلیژی هونەرەجوانەکان، لەهەمان ساڵ بەهاوبەشی ژیلوان تاهیر و سەلاّح حەسەن گروپی شانۆڤانی کوردیان دامەزرانـد و چـەند بەرهـەمێکیان پێشکەشـکرد، ساڵی ٢٠١٠ خوێندن تەواو دەکـات و بەشـداری (٥) ۆرگشـۆپی شـانۆیی لەگـەڵ ڕێکخـراوی ئەمریکی و (٥ ) شانۆیی لـێ بەرهـەمهات کـە لەهـەولێر و سـلێمانی و دهـۆك نمـایش کـران (خەمەکانی ئازاد/ مەریەمانە/ پێکەنینی شادی/ چیرۆکی کۆچبەرێك/ زەمەنی شـێواو)، هـەر لەساڵی ٢٠١٠ کاری دەرهێنانی بۆ (دەرچوانی گەنج/ دۆزەخ/ پـەرپوت/ خـەونی ئەبابیلـەکان) کردووە، ماوەی دوو ساڵ سەرۆکی گروپی شانۆڤانی کورد بووە، ماوەی چوار ساڵ سەرۆکی تیپی شانۆی تیشك بووە، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە، دوو کتێبی شیعری بەچاپ گەیاندووە (بۆ قەرەجێکی نیشتەجێ/ مەدالیای قەرەجێکی شـەرمەزار)، هـەروەها کتێبێکـی شانۆیی دەرچوانی گەنج کە پێنج دەقی شانۆیین،

**بەرهەمی شانۆگەری** (مرۆڤێکی ئاسایی ١٩٨٦ دەرهێنان لەهـەولێرو بەغـدا) (شـەوکەت دەگەڕێتەوە ١٩٩١ ئەکتەر - ڕانیە) (نەورۆز و ئازادی ١٩٩٢ دەرهێنان — ڕانیە) (گۆڕسـتانی شەهیدان) (کورد لەبازاڕی جیهاندا ١٩٩٣ دەرهێنان — هەولێر هۆڵی گەل)، **بەرهەمی درامـی** (فرمێسـکی پەشـیمانی ١٩٩٤ دەرهێنـان) (پاداشـت — دەرهێنـان — تیڤـی هـەرێم) (خۆشەویستیەك بۆ کوردستان — نوانـدن) (شـێتەکانی ئـەم ڕۆژگـارە — نوانـدن) (منـاڵ دژی مناڵ)، **کاری کردووە لەکورتە فیلمەکانی** (هەناسەی ڕەنگەکان) (گۆڵ هاواری سەربانان) (زاڵم — سیناریۆو دەرهێنان — ڕۆڵی سەرەکی زاهیر عومەر)، **بەشـداری کـردووە لـەزنجیرە درامـای** (جوحا) (وێنەکانی ئەمڕۆ) (مام ڕەمەزان) (کش و مات) (وون بوەکان)

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٩/٦



## غازی شینە – ئەکتەر و هونەری میللی

ناوی تەواوی (غازی ئەحمەد شینە) یە، ساڵی ١٩٧٠ لەگوندی (گەزوەشان) ی کەندێناوەی شاری هەولێر لەدایکبووە، دەرچووی ناوەندییە، باوکی بەیتار و ددان سازی میللی گوندەکەیان بووە، ساڵی ١٩٧٥ کەوتونەتە بەر شاڵاوی تەعریب و خەڵکی ئەو گوندە هەموویماڵیان گواستۆتەوە هەولێر، ئەوانیش دوا ماڵ لەساڵی ١٩٨٠ دێنە هەولێر، هەر لەوساڵەدا باوکی کۆچی دوایی دەکات و دایکی بۆماوەی (١٣) ساڵ فەڕاش بووە لەکۆلیژی ئەندازیاری و ئەو خێزانەی بە هەژاری بەخێو کردووە، بەمانگ و دوو مانگ خۆزگەیان دەخواست بۆ شتێك کەحەزیان لێبووە، هونەرمەند غازی شینە لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٥ چووەتە تیپی هونەرە میللیەکان لەبەر حەزی هونەری، تاساڵی ٢٠٠١ بەردەوام بووە، دواتر دەچێتە بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر، لەو کاتەوە بەشداری چەندین دراماو شانۆگەری کردووە بەپاڵپشتی هونەرمەند هیوا سوعاد، ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی – مەڵبەندی گشتی هەولێرە، خزمەتێکی زۆری هونەری فۆلکلۆری کوردی کردووە، لە ١٩٨٨/١١/١١ هاوسەرگیری کردووەو چوار کوڕی هەیە بەناوەکانی (لافاو/ شڤان/ نێچیرڤان/ دلۆڤان)،

**بەرهەمە شانۆییەکانی:** (ماکبێس) (سنووورداش کراوەکان) (ڕاستیەکی ڕوون و سادە) (هەولێر نابەزی) (یۆلیۆس قەیسەر) (سزای تاوانکاران) (ئیمپراتۆر) (گوللە باران کرا) (پانۆرامای شارەکەم) (پەپوو) ،

**بەرهەمە درامییەکانی** (خەندەی گورگ) (ژوان) (سەلیم بەگ) (مەزادخانە) (تەلاری مەزن) (ڕەجەبی دەرگەوان) (مەحۆی ئاو فرۆش) (شەوێك لەقەرەچوغ) (گەڕان بەدوای چارەنووس) (وون بوەکان).




**ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٩/٢٠**



## ڕێزان فەرەج – ئەکتەر

ناوی تەواوی (ڕێزان فەرەج عەلی ڕەشید)ە، ساڵی ١٩٦٥ لە گەڕەکی کانیسکانی شاری سلێمانی لە دایکبووە، پۆلی چواری سەرەتایی بووە باوکی شەهید بووە و تاقانەیە، هەر لە منداڵییەوە خولیای شانۆ لەمێشك و دەروونیدا هەبوو و بەئاواتەوە بوو ڕۆژێك لە ڕۆژان لەسەر تەختەی شانۆ خۆی ببینێتەوە، بەڵام ڕێزان فەرەجی ئەکتەر کە چووە پەیمانگای هونەرەجوانەکان ناچار بوو لە بەشی سیرامیك و شێوەکاری بخوێنێت، چونکە هەندێك ئاستەنگ هەبوون کە ڕێگر بوون لەوەی بەئاواتەکەی بگات، تا لە کۆتاییدا بەرێکەوتێکی چاوەڕوان نەکراو خۆی لەسەر تەختەی شانۆ بینییەوە، ئیدی لەو کاتەوە ئەو خانمە ئەکتەرە بەردەوام بوو لە کاری نواندن، شێوەکاریشی بۆ هەتا هەتایە لە مێشکی خۆی وەدەرنا، هەر لەپەیمانگا هاوڕێیەتی لەگەڵ هونەرمەند (ئەحمەد ڕەئوف) دروست بوو و بوبە خۆشەویستی لەنێوانیاندا، کە ئەحمەد ڕەئوف قوتابی شانۆ بوو، لەساڵی دووەمی پەیمانگە ئەحمەد زیندانی کرا، ڕێزان گوتویەتی نابێت هیچ شتێك شوێنی ئەحمەد بسڕێتەوە لەسەر شانۆ، بۆیە خۆی چووەتە سەر شانۆ و نەیهێشتووە جێگەی بەتاڵ بێت، ئەوە بوو ڕێزان خان یەکەم کاری شانۆیی لەساڵی ١٩٨٦ پێشکەش کرد، ئەوکاتەی قوتابی پەیمانگا بووە بەشداری شانۆگەری (لازاروس) کردووە، دوای هاوسەرگیری کردنی لەگەڵ هونەرمەند (ئەحمەد ڕەئوف) بەیەکەوە بەشدارییان کردووە لەبەرنامەی هەمەڕەنگ لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، پاشان لەبەرنامەی بەرنامە لەکەناڵی خاك و کوردسات، پاشان لەچەند ئەڵقەیەکی بەرنامەی بەزمی بەزم و چەند شانۆگەرییەك، ڕێزان خان بەڕێوەبەری باخچەی منداڵانە، بەشداری لە بەشی یەکەم و دووەمی زنجیرە درامای گەردەلول کردووە.



---

ئەم ژیاننامەم لە هونەرمەند (ئەحمەد ڕەئوف) هاوسەری ڕێزان خان وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٨/٣٠.



## سەعدی مامە – ئەکتەر

ناوی تەواوی (سەعدی سوڵتان ئەحمەد مامە) یە، لە ١٩٧٧/٥/١ لە گەڕەکی ئازادی شاری هەولێر لەدایکبووە، دەرچووی ناوەندییە، لە ٢٠٠٤/٢/٢٢ هاوسەرگیری کردووە، سەرەتای دەستپێکردنی هونەری دەگەڕێتەوە ئەوکاتەی قوتابی سەرەتایی بووە لەساڵی ١٩٨٦ بەشداری شانۆگەری (قوتابی گێلە شێوێنەکە) کردووە لە دەرهێنانی نورەدین، کاری لەگەڵ ئەم دەرهێنەرانە کردووە وەك (نەهرۆ سەلیم سەیدۆك) (عەدنان کەرکوکی) (شەماڵ خالَە بەگ) (حاجی فازڵ) (تەنیا کەریم) (دێدەوان یەعقوبی)، ساڵی ١٩٩٢ تا ١٩٩٥ وەك ئەکتەر لەبەرنامەیەکی هەفتانەی تەلەفزیۆنی بەشداری کردووە، ساڵی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٣ لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی کۆیە وەك ئەکتەر لەبەرنامەکانی (کامێرای ٩٩) (هەگبەی کامێرا) (شەوچەرە) (خەندەو مەبەست) (کاریکاتێر) بەشداری کردووە، ساڵی ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩ لە سەتەلایتی عێراقیە وەك ئەکتەر لەدرامای (نووکە) بەشداری کردووە، ساڵی ٢٠١٠ وەك ئەکتەر بەشداری لە بەرنامەی (خەندە) کردووە لە تەلەفزیۆنی نیولاین، ساڵی ٢٠١٢ وەك ئەکتەر بەشداری بەرنامەی (بەسەرهاتەکانی ژیان) کردووە لە تەلەفزیۆنی چارە، ساڵی ٢٠١٣ بەشداری زنجیرە درامای (تۆ بڵێی وابێ) کردووە لە تەلەفزیۆنی زاگرۆس، ساڵی ٢٠١٤ وەك ئەکتەر بەشداری بەرنامەی (چاوی بینەر) کردووە لە تەلەفزیۆنی دیموکراسی، لەساڵی ١٩٩٣ وە خەریکی ڕۆژنامەوانییە و لەچەندین دەزگای ڕاگەیاندن وەك پەیامنێرو فۆتۆگرافەر کاری کردووە.



**بەشدارییە شانۆییەکانی** (ڕاستی هیوای ژیانە ١٩٩٢) (تاوانەکانی ڕژێم ١٩٩٣) (لەچاوەڕوانی گۆدۆدا ١٩٩٤) (گزنگ ١٩٩٦) (تۆ بڵێی وابێ ٢٠١٤)"

---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٨/٢٧



## کەریمۆك – دەرهێنەر - ئەکتەر

ناوی تەواوی (کەریم غەفور) ، ساڵی ١٩٧٢ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، بەکالۆریۆس لە دەرهێنان ٢٠٠٩، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردستان، فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر، بەڕێوەبەری کۆمپانیای هونەری کورد پیکچەر پرۆداکشن، وانە بێژ لە بەشی سینەمای کۆلیژی هونەرەجوانەکانی هەولێر بۆ ماوەی چوار ساڵ بە خۆبەخش و بۆ وانەکانی (سیناریۆ/ دەرهێنان/ ماکیاژ/ زمانی جەستە ٢٠١٠ – ٢٠١٥، یەکەمین کاری هونەری نواندن بووە لە شانۆگەری (مرۆڤێکی ئاسایی) لە دەرهێنانی سلێمان گەلاڵی ١٩٨٦/٦/١٢ هۆڵی ڕۆشنبیری،

**بەرهەمە سیناریۆ و دەرهێنان:** (فڕین لە هەورامان ٢٠٠٤) (هەمیشە عەشق ٢٠٠٥) (شەرەفی خوێناوی ٢٠٠٨) (مایکرۆفۆن ٢٠١٥)، دەرهێنان (شانۆی شێوەکاری – جەستە گۆیی – لە حەمامی سەر قەلاَی هەولێر ١٩٩٤) (سێبەری ئاگر ٢٠٠٦) (پانۆڕامای – کتێبخانەی گشتی هەولێر – زەیتون ٢٠٠٨) (کۆنتراستی ژیان ٢٠١٠) (بیست ساڵ حوکمڕانی ٢٠١١) (زنجیرە درامای ١٥ ئەڵقەیی - براوە و دۆڕاوەکان ٢٠١٥)،

**نووسین و ئامادەکاری:** (شانۆگەری ئەنفالستان ١٩٩٦) (کورتە فیلمی ژمارە یەك – دەرهێنانی حوسێن زارین ١٩٩٩) (شانۆگەری پەنجەکانی شەیتان – دەرهێنانی تەحسین فائق

٢٠٠٥)، وەك وێنەگر (کلیپی – بەفر – مندالاَن – دەرهێنانی نەوزاد عەلی مەسیحا ٢٠٠٨) (فیلمی دۆکیۆمێنتاری – سەدای سەحەر – دەرهێنانی محێدین ڕەزا ٢٠٠٩) (فیلمی دۆکیۆمێنتاری – هەناسەکانی ئەردەلان بەکر – دەرهێنانی شەهرام نامیق ٢٠١٠) (کورتە فیلمی – ٢٠٠ – دەرهێنانی سوهێل سوخن پەژوو ٢٠١١)،


وەك ستافی فیلم (بەرهەمهێنەری فیلمی - خەنەبەندانی دیکتاتۆر ٢٠٠٣) (دانانی ڕووناکی – شانۆی شێوەکاری ٢٠٠٩) (یاریدەدەری دەرهێنەر لە فیلمی سینەمایی – کوێستانی قەندیل ٢٠٠٩) (مکیاژ – کورتە فیلم – دەمێکی تر ٢٠١٠) (پرۆدەکەشن کۆردنێیتەر لە فیلمی – بێکەس ٢٠١١) (بەرنامە ڕێژ و یاریدەدەری دەرهێنەر لە فیلمی – شیرین ٢٠١٢) (بەرنامە ڕێژ و یاریدەدەری دەرهێنەر لە فیلمی – سلاَو پێشمەرگە ٢٠١٦)،

**نواندن لە شانۆگەری** (مانگێکی دی دێت – دەرهێنانی تەحسین فائق ١٩٨٩) (ڕێبواری هەژار و خۆشەویستی – دەرهێنانی تەحسین فائق ١٩٩٠) (بڕیار – دەرهێنانی یەسف عوسمان ١٩٩٢) (پێکەنینی توڕەیی – دەرهێنانی تەڵعەت سامان ١٩٩٣) (شانۆی سەر شەقام – کەرنەڤاڵی ئەنفال ١٩٩٦) (هەرەسی جەنگ – دەرهێنانی ئازاد ئەنوەر ١٩٩٦)،

**نواندنی لە کورتە فیلم و دراما** (نرخی ئازادی – دەرهێنانی عەدنان عوسمان ١٩٩٢) (سێ کەللە پوچ – دەرهێنانی تەڵعەت سامان ١٩٩٤) (ژمارە یەك – دەرهێنانی حوسێن زارین ١٩٩٩) (ئاوازێك بۆ ئایندە – دەرهێنانی عەدنان عوسمان ٢٠٠٤) (ئازارەکانی گومانێك – دەرهێنانی ئازاد سەوزە ٢٠٠٦)،

---

ئەم ژیاننامەم لە خۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١١/١٣

## زاگرۆس نانەکەلی – ئەکتەر و میدیاکاری وەرزشی

ناوی تەواوی (زیاد سەعدی حەمەد) ە، لە ١٩٦٨/٣/١٧ لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لە دایکبووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر بەشی میکانیك، لە ١٩٨٧/٣/٢٠ دەستی بەکاری نواندن کردووە بەشانۆگەری (هەلاتن لە قوتابخانە) بە هاوکاری (پشتیوان عەبدوللا و خالید دێوانە)، ساڵی ١٩٩١ بۆ یەکەمجار لە ڕاگەیاندن کاری کردووە، (٣) دەقی شانۆی بلاوکراوەی هەیە لەوانە شانۆگەری (باخچەی خوێناوی) لەنووسین و دەرهێنانی خۆی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە لە ١٩٩١/٣/٢٨ نمایش کراوە، ئەندامی کارای یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان و تیپی شانۆی هونەری نوێی کوردی بووە، ساڵی ١٩٩١ دەستی بەکاری ڕاگەیاندن و میدیای وەرزشی کردووە، ساڵی ١٩٩٢ تا ١٩٩٦ کۆمێنتاری وەرزشی و ڕاپۆرتی وەرزشی بۆ ئۆلۆمپیاتی بەرشلۆنە و پاڵەوانیەتی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا و مۆندیالی ئەمەریکای ١٩٩٤ لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە بووە ، ساڵی ١٩٩٤ دەستەی دامەزرێنەری ڕۆژنامەی وەرزشی کوردی بووە بەناوی (پاشکۆی مۆندیال) کە لە بیرۆکەی خۆی بووە، دەستەی دامەزرێنەر و بەرپرسی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی (گۆڵ) بووە، ساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠١١ ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی (ئەستێرەکانی وەرزش) بووە لەکەناڵی (العراقیە)، ساڵی ٢٠٠٥ بووەتە سەرپەرشتیاری سەرجەم یارییەکانی کەناڵی (العراقیة الریاضیة) لە هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١١ ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی ستۆدیۆی وەرزش بووە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٨ جێگری سەرنووسەر و لێپرسراوی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی (نوێ) بووە، ساڵی ٢٠١٢ –

٢٠١٣ بەرنامەی (رسالة صحافة الرياضية) لەگەڵ میدیاکاری وەرزشی (محەمەد سەبری) بەزمانی کوردی و عەرەبی کە هەگبەی هەفتانەی وەرزشی کوردستانی پێشکەش دەکرد، ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان و لێپرسراوی لاپەڕەی وەرزشی بەدرخان و ئەندامی لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان بووە، ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی و ئەندامی کارای ڕۆژنامە نووسانی کوردستانە، دەستەی کارگێڕی و لێپرسراوی ڕاگەیاندن و ئەرشیفی یانەی وەرزشی برایەتییە، بابەتە وەرزشییەکانی لە (کوردستانی نوێ/ پاشکۆی مۆندیال/ ستادیۆم/ خەبات/ خەباتی وەرزشی/ ئاسۆی وەرزشی/ نوێ، هەولێر/ هەولێری وەرزشی/بارازن سپۆرت/ بەدرخان/ کوردستان ڕاپۆرت/ڕووداوی وەرزشی/ گۆڤاری شووت/ گۆڤاری زانکۆی جیهان/ گۆڤاری گوڵان/ پێگەکانی ئەلیکترۆنی گشتی و وەرزشی کوردی) بڵاوکردۆتەوە،

**بەرهەمە تەمسیلییەکانی** (دەنکە شخارتە ١٩٨٧ دەرهێنانی سلێمان گەلاڵی) (یاری کردن بەچارەنووس ١٩٨٩) (زرەی زەنگوڵەکان ١٩٨٩) (هاواری سەرکەوتن ١٩٨٩) (تەڵەی مردن ١٩٩٠) (بازاڕی ڕەش ١٩٩٢) (ڕاستی هیوامانە ١٩٩٣) (ڕووتانەوە ١٩٩٤) (تەقینەوە ١٩٩٦) (فلیمی نرخی ئازادی ١٩٩٢)

**بەرهەمە چاپکراوەکانی** لەساڵی ٢٠١٥ (گلارا کە کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانی لەخۆگرتووە) (میدیای وەرزشی کوردی) (میدیای وەرزشی)

---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتوو لە ٢٠١٨/٨/١٣



## عومەر مامە كوردە / ئەكتەر

ناوی تەواوی (عومەر محەمەد مەغدید) ە، ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی (كاموسەك) سەر بەمەڵبەندارێتی شەقڵاوەی شاری هەولێر لەدایكبووە، دەرچووی كۆلیژی ئاداب بەشی خوێندنی ئیسلامی، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەبواری ڕۆژنامەگەری و ئازادیەكانی، ساڵی ١٩٨٧ دەستی بە كاری هونەری كردووە، ئەندامی (تیپی شانۆی بەڵێن) بووە سەربە (دار الفن)، ساڵی ١٩٩٣ تا ١٩٩٥ بەشدار بووە لە بەرنامەی وێستگەی تەلەفزیۆنی كەناڵی زەحمەتكێشان لەگەڵ (حەمە سوار عەزیز/ باواجی كۆیی/ ئەیوب جەوهەر/ فاتیح شەریف)، ساڵی ٢٠٠١ لە تەلەفزیۆنی یەكگرتوو بەشداری درامای (كۆچ) كردووە لە نووسین و دەرهێنانی ئەسامە جەمیل، دواتر چەندین درامای تری ئەنجامداوە، ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٠ كارمەندی تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان بووە، پاشان ساڵی ٢٠١٠ دەبێتە كارمەندی كەناڵی ئاسمانی سپێدە تا شوباتی ٢٠١٨ لەو ماوەیە چەندین بەرنامەی ئامادە و پێشكەش كردووە لەوانە (١٠٠ هەزار/ بەرەو مەككە/ ڕۆژێك لەتەمەن/ لەگەڵ هونەرمەند/ قەڵاو منارە/ دیدار/ دیمانە)، هەر لەوماوەیە پێشكەشكاری بەرنامەی ڕۆژانەی (ئەمڕۆی شارەكەم) بووە لە تەلەفزیۆنی یەكگرتوو.




**كارە هونەریەكانی** (دەرمانی زامەكانم ١٩٨٧) (هاوڕێیانی ڕێباز ١٩٨٩) (ئەفسانەی میر كیژی چین ١٩٨٩) (دكتۆر و نەخۆشەكانی ١٩٨٩) (بەرتیل ١٩٩٣) (كۆچ ٢٠٠١) (ڕووەو تیشك ٢٠٠٤) (پۆلۆس قەیسەر ٢٠٠٥) (كوشتن ٢٠٠٦) (ئازارەكانی بارام ٢٠٠٦) (دەربچی ٢٠٠٧) (ئاژاوەچییەكان ٢٠٠٧) (باوەش ٢٠٠٨) (مۆبایل ٢٠٠٨) (یابە ٢٠٠٨) (لێدە عەلۆ برنجە ٢٠٠٨) (دوكەڵی مەرگ ٢٠٠٨) (نزا ٢٠٠٨) (قەرپ ٢٠٠٨) (هێلانە ٢٠٠٨) (ئاگر ٢٠٠٨) (دراوسێ ٢٠٠٨) (گۆڕان ٢٠٠٨) (خوێن ٢٠٠٨) (دۆڕاو ٢٠٠٨) (بەخشین ٢٠٠٨) (پەرژین ٢٠٠٨) (پرس ٢٠٠٨) (تۆ بڵێی وابێ ٢٠٠٩) (ونبوەكان ٢٠١٨).

---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی ئەنجامداوە لەبارەگای تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان كەناڵی هەولێر لەساڵی ٢٠١٢



## هێمن حەمەد ڕەشید – ئەکتەر

هونەرمەند (هێمن حەمەد ڕەشید) ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی سلێمان بەخشان لەناوچەی کەندێناوە سەرگەڕان شارۆچکەی مەخموری شاری هەولێر لەدایکبووە، عەشیرەتی (مامەسێنی) یە، ساڵی ١٩٧٦ هاتونەتە هەولێر نیشتەجێی گەڕەکی (٩٢) بوونە، قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواوکردووە، دەرچووی ئەندازیاری بەشی گەیاندن ٢٠١٧ – ٢٠١٨، لە ٢٠٠٢/١١/١١ هاوسەرگیری کردووە، ساڵی ١٩٨٧ دەستی بەکاری هونەری کردووە بە شانۆگەری (ئەفسانەی میر کیژی چین) لە دەرهێنانی ئەرسەلان سابیر هێلەوەیی، ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ دامەزراندنی تیپی نواندنی هێمن دەچێتە ناو ئەو تیپە، ئەندامانی ئەو تیپە پێکهاتبوو لەهونەرمەندان (عەدنان عوسمان/ کەیفی ئەحمەد خۆشناو/ سامی شاکر/ مەهدی حەسەن)، یەکەم بەشدار بوونی لەو تیپە شانۆگەری (هاوارێکی تاساو) بوو،.

**بەرهەمە شانۆییەکانی** (هاوڕێیانی ڕێباز ١٩٨٨) (بڕیاری دادگا ١٩٨٨) (زڕەی زەنگوڵەکان ١٩٨٩) (هاواری سەرکەوتن ١٩٨٩) (تەڵەی مردن ١٩٩٠) (خەزان ١٩٩٠) (نرخی ئازادی ١٩٩١) (حوکمی قەرەقۆش ١٩٩٤) (شەوی لەدایکبوونی پەپولە ٢٠٠٤) (زبڵدان ٢٠٠٥) (دزەکان ٢٠٠٦) (قوتابخانەی گەورەکان ٢٠٠٦) (جمك ٢٠٠٦) (ڕۆتین ٢٠٠٦) (لەپەنجەرەوە ٢٠٠٦)،



**بەرهەمە تەلەفزیۆنەکانی** (نرخی ئازادی ١٩٩٢) (کەوەکانی قەرەچوغ ١٩٩٣) (چاوەڕوانی مردوێك ٢٠٠٣) (سێدارە ١٩٩٥) (ژوان ٢٠٠٥) (گێلە پیاو ٢٠٠٥) (ڕەحمەتی ٢٠٠٦) (کەونە دەرکە ٢٠١١) (ئەناهیتا ٢٠١٢) (ونبوەکان ٢٠١٧)،

**فلمی سینەمایی** (سێ گۆشەی مەرگ).

---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٨/١٤



## ئەحمەد عەدۆ – ئەکتەر

ناوی تەواوی (ئەحمەد جەوهەر عەدۆ) یە، ساڵی ١٩٦٨ لە گەڕەکی ئازادی شاری هەولێر لە دایك بووە، لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی (قوشاغلۆ) ن، عەشیرەتی بندیان، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لەو گەڕەکە تەواو کردووە، ساڵی ٢٠٠٩ هاوسەرگیری کردووە، ساڵی ١٩٨٨ دەستی بەکاری هونەری نواندن کردووە بە شانۆگەری (هاوڕێیانی ڕێباز) لە نووسینی هێرش عەبدولوەهاب حاجی و دەرهێنانی ئەرسەلان سابیر هێلاوەیی، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە، فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆیە،

**بەرهەمە شانۆییەکانی** (هاوڕێیانی ڕێباز ١٩٨٨) (زرەی زەنگوڵەکان ١٩٨٩) (شەمۆ و شەماڵ ١٩٨٩) (با لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین ١٩٩١) (وەی لەو بەرەڵڵاییەی بمرم ١٩٩٢) (ئاگر کوژێنەوەکان ١٩٩٥) (پەپۆ ٢٠٠٨) (دادگا ٢٠١٠) (بۆیاغچی ٢٠١١) (خەڵتانی خوێن ٢٠٠٥) (پێشەوا ٢٠٠٩) (چایخانەی عەبۆ ٢٠١٢) ،

**زنجیرە دراماکان** (گەمەی خەونە ئازادەکان ٢٠٠٣) (بیری ژمارە ٣ – ٢٠٠٥) (فرمێسك ٢٠١٠) (کەونە دەرکە ٢ – ٢٠١٠) (گەردەلول ٣ – ٢٠١٣)،





---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١٠/١٣




## بەیان عەلی – ئەکتەر

ناوی تەواوی (بەیان عەلی محەمەد) ە، ساڵی ١٩٧١ لەشاری سلێمانی لە دایکبووە، دەسپێکی هونەری لەپەیمانگای هونەرەجوانەکان دەستی پێکردووە لەساڵی ١٩٨٨ بەشانۆگەری (کەللە سەر) لەو کاتەوە بەردەوام بووە، بەشداری چەندین شانۆگەری کردووە لەوانە (حەمەدۆك) (فەرهاد و ئەزمونێکی نوێ) (گۆڕستانێکی نوێ) (کوێخا)، وەهەروەها بەشداری لە فیلمی (نامۆ) (شیرین و فەرهاد) (گوڵچین و خەیاڵەکانی ڕۆستەم) کردووە، بەشداری لە زنجیرە دراماکانی (گەردەلوول) (ساتەکانی ژیان) (خۆرنەوازان) (خەمی چۆلەکەکان) (مناڵەکانمان) کردووە، لەساڵی ١٩٩٣ وە مامۆستای باخچەی ساوایانە، چەندین شانۆگەری منداڵانی دەرهێناوە، ساڵی ١٩٩٤ خەڵاتی پێبەخشراوە وەك کچ لە شانۆگەری (فەرهاد)،



لەسەر داوای خۆم ئەم ژیاننامەی لەڕیگای مێسنجەر بۆ ناردووم لە ٢٠١٨/١/١٠ لەگەڵ ڕێزم بۆی.




# عەبدولڕەزاق بۆتانی – ئەکتەر

ناوی تەواوی (عەبدولڕەزاق عەبدوڵلا محەمەد) ە، ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی تەعجیلی شاری هەولێر لە دایکبووە، تا پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە، لەبەر کۆچی دوایی باوکی نەیتوانییوە لە خوێندن بەردەوام بێت، ساڵی ١٩٧٤ بووەتە پۆلیس، لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی خولیای نواندنی هەبووە، ساڵی ١٩٨٨ لە ڕێگای مامۆستا (تەلعەت سامان) دێتە ناو هونەر، ساڵی ١٩٩١ دوای ڕاپەڕین لەناو بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان تیپێك دادەمەزرێنن بەناوی (تیپی شانۆی ئاشتی) بەسەرپەرشتی سیروان شێرە، هەر لەو ساڵەدا شانۆگەری (ئەوەی نەبیسترا دیترا کوردستان سنوقێکی عەجایبە) نمایش دەکەن و ڕۆڵی سەرەکی تیا دەبینێت، چەندین کاری شانۆیی و درامایی و سینەمایی ئەنجامداوە، ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراقە، بەزمانی (کوردی و عەرەبی و تورکمانی) کاری هونەری کردووە، ساڵی ١٩٩٧ هاوسەرگیری کردووە، دوو کچ و کوڕێکی هەیە، لە تەلەفزیۆنی هەرێم کاری هونەری کردووە بەزمانی تورکمانی لەگەڵ هونەرمەندان (فەرهاد هەقسوس – عەلی عەبدولباقی – غەمگین هەولێری – فەرحان یەڵدز – سلێمان بیغلی)، لەو ساڵەدا لە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان (تیپی شانۆی پێشکەوتن) دادەمەزرێنن بەسەرپەرشتی عەلی عەبدولباقی و خۆی سەرپەرشتی ڕاگەیاندن بووە، لەهەمان ساڵ لەم تیپە شانۆگەری (شۆڕشی ئەیلول شۆڕشی پۆلیسە) نمایش دەکەن بۆ یادی ٤٥ ساڵەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان،



ئەم ژیاننامەم لە (شیرین عەبدولڕەزاق) کچی هونەرمەند وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٨/٣٠



## کاوه حەسەن – ئەکتەر

ناوی تەواوی (کاوە حەسەن سلێمان) ە، سالّی ١٩٦٧ لە گەڕەکی کورانی شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی جمهوری و ناوەندی لە ١٤ی تەموز تەواوکردووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەساری بەشی کارەبایە لەسالّی ١٩٨٨، دواتر کۆلیژی پۆلیس سالّی ٢٠٠٧ تەواو دەکات، لە مانگی ١٢ ی سالّی ١٩٩٤ هاوسەرگیری کردووە، سالّی ١٩٨٨ دەستی بەکاری نواندن کردووە لەگەڵ تیپی شانۆی بەلێن بەشانۆگەری (شەمەو شەماڵ) لە نووسینی سەعدی عەلی و دەرهێنانی ئەرسەلان سابیر هێلەوی، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە لقی هەولێر، ئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی هەولێرە، بەشداری فلیمی حیدەر مەستەڕەی کردووە، بەرنامەی (کەرنەڤالّی ئازادی) پێشکەش کردووە لە تەلەفزیۆنی (ئازادی)، خاوەنی بەرنامەی (هەگبەی دێوەرە) یە لە تەلەفزیۆنی خێزان)، لەگەڵ دەرهێنەران (تەڵعەت سامان/ فەرهاد شەریف/ هیوا سوعاد/سەباح عەبدولڕەحمان/ موئەیەد فەقێ/ سەلاّح محەمەد عەلی/کەریم بایز/ ئازاد دڵپاك) کاری کردووە،



ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٤/٩

## سامی شاکر – ئەکتەر

ناوی تەواوی (سامی شاکر حەمەد) ە، ساڵی ١٩٧١ لە هەولێر لە دایکبووە، دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری بەشی گەیاندن و کۆمپیوتەرە، ساڵی ١٩٨٩ دەستی بەکاری هونەری کردووە، ئەندامی (کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی) ە، لەگەڵ دەرهێنەران (تەڵعەت سامان/ موئەیەد فەقێ/ عەدنان عوسمان/ حەمە عەلی خان/ جوان بامەڕنی/ ئەمیر تەها/ فەیسەڵ میقداد/ فەرهاد شەریف/ کەرمۆك/ هەورەمان کاکە/ عەبدولخالق ساڵح/ کەریم بایز) کاری کردووە.



**بەرهەمەکانی** هاواری سەرکەوتن/ تەڵەی مردن/ نرخی ئازادی/ کەوەکانی قەرەچوغ/ چەقۆ/ هەڵۆکان/ حوکمی قەرەقۆش/ سێدارە/ ڕێنمایی تەندروستی/ کشومات/ خاڵی مردن/ بێسەرپەرشتان/ لەچاوەڕوانی لێفت/ دۆڵچی/ دۆڕاوو براو/ لە دێرینان/ ڕوتانەوە/ کوردستانی بریندار/ مەرگ.

---

سەرچاوە – لەسەر داوای خۆم بەڕێزیان ئەم ژیاننامەی بۆ ناردوم لەڕێگەی ماسنجەر لە ٢٠١٨/٢/٤



## هەڤاڵ قەرەچوغی – ئەکتەر و فۆتۆگرافەر

ناوی تەواوی (هـەڤاڵ مـەحمود مسـتەفا) یـە، سـاڵی ١٩٧١ لە شارۆچکەی مەخموری سەر بە شاری هـەولێر لـە دیك بووە، ساڵی ١٩٩٠ دەستی بەکاری هونەری کـردووە، بەشـداری لـە چـەند شـانۆگەری و فلیمـی سـینەمایی و ڤیسـتیڤاڵ کـردووە، ئەنـدامی کۆمەڵـەی هونـەرو وێـژەی کوردی مەڵبەندی گشتی هـەولێرە، هونەرمەنـدان (خالیـد بەرزنجی و غازی شینە) هاوکاری و پاڵپشتی بوونە بۆ کاری هونەری،

**بەرهەمەکانی** (شانۆگەری خۆری سەربەستی ١٩٩١) (فلمی سینەمایی هەنسـکی ئاسمـان) (درامای خەجە گەڕۆك) (دەنگـی شـۆڕش – دەرهێنـانی ئـەمیر تـەها) (فیلمـی سـپی سـپی دەرهێنانی سامی کاکە) (زنجیرە درامای وون بوەکان لە نووسین و سیناریۆ و دەرهێنانی جەوهەر ئەنوەر ڕەشید ٢٠١٨)



لەسەر داواکاری خۆم ئەم ژیاننامەی لەڕێگەی ماسنجەر بۆ ناردوم لە ٢٠١٨/٥/٢٣



## بەهادینی حەلیم /ئەکتەر

ناوی تەواوی (بەهادین عەبدوڵڵا ئیبراهیم) ە، ساڵی ١٩٥٣ لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لە دایکبووە، دەرچووی ئامادەییە، ساڵی ١٩٧٩ کۆلیژی کشتوکاڵ تەواو دەکات، لەمسەرو بەندەدا لەگەڵ ئەندامان و کادیرانی ڕێکخستنەکانی (ی ن ك) تێکەڵاو دەبێت، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندییان پێوە دەکات، لە ١٩٨٠/١/٢٠ ڕوو دەکاتە شاخ دەبێتە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٨٦ لێپرسراوی مەکتەبی سەربازی (ی ن ك) بووە، ساڵی ١٩٩٣ لێپرسراوی ئیدارەی مەکتەبی سیاسی لە ئەستۆ بووە، ساڵی ١٩٩٠ هاوسەرگیری کردووە، دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەرفەت بۆ بەهادین ڕەخسا کە بەهرە هونەرییەکانی تیادا بتەقێتەوە و ببێتە ئەو ئەکتەرە بەناوبانگە، سەرەتا لە بەرنامەی (کەشکۆڵی) دەستی پێکرد لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، بەشداری چەندین کاری شانۆیی و درامای تەلەفزیۆنی کردووە، وەك (گەردەلول و نامەکانی ئەشرەف)، بەداخەوە لە دووەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا لە ٢٠٠٩/٩/٢١ کاتێك بۆ سەردانی کەسوکار و ئازیزانی سەردانی شاری ڕانیەی کردبوو لەوێ بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕ گیانی لەدەستدا.



---

سەرچاوە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ٢٠٠٩



## عوسمان بیراوەیی – ئەکتەر

ناوی تەواوی (عوسمان ئیسماعیل داود) ە، ساڵی **١٩٧٢** لەگوندی (بیراوە) ی سەر بەناحیەی بالیسانی قەزای شەقلاوەی شاری هەولێر لە دایکبووە، ساڵی **١٩٧٧** هاتونەتە هەولێر و چووەتە قوتابخانە، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، ساڵی **١٩٩١** دەستی بەکاری هونەری کردووە بەشانۆگەری (کێ شێتە کێ تاوان بارە)، ئەندامی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێرە، لەگەڵ دەرهێنەران (کاوە کەریم/ کامەران عەبدولکەریم/ تەڵعەت سامان/ هیوا سوعاد/ هەورامان کاکە/ یوسف یوسفی) کاری کردووە، لە **١٩٩٤/٧/٨** هاوسەرگیری کردووە (٥) کچ و (٢) کوڕی هەیە،

**بەرهەمەکانی** (کێ شێتە کێ تاوان بارە ١٩٩١) (دوا سکاڵا ١٩٩٢) (یۆلیۆ سیزەر ٢٠٠٥) (پانۆرامای شارەکەم ٢٠٠٨) (لە دیری نان) (هەموومان پێشمەرگەین) (خوشەویستییەك بۆ کوردستان) (هەڵەبجە) (بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم) (ئاڵای سەربەخۆیی) (توندوو تیژی) (نەورۆزێکی تر) (خەجە گەڕۆك) (بێ سەرپەرشتان) (وون بوەکان ٢٠١٧)،



ئەم ژیاننامەن لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١٠/٦




## مازیچن عەزیز – ئەکتەر

ناوی تـەواوی (مازیچـن عـەزیز فەقێ یوسـف) ە، سـاڵی ١٩٦٩ لـە شارۆچکەی ڕواندز لە دایکبـووە، لـە گەلاڵـەی باڵەکایـەتی گـەورە بـووە، برازای هونەرمەنـدی شـەهید (تـەها فەقێ یوسف) و ئامۆزای هونەرمەنـد (موئەیـــەد فـــەقێ) یـــە، لـــە ١٩٩٢/٧/١٦ هاوسەرگیری کردووە، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، لەبـەر ئـەوەی بـرای و مـامی (تـەها فەقێ یوسف) پێشمەرگە بوونە و ئەویش نەبۆتـە بەعسـی نـەیتوانیووە بچـێتە (خانـەی مامۆسـتایان) وازی لەخوێندن هێناوە، ساڵی ١٩٩١ بە شانۆگەری (مەرگی بەختەوەری) لە دەرهێنانی مامۆستا (زرار مسـتەفا) لە ڕواندز دەستی بەکاری هونەری کردووە، دوای ئەوە بـەهۆی بـاری خێزانـداری و شـەڕی نـاوخۆ لـە هونـەر دادەبڕێ، ساڵی ٢٠١٠ جارێکیتر دەگەڕێتەوە ناو هونـەر لەگـەڵ هونەرمەنـد (موئەیـەد فـەقێ) و بەشـداری زنجیرە درامای (ڕەوتی ژیان) دەکات لە دەرهێنانی (مەهدی حەسەن)، فەرمانبەرە لە فەرمانگەی دادنووسی.

**بەرهەمە سینەماییەکانی** (سیمای خۆڵەمێش – شاخەوان ئیدریس) (بیرەوەریەکانی سـەر بـەرد – شەوکەت ئەمین) (دابەزین هەیە) (فڕینی بەرد – هەردی حەسەن عەلی)،

**بۆ تەلەفزیۆن** (زەق زەقە) (ڕەوسەی ڕەسەن – کەناڵی ڕەسەن) (هەگبەی دێوەرە – کەناڵی خێـزان) (بانەکەی هیوا – جانۆ ڕۆژبیانی) (ونبوەکان – جەوهەر ئەنوەر ڕەشید).




ئەم ژیاننامەم لەگەڵ خۆی سازکردووە لە ٢٠١٨/٥/٢٠



## بەکر نەبی – ئەکتەر و فۆتۆگرافەر

ناوی تەواوی (ئەبوبەکر نەبی مەحمود) ە، ساڵی ١٩٧٢ لە گەڕەکی مەنتکاوەی شاری هەولێر لە دایکبووە، بەڕەچەڵەك خەڵکی گوندی بایزاغای ناوچەی کۆیێن، دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنە لەساڵی ١٩٩٢، لە ١٩٩٢/٥/١٥ دەستی بەکاری نواندن کردووە بەشانۆگەری (سەدام لەبەردەم دادگا)، وەهەروەها چەندین پێشانگای فۆتۆگرافی کردۆتەوە،

**بەرهەمەکانی** (سەدام لەبەردەم دادگا ١٩٩٢) (سروودی کەرگ ١٩٩٢) (کۆتری سپی ١٩٩٣) (قوتابخانەی ئاژاوەچییەکان ١٩٩٣) (حوکمی قەرەقۆش ١٩٩٤) (ئەوی نەبیسترا دیترا ١٩٩٤) (پانۆرامای کوردستانێکی بریندار ١٩٩٥) (سێدارە ١٩٩٥) (چەپکێ گوڵ ١٩٩٦) (دڕندەکانی هەڵەبجە ١٩٩٦) (هەڵەبجەی زامدار) (بەرنامەی ڕەنگا و ڕەنگ لەتەلەفزیۆنی سۆشیالیست ١٩٩٦) (پیلان ١٩٩٧) (قەلاّی دم دم) (گوریس) (هەڵۆکانی ڕاپەڕین) (دوو برا).



---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٦/١٤



## ژیلوان تاهیر – دەرهێنەر

ناوی تەواوی (ژیلوان تاهیر باپیر) ە، ساڵی ١٩٦٦ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، بەرەچەلەك هەنارەییە، دەرچووی کۆلیژی هونەرەجوانەکانی بەغدا بەشی دەرهێنان، ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر بووە، لە ساڵی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٤ سەرۆکی بەشی شانۆ بووە لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر، لە ساڵی ١٩٩٢ وە لەم کەناڵە تەلەفزیۆنانە وەك دەرهێنەر کاری کردووە (گوڵان/ سەتەلایتی کوردستان/ زاگرۆس/ هەرێم)، لەهەمان ساڵ لە ڕادیۆی قوتابیان و لاوان ئامادەکار و نووسەر و دەرهێنەر بووە لە بەرنامەی (جەماوەری)، ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٨ بەڕێوەبەری سەتەلایتی نەورۆز بووە، ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی ماستەری وەرگرتووە لە دەرهێنان، ساڵی ٢٠١٦ بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە لە تەکنیکی سینەما و شانۆ، ٣٦ شانۆگەری دەرهێناوە، ٤ زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی دەرهێناوە، ٦ کورتە فیلمی دەرهێناوە، ٦٠ کلیپ و بەرنامەی هەمەڕەنگی دەرهێناوە، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانە، سەرۆکی گروپی شانۆڤانی کوردە، سەرۆکی بەشی سینەما و شانۆی کۆلیژی هونەرەجوانەکانی هەولێرە،



سەرچاوە – لەسەر داوای خۆم بەڕێزیان ئەم ژیاننامەی بۆ ناردوم لەڕێگەی ماسنجەر لە ٢٠١٨/١/٧



## کارۆخ ئیبراهیم / ئەکتەر و دەرهێنەر

ناوی تەواوی (کارۆخ ئیبراهیم حەکیم) ە، ساڵی ١٩٨٢ لە شاری هەولێر لـەدایکبووە، دوو بڕوانامەی دیبلۆم و بەکالۆریۆسی لە بواری شانۆ بەدەست هێناوە، ساڵی ١٩٩٢ یەکـەم کـاری هونەری بەشانۆگەری (گورگ و مەڕ) لە چالاکی قوتابخانەکان بووە، دواتر شـانۆگەری (نرخـی ئازادی) لەساڵی ١٩٩٣، سەرۆکی گروپی گەنجە و مامۆستایە لە پەیمانگای هونەرە جوانـەکانی هەولێر، کارۆخ ئیبراهیم کوڕی هونەرمەندی گەورەی شاری هەولێر ئیبراهیم حەکیمە، مامۆستا کارۆخ یەکەم کاری هونەری وەك ئەکتەر بۆ تەلەفزیۆنی (گەلی کوردستان) لە ساڵی ١٩٩٣ لـە زنجیرە درامای (کەوەکانی قەرەچـوغ) بەشـداری کـردووە لـە نووسـین و دەرهێنـانی مامۆسـتا (تەڵعەت سامان)، بەشداری (٢٣) بەرهـەمی شـانۆیی وەك نوانـدن و زیـاتر لـە (٣٠) کـاری شانۆیی وەکو دەرهێنەر و (٢٦) دەقی شانۆیی نووسیوە و کاری دەرهێنانی بۆ کردووە،




سەرچاوە — لەیەکێ لەرۆژنامەو گۆڤارەکان - دواتر زانیاری زیاتر لەخۆیم وەرگرتـووە لـە ٢٠١٨/٨/٢٩



## موسعەب جەمیل / ئەکتەر و دۆبلێر

ناوی تەواوی (موسعەب جەمیل عەلی پیرداود یوسف عەبـدوڵلاّ بەگ) ە، سـاڵی ١٩٧٦ لـە شـاری هـەولێر لـەدایکبووە، دەرچـووی کۆلێژی ئاداب بەشـی مێـژووە، مامۆسـتای ئامادەییـە، کارمەنـدی کەناڵی ئاسمانی سـپێدەیە، سـاڵی ١٩٩٢ دەسـتی بـەکاری هونـەری کـردووە لـە ڕێگـەی سـروودی ئـایینی، سـاڵی ١٩٩٤ لـە ڕادیـۆی یەککگرتوو دەنگی هەولێر دەست بەکار بووە دوو بەرنامـەی ئامـادە و پێشکەش کردووە (ژیانی پێغەمبەری مەزن) و (ژیاننامـەی هاوەڵـەکانی پێغەمبـەر)، سـاڵی ١٩٩٦ وەك کارمەند لە بەشی دۆبلاژ لە تەلەفزیۆنی یەککگرتوو دامەزراوە، بەشداری کردووە لە دۆبلاژ کردنی زیـاتر لـە (٢٠٠) کورتە کارتۆنی بۆ منداڵان، هەروەها سەرپەرشتی دۆبلاژ کردنی هەر دوو زنجیرە کارتۆنی (سـالی) و (بێل و سباستیان) کردووە، ساڵی ١٩٩٧ بۆ یەکـەمجار ڕۆڵـی کەسـایەتی (کەروێشـکە فەنـدی) بینیـوە و چەندەها بەرنامەی ڕاستەوخۆی بۆ منداڵان پێشـکەش کـردووە، چـەندین مەنـەلۆجی بـۆ منـداڵان تۆمـار کردووە، ساڵی ١٩٩٨ هاتۆتە نـاو بـواری درامـا لـە ڕێگـەی فیلمـی (وێـران) لـە نووسـین و دەرهێنـانی هونەرمەند ئوسامە جەمیل، لە هەمان ساڵ بەشداری لە زنجیرە درامای ڕادیۆیی (هەیاسی دوڕناس) کـردووە لە نووسین و دەرهێنانی ئوسامە جەمیل، ساڵی ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ بەشداری لـە بەشـی یەکـەم و دووەمـی زنجیرە درامای (کۆچ) کردووە، سـاڵی ٢٠٠٦ بەشـداری لـە زنجـیرە درامـای (ئازارەکـانی بـارام) کـردووە، هەروەها بەشداری چەندین کورتە درامای کردووە وەك (مێوان و مانگا) (مۆبایـل) (بەخشـین) (دووکـەڵی مەرگ) (جەرگ) (باوەش) (گۆڕان) (پەرژین) (دۆڕاو) (قەڵپ) (لێدە عەلۆ برنجە) (خـەیاڵ پـلاو) (دراوسـێ) (لێزەر) (ماری نەخۆری لۆ چەکمە سۆری) (هێلانە) (خوێن) (ئاگر) (نزا) (دەرپچی).





ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لەساڵی ٢٠١١



## بەهادین هەڵەبجەیی / ئەکتەر

ناوی تەواوی (بەهادین نوری ئەحمەد) ە، ساڵی ١٩٥٦ لە هەڵەبجە لە دایکبووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانییە، ساڵی ١٩٦٠ بەهۆی کاری سیاسی باوکییەوە دەگوازرێنەوە شارۆچکەی مەخمور و نیشتەجێی دەبن، دیارە ئەوکات بەهادین ئەو ساڵی خوێندنی لە دەست چووە، ساڵی ١٩٦١ دەچنە ناحیەی گرمەی ناوچەی فەلوجە، ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێنەوە هەڵەبجە، ساڵی ١٩٧٧ دەچنە سلێمانی و بەتەواوی لێی نیشتەجێدەبن، لە کارەساتی هەڵەبجە باوك و دایکی و (٣) براو (٥) خوشك و (٥) خوشکەزای شەهید دەبن، سەرەتای کارە شانۆییەکانی لەگەڵ تیپی شانۆی هەڵەبجە دەست پێکردووە، ساڵی ١٩٩٣ یەکەمین کاری درامی (قوربانی) بوو کە لە نووسین و دەرهێنانی (نەجم هۆگر) ە، ئیتر لەو کاتەوە هونەرەکانی سینەما و دراما و شانۆی پێکەوە گرێداوە و کاری بۆ دەکات،



سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و برێك زانیاری لەشاعیر سەرداری مام عەولاّ ٢٠١٨



## ڕزگار عەبدولڕەزاق / ئەکتەر

ناوی تـەواوی (ڕزگـار عەبـدولڕەزاق شەمسـەدین) ە، لـە ١٩٨٤/٤/١١ لــە گــەڕەکی نەسـیجی شـاری هــەولێر لــە دایکبووە، کوڕی هونەرمەنـد (عەبـدولڕەزاق شەمسـەدین) ە، خوێنـدنی سـەرەتایی لـە قوتابخانـەی کـۆڕەك و ناوەنـدی لـە قوتابخانەی سەربەسـتی تـەواو کـردووە، دەرچـووی پـەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێرە بەشی شانۆ لە ساڵی ٢٠٠٥، پاشان دەبێتە مامۆستا، دواتر دەچێتە کۆلێژی هونەرەجوانەکان هەر لەبەشی شانۆ بڕوانامە بەدەست دێنێ، لە ٢٠٠٧/٦/٢٧ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، یەکەم بەرهەمی تەمەنی (٩) ساڵ بـووە بەشـداری درامـای (٣ کەللـە پـوچ) کردووە لە نووسینی شێرزاد پـۆلیس و دەرهێنانی تەڵعەت سامان،



**کارەکـــانی/** (٣ کەللـــە پـــوچ) (سـێدارە) (مەحشـەری کچـەکان) (سواڵکەرەکە) (فـەرهاد و ئـەوینێکی تر) (ژوان) (هەناسە بەبۆنەی هەڵەبجە) (کۆچ) (ئازارەکانی بارام) (گەمەی خەونـە ئازادەکان) (ڕەشەبای مەرگ) (خۆر) (من و شێت) (خـانزادی مـیری سـۆران) (مـەمی ئالان) (لێدە عەلۆ برنجە) (ئاگر) (نـزا)، - - وەك دۆبلاج (بەرەو هیواکان / عەبدی) و چەندینی تر.





---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لەساڵی ٢٠١١



## گۆڤار ئەنوەر /ئەكتەر

ناوی تەواوی (گۆڤار ئەنوەر ڕەسول) ە، ساڵی ١٩٧٨ لە گەڕەكی كورانی شاری هەولێر لە دایكبووە، ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ (حەنان خان) هاوسەرگیری كردووە، ساڵی ١٩٩٣ دەستی بەكاری هونەری كردووە بە شانۆگەری (دكتۆر نەخۆشم) لە نووسین و دەرهێنانی خۆی و ڕۆڵیشی بینیوە، دواتر هەر لەئامادە و دەرهێنانی خۆی شانۆگەری (جەوهەر سەلیم سەرمایەدار) نمایش كردووە و ڕۆڵیشی بینیوە، لەگەڵ چەندین دەرهێنەر كاری كردووە وەك (تەڵعەت سامان/ هیوا سوعاد/ سەباح عەبدولڕەحمان/ فەرهاد شەریف/ كامەران حاجی ئەلیاس/ ژیلوان تاهیر/ مەهدی حەسەن/ شەوكەت ئەمین/ حوسێن میسری/ سەلاح حەسەن/ موئەیەد فەقێ/ تاریق ئاكرەیی/ هاوار حەمید)، بەشداری چەندین كاری هونەری كردووە وەك ئەكتەر لەوانە (ژوان/ خەندەی گورگ/ تەلاری مەزن/ ڕەحمەتی/ مەزاد خانە/ گێلە پیاو)، فەرمانبەرە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری – بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ،



سەرچاوە – لەگەڵ ئەوەی لەڕۆژنامەی چیانامەیم وەرگرتووە، دواتر لەڕێگای ماسنجەر هەندێك زانیاری زیاتری پێدام ٢٠١٨



## نەوزاد حاجی شووشە – ئەکتەر

هونەرمەند (نەوزاد حاجی شووشە) ساڵی ١٩٧٥ لە گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئاسۆ و ناوەندی لە ٧ ی نیسان تەواوکردووە، ساڵی ١٩٩٨ – ١٩٩٩ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر تەواو دەکات، لەهەمان ساڵ بەمامۆستا دادەمەزرێت لە قوتابخانەی (بەردین) لە شەقلاوە، پاشان لەساڵی ٢٠٠٠ دەگوازرێتەوە باخچەی ساوایانی (چیمەن) لە هەولێر، ساڵی ٢٠٠١ چووەتە چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر، چەندین شانۆگەری نووسیوە وەك (سکالاَ ١٩٩٣) (سۆزی هیوا ١٩٩٥) (منداڵ و کار ٢٠٠٤) (ماف ٢٠٠٥) (هەڵوەستە ٢٠٠٥) (میوەکان ٢٠٠٧) (دکتۆر ٢٠٠٧) (چوار ئەکتەر ٢٠٠٧) (دادوەر ٢٠٠٨) (گۆڕان دەکەین ٢٠٠٨) (گوڵ چاندن ٢٠٠٨) (وانەیەك لەخەباتی بارزانی ٢٠٠٨) (ڕۆژنامە ٢٠٠٩) (ژینگە پاراستن ٢٠٠٩) (قوتابی ژیر ٢٠٠٩) (پاك و خاوێنی ٢٠٠٩) (نەورۆز ٢٠١٠) (بەشە ناوخۆی حەمید بەگ ٢٠١٠) (تورسکان ٢٠١١) (فیسبووك ٢٠١١) (پاشاو ووشە ترێ ٢٠١٢) (ئەوەی باشە دەبێتە پاشا ٢٠١٢)، چەندین کورتە شانۆی منداڵانی نووسیوە بۆ ڤیستیڤاڵ و یادەکان دەرهێنانی بۆ کردووە وەك (دادگای زانست/ چۆلەکە و گوڵ/ ڕەزا شوانی ٢٠١٠/ چۆلەکە و مرۆڤ ٢٠١٠/ تیتیل و بیبیل/ سیمین چایەچی ٢٠١١/ سندوقی ئەفسوناوی/ رەوزە سەلیمی ٢٠١٢/ شانۆ لەناو شانۆدا/ ژینگە و بڕیارێکی ژیرانە/ یەکی شەبات)، وەك ئەکتەر بەشداری کردووە لە شانۆگەری (ئۆتیللۆ/ شتەکانی ئەم ڕۆژگارە/ پەرت بوون/ بەرەو خۆر/ کەچەڵ کەچەڵ قاقە/ دڵدارێکی

قرچۆك/ پەپو/ باوکێکی لاسار/ گۆڕەپانی دیموکراسی/ راشەمون/ شۆڕشی ٢٦ ی گولاّن)، وەك ئەکتەر بەشداری کردووە لە دراماکانی (ترس و ئەڤین/ ڕۆژی حەوتەم/ پێلاّو/ کۆچی گولاّلەکان/ گەمەی خەونێکی ئازاد مەرگ/ دۆلّچی/ مەم و زین)، مامۆستایە لـە چـالاکی قوتابخانـەکانی هەولێر بەشی شانۆ، سەرۆکی بەشی شانۆ و دەستەی کارگێڕی کۆمەلّەی هونەرو وێژەی کـوردی مەلّبەندی گشتی،



لەسەر داواکاری خۆم ئەم ژیاننامەی بۆ ڕەوانە کردم لەڕێگەی ماسنجەر لە ٢٠١٨/٢/٢٣



## ڕەبیع هەزال / ئەکتەر

ناوی تەواوی (ڕەبیع هەزال سوڵتان) ە، ساڵی ١٩٦٠ لە شارۆچکەی حاجی ئۆمەران لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە ڕەواندوز و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە، پەیمانگای پزیشکی هونەری لە سلێمانی تەواوکردووە، دەرچووی کۆلیژی یاسایە، ساڵی ١٩٨٧ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستانە، بەزمانی کوردی و عەرەبی بابەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو دەکاتەوە، ساڵی ١٩٩٤ لە دەنگی یەکگرتوو ڕادیۆی هەولێر دەستی کردووە بە پێشکەش کردنی کورتە تەمسیلی، لەوانە زنجیرە تەمسیلی (هەیاسی دوڕناس)، پاشان بەشداری دەکات لە چەند کورتە درامایەك لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو لە دەرهێنانی ئوسامە جەمیل، وەهەروەها بەشداری کردووە لەزنجیرە درامای (کۆچ ٢/١) و (ئازارەکانی بارام)، لەگەڵ چەندین کورتە تەمسیلی وەك (خیانەت/ دوژمنداری/ سێبەندی/ لێزەر/ بەخشین/ کونەبا/ دراوسێ/ کرێچی/ دوعای باوك/ دەڕبچی/ یابە)، وەهەروەها بەشداری کردووە وەك دۆبلێر لەم درامانە (عومەر موختار/ رسالە/ سەلاحەدین ئەیوبی/ ستایش/ چێشت لێنەری بە توانا/ بەرەو هیواکان/ مەردی نوقرەی/ دوای باران)،





---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١١



## سامی کاکە – دەرهێنەر

ناوی تەواوی (سامی کاکە عەلی سامی) یە، ساڵی ١٩٧٦ لە شارۆچکەی (مەحمودیە) سەر بە شاری بەغدا لە دایکبووە، بەڕەچەڵەك خەڵکی گوندی (قورشاغلو) ی سەر بە شاری هەولێر، ساڵی ١٩٧٤ خێزانەکەیان ئاوارەی وڵاتی ئێران بوونە لەکاتی نسکۆی شۆڕش، لە گەڕانەوەیاندا بۆ عێراق نەفی شارۆچکەی (مەحمودیە) باشووری عێراق دەکرێن، بۆیە لەوێ لە دایك دەبێت، ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕێنەوە کوردستان، ساڵی ١٩٩٣ لەیەکێتی لاوان کاری کردووە، ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ دروست بوونی دەزگای گوڵان لە تەلەفزیۆنی گوڵان دەستبەکار بووە لەبەشی ستۆدیۆ، پاشان لەهەمان کەناڵ وەك مۆنتێرو وێنەگر و جێبەجێکار کار و دەرهێنەر لە چەندین بەرنامەی هونەری و سیاسی کاری کردووە، لەگەڵ بوونەوەی کەناڵی کوردستان کاری جێبەجێکاری کردووە، لەهەمان کەناڵ لەساڵی ٢٠٠٠ وەك جێبەجێکار و دەرهێنەر کاری لە بەرنامە ڕاستەوخۆکان و تۆمارکراوەکان کردووە، هەر لەهەمان کەناڵ چەندین کلیپی بۆ هونەرمەندانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کردووە وەك (هەردی سەلاح – هۆزان دەروێش – ئالان عومەر – ئەیاد حوسێن – ئەیاد محەمەد – حاجی زاخۆیی – زانا جەبەلی – وشیار مەغدید – حازم بندیان) و چەندینی تر، لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ کاری بۆ سینەما کردووە وەك فلمی (سەناتای بنچە هەڵوەریوەکان) (دادگای سەرانی ڕژێمی بەعس) (بۆیادی ئەوە) (تارمایی) (تیرۆر) (خۆشم دەوێیت هەولێر) لەسەر جینۆسایدیش بەگشتی، لە (٣) کورتە فلم فیکشن کاری کردووە (ئەودیوی تاوان) (دارك دەی واتا ڕۆژی ڕەش) (سپی

سپی)، ساڵی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٤ وێنەگر و دەرهێنـــەری بەرنامـــەی (ئـاواتی شـەهید) بــووە لــە کەناڵی هەرێم و زاگرۆس، کاری دەرهێنانی بۆ سروودی نیشـتمانی کـردووە بـۆ هونەرمەنـدان (هــەردی ســەلاّح ) (وشــیار غــەمبار)، ســاڵی ٢٠١٨ چــووەتەوە بــەر خوێنــدن لــە کۆلیــژی هونەرەجوانەکانی هەولێر بەشی سینەما، ساڵی ٢٠٠١ هاوسەرگیری کردووە،



ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٨/٢٩




## سوهەیب جەمیل / ئەکتەر و بێژەر و دۆبلێر

ناوی تەواوی (سوهەیب جەمیل عەلی پیرداود یوسف عەبدوڵلا بەگ) ە، لە ١٩٧٧/٣/١٥ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٩٣ لەڕێگەی چەند ڕۆژنامەیەك دەستی بەکاری نووسین و چیرۆك نووسین کردووە، پاشان لە ١٩٩٤/٤/٤ دەستبەکار بووە لەدەنگی یەکگرتوو ڕادیۆی هەولێر وەك پێشکەشکار و بێژەر و دەرهێنەر، بەرپرسی بەشی دەرهێنان و دواتر بەرپرسی بەشی هەواڵ، پێشکەشکاری کۆمەڵێك بەرنامە بووە گرنگترینیان بەرنامەی (ڕۆژنامەی ئێزگە/ پشووی هەفتە/ ڕەنگاو ڕەنگ)، لە ڕادیۆ نازناوی (هۆزان عەلی) بووە، بەشداری دەیان زنجیرە کارتۆن و فیلمی دۆبلاژکراوی کردووە، ساڵی ١٩٩٥ تا ٢٠١٠ وەك ئەکتەر لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەچەندین دراما و زنجیرە تەمسیلی ڕۆڵی بینیوە لە نووسین و دەرهێنانی ئوسامە جەمیل وەك (پەشیمانی) (وێران) (کۆچ) (ئازارەکانی بارام)، ژمارەیەك کورتە تەمسیلی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی و جێبەجێکاری کورتە تەمسیلی ڕادیۆیی (هەیاسی دووڕناس) لەساڵی ١٩٩٨، ساڵی ١٩٩٩ بووەتە بێژەری هەواڵەکان لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو کەناڵی هەولێر، ساڵی ٢٠٠٥ بووەتە بەرپرسی بەشی هەواڵ و بێژەر لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو، لە تەلەفزیۆنی یەکگرتووش وەکو دۆبلێر کاری کردووە، ساڵی ٢٠٠٨ تا ٢٠٠٩ بەرپرس و سەرنووسەری هەواڵەکانی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو درێژە بەکارەکانی دەدات، ساڵی ١٩٩٨ بووەتە ئەندامی کارای

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەندامی کۆمەڵەی خۆش نووسانی کوردستان و کۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی کوردستان و دەستەی نووسینی پێشووی ڕۆژنامەی ستاندار، سەر نووسەری گۆڤاری بەختەوەری و بەرپرسی بەشی هەواڵەکانی کەناڵی ئاسمانی سپێدە و بێژەری هەواڵەکان بووە، ساڵی ٢٠١٨ بووەتە هەواڵ ساز و پێشکەشکار لە کەناڵی ئاسمانی خەندان، ئەندامی کارای ڕۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتییە، دەیان بابەتی هەمەجۆری لە بواری ڕۆشنبیری و سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنیەکانی ئینتەرنێت و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان بلاۆکردۆتەوە بە تایبەتی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و یەکگرتوو و دەنگی میللەت و هاوولاتی و ستاندار و ئاوێنە و گۆڤاری نواڵەی نوێ، هەروەها کتێبی وەرگێڕدراوی بەچاپ گەیاندووە، ئەمە جگە لەوەی لەساڵی ١٩٩٦ تا ١٩٩٨ کۆمەڵێك بەرهەمی بۆ کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کورد تۆمار کردووە، بۆ هەریەك لە هونەرمەندان (کەریم بایز و جەمیل سنجاوی و دلێر نووری و مام عەبدوڵلا ئیسماعیل) تۆمارکردووە، لەگەڵ بەرهەمێکی حەیران و لاوك بۆ مام حوسێن کێشکەیی لەساڵی ١٩٩٩،



ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لەساڵی ٢٠١٢ دواتر لەساڵی ٢٠١٨ زانیاری زیاتری پێدام




**یوسف یوسفی – شانۆکار**

ناوی تەواوی (یوسف عەبدولڕەحمان ئیبراهیم) ە، لە ١٩٧٤/١/٧ لە دەشتی هەولێر گوندی سلێمان پەخشیان لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە هەولێر لە قوتابخانەی كنێر لە گەڕەكی مەنتكاوە دواتر قوتابخانەی نیگار تەواو كردووە، ناوەندی لە ئیبن خولەكان تەواو دەكات، لەوێوە یەكەم بەریەكەوتنی هونەر لەگەڵ مامۆستا ڕۆستەم باجەلان دەبێت كەوت فێری ئەلف و بێی هونەر دەبێت، زیاتر شیعر دواتر یەكەم نمایشی شانۆیی لە ساڵی ١٩٩١ لە ناوەندی یەرموك لەگەڵ هاوپۆلەكانی پێشكەشی دەكەن، ساڵی ١٩٩٥ چووەتە پەیمانگای هونەرەجوانەكانی هەولێر لەوێ یەكەم كاری شانۆیی شانۆگەری (مانڤیستی جەنگ) دەبێت، هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم لە بواری نواندنی شانۆیی ٢٠٠١، هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە بواری نواندن و دەرهێنانی شانۆ ٢٠١١، ساڵی ٢٠٠١ دادەمەزرێت وەكو مامۆستا لەسەر پەروەردەی شەقلاوە لە گوندی سەركەند خیلانی، لە ماوەی سێ ساڵی وانە گوتنەوە توانی ببێتە پاڵەوانی ڤیستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانەكانی پەروەردەی شەقلاوە، ساڵی ٢٠٠٧ دەگەڕێتەوە هەولێر، لە بواری شانۆی منداڵان دەستێكی باڵای هەیە توانیوەیەتی چەند خەڵاتێك بەدەست بێنێ دیارترینیان لە ڤیستیڤاڵی عێراق لە شاری كەربەلا خەڵاتی باشترین دەرهێنەری پێبەخشراوە،

**هەندێك لە بەرهەمە شانۆییەكانی وەك ئەكتەر** (مانڤیستی جەنگ – دەرهێنانی ئاری ئاغۆك ٢٠٠٠) (شەوە سپیەكان – دەرهێنانی فەرحان حەسەن) (فاندوولیزی) (حەشارگە)

(عەبدی لات – دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان) (فریشتەیە لە بابل دادەبەزێ – دەرهێنانی ژیلوان تاهیر) (شورای چین – دەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش) (بوکۆڵە – دەرهێنانی واحید مەرجان) (بۆیاغچیەکان یادگاریان نیە – دەرهێنانی نەبەز ئیسماعیل)،

**ئەو بەرهەمە شانۆییانەی کاری دەرهێنانی بۆ کردوون** (چاوەڕوانی گۆدۆ) (دیمەنێکی خامۆش) (وولاتەکەم) (بەڕێوەبەری گەندەڵ) (شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە) (میتامۆرفۆز) (خۆشەویستێك بۆ کوردستان) (مریەمانە) (بێ دەنگی شادی)،

**دەرهێنانی شانۆی منداڵان** (دارستانی بەختیاری – نووسینی تەلال حەسەن) (منداڵ دژی منداڵ – نووسینی دکتۆر مەنسور نوعمان) (گروپی ئەستێرەکانی دارستان – نووسینی عەلی عارف) (بوکە شوشەی فەرامۆش کراو)،



ئەم ژیاننامەم لە خۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١١/١٢



**شاخەوان مستەفا – ئەکتەرو دەرهێنەر**

ناوی تەواوی (شاخەوان مستەفا سمایل) ە، لە ١٩٨٢/٨/٨ لە گەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (ئەڤین) و ناوەندی لە قوتابخانەی (عێراق) لە گەرەکی نەورۆز تەواوکردووە، ساڵی ٢٠٠٢ – ٢٠٠٣ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر بەشی شانۆ و نواندن تەواوکردووە، ساڵی ٢٠٠٩ – ٢٠١٠ زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی هونەرەجوانەکانی هەولێر بەشی سینەما لقی نواندن تەواوکردووە، ساڵی ٢٠١٣ – ٢٠١٤ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی سینەمای بەدەست هێناوە، ساڵی ١٩٩٨ دەستی بەکاری نواندن کردووە، بەشداری لەم کورتە فیلمانە کردووە (من شاهیدم ٢٠٠٦) (ژن بەژن ٢٠٠٧) (بوك و زاوا ٢٠٠٧) (بەرەنگاری ٢٠٠٨) (ئاوێنەی شکاو ٢٠٠٨) (ڕاپۆرت ٢٠٠٩) (پێشمەرگە ٢٠١٥)، فلمی سینەمایی (خۆڵەمێش ٢٠١٤) (فڕین ٢٠١٧)، نواندن (ئۆپەرێتی پێکەوە ژیان ٢٠٠٨)، زنجیرەدراما (مەمی ئالان ٢٠٠١) (خۆر ٢٠٠٥) (بزر ٢٠٠٦ بەرهەمی هاوبەشی کوردستان و ڕوسیا) (ئەنا هیتا ٢٠١٣)، لەبواری منداڵان (ئۆپەرێتی شەمەندەفەری کوردان ٢٠٠٤ ئامادەکردن و دەرهێنان) (ئۆپەرێتی ٣/١٦ هەڵەبجە ٢٠٠٥ دەرهێنان) (ئۆپەرێتی هەڵبژاردن ٢٠٠٥ دەرهێنان) (ئۆپەرێتی دکتۆر و نەخۆش ٢٠٠٦ دەرهێنان) (ئۆپەرێتی مافم دەوێت ٢٠٠٧ بەبۆنەی چەسپاندنی مافی منداڵان – دەرهێنان)، لە بواری شانۆ وەك نواندن (هێما سەرەتاکانی دۆزەخ ١٩٩٨) (ئۆدیب پاشا ١٩٩٩) (سەفەری نامۆ بوون ٢٠٠٠) (نابیناکان ٢٠٠٠) (خوانێك بۆ کوشتن ٢٠٠١ دەقی ماك بیز) (کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار

جاف ٢٠٠١) (ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ ٢٠٠١) (لێو بەبارەکان ٢٠٠٣) (ژەنەڕاڵ ٢٠٠٦)، دوو ساڵ سەرۆکی بەشی شانۆ بووە لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر، ساڵێك یاریدەدەری بەڕێوەبەر بووە لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر، ساڵی ٢٠١٣ بووەتە بەڕێوەبەر لە بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ماوەی (٦) مانگ پەیامنێری تەلەفزیۆنی هەرێم بووە، ساڵی ٢٠٠٦ بۆ ماوەی چوار ساڵ بێژەر بووە لە ڕادیۆی پێشکەوتن، ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ماوەی (٣) ساڵ ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەی (ڕوانین) بووە کە تایبەت بە ئاریشەی گەنج بووە،



ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٦/١٩



## محەمەد نەجات – ئەکتەر

ناوی تەواوی (محەمەد نەجات حەمەد) ە، لە ١٩٨٤/١/٣ لە گەڕەکی کورانی شاری هەولێر لە دایك بووە، ساڵی ٢٠٠١ لە شەرەفخانی بەدلیسی بە شانۆگەری (دوو هاوڕێ ی وون بوو) دەستی بە کاری هونەری کردووە، ساڵی ٢٠٠٣ لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر وەرگیراوە لە بەشی شانۆ، لە ٢٠١٣/٢/١٦ هاوسەرگیری کردووە لە وڵاتی تورکیا، سێ کچی هەیە بە ناوەکانی (لڤین / هیرا / ایصۆ)،

کارە شانۆییەکانی (مامۆستا ٢٠٠٤) (لە چاوەڕوانی گۆدۆ ٢٠٠٦) (سەر شەقام کورسی ٢٠٠٦) (خواز بێنی ٢٠٠٧) (شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە ٢٠٠٩)، هەروەها لەساڵی ٢٠١٤ ەوە بەشداری لە پرۆگرامی (بەزمی بەزم) دەکات وەکو ئەکتەر، هەروەها لەگەڵ هونەرمەند (سەرکار ستار) لە سۆشیال میدیا پرۆگرامێکیان هەیە بە ناوی (سەرکار و حەمە) تا ساڵی ٢٠١٨ (٥٤) ئەڵقەیان تۆمار کردووە، ئەم پرۆگرامە باس لە شتە ناشیرنەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات.





---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١١/٣



## سەلاح بلباس – ئەکتەر و نووسەر و دەرهێنەر

ناوی تەواوی (سەلاح مستەفا پەرچەم) ە، ساڵی ١٩٧٥ لە هەولێر لە گوندی حەسارۆك لە دایکبووە، ساڵی ١٩٩٨ بۆ یەکەمجار وەك ئەکتەر لە شانۆگەری کاوەی سەردەم بەشداری کردووە لە ڕۆڵی سەرەکی، لەگەڵ تیپی شانۆی پێشکەوتنی لاوان لە شارۆچکەی کەسنەزان لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ یەکەمجار بەشداری لەچەند کورتە تەمسیلیەك کرد لەگەڵ گروپی دڵگەش و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١٠ کورتە تەمسیلی تەکبیری خراپی بەرهەمهێنا لە نووسین و سیناریۆی خۆی، ساڵی ٢٠١٤ گروپی هونەری هیوای دامەزراند لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەندی لێهاتوو.





---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١/٥



## يوسف ئەنوەر – ئەکتەر

ناوی تەواوی (یوسف ئەنوەر کارەسول عەلی) یە، لە ١٩٨١/٧/١٧ لە شارۆچکەی (لەتیفاوە) ی شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (ئەحمەدی خانی) لە شارۆچکەی دارەتوو تا پۆلی پێنج تەواوکردووە، بەهۆی نەبونی وازی لە خوێندن هێناوە، لە بنەچەدا خەڵکی گوندی (لهێبان) ی سەر بەناحیەی (سەرگەڕان) ی شاری کەرکوکە، لە حەفتاکان هاتونەتە هەولێر و لە گەڕەکی بەلاشاوە نیشتەجێبوون، لە ٢٠٠٢/٤/٥ هاوسەرگیری کردووە، ساڵی ٢٠١٦ دەستی بەکاری هونەری کردووە لەگەڵ هونەرمەند خالید کۆیی، دواتر لەگەڵ هونەرمەند سەلاّح بلباس بەشداری کۆمەڵێك کورتە دراما کردووە،

**بەرهەمەکانی** (فیتنەچی ٢٠١٧) (ڕاست گۆیی ٢٠١٧) (بەڵێن ٢٠١٧) (نزا ٢٠١٧) (وەفا ٢٠١٧) (پارە چرکی دەستە ٢٠١٧) (نسیب ٢٠١٧) (قەرد کۆر ٢٠١٧)





ئەم ژیاننامەم لەگەڵ خۆی ساز کردووە لە دوکانەکەی خۆم لە ٢٠١٨/٦/٦

# مۆسیقا ژەن

# و

# گۆرانی بێژان






## سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (سەید عەلی نیزامەدین جامی محەمەد جەواد ئیبراهیم) ە، ساڵی ١٨٨١ لە گوندی (سەڵوە تاوە) ی نزیك شاری (سنە) ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە، لە سنە لەلای باپیری فێری قورئان خوێندن بووە، ئەسغەری سەرەڕای ئەوەی لای هیچ مامۆستایەکی مۆسیقی پەروەردە نەبووە، زۆربەی مەقامەکانی لە مۆسیقا دەناسی، ئەسغەری لە سەردەمی لاوی و پیریدا بە دەگمەن نەبێ لە ناو کۆمەڵدا گۆرانی نەگوتووە، ئەو زیاتر بە تەنیایی ڕووی دەکردە کێوە بەرزەکان گۆرانی دەگوت یاخود دەچووە سەر ڕوبارێك یان پاڵی دەدایەوە بە دارێکەوە دەستی پێدەکرد، هونەرمەند ئەسغەری بە کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی گۆرانی گوتووە، پانزە قەوانی لە دوا بەجێماوە، شیعری زۆربەی شاعیرانی کردووە بە گۆرانی وەکو (مەولەوی/ کوردی/ وەفایی/ مەهابادی/ تاهیر بەگی جاف/بابە تاهیری هەمەدانی، لە ١٩٣٦/٨/٦ لە شوێنی لەدایك بوونی (سەڵوە تاوە) کۆچی دوایی کردووە.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان




## کاوێس ئاغا/ لاوك بێژ

ناوی تەواوی ( وەیسی ئەحمەد جەمیل کانەبی) یە، لە عێلی (هەرکی) یە، سالّی ١٨٨٩ لە زۆزانی (چارچالّی) هەرکی لە دایکبووە، نەخوێندەوار بووە، تۆزێك زمانی گران بووە، بەلاّم لە گۆرانی ووتن ڕەوا بووە، گۆرانییەکانی لە دانانی خۆی بووە، کاری شوانی کردووە، بۆ کاری شوانی دەچێتە شاری ڕواندوز لای (حاجی نەورۆز ئەفەندی) دەمێنێتەوە تا داگیر کردنی ڕواندوز لەلایەن قەیسەری ئوروسی لە ١٣/گولاّن ی ١٩١٦ کاوێس ئاغا لەگەڵ مالّی حاجی نەورۆز لە ڕواندوز دەچنە شاری (شەقلاّوە) لەوێش دەولّەتی عوسمانلی حاجی نەورۆز دەکەنە بەڕێوەبەری ناحیە، کاوێس ئاغاش دەکەنە بەرپرسیاری عەمباری ناحیە، پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم خەلّکی ڕواندوز دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، بەلاّم کاوێس ئاغا دەمێنێتەوە لە شەقلاّوە لە وەزیفەش دەردەچێت و دەچێتە لای (سلێمان بەگی بابیز بەگ) ئەویش ژنێك بۆ کاوێس ئاغا دێنێت لەو کاتیەوە بە سەپانی لای دەمێنێتەوە، وا دیار دەکەوێ کە کاوێس ئاغا کاتی خۆی چوەتە لای شێخ مەحمودی نەمر بووەتە یەکێك لە چەکدارەکانی و گۆرانی (شێخێ منۆ) ی بۆ گوتووە، هەروەها چووەتە ئێران لای (سمکۆی شکاك) بۆ ئەویش گۆرانی گوتووە، پاشان هاتووە بۆ شاری هەولێر ماوەیەك ماوەتەوە لە دوایی چووەتە شاری سلێمانی و قەلاّدزێ و ڕانیە پاش گەڕانی لە باکوری کوردستان دەچێتە بەغدا بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکانی لە کۆمپانیای (نەعیم/ نایف/ بیزافۆن) گۆرانی (گەنج خەلیل) یەکەم گۆرانی تۆمار کراوی کاوێس ئاغا بووە، کاوێس ئاغا لە شوباتی سالّی ١٩٣٨ کۆچی دوایی کردووە لە گۆڕستانی (هەرشەم) نێژراوە,

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و تۆڕی ئەنتەرنێت



## شەهابەی هەولێری – گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (شەهابەدین ئەحمەد) ە، ساڵی ١٩٠٠ لە شاری ئامەد لەدایکبووە، لە باوکێکی کوردو دایکێکی ئەرمەنییە، تەمەنی زۆر بچوك بووە کاتێك باوکی مردووە، بەهۆی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەلایەن تورکەکانەوە ناچار دەبن لەگەڵ دایکی کۆچ بکەن بۆ ناوچەی موسڵ، دوای مردنی دایکیشی لە موسڵ دێنە هەولێر، لە هەولێر دەبێتە خزمەتکاری (مزگەوتی گەورەی سەرقەڵات)، بەهۆی دەنگە خۆشەکەیەوە دەبێتە جێگای گرنگی پێدانی لەلایەن (مەلافەندی)، جگە لە بانگدان مەولودیشی خوێندووە، لە تەمەنی لاوێتی لەلایەن مەلافەندی دەنێردرێتە کەرکوك تافێری مەقام ببێت، مەقامەکانی (سێگا/ کورد/عیجازی) بەتەواوی زانیوە، بەڵام مەلا فەندی ئارەزووی بوە مەقامی (نەهاوەندی) بۆ بخوێنێ، بۆیە دەینێرێتە لای (مەردان کەرکوکی) تا بەباشی فێرببێت، لەبەر خۆشەویستی و بێکەس و کاری مەلا فەندی بۆ هەموو شوێنێکی دەبرد، کاتێك عوسمانییەکان لەسەرو بەندی هاتنی ئینگلیزەکان بۆ هەولێر ئۆتۆمبیلێکی ئەڵمانی وەك دیاری بۆ مەلا فەندی دەهێنن، مەلافەندیش شەهابە بە شوفێر لای خۆی دادەمەزرێنێت، بەمە شەهابە بە یەکەم شوفێری هەولێر هەژماردەکرێت، دوای ڕوخانی ئیمپراتوری عوسمانییەکان و پێکهێنانی شانشینی عێراق، شای عێراق سەردانی هەولێر دەکات و لە ماڵی مەلا فەندی دەمێنێتەوە، لەو کاتەوە شای عێراق گوێبیستی دەنگی شەهابە دەبێت و زۆر پێی سەرسام دەبێت، بۆیە داوا لە مەلا فەندی دەکات شەهابە وەك خزمەتکارێك پێشکەش بکات، بەڵام مەلا فەندی دەڵێت داوای هەرچیم لێدەکەی سەرچاو تەنها ئەمەیان نا، دوای ڕەتکردنەوەی شا داوای لێدەکات بۆماوەی

چەند ڕۆژێك شەهابەی لەگەڵبدات لەکاتی سەردانی بۆلای میرە کوردەکان، مەلا فەندی ڕازی دەبێت، شەهابە لەگەڵ شا فەیسەڵی یەکەم دەچێت بۆ شەقلاوە بۆلای میر عوسمان، لەکاتی کردنەوەی بەندەری فاو لە شاری بەسرە شا فەیسەڵ بەتایبەتی داوەتنامە دەنێرێت بۆ مەلا فەندی تا شەهابەی بۆ بنێرێت بەشداری ئاهەنگی کردنەوەی بەندەرەکە بکات بەوەی زۆربەی مەقام بێژو گۆرانی بێژانی عێراق و ولاتە عەرەبییەکان بەشداریان کردووە، لەوێ چاوی بەگەلێك هونەرمەند و مەقامبێژی گەورە دەکەوێت، بەداخەوە لە ١٩٣٩/١/٣١ کۆچی دوایی دەکات و لە مەراسیمێکدا لە گۆڕستانی (ئەبی بەکر فەندی — کچك مەلا) لە پشت مزگەوتی شێخ عەبدوڵلا[٭] لە شاری هەولێر بەئامادەبوونی موتەسەڕیف (ئەحمەد تۆفیق) و کەسایەتییەکانی هەولێر بەخاك سپێردرا، بەداخەوە دوای دروست کردنی بازاڕی نیشتمان گۆڕەکەی دەکەوێتە ژێر دوکانەکان.

---

سوودم لە پەیجی (کاکۆ قەساب) وەرگرتووە ٢٠١٨/٥/٢٤



## ســێوه / مەقام بێژ

ناوی تەواوی (سلێوه یەڵدە سلێوه) یـه، سـاڵی ١٨٩١ لـه گـەڕەکی (بەفریقەنـدی) کۆیـه لەدایك بووه، ساڵی ١٩٠٣ زمانی کلدانی و بنچینەکانی ئایینی مەسیحی لای قەشە گۆرگیس خوێندووه، ساڵی ١٩٢٠ لای قەشە حەننا دەستی بە خوێندنی ئایینی کـردووه، سـاڵی ١٩٥٢ (٥) مەقامی لە ڕادیۆی کوردی بەغدا تۆمارکردووه، مەقامی (ئەوەل سـەحەرە) یەکێکـە لـە مەقامە تۆمار کراوەکانی ئەو کات، سێوە لە تافی لاویدا عاشقی کچی یوسف ناوێك دەبێت بـه عیشقی ئەو کچە نازدارە گاورە و هونەری مەقام و بەستەی کوردی لەلا دەخولقێ و بە تایبەتی لەو سەردەمە، کە ئەو کچە شۆخە عەشقەکەی لەگەڵدا ئاڵو گـۆڕ دەکـرد و وردە وردە ئـاوازی مەقامی ڕەسەنی کوردی لەحەتیل و پوتێ و عەبەی چایەچی فێردەبوو، بەعیشقی دۆستی ناسك و نازداری پەرەی بە ئاوازەکانی دەدا، کاتێکیش کە عاشقەکەی نابێت بەخێزانی ئەو بەنابـەدڵی باوکی دەیداتە خزمێکی خۆی، ئەو مەقامانەی پەردەیەکی خەماوییان بەسەردا هەڵدەکێشـرێ، ســێوە لــه تەمــەنی ٧٣ ســاڵیدا لــه ١٩٦٣/١٢/٩ کۆچـی دوایـی کـردووە و لـه گۆڕسـتانی مەسیحییەکانی گەڕەکی هەرمۆتە بەخاك سپێردراوە.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان




**حوسێن کێشکەیی – حەیران بێژ**

ناوی تـەواوی (حوسـێن حەمـەدەمین ئیسـماعیل خۆشـناو) ە، سـاڵی ۱۹۱۸ لـە گونـدی (کێشکێ) سەر بەمەڵبەنداریێتی بێتواتە لەدایکبووە، هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە خولیای لاوك و حەیران و بەستە بووە وەکو مەقامی دروێنە و ساوار کوتان و شایی و هەڵپەڕکێ، لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا فێری بەستەی (هەنار هەنارە/ کورندە کورندە کورندە/ تـەواوە بـرێ تـەواوە/ وەی بارانـە بارانە/ ئیجباری ئێران/ هەی زێنێ/ خەزارێ برێ خەزارێ/ نازدارێ گەلیێ شێتنێم بەئاوە) بووە، ئەو بەستانە لە (مام ڕەحمان کوێر) فێر بووە و سوودی لێوەرگرتووە، وەهەروەها لە لاوك بێژانی وەك (کاوێس ئاغا/ عەزیز ئاغا) فێری لاوك گوتن بووە، لە حەیرانیش سوودی لە (سەیدە کۆر) وەرگرتووە، حەیرانەکانی (بەسـتۆڕەی گۆرانـان/ ڕاوکـەرێ لـەڕاوان/ بەحرکـە کەتیتـە غێمـێ/ لەقەراتی پیرە دیوینێ/ ئەستێرەك هەرات) لـە سـەیدە کـۆر فێربـووە، مـەقامی (درونـە) لـە (ئیبراهیم) ی برای فێربـووە، مـام حوسـێن دوو ژنـی هێنـاوە (٦) کـوڕ و (٥) کچـی هەیـە، بەداخەوە لە ۲۰۰۲/۱۲/۱۲ کۆچی دوایی کردووە.

---

سەرچاوە کتێبی (سەربردەی کۆمەڵە حەیران بێژێکی کورد) سەعدوڵلاّ شـێخانی ۱۹۸۸ – زانیاری کۆچ کردنیم لەهونەرمەند عوسمان ئەحمەد جاسم وەرگرتووە لە ۲۰۱۸/۷/۱۳



## مریــەم خان / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (مریەم محەمەد ئەحمەد بۆتانی) یە، ساڵی ١٩٠٤ لە گوندی (دێرگوڵ) لە جزیرەی بۆتان لە باکووری کوردستان لەدایکبووە، ژیانی منداڵی لە شاری دیاربەکر بەسەر بردووە، کە جەنگی یەکەمی جیهانی ساڵی ١٩١٤ هەڵگیرسا ژیانی ناوچەکەیان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ئاڵۆز بووە تووشی کارەساتی ژیان و گوزەران بوون، بۆیە بەزۆری خەڵکی ئەو ناوچانە ڕوویان کردۆتە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەتایبەتی بەرەو باشووری کوردستان و وڵاتی شامەوە چوون و موڵك و دێهاتی خۆیان بەجێهێشتووە، خاتوو (مریەم خان) لەسەرەتادا بەرەو سوریا دەچێ و ماوەیەك لە دیمەشق دەژی، ساڵی ١٩٢٤ دێتە شاری زاخۆ ماوەیەك نیشتەجێ دەبێت و لەدواییدا کە دەبیستێ لە بەغدا کۆمپانیای گۆرانی تۆمارکردن لەسەر قەوان دامەزراوە ڕوو دەکاتە بەغدا خانوویەك لە (باب الشرقي) بەکرێ دەگرێ و ماڵێکی خنجیلانە دادەنێ، ساڵی ١٩٣٠ چەند لاوك و بەستەیەکی بەسۆز لەسەر قەوان لە کۆمپانیاکانی (ئۆدین و بەیزافۆن) تۆمار دەکات و ئەم سترانانەش هەندێکن لەلاوك و بەستە تۆمار کراوەکانی لەسەر قەوان (لۆرکێ لۆرکێ/ گولێ وەی نار وەی نارێ/ هەی بەردە بەردە/ لێ لێ وەسۆ/ گول شێنی شێنی/ یار حەلیمێ/ محەمەدێ ڕۆمی/ لێ لێ ئیمۆ/ لێ دای/ لێ لێ سوارۆ/ ئەی دەلال)، ئاهەنگی گۆرانی ڕاستەوخۆی لە ئێستگەی کوردی بەغدا چڕیوە، ساڵی ١٩٤٩ تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە، دوای هەوڵێکی زۆر بۆ چارەسەرکردنی لە نەخۆشخانەی تایبەت بێسود بووە، لە ئەنجامدا لە مانگی ٧ ی ساڵی ١٩٤٩ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد، هونەرمەند مریەم خان ئامۆزای هەردوو خوشکی هونەرمەند (گوڵبەهار و ئەڵماس محەمەد)ە.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان




## مەلا کەریـــم / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (مەلا کەریم ئەحمەد) ە، ساڵی ١٨٨٥ لە شاری مهاباد لە دایکبـووە، سـاڵی ١٩٠١ هاتۆتە سلێمانی، گەلێ کارو کاسبی کردووە دوا کاریشی نـاتری حەمامـەکانی شـاری سلێمانی بووە، لە ساڵانی سییەکان دەستەیەك لـە مـەقام و بەسـتەی کـوردی لـە کۆمپانیـای (ئۆدیۆن – بەیزافۆن – ئەبو گەڵب) لەسەر قەوان تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٦٦ دوو گۆرانی لـە ڕادیۆی کوردی بەغدا هەبووە، ساڵی ١٩٧٩ توانیویانە (١٢) قەوان بدۆزنەوە کە (٢٤) گۆرانیە بەبەستە و مەقام و سروودەوە، ئەم هونەرمەندە لـە ڕۆژی ١٩٣٨/٦/١٢ لـە شـاری سـلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکـان و کتـێبی (ژیـان و هونـەر) ی تـاهیر کرمـانج ٢٠١٨



## ڕەشۆڵ / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (ڕەشید حاجی عەبدوڵڵا میرزا عەزیز) ە، ساڵی ١٩١٢ لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لە دایکبووە، خوێندەواری نەبووە، لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو لەگەڵ مەلا کەریمی هونەرمەند دەچن بۆ بەغدا چەند گۆرانییەك لەسەر قەوان تۆمار دەکەن وەك (کەوای بەرت ماهوونە/ بەستەی/ خاسێ تۆ خانمی/ دڵ لە دەردی وەتەن)، کاتێ کە بەشی کوردی لە ڕادیۆی بەغدا کرایەوە ڕەشۆڵ چەند گۆرانیەك تۆمار دەکات لەوانە (گیان گیان گیان ئازیزەکەم/ ئامینێ نازەنینێ/ بەستەی/ دەستم لێمەدەن)، لە چلەکان و پەنجاکان چەند گۆرانییەکی تریشی تۆمارکردووە وەك (قەتار و خورشیدی و ئەڵڵا وەیسی/ خاوکەر)، لە حەفتاکانیش مەقامێك و بەستەیەکی بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمارکردووە (بەرێکەون دەرکەون/ ئۆخەی گردەکەی یارە)، ڕەشۆڵی بەشداری کردووە لە شەڕی بەر دەرکی سەرا ١٩٣٠/٩/٦، باوەڕ پێکراوی شێخ مەحمود و شێخ لەتیف بووە، ساڵی ١٩٧٤ دوای هەرەسی شۆڕش پەیوەندی بە شۆڕش کردووە، هەر لە هەمان ساڵ نەخۆش دەکەوێت و لە ١٩٧٤/٧/١٤ کۆچی دوایی دەکات و لە دەربەندی ڕایات بە خاك دەسپێردرێت.

---

(سەرچاوە — تۆڕی ئەنتەرنێت)

## محەمەد عارف جزیری / گۆرانی بێژ

هونەرمەند (محەمەد عارف جزیری) ساڵی ١٩١٢ لە گوندی توریێ لە جزیرەی بۆتان لەدایکبووە، یەکەم کەس بووە ئامێری سازی هێناوەتە ناو باشووری کوردستان، هەر لەمنداڵیەوە لەگەڵ ئیمپراتۆری عوسمانلی ڕکابەری هەبووە، زیندانی کراوە لەزیندانی دیاربەکر، لەبەر زوڵم و ستەمی دەوڵەتی تورک سەرەتا دێتە شاری زاخۆ نیشتەجێ دەبێت، دواتر دەچێتە شاری دهۆك نیشتەجێ دەبێت و خواردنگەیەکی بچوك دەکاتەوە، ساڵی ١٩٣٩ لەڕادیۆی بەغدا وەك کارمەند دادەمەزرێ و چەندین گۆرانی تۆماردەکات وەکو (دەروێشی عەبدی/ غەزال غەزال/ میرێ بۆتان/ باڤیێ سیرۆ/ هەسەنی کۆ)، پاشان دەبێتە سەرباز لە سەربازیش دەبێتە سونەتچی، ساڵی ١٩٤٧ تیپێکی ئایینی دادەمەزرێنێت، ساڵی ١٩٦١ ئاهەنگی لە سوریا ساز کردووە، وەهەروەها لە ساڵی ١٩٧٣ لە بەیروت و کوێت و ئەورۆپا، (٣٣١) گۆرانی تۆمارکراوی هەیە، (٢) ئیستوانەی لە ڕێکخراوی یونسکۆ تۆمار کردووە، بە داخەوە لەکاتژمێر (١٥-٨) خولەك ڕۆژی چوار شەممە ١٩٨٦/١٢/١٧ لە نەخۆشخانەی شاری دهۆك کۆچی دوایی کرد.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## مشـــــكۆ / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (شەوکەت سەعید حاجی ئیـبراهیم ئاغای دێرێی) یە، ساڵی ١٩٠٨ لە گەڕەکی سـەرای شاری هـەولێر لـەدایکبووە، سـاڵی ١٩١٤ لـە ژێـر فشـاری گرانـی و قاتوقڕیـدا ماڵیـان لـە هـەولێر گواستەوە بۆ گوندی (دێرێ) کە گوندی بابوبـاپیرانی بـووە، سـاڵی ١٩١٨ دەگەڕێنـەوە هـەولێر، سـاڵی ١٩٢٣ باوکی کۆچی دوایی کردووە، ساڵی ١٩٣٩ ژنی هێنـاوە کچـێکی بـووە، سـاڵی ١٩٤٣ بەرەو بەغدا دەڕوا ژن و کچەکەی جێدێڵێ پاشان ژنەکەی تووشی نەخۆشی گرانەتا دەبـێ گیـان لەدەست دەدات، کاتێك مشکۆ لە بەغدا ئەم هەواڵـە دەبیسـتێ بەپەلـە دەگەڕێتـەوە هـەولێر دەچێتە سەر گۆڕەکەی و شیعرەکەی (ئەختەر) بە دەستکارییەوە بەمەقام دەڵـێ و لەگەڵیشـیدا دەگری کە دەڵێ (لەپاش مەرگم چ فایدەیە بێیە سەر قەبرم لەبۆ شیوەن)، دواتر لە ساڵی ١٩٤٨ ژنی دووەم دێنێ و لەو ژنەش دوو کوڕو کچێکی دەبێت، ساڵی ١٩٥٠ لەگـەڵ محەمـەد عـارف جزیری گۆرانی گوتووە، ساڵی ١٩٥٦ لەسەر داوەتی شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمودی حەفیـد دەچێتە سلێمانی لەگەڵ گۆرانی بێژ ڕەشۆل عەبدوڵڵا ئاهـەنگ دەگێـڕێ، لـەدوای ڕێککـەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەگەڵ هونەرمەندان (تایەر تۆفیق و حەیـدەر بـەقاڵ و یـونس مـەحمود و جەمیلە و فایەق بازرگان و محەمەد ئەحمەد ئەربیللی و فوئاد ئەحمـەد و محەمـەد جـەزا) چـەند ئاهـەنگێکی هاوبەشـیان تۆمـار کـرد، مشـکۆ سـاڵی ١٩٨٩ تووشـی نەخۆشـی دەبێـت نەخۆشییەکەی چیتر مەودای نەدا قورگی بۆ گـۆرانی وتـن بـەکار بـێنێ، زیـاتر لـە ٦٠ سـاڵ خزمەتی هونەری کوردی کردووە، دوای تووش بونی ئەو نەخۆشییەی لە ١٨/٥/١٩٨٩ کۆچـی دوایی دەکات.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان




## عارف دەڵۆیی کاکەیی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (عارف فارس مەحمود) ە، ساڵی ١٩١٥ لە ئـاوایی (زەنقـڕ) لـە داقـووق لـە دایکبووە، ساڵی ١٩٤٥ لەبەر دەست کورتی ڕوو لە شاری کەرکوك دەکەن، لەو ماوەیەدا کە لە کەرکوك بووە نان و کـەبابی لەسـەر سینی دانـاوە و لـە وێسـتگەی شـەمەنەفەری کـەرکوك دەیفرۆشت یان بە بازاڕ دەیگێڕا، بە هاوینانیش شەربەتی مێوژی دەفرۆشت، لە تـافی لاوێتیـدا ئەوینی کچێك بوو، لەبەر ئەوەی گۆرانی بێژ دەبێت نایدەنێ و ئەو دلّدارەی بە نسـیب نـەبووە، بۆیە ئەویش بڕیاری لەگەڵ خۆی داوە تا ئەو ڕۆژەی دەمرێ ژن نەهێنێ، ژنـی نـەهێناوە و هـەر بەهیواو عەشقی ئەو کچە تلاوەتەوە و بەئاواز و مەقام دڵ و دەروونی خـۆی هێـور کردۆتـەوە، هونەرمەند لە ١٩٧٣/٣/٢١ لە ڕۆژی جەژنی نەورۆز لە تەمەنی (٥٨) سـاڵیدا کۆچـی دوایـی دەکات و لە گۆڕستانی (حەدیدی) یەکان لە گەڕەکی موسەڵڵای کەرکوك سپاردەی خاك کراوە.

---

سەرچاوە ڕۆژنامەی هاوکاری هەشتاکان بەپێنووسی ئەردەوێڵ کاکەیی



## ڕەفیق چالاك
## گۆرانی بێژ و ئاواز دانەر و شانۆکار

مامۆستا (ڕەفیق چالاك) له ١٩٢٥/٣/١ له گەڕەکی پیرمەسوری سلێمانی لـه دایکبـووه، سـاڵی ١٩٣٥ بـۆ یەکەمین جار دەچێته سەر شانۆ، ساڵی ١٩٤١ – ١٩٤٢ له (دار المعلمـين الريفيـه) دەرچـووه، سـاڵی ١٩٣٩ تـا ١٩٤٥ کارمەندێکی چالاکی (ئێزگەی کوردستان) بـووه له یافای فەلەستین، ساڵی ١٩٤٦ شـانۆگەری (لـه ڕێـی نیشتمانا) نوسیووه، ساڵی ١٩٥٠ چۆته ئێسگەی کوردی بەغدا و تا ساڵی ١٩٥٦ بەردەوام بووه، لەو ماوەیەدا لەپاڵ چەند کارێکی هونـەری زیـاتر لـه (١٥٠) تەمسیلی ئێسگەیی تۆمار کردووه لەوانه (پیاو نەبووی نا پیاو/ تۆبه کـردن/ گڵکـۆی تازەی لەیل/ مارەیی/ بووکی ژێر دەواری ڕەش)، ساڵی ١٩٥٢ درامای (کار کردنی به کـەڵك) دەنووسێ، بۆ یەکەمین جار ئـاواز بـۆ ئۆپـەرێتی (کـوڕە شـوان) دادەنێـت کەماوەکـەی (٣٥) خولەکە، وەهــەروەها ئـاوازی بـۆ ئۆپـەرێتی (گـوڵی خوێنـاوی) دانـاوه، لـه ١٩٥٦/١٢/٣١ کۆمەڵەی هونەرەجوانـەکان دادەمــەزرێنێ، لـه ١٩٥٧/٧/٥ هەڵبـژاردن دەکرێـت بـه سـەرۆك دەردەچێت، ساڵی ١٩٦٧ بەرپرسیاری ڕۆژنامەی (برایەتی) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووه، ساڵی ١٩٧٢ سەرپەرشتی ڕۆژنامەی (برایەتی) دەکـرد، ئـاوازی بـۆ سـروود دانـاوه وەك (سەدەی بیستەمە/ گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی/ ئازادی خـوای کـوردین ئێمـە/ جێژنـه جـەژنی کوردستانه/ دەمی ڕاپەڕینه/ کوردستان)، ساڵی ١٩٧٢ له ماڵی (حەسیب ساڵح) دانشـتنێکی تایبەت سازدەکەن و چەند گۆرانیەك تۆمار دەکەن به هاوکاری هونەرمەند (شەماڵ سائیب) که دوا دانشتنی دەبێ له ژیانیدا، بەداخەوه له ١٩٧٣/١١/٣٠ کۆچی دوایی دەکات.

---

سەرچاوه – له یەکێ له گۆڤار و ڕۆژنامەکان



**حاجی جەمیل قەپقاپچی /گۆرانی بێژ**

ناوی تەواوی (جەمیل ئیبراهیم محەمەد) ە، ساڵی ١٩٠٤ لە گەڕەکی تۆپخانەی شاری هەولێر لە دایکبووە، لەقەبی قەبقابچی لەوەوە هاتووە کەکاری دارتاشی کردووە و قەبقابی دروست کردووە تاساڵی ١٩٧٠، ساڵی ١٩١٢ چۆتە بەر خوێندن و فێری قورئان خوێندن بووە، حاجی جەمیل سەردانی وڵاتی میسر و سوریای کردووە چاوی کەوتووە بەهونەرمەندان ئوم کەلسوم و فەرید ئەترەش و وەدیع سافی، ساڵی ١٩٥٨ سەفەری حەجی کردووە، لە ١٩٩٦/٨/٢ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

---

سەرچاوە تۆڕی ئەنتەرنێت



## عەلی مەردان / گۆرانی بێژ



ناوی تەواوی (عەلی قادر عوسمان محەمەد) ە، ساڵی ١٩٠٤ لە گەڕەکی تەکیەی شێخ عەلی شاری کەرکوك لەدایکبووە، خەڵکی دێی (کانی سارد) ی شارباژێڕە لە ڕەگەزدا دەچنەوە سەر زنجیرەی شێخەکانی بەرزنجە، بۆ بژێوی ژیانی بەپای پەتی جوتیاری و شوانی و گاوانی کردووە، سەرەتا خوێندنی لە تەکیەی (شێخ عەلی تاڵەبانی) لە ساڵی ١٩١٣ دەست پێکردووە، پاشان خوێندنی ئایینی و قورئانی پیرۆزی لە حوجرەی تەکیەکە ختم کردووە، پاش (٨) ساڵ لە تەکیە بەماڵەوە کەرکوك جێدەهێڵن و دەچنە گوندی لەیلان، لەو گوندە (تەمورە) ژەنێك بەناوی (خدر بارام) دەناسێ سوودێکی زۆری لێوەرگرتووە بۆ مەقاماتی کوردی، ساڵی ١٩٤١ چووەتە ئێسگە و دەستی بە تۆمارکردنی مۆسیقا و گۆرانی کردووە، عەلی مەردان یەکەم گۆرانی بێژی کورد بووە لەو ئێسگەیە، یەکەم گۆرانی تۆمار کراوی مەقامی (ئای ئای) بووە لەساڵی ١٩٤٨، لە ئێسگەکانی ڕادیۆی (لوبنان و ئوردەن و شام) گۆرانی کوردی گوتووە، ساڵی ١٩٦٥ چەند گۆرانی و مەقامێکی کوردی لە ڕادیۆی (تاران و کرماشان) تۆمار کردووە، دواتر گۆرانی و بەستەیەکی لە ساڵی ١٩٧١ لە ڕادیۆی کوردی بەغدا تۆمار دەکات، چەند گۆرانیەکی بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکردووە، لە ١٩٨١/٧/٣١ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ محێدین نێژراوە،

گۆرانییەکانی- شیرین کەلامە/گیانە بەسیەتی/یاریکە ڕاکە پێکەنە/خۆم و عودەکەم/کەتان کەتانە/ئەسمەر/وەرە قوربان/ هۆبرای جوتیار/لەیلێ/ڕەنجی بێوەرم/هەوری لەقەدی ئالاوە/بەدەنگی خۆش بمهێنە جۆش/ئەڕۆی ئۆغر/مامە/کەی دێتەوە/ ئەڵوەن ناوت شیرینە/ئای چەندم خۆش دەوێ/هەر تۆم ئەوێ تۆ/مینا گیان/شەو ڕۆژ/گوڵە باخ/کراس کودەری ئاوریشم/ سەدجار بەو مانگە/هەستە بابچین بکەین تەماشا/کۆلان بە کۆلان/ئەم پەرچەم و ئەگریجە/ئاخ چیبکەم نیمەچارە/هۆ کاکەی شوان/وەرە قوربان/فاتمە/برای شیرینم/خاڵۆ خاڵۆ/شەوو ڕۆژ لە خەیاڵ و لەبەر چاوی.



---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و تۆڕی ئەنتەرنێت


 

# حەیدەر بەقاڵ / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (حەیدەر عەبدولڕەحمان) ە، ساڵی ١٩٢٦ لە گەڕەکی سەرای قـەڵات لەشـاری هەولێر لە دایکبووە، لە تەمەنی بچوکی کاری ئاسنگەری کـردووە و لەلاویـەتی لـە گـومرکی سەوزە کاری کردووە، هەر لەو کاتیەوە سەرسام ببو بە دەنگـی گـۆرانی بێـژان جـەلال بـەگ و شەهابە و لاسایی دەکردنەوە، حەیدەر بەقاڵ لەلایەن داراییەوە وەزعی باش بووە گـۆرانی وتـنی بۆ پارە نەبووە بەڵکو هەر بۆ هەوەس بووە، وە تەنها هەر لەبۆنە تایبەتیەکان گـۆرانی گوتـووە بۆدۆست و برادەرانی بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسـی، سـاڵی ١٩٧٣ سـەفەری حەجی کردووە، ساڵی ١٩٧٨ بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕوو دەکاتە وڵاتی بەریتانیا بەڵام بێ سوود دەبێت تا لە ١٩٧٩/١٢/١٥ کۆچی دوایی دەکات و لە شاری هەولێر بەخاك دەسپێردرێت.

---

سەرچاوە تۆڕی ئەنتەرنێت



**حەسەن جەزراوی / گۆرانی بێژ**

ناوی تەواوی (حەسەن فەتاح ئەحمەد) ە، ساڵی ١٩١٧ لە باکوری کوردستان لە ناوچەی جەزیرەی بۆتان لەدایکبووە، دوای جەنگی جیهانی یەکەم تورکیا جێدەهێڵن و ڕوو دەکەنە شاری زاخۆ، لە تەمەنی منداڵیدا دایکی کۆچی دوایی دەکات و باوکی ژنێکی دیکە دێنێت ئەو بەخێوی کردووە، کاتێک تەمەنی (١٠) ساڵان بووە چاوی توشی نەخۆشی بووە و پاشان چاوەکانی لەدەستداوە تاهەتایە، ساڵی ١٩٤١ زاخۆ جێدێڵێت و ڕوو دەکاتە شاری بەغدا و کاتێك مامۆستا (عەلی مەردان) گوێی لەدەنگی دەبێت دەبێتە هاوڕێی دەیبات بۆئێسگەی کوردی لە بەغدا، ساڵی ١٩٤٢ دەبێتە یەکێك لە گۆرانی بێژانی ئێسگە، یەکەم گۆرانی (یار مەوریٚ/ بابیٚ سیرۆ) گوتووە، ئەوکات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وحەفتانە گۆرانی لە ئێسگە دەگوترا، بۆ ماوەی (٣٥) ساڵ لە ئێسگە بەردەوام دەبێت، (٣٠٨) گۆرانی تۆمارکردووە لە (٣٠) کاتژمێردا، دەبێتە سێیەم گۆرانی بێژ لە زۆرینەی گۆرانی گوتن دوای (عەلی مەردان)، ساڵی ١٩٣٣ بەدواوە چەندین گۆرانی لەسەر قەوان تۆمار کردووە بەهاوکاری کۆمپانیای (بەیزافون) و (کولومبیا) لەگەڵ گۆرانی بێژان (ئەڵماس محەمەد و مریەم خان)، بۆماوەی (٢٠) ساڵ ژیانی بەڕەبەنی لە هوتێل بردۆتەسەر، پاشان لەساڵی ١٩٦١ ژیانی هاوسەری پێکهێنا لەگەڵ (سوعاد ئیبراهیم) دوو کچ و کوڕێکیان بوو، چەندین ئاهەنگی گۆرانی گێڕاوە لە شارەکانی (حەلەب و قامشلۆ و کرمانشان)، لە ١٩٨٢/٩/٥ خانەنشین دەبێت و دەگەڕێتەوە زاخۆ، لە ١٩٨٣/٧/٩ کۆچی دوایی کردووە.

---

(سەرچاوە - لەیەکیٚ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)






## کەریم کابان / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (عەبدولکەریم جەلال مەحمود عەزیز کابان) ە، ساڵی ١٩٢٧ لە گەڕەکی (شێخان) ی شاری سلێمانی لەدایکبووە ، باوکی پیشەی چایچی بووە و لەهەمان کاتدا دەنگ خۆش و دەف ژەنێکی لێهاتووی نێو مەولود خوێنانی شاری سلێمانی بووە، سەرەتا لە حوجرە دەخوێنێ، دواتر چووەتە قوتابخانەی (فەیسەلییە)، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، دواتر بووەتە پۆلیس، ساڵی ١٩٥٥ ژنی یەکەم دێنێت کچێکیان دەبێت، دواتر ژنی دووەم دێنێت ٣ کوڕ و ٢ کچیان دەبێت، ساڵی ١٩٤٢ دەستی کردووە بە گۆرانی گوتن لەوکاتەی کە ئینگلیزەکان لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی ئێسگەیەکیان دامەزراندووە ئەویش یەکەم گۆرانی خۆی لەو ئێسگەیە گوتووە بەناوی (لە ڕێی دڵداری)، ئاوازی بۆ زۆربەی گۆرانییەکانی خۆی و قادر کابانی برای و عوسمان عەلی و چەند گۆرانی بێژێکی تر داناوە، کەریم کابان وەك کەسێکی نیشتمان پەروەر و نەتەوەیی شەش ساڵ دوور خراوەتەوە بۆ شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی نوێوە کردووە و لەشاخ و لەڕێی ڕادیۆی شۆڕش چەند بەرهەمێکی بلاّوکردۆتەوە، ساڵی ١٩٧٥ بووەتە ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی، شارەزایی لە ژەنینی هیچ جۆرە ئامێرێکی مۆزیك نیە و نۆتەی مۆزیکیش نازانێت ئاوازەکانیش بە شێوەی گوێچکە داناوە، ساڵی ١٩٤٢ تەمەنی (١٣) ساڵ بووە یەکەم جار کە ئاوازی داناوە بیریشی نەماوە، ساڵانی ١٩٤٥ – ١٩٤٦ لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا کاری کردووە هەموو ڕۆژانێکی هەینی نیو کاتژمێر بە ڕاستەوخۆ لەو ئێزگەیە گۆرانی گوتووە، ئەو گۆرانی

بێژانەی ئەو ساڵانە لەگەڵیا لە ئێزگە بوونە (عەلی مەردان/ حەسەن جزیری/ فەوزیە **محەمەد**/ ئەڵماس **محەمەد**/ خەیریە مەنسوور) بوونە، (کامیل ئەمین) بەڕێوەبەری ئێزگە و (ڕەئوف کەریم بەگ) بێژەر بووە، ساڵی **١٩٧٤** لەگەڵ تیپی مۆسیقای شۆڕش گۆرانی (یاران وەسیەتم/ شەو) تۆمارکردووە بە سەرپەرشتی مامۆستا (وریا ئەحمەد) هونەرمەند کەریم کابان لە **٢٠١٦/١/١٤** لە نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

## محەمەد ئەحمەد ئەربیلی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (محەمەد ئەحمەد شێخە) یە، ساڵی ١٩٣٣ لە گەڕەکی سەعدوناوەی شاری هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٤٢ کاتێك قوتابی بووە لە قوتابخانەی (ئەربیل) خولیای هونەر بووە، ساڵی ١٩٤٩ قوتابخانەی جێهێشتووە لەبەر باری ئابوری کاسبی کردووە، ساڵی ١٩٤٤ دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە بەهەرسێ زمانی (کوردی/ عەرەبی/ تورکی)، ساڵی ١٩٥٩ بۆ یەکەمجار چووەتە ئێسگەی بەغدا (غەزەلێك و چوار قۆریاتی) تۆمار کردووە بە زمانی تورکی، (٨٠) گۆرانی بۆ ئێسگە و (١٥) گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمارکردووە، ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی سەعدوناوە ژنی هێناوە و (٣ کوڕ) و (٦ کچی) هەیە، لە دوای ڕاپەڕین چەندین گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنەکان تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٩١ و ١٩٩٣ و ١٩٩٤ و ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ سەردانی هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیساسی کردووە، هونەرمەند ئەربیلی چەندین گۆرانی تۆمار کراوی هەیە کە لە ئاوازی خۆیەتی (یەڵلا شوفێر – قزلەر – مەنم ئیپەچ – سێولمەمی تەلەڤزیۆن ئەلندە – هەولێرەکەم – چەندینی تر.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



**ئەڵماس محەمەد /گۆرانی بێژ**

هونەرمەند (ئەڵماس محەمەد) ساڵی ١٨٩٤ لە گوندی هارگول لەدایکبووە، لەکاتی شەڕی جیهانی یەکەم لە باکووری کوردستان بەرەو باشووری کوردستان هاتووە، خاوەن دەنگ و بەهرەیەکی هونەری و دەوڵەمەند لە گۆرانی بەستەو لاوك، خوشکی گۆرانی بێژ گولبەهارە و ئامۆزای هونەرمەند مریەم خان، هونەرمەند چۆتە بەغداو لەوێ شوو بەئەفسەرێکی ئینگلیز دەکا دوای گەڕانەوەی ئەفسەرەکە ڕازی نابێت لەگەڵی بچێت لێك جیا دەبنەوە، چەندین گۆرانی تۆمار کراوی هەیە وەك (قورێکی/ هەی نێرگز/ ڕێحانم/ هاتم بەستا بە لەکێ/ گوڵشێنێ/ لێ لێ کنێ)، دوای چەند ساڵێك ئەمجارە شووی کردووە بەحاجی عەبد ئیسماعیل کچێکی دەبێت بە ناوی (حەسیبە)، هونەرمەند لەڕێکەوتی ١٩٤٥/٣/١ دەستی کردووە بە گۆرانی گوتن لە ئێستگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا کە ئەوسا بەئاهەنگ بووە، تاوەکو ١٩٥٧ بەردەوام بووە، هونەرمەند هەر لەبەغدا ماوەتەوە تاوەکو لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٧٤ کۆچی دوایی دەکات هەر لەوێ دەنێژرێت.

---

(سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)



## نەسرین شێروانی - گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (نەسرین عومەر عوسمان) ە، ساڵی ١٩٢٩ لە گوندێکی ناوچەی شرناخ لە بنەماڵەیەکی کۆچەری لەدایکبووە، لەبەر خراپی ڕەوشی ژیانی خێزانەکەیان ماڵەباوانی گەلێك ناوچە و شاری باکووری کوردستان گەڕاون وەك (جوولەمێرگ/ هەلەکورامیران/ جودی/ وان/ بۆتان/ هاڤلەر/ بێستن/ سێرت/ ئامەد)، دواتریش بەرەو ناوچەی زاخۆ ڕۆیشتوون و ماوەیەك لە ناوچەکانی (دارهۆزانیێ/ یەکێك لە ئاغاکانی زاخۆ/ قادیا/ زاخۆ) ماونەتەوە، دواتر نەسرین دەچێتە بەغدا بۆ بژێوی ژیانی لە ماڵی یەکێك لە مەسیحیەکان (غەریب پۆوز) کە لە پێشدا ناسیاویان بووە دەمێنێتەوە، ماوەیەکیش بۆ ماڵی جەمال بابان کە وەزیرێکی سەردەمی پاشایەتی بووە کار دەکات، هەر لەم پەیوەنییەوە بە هونەرمەندان (عەلی مەردان/ حەسەن جزیری) ئاشنا دەبێت، بەپێشنیازی مامۆستا عەلی مەردان لە ١٩٤٤/٣/٢٥ لە ئێزگەی بەغدا دەستبەکار دەبێت، دواتریش بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویییەوە لەهەمان ئێزگە دادەمەزرێت و لەگەڵ تیپی مۆسیقای ئێزگەی بەغدا گۆرانیەکانی تۆمار دەکات، دوای ئەم قۆناغە ئەو گۆرانیانەی کە لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریدا لە باکووری کوردستان فێریان بووە دەیانڵێتەوە و خۆیشی هەندێ گۆرانی تر دادەنێت، هەروەها هۆنراوەی هەندێ لە شاعیرانی وەك (جگەر خوێن/ حافز مائی/ شێخ سەلام) دەکاتە گۆرانی، لەگەڵ زۆربەی گۆرانی بێژانی ئەو سەردەمە (محەمەد عارف جزیری/ عیسا بەرواری/ حەسەن زیرەك/ تاهیر تۆفیق/ ڕەسول بێزار

گەردی/ شەماڵ سائیب/ کاوێس ئاغا) ناسیاوی پەیدا دەکات و کاری هاوبەش و گۆرانی دووقۆڵییان لەگەڵدا دەڵێت، لەگەڵ (فەوزیە محەمەد/ ئەڵماس خان/ مریەم خان/ گوڵبەهار/ ژیان ئەحمەد/ نازدار/ ئیسمەت فەرهاد) هاوکاری و ناسیاوی دەبێت، بەداخەوە لە ١٩٩٠/١٠/١٠ بەهۆی نەخۆشی بەبێ کەسی کۆچی دوایی دەکات و دیسان بەداخەوە شارەوانی لەبەر بێکەسی تەرمەکەی لەیەکێ لە گۆڕستانەکانی بەغدا دەنێژن،



سوودم لە تۆڕی ئەنتەرنێت وەرگرتووە لەساڵی ٢٠١٨







## تاهیر تۆفیق / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (تاهیر تۆفیق ئاوڕەحمان حەمەدی شێخانی) یە، ساڵی ١٩٢٢ لە گەڕەکی بەفری قەندی شارە خنجیلانەکەی کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٢٩ باوکی بردویەتی بۆ سوختەخانەی (مەلای ڕەش) ی کۆیە لەلای ئەو خوێندنی قورئانی پیرۆز و گوڵستان و بۆستان تەواو دەکات، ساڵی ١٩٣٢ چوەتە قوتابخانەی سەرەتایی کۆیە و لەو کاتەوە دەست بەکاری هونەری گۆرانی دەکات، مامۆستاکانی لەبەر زیرەکی لە پۆلی دووەم دایانناوە و خستویانەتە تیپی سروود و گۆرانی قوتابخانە، تاپۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، ساڵی ١٩٤٠ لە گەلێ ئاهەنگی مەولودی پێغەمبەر (د - خ) بەشداری کردووە، ساڵی ١٩٤٥ لە ڕێی خزمێکی خۆیەوە بەناوی سەمەدی حاجی محەمەد بەننا لە ئێسگەی کوردی بەغدا دادەمەزرێت و چەندین گۆرانی تۆمار دەکات، چەندین گۆرانی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٥٦ لە هەولێر بە فەرمانبەر دادەمەزرێت، بەلاّم دوای ساڵێك دەگوازرێتەوە بەغدا بۆ وەزارەتی ناوخۆ، لەم کاتەدا دیسان هاتوچۆی ئێسگە دەکاتەوە و کۆمەڵێك مەقام و سروود و بەستەی فۆلکلۆری تۆمار دەکات، ساڵی ١٩٦٠ داوای گواستنەوە دەکات بۆ هەولێر لەوکاتەوە لە هەولێر دەمێنێتەوە تا خانەنشین کردنی، هونەرمەند تاهیر تۆفیق لە ١٩٨٧/١٠/٢٠ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد و لە کۆیە بە خاك سپێردرا.

---

(سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)



## قاله مەڕە / شمشاڵ ژەن

ناوی تەواوی (قادر عەبدوڵڵا زادە) یە، ساڵی ١٩٢٠ لە گوندی کولیجەی نێوان بۆکان و مەهاباد لەدایکبووە، چەپ گەردی گەردوون وای لێکردووە کەباوکی نەبینێ و تەمەنی (٦) ساڵ بووە دایکیشی کۆچی دوایی دەکات، تەواوی ژیانی بەناڕەحەتی و برسیەتی و چارەڕەشی تێپەڕ کردووە، ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندی بە کۆماری مەهاباد کردووە، دۆستایەتی لەگەڵ شاعیران (هێمن و هەژار) هەبووە، لەدوای لە سێدارەدانی قازی محەمەدی سەرۆك کۆمار قاچاغ دەبێ و هانا دەباتە ئەشکەوتی گولاڵە و دواتر ماڵی عەباس ئاغای سەرکەپکان و ئەحمەد ئاغای کۆیە، قاله مەڕە هونەرمەندێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر بووە، کە خاوەن دەیان بەرهەمی هونەرییە لە مێژووی هونەری گەلی کورددا، نەمر و بۆ هەمیشە زیندو دەمێنێتەوە، لە ٢٠٠٩/٥/٢١ لە ماڵی خۆی لە بۆکان کۆچی دوایی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی و بەبڕیاری بنەماڵەکەی بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هۆگرانی لە ٢٠٠٩/٥/٢٢ لە تەنیشت گۆڕی حەسەن زیرەك لە ناڵەشکێنە بەخاك سپێردراوە.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان







## شەوکەت ڕەشید / گۆرانی بێژ و مۆسیقا ژەن

ناوی تەواوی (شەوکەت ڕەشید عیزەت عەبدوڵڵا هەمزە ئاغای بابانی) یە، ساڵی ١٩٣٠ لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لەدایك بووە، دەرچووی سەرەتاییە، پاشان لە قوتابخانەی سەربازی مۆسیقا تەواو دەکات، هەر لە منداڵیەوە فێری لێدانی شمشاڵ و نەی بووە، هەر ئەمەش هانیدا بچێتە ناو تیپی مۆسیقای سوپاو خۆی فێری هەرە زۆری ئامێرەکانی مۆسیقا بکات وەکو (کلارنێت و عود و نەی و سەکسیفۆن و تەپل و جاز و جومبش و زوڕنا)، چەندەها ساڵ سەرپەرشتی جوقی مۆسیقای سوپای کردووە، ساڵی ١٩٤٦ بووەتە سەربازی خۆبەخش لە سوپای عێراق بۆ ماوەی (٤٢) ساڵ، ساڵی ١٩٨٨ خانەنشین بووە، لەهەمان ساڵی بوونی بەسەرباز لەساڵی ١٩٤٦ دەستی بەکاری هونەری کردووە، سەرەتا بە هونەری مۆسیقا، دووجار هاوسەرگیری کردووە لەساڵەکانی (١٩٥٧ و ١٩٦١)، (١٢) منداڵی هەیە (٧) کوڕو (٥) کچ بەناوەکانی (سامان/ سامال/ سروە/ سەروەت/ سۆلاڤ/ سیروان/ سۆزان/ سەرتیپ/ مەریوان/ سۆران/ سۆزناك/ سارا)، هۆی چوونی ماڵەکەی لە سلێمانییەوە بۆ کەرکوك سەربازی بوونی بووە، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵ و هونەرو وێژەی کوردی لە سلێمانی بووەتە ئەندام، ئەندامی تیپی مۆسیقای مەولەوی بووە، کاری لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە کردووە، ئاستاییێکی زۆری هەبووە لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستان وەکو (حەسەن زیرەك/ حەمە جەزا/ ئیبراهیم خەیات/ عەلی مەردان/ تاهیر تۆفیق/ حوسێن عەلی)، ڕۆژانێك ماڵەکەی ببوە ماڵی هونەرمەندانی کوردستان زۆربەی پرۆڤەی گۆرانی لێ ئەنجام دەدرا، وەهەروەها کاری بۆ گۆرانی بێژی تورکمانی (هابە) کردووە، ساڵی ١٩٧٤ لەسەر ئۆپەرێتی (بوك و زاوا) کە لە هۆڵی خلود

نمایشکرا بۆ ماوەی (١٢) ساڵ دوورخراوەتەوە بۆ شاری بەسرە، ئاوازی بۆ چەندین گۆرانی بێژان داناوە وەکو (ئیبراهیم خەیات/ عوسمان عەلی/ سەلاّح مەجید/ حەمەی نێرگز/ مەریوانی کوڕی/ سەلاّح ڕەشید ی برای)، بەرنامەیەکی هەبووە لە تەلەفزیۆنی کەرکوك بەناوی (ئارەزوومەنـدان) ئامادە و پێشکەشی دەکرد، لە حەفتاکان سەرۆکی تیپی مۆسیقای (سۆلاڤ) بووە کـە لەشـاری کەرکوك دامەزرابوو، ئەندامی تیپـی مۆسـیقای تەلـەفزیۆنی کـەرکوك بـووە، بەداخـەوە لـە ١٩٩١/٤/١٧ کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی گردی شێخ محێدینی شاری سلێمانی بـەخاك دەسپێردرێت.

---

لە ٢٠١٨/٨/٢٣ مەریوانی کـوڕی لەڕێگـەی ماسـنجەرەوە هاوکـاری کـردم زانیـاری زۆر بەسوودی پێدام



## ڕەسول بێزار گەردی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (ڕەسولْ ئیبراهیم سولْتان) ە، ساڵی ١٩٢٢ لە گوندی (قەڵاڎگە) لە دەشتی بەڕانەتی (هەولێر) لەدایکبووە، هەر کۆرپە بووە کاتێ باوکی کۆچی دوایی دەکات و بەبێ سۆزی باوکی گەورە دەبێت، هونەرمەند تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەخوێنێ، پاش چەند ساڵێك دەچێتە ماڵی داپیرەی لە هەولێر,ساڵی ١٩٤٠ بانگ دەکرێت بۆ خزمەتی سەربازیی، دوایی دەبێت بە پۆلیسی سوارە بۆ ماوەیەك دەنێردرێتە شاری (کۆیە)، لەوێش ناوبانگی بلاْودەبێتەوە و ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەندانی کۆیە پەیدا دەکات بە تایبەتی مامۆستا تاهیر تۆفیق، ساڵی ١٩٤٤ لە ناوچەی میرزا ڕۆستەم (پشدەر) ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێت لەگەڵ (ئامینە محەمەد حەسەن) لە بنەماڵەیەکی ناوداری هۆزی بلْباس، دوایی دەگەڕێنەوە شاری هەولێر,چوارمنداڵیان دەبێت دوو کوڕ و دووکچ (کەیفی/سەفین/سەرگولْ/شاهیدە)، لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٧ ڕوو لە ئێزگە و تەلەفزیۆنی بەغدا دەکات، دەبێتە یەکەم کەس کە حەیرانی کوردی لە ئێزگە و تەلەفزیۆن بلاْوبکاتەوە و لەگەڵ مۆسیقادا حەیران بچڕێت، دەبێتە یەکەم کەسیش کە حەیران لەسەر مەقامی سەبا و حیجاز و نیوەشەوە بلێت,ئەمەش شارەزاییەکی چاکی دەوێت لە بواری مەقامدا، لەبەر ئەوەی ئەو کاتی ریکۆرد و کاسێت پەیدا نەببوون، بەرهەمەکانی بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەخش دەکران خەڵکی گوێبیستی دەبوون، هونەرمەند هەر ئەوەندە تینوێتی ناشکێنێ و لە دەرەوەی ئێزگە و تەلەفزیۆنیش ئەسپی خۆی تاودەدات و بەشداری لە زۆربەی ئەو ئاهەنگانە دەکات کە لەبۆنە نەتەوەیی و نیشتمانیە کوردییەکاندا

سازدەکران، بەتایبەتی لە ئاهەنگەکانی نەورۆز بە ئاشکرا و بەنهێنی، لە خۆبردووانە و بە خۆڕایی و بەبێ هیچ بەرامبەرێکی دارایی و ماددی ئاهەنگەکانی دەڕازاندوە و گیانی کوردایەتی و ورەی ئامادە بووانی بەرز دەکردەوە هانی دەدان، تاوای لێهات تووشی چەندین گیرو گرفت هات لەسالّی ١٩٦٨ لە ئێزگە و تەلەفزیۆنی بەغدا دوورخرایەوە، دوای بەیانی ١١ ئادار ١٩٧٠ گەڕایەوە بۆ ئێزگە و بەردەوام بوو، لەگەلّ هەلّگیرسانەوەی شۆڕش پەیوەندی بە شۆڕش دەکات و دەبێتە پێشمەرگە، بە بەرهەمە بە پێزەکانی ئێزگەی شۆڕش دەولّەمەند دەکات لەگەلّ تیپی مۆسیقای شۆڕشی ئەوسا لە هەموو بۆنە و ئاهەنگەکان بەشداری دەکات، لەوێش دەبێتە یەکەم کەس کە سرودی نیشتمانی بە شێوەی حەیران بچڕێت، دوای نسکۆی شۆڕش ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر، چەندین بەرهەم لە تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆماردەکات، بەلاّم زۆر بەدرەنگی، بۆیە تەمەن یار نابێت تاوەکو ئەو بەرهەمانەی دەرەوەی رادیۆ و تەلەفزیۆن دووبارە تۆماریان بکاتەوە و کلیپیان بۆبکات بۆ مانەوەیان وەك ئەرشیفێکی هونەریی پارێزراو، سالّی ١٩٧٨ تووشی نەخۆشی دلّ دەبێت، ڕوو لەشاری (لەندەن) دەکات بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکی گەورەی دلّ، دوای سەرکەوتنی نەشتەرگەریەکە دکتۆرەکان پێی دەلّێن دەبێ دوای پازدە سالّی تر بچێتەوە لەندەن بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکی تر، بەلاّم کەسایەتی بەرزی و گیانی پاك و دلّسۆزی بۆ گەل و نیشتیمانەکەی ڕێی پێنادات دوای راپەڕین ڕوو لەبەغدا بکات بۆ ئەوەی ڕەوانەی لەندەنی بکەن بۆ چارەسەرکردن، زۆر بەداخەوە لە هەرێمی کوردستانیش ئەوکاتی ئەو بایەخە بە هونەرمەندان نەدەدرا تا ئەو ڕادەیەی ڕەوانەی دەرەوە بکرێ بۆ چارەسەرکردن و ئەنجامدانی نەشتەرگەی دلّ، تاوای لێهات نەخۆشیەکەی پەرەی سەند و چۆکی پێدادا و لە ١٠/١٧ / ١٩٩٤ بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە گیانی پاکی بەخوای گەورە سپارد و لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لە هەولێر نێژرا،

ڕەسولّ بێزار گەردی بەدرێژایی تەمەنی هونەری، چەندین نازناوی پێبەخشراوە، لەوانە (پاشای حەیران) و (میری حەیرانی کورد) و (شێخی حەیرانبێژان) و (مامۆستای مەقام و حەیران) و چەندین نازناوی تر.

---

ئەم ژیاننامەم لە کاك هەندرێن خۆشناو وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٦/٩



## قادر دیـلان / گۆرانی بێژو مۆسیقا ژەن

ناوی تەواوی (قادر مەلا ئەحمەد مەلا ساڵح مەلا قادر) ە، ساڵی ١٩٢٨ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەنـدی لـە سـلێمانی تـەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٤٧ وەك قوتابییەك بەشداری لە خولی فێربوونی مۆسیقا کردووە، پاشان ڕوو لە شاری بەغدا دەکات بـە مەبەستی تەواو کردنی خوێندن و گەشەدان بە زانیاری موزیك، ئەوە بوو لە کۆلیـژی بازرگـانی وەرگیرا بەیانیان دەوامی دەکرد و لەهەمان کاتیشدا لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانیش وەرگیراو ئێواران دەوامی دەکرد، بەڵام لە هەر دوو لا دوور خرایەوە بەهۆی هەڵوێسـتی سیاسـی، سـاڵی ١٩٤٨ تیپێکی مۆسیقی کوردی دادەمەزرێنێت، ساڵی ١٩٥١ وەك کلارنێت ژەنێك لە ئێزگەی کـوردی بەغـدا دامـەزراوە، سـاڵی ١٩٥٧ لەگـەڵ کۆمـەڵێك هونەرمەنـد تیپـی مۆسـیقای (مەولـەوی) یـان دامەزرانـدووە، سـاڵی ١٩٦٢ دەچـێتە دەرەوەی وڵات، چـووەتە وڵاتـی چیکۆسلۆفاکیا و لەپراگی پایتەخت نیشتەجێ بوو، لەوێ لە ڕادیۆ دامەزرا، لەهەمان کاتیشـدا لە پەیمانگە تایبەتەکان دەوامی دەکرد، دواتر بووە ئەندامی تیپی موزیکی شاری (تفلـیس) ی پایتەختی جۆرجیا (سۆڤیەت) و لەوێ دامەزرا و تیپەکەیان ناونـابوو (دیـلان)، سـاڵی ١٩٧٦ هەلی بۆ ڕەخسا گەڕایەوە کوردستان، سـاڵی ١٩٨٨ بەشـداری ڤیسـتیڤاڵێکی جیهـانی کـرد، هونەرمەند قادر دیلان لە چیکۆسـلۆفاکیا هاوسـەری بـۆ خـۆی هەڵبـژاردووە بەرهـەمی ئـەو هاوسەرییە کوڕێك بە ناوی (ئارام دیلان) و کچێك بەناوی (بارولکە) بوو،

بەداخەوە لە ١٩٩٩ /٣/١٨ لە شاری پراگ کۆچی دوایی کردو گۆڕ غەریب بوو لە وەسیەتەکەیدا دەڵێ (ئەگەر مردم تەرمەکەم بەرنەوە بۆ کوردستان تکاتان لێدەکەم لاشەکەم ببەنەوە کوردستان ئەگەر نەتانتوانی لانی کەم بمبەنەوە ، ئەوا خۆڵەمێشەکەم ببەنەوە قەت لە چاکەتان دەرناچم ، ئێوەش هەر بژین)،



---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## حوسێن عەلی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (حوسێن عەلوان مەحمود) ە، بە حوسێن عەلی یان حوسێن عەلی گورجی ناسراو بووە، ساڵی ١٩٢٥ لەدێی (زەند مەلا یوسف) یان (حەوت تەغار) لە ناوچەی (داقوق – تاوخ) شاری کەرکوك لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٣ بە خۆشەویستی بێوەژنێك دێنێ ناوی (ئامینە موسا) بووە، دایکی دوو کچ بووە (سەمیرە و ئەمیرە) سێ کوڕیشی لێی بووە (جەمال و کەمال و نەوزاد)، ساڵی ١٩٤٨ چووەتە ئێسگەی کوردی بەغدا و دەچێتە هوتێلی (سەعادەت) لەوێ بەرێکەوت چاوی دەکەوێت بە بەڕێوەبەرانی ڕادیۆ (کامیل کاکەمین و محەمەد ڕوشدی) هەر لەوێ تاقیان کردەوە و بڕیاریاندا لە ئێسگە گۆرانی بڵێ، یەکەم گۆرانیشی (وەك قومری سەر باڵم شینە) پاشان (ڕەحمە ڕۆوبان شاخی/ بە ڕێزە ڕێزە/ دانە دانە/ تەنکە تەنکە/ نیە لە ماڵ) ئەوکاتە ئامێری تۆمار کردن نەبووە ڕاستەوخۆ گۆرانی پێشکەش کراوە، هونەرمەند تادوا تەمەنی (٤٦) مقام و گۆرانی لە ئێسگە تۆمار کردووە، لە شەستەکان تووشی نەخۆشی (شەکرە) بووە، ساڵی ١٩٨١ لە (شۆرجە) ی بەغدا ئۆتۆمبێل لێی دەدا و قاچێکی دەشکێنێ، بەداخەوە نەخۆشی (شەکرە) لە ساڵی ١٩٨٥ لە چاوەکانی داو وردە وردە کاری تێکردن و کزبوون تا لەساڵی ١٩٩٠ بە تەواوەتی لە بینین کەوتن ئەمە سەرباری نەخۆشی (گورچیلە) و (دڵە کوتێ) کە تەنگیان پێ هەڵچنیبوو، لە ڕووی ئابوری مرۆڤێکی دەست کورت بووە، بۆ بژێوی ژیان جوتیاری و کرێکاری کردووە یان شوفێری خەڵکی بووە، هونەرمەند حوسێن عەلی پاش خزمەتێکی زۆری هونەری کوردی لەکاتژمێر ٢٠- ١٢ ی نیوەڕۆی پێنج شەممە ١٩٩١/٧/١٨ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (شێخ مەعروف) لە بەغدا بە خاك دەسپێردرێ

---

(سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)




**مەزهەری خالقی/گۆرانی بێژ**

هونەرمەند (مەزهەری خالقی) ساڵی ١٩٣٨ لە شاری سنە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٤٤ چۆتە قوتابخانە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سنە تەواو کردووە، دەرچووی (خانەی مامۆستایانی باڵا) یە، دواتر بڕوانامەی دبلۆمی لە فیزیك وەرگرتووە لە زانکۆی تاران، لە تەمەنی ١٠ ساڵی حەزی لە گۆرانی گوتن کردووە، سەرەتا بە گۆرانی فارسی دەستی پێکردووە ساڵی ١٩٤٨ دەستی داوەتە هونەری گۆرانی و مۆسیقا، لە قوتابخانە یەکەم کۆنسێرتی هەبووە بەناوی (میهرەدار)، میهرەدار عەرەب پێی دەڵێن میهرەجان، میهرەدار مانگێکی کۆنی ئالیاهیە یاخود زەردەشتیە مانگی شادیە، سەرۆکی پەروەردە زۆر پێی سەرسام دەبێت و قەڵەمەکەی خۆی بە دیاری پێدەدات کە قەڵەمەکە نووکی زێڕ بووە، کۆنسێرتی دووەم لە یانەی ئەفسەران لە سنە ئەنجامداوە، لەم کۆنسێرتە جەنەڕاڵێکی کورد دیارییەکی پێدەدات و خالقی بەفارسی دەڵێت زۆر مەمنون ئەویش دەڵێ نا کوڕم بڵێ سوپاس نەڵێی مەمنون، دواتر چووەتە تاران لە ڕادیۆ لە بواری ئەدەبی ئیشی کردووە، ساڵی ١٩٦٥ هاتۆتە عێراق لەبەغدا چەند جارێك لەماڵی کوردەکان ئاهەنگی ساز کردووە، ماوەی چەند ساڵێکە لە دەرەوەی وڵات دەژی.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان






## ئیبراهیم خەیات / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (ئیبراهیم محەمەد مستەفا ئەحمەد) ە، ساڵی ١٩٣١ لە گەرەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی لەدایکبووە، لەبەر هەژاری تەنها یەك ساڵ چۆتە قوتابخانە دواتر وازی هێناوە و لەلای (تۆفیق) ی براگەورەی دەبێتە شاگرد خەیات، دواتر لەگەڵ ئیسماعیلی برای لە شەقامی مەولەوی دوکانێکی خەیاتی دادەنێن، ساڵی ١٩٥٠ لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی گۆرانی گوتووە، ساڵی ١٩٥٦ ژنی هێناوە و بۆتە باوکی ١٠ منداڵ، ساڵی ١٩٥٨ لە ڕادیۆی کوردی بەغدا بۆ یەکەمجار هەندێ سروودی نیشتمانی تۆمار کردووە، (١٥) سروود و گۆرانی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا تۆمار کراون، زۆربەی ئەو ئاوازانەی گوتوویەتی هی خۆیەتی، توانای ژەنینی هیچ ئامێرێکی مۆسیقای نەبووە، ساڵی ١٩٥٩ چۆتە (ڤیەنا) بەشداری ڤیستیڤاڵی لاوانی کردووە، ساڵی ١٩٦٣ یەکەم گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمارکردووە بەناوی (بۆ ڕەنجەڕۆت کردم)، ساڵی ١٩٦٩ بۆتە ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی، ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ تیپی مۆسیقای کەرکوك گۆرانی (پەیمان — ئێمە گیانێکین لەدوو جەستەدا) تۆمارکردووە، هونەرمەندی گۆرانی بێژ برایم خەیات لە ٢٠٠٥/٥/٤ ڕۆژی چوار شەممە کۆچی دوایی کردووە.

---

(سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)




## عەبدوڵلاٚ ئیسماعیل کۆیی – گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (عەبدوڵلاٚ ئیسماعیل قادر) ە، ساڵی ١٩٣٢ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، لە عەشیرەتی ئۆرمزیارە، تاپۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە، لەبەر باری گوزەرانی وازی لە خوێندن هێناوە، دوای ئەوەی خێزان پێکدێنێ دوو کاری کردووە بۆبژێوی ژیان (کرێکاری و پاسەوانی)، لەلایەکی تریش پەڕەچی بووە لبادی کوردەواری دروست دەکرد لەلای وەستایەك، ساڵی ١٩٥٠ دەستی بەکاری هونەری کردووە لە کۆیە، سەرەتا لە کۆڕ و مەولود دەستی پێکردووە، دەتوانین بڵێین عەبدوڵلاٚ ئیسماعیل و سێوە و تایەر تۆفیق هەرسێکیان قوتابی هونەرمەندی گەورە و دەنگ خۆش مەلا ئەسعەدی کۆیەن، ئەو سێ هونەرمەندە گۆرانییەکانی مەلا ئەسعەدیان گوتۆتەوە و لەگەڵیشی دانیشتوون چەندان مەولود و ئاهەنگیان گێڕاوە، ساڵی ١٩٥٧ کە تیپی باواجی کۆیە دامەزرا لەگەڵ ئەم تیپە زۆربەی ئاهەنگەکان بەشداری کردووە، وەك ئاهەنگەکانی نەورۆز و یەکی ئایار و ئاهەنگی تایبەت، ساڵی ١٩٧١ یەکەم گۆرانی لە ئێسگە و تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمارکردووە بەناوی (ئەی پەری) بەشێوازی کۆیە لەگەڵ تیپی باواجی، دوای ئەوە لەساڵی ١٩٧٤ گۆرانی (هەی بۆیاران) تۆمارکرد، هەموو ساڵێك گۆرانییەك یان دوو گۆرانی تۆمارکردووە، زۆربەی گۆرانییەکانی (ئازاد دڵپاك) ی کوڕی ئاوازی بۆ داناوە، شیعرەکانی (جەلال جۆبار و شەفیق بەیاد و ئازاد دڵپاك و ڕەمەزان زامدار) کردووە بە گۆرانی، گۆرانییەکانی بریتین لە (ئەی پەری/ بۆ یاران/ سەوزەڵێ/ ئەسمەرێ/ ئەباری/ نەورۆز/ کوردستان شیرینە/ زەمانە/ ئەگەر پرسیاری حاڵم کەن/ بەکوردی ئەژیم/ ئەی نائومێدی/ هەموو کەس بابزانێ/ توخوا تۆ کچەکە تۆ لەکوێ هاتی/ ڕێبوار و ڕبوار/ بەقەد شمشار/ بەقامەت

خەرامان/ کوانێ یارم)، لەگەڵ دەیان گۆرانی و سروودی ئایینی بۆ ئێسگە و تەلەفزیۆنەکانی کوردستان تۆمارکردووە، ئەو تیپانەی کاری لەگەڵ کردوون (تیپی کۆیە) (تیپی باواجی) (تیپی هونەرو وێژەی کوردی) (تیپی سۆلاف) (تیپی چنارۆك) (تیپی هونەری دڵپاك)، بەداخەوە لەساڵی ٢٠١٥ وە توانای گۆرانی گوتنی نەماوە بەهۆی نەخۆشی و بەسالاچوونی تەمەنەوە، لەبواری نواندن وەك ئەکتەر کاری لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو و ئالا کردووە، لەچەندین فیلمی سینەمایی کاری کردووە لەگەڵ دەرهێنەر جوان بامەڕنی و ئازاد دڵپاك، لە تەمەنیدا دوو جار گیراوە لەلایەن ڕژێمەوە لە ساڵەکانی (١٩٦٣ و ١٩٨٢)،

---

ئەم ژیاننامەم لە هونەرمەند (ئازاد دڵپاك) ی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٩/٢



## عیسا بەرواری/ گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (عیسا حوسێن یونس) ە، سالّی ١٩٣٣ لە گوندی (کارەڤا) سەر بە شارۆچکەی ئامێدی لە دایکبووە، سالّی ١٩٥٠ یەکەم گۆرانی بۆ ئێسگەی کوردی بەغدا بەناوی (شاهینۆ) تۆمار کردووە، زۆربەی گۆرانیەکانی لە هۆنراوە و ئاوازی خۆیەتی، سالّی ١٩٧٥ دەبێتە سەرۆکی بەشی مۆسیقا و گۆرانی لە ئێسگەی کوردی بەغدا، بەشداری چەندین ڤیستیڤالّی هونەری کردووە لە دەرەوەی ولآت، سالّی ١٩٧٣ دەچێتە ولآتی (لوبنان) بە هاوکاری هونەرمەندان (محەمەد عارف جزیری و گولّبەهار) بۆ ئاهەنگ گێڕان، سالّی ١٩٨٧ گەشتێکی بۆ ولآتە ئەوروپیەکان کردووە وەك بالّیۆزێکی هونەر و گۆرانی کوردی، چەندین ئاهەنگی گێڕاوە لە ولآتانی وەك (لەندەن/ برەنگهام/ ویلز/ فەرەنسا/ نەمسا)، چەندین خەلآتی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی عێراق پێبەخشراوە، هەروەها سەرۆکی شارەوانی پاریس مەدالیەی زێڕی پێبەخشیوە، بەداخەوە لە ٢٠٠٢/٧/٢٠ کۆچی دوایی کردووە،



سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## جامیله – گۆرانی بێژ

ناوی تـەواوی (جـامی عەبدولکـەریم) ە، سـاڵی ١٩٢٩ لـە هـەولێر لـەدایکبووە، لەبـەر خۆشەویستی لەلای هەوادارانی ناویان لێنا (جامیلە)، ساڵی ١٩٣٧ چووەتە قوتابخانـە، بـەڵام لەبەر ئاڵۆزی بژێوی ژیان وازی لە خوێندن هێناوە، جامیلە هەر لە گەنجاتیەوە لەناو برادەرانی و لەبۆنە تایبەتیەکان گۆرانی فۆلکلۆری و قۆریاتی گوتووە، دەنگێکی بەرز و خۆشی هەبووە، لـە بنەماکانی (مەقام) و (کەرەم) شارەزا بووە، جامیلە لە ئاهەنگەکانی ئەو کـات کـە بەشـداری دەکرد شانبەشانی هاوڕێیانی (فایق بازرگان) و (حەیدەر بەقاڵ) و (حاجی جـەمیل قەپقاپچـی) بوولە هەولێر و کەرکوك، هەروەها زۆر حەزی لە حەیرانی کوردی بووە، جامیلە چەند سـاڵێکی دوور و درێژ خەریکی شوفێری بوو لە ڕێگەی هاملتۆن (هەولێر – حاجی ئۆمـەران)، جامیلـە لەساڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایی کردووە.

---

سوودم لە پەیجی (کاکۆ قەساب) وەرگرتووە ٢٠١٨/٥/٢٤



## بــاكوری /گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (ئەندریۆس ئیسرائیل خـەمۆ) یـە، سـاڵی ١٩٢٨ لە گـەڕەكی قـەڵات لـە شـاری كۆیـە لـەدایكبووە، ئاشووریە بەڵام وەك هونەرمەنـدێكی كـورد ناسـراوە، خـۆی دەڵێ نەمبیستووە مەسـیحییەكان و ئاشـوورییەكان گـۆرانی بێژیان هەبێت تـەنها (سـێوە) نـەبێت، لـە شـەڕی یەكـەمی جیهان عوسمانییەكان دەستیان كرد بەكوشتن و بڕینی ئاشووری و ئەرمـــەنی و مەســـیحییەكانی توركیــا هەنـــدێ لـــە كوردەكانیش، ئیتر باب و دایكی وەك ئەو خەڵكە هەڵاتن و هاتنە عێراق و لەكۆیە نیشـتەجێ بوون، ساڵی ١٩٣٤ چووەتە قوتابخانە و سەرەتایی و ناوەنـدی لـە كۆیـە تـەواوكردووە، سـاڵی ١٩٤٦ دواناوەندی لە هەولێر تەواوكردووە، ساڵی ١٩٥٠ لە كەركوك ٣ ساڵ فەرمانبـەر بـووە لەكۆمپانیای نەوت، حەزی لە خوێندن بووە بۆیە لەساڵی ١٩٥٣ دەگەڕێتەوە خوێندن لە خانەی مامۆستایانی باڵا وەرگیرا لە بەشی ئینگلیزی، ساڵی ١٩٥٢ چۆتە ڕادیۆی كوردی بەغدا چەند گۆرانییەكی تۆمار كردووە وەكو (ساقی حەقیقی شەراب بنوێنە/ ئەی مەلەنگێنە)، هەتا ساڵی ١٩٥٧ زیاتر لە ٥٠ گۆرانی لە ڕادیۆی كوردی بەغدا تۆمـاركردووە، سـاڵی ١٩٧٤ پەیوەنـدی لەگەڵ ئێسگە بڕا، ساڵی ١٩٥٢ كەدەچێتە ئێسگە لەسەر ناوی (ئەندریۆس ئیسرائیل) تووشـی كێشە دەبێت، عەرەبەكان ڕقیان لەو ناوە بوو، هەم خۆی و هـەم ئەوكەسانەی لەگەڵێدا بـوون تووشی كێشە ببون گوتویانە ئیسرائیل كێیـە، لـەوێ برادەرانـی نـاوی بـاكووری بـۆ دادەنـێن باكووریش دەڵێت وەڵـڵا نـاوێكی خۆشـە، یەكـەمجار بـاكووری لـە ئێسـگە گـۆرانی گوتـووە، تۆمـاركردن نـەبووە بۆیـە گۆرانییـەكانی ئەوسـەردەم بـزر بوونـە، بـاكووری سـاڵی ١٩٦١ هاوسەرگیری كردووە، دوو كوڕی دوانەن (سەبا/ شۆبان)، هاوسەرەكەی كۆچی دوایـی كـردووە و باكووری بەتەنیا دەژیت،

---

(سەرچاوە لەیەكێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان)



**ئەحمەد شەماڵ / گۆرانی بێژ**

ناوی تەواوی (ئەحمەد مەحمود محەمەد) ە، وبە (ئەحەی خولەسنەیی) ناسراوە ساڵی ۱۹۲۳ لە گەرەکی چوارباغی شاری سلێمانی لە دایکبووە، لە سەرەتادا دەخرێتە حوجرە بۆ خوێندنی قورئانی پیرۆز، لەبەر هەژاری وازی لەخوێندن هێناوە و دەستی بەکار کردن کردووە و ئاوارەی شاران بووە خەم و کەسەر و مەینەت دەبێتە بەشێك لە ژیانی ئەم کەڵە هونەرمەندە، هەر لە سلێمانی ژنی هێناوە و چەند منداڵێکی هەن بەناوی (جەمال و جەلال و جوزا و شەماڵ و ناسك و بەناز)، ساڵی ۱۹٥۳ دەستی بەکاری هونەری کردووە، لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندەکانی ئەو سەردەمە گۆرانی گوتووە، وەك مامڵێ و زیرەك و مەردان، ئەم هونەرمەندە دوای نەهامەتی لە ژیانیدا چەشتی کە هەمیشە لە باوەشی قات و قڕی و برسێتیدا ژیاوە، بۆیە چیدی لەشە ماندوو و شەکەتەکەی نەیتوانی بەرگەی ئەو بارە سەختەی ژیان بگرێ بۆیە، لە ۱۹۹۷/٤/۳ دا لە شاری سلێمانی لە دوای ململانێیەکی زۆر لەگاڵ نەخۆشیدا چاوی لێکناو بۆ یەکجاری بەجێی هێشتین کەهەر لەوێش بەخاك سپێردرا.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان




## بێناو / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (قابیل شێخ حەسیب شێخ عەلی تاڵەبانی) یە، ناسراو بووە بەچەند ناوێک وەکو (شێخ قابیل تاڵەبانی/ بێناو / مەریوانی) ساڵی ١٩٣٠ لە ئاوایی (لەیلان) ی شاری کەرکوک لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لەهەمان دێدا تەواوکردووە ناوەندی و ئامادەییشی لە کەرکوک تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٤ لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک دادەمەزرێ، ساڵی ١٩٧٢ پاش ٢٨ ساڵ بەهۆی نەخۆشی خانەنشین کراوە، هونەرمەند دەنگێکی بەهێز و خۆشی هەبووە، ساڵی ١٩٥٣ چووەتە ئێسگەی کوردی بەغداو ئەم مەقام و بەستانەی لەتەك مۆسیقادا بەشێکیان بەناوی (بێناو) و ئەوانی تر بەناوی (مەریوانی) تۆمار کردووە (مەقامی بەیات/ بەستەی نەمام نەمامە/ نەشمیل)، جگە لە گۆرانی شارەزایی لە ژەنینی ئامێری عود و نای و تەپڵ و دووزەلە هەبووە، شێخ قابیلی هونەرمەند لە ١٩٧٨/٩/٩ لە نەخۆشخانەی ئازادی کەرکوک بە هۆی جەڵتەی دەماغیماڵئاوایی کردووە لە گۆڕستانی (تەکیەی تاڵەبانی) بەخاك سپێردرا.

---


(سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)



## حەسەن زیرەك / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (حەسەن عەبدوڵلاّ) یە، لە٢٩ /١٩٢١/١١ لە گوندی (هەرمێلە) کە دەکەوێتە نێوان سەقزو بۆکان لە دایکبووە، تەمەنی ٦ ساڵان بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، دوای (٣) ساڵ دایکی شوو دەکاتەوە، لە تەمەنی (٩) ساڵیدا لەبەر نەبوونی و بێکەسی دەکەوێتە کارکردن، وەك شاگردی و یاریدەدەری شوفێر و کاری تر، ساڵی ١٩٥٣ ڕوو دەکاتە شاری سلێمانی ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە و چەندەها ئاهەنگ دەگێڕێ و خەڵك دەیناسن پاشان ڕووی کردۆتە شاری کەرکوك ماوەیەکیش لەوێ و دوایش دەچێتە بەغدا لە ئوتێل (شمال) دەبێتە شاگرد، مام جەلال لەو ئوتێلە دەیناسێت و یارمەتی دەدات و دەیباتە لای عادل عیرفان کاربەدەستی ڕادیۆی کوردی، هونەرمەند ماوەیەکیش لە هەولێر ژیاوە، کە شۆڕشی ١٩٥٨ بەرپابوو حەسەن زیرەك دەستگیر دەکرێت و لەلایەك گۆرانی بەسەر مەلیك فەیسەڵ گوتووە لەلایەك بە جاسوسی ئێرانی لە قەڵەمی دەدەن، بە بەند کراوی دەیبەنە کەرکوك دواتر هەولێر ئینجا موسڵ، دواتر سەعید ئاغا واستەی بۆ دەکات ئازاد دەکرێت، لەهەمان ساڵدا دەگەڕێتەوە (تاران) بە مەبەستی کارکردن لە ئێسگە لەوێ عاشقی (میدیای زەندی) دەبێت و داخوازی دەکات و دەبێتە هاوسەری ژیانی و (٢) کۆرپەی لە میدیا دەبێت و ناویان دەنێت (ساکار و ئارەزوو)، حەسەن زیرەك بە نەخۆشیەکی کوشندە لە ١٩٧٢/٦/٢٦ کۆچی

دوایی دەکات و لە گۆڕستانی سەر (ناڵە شکێنە) بەخاکی دەسپێرن، بۆ کۆچی دوایی ئەم هونەرمەندە گومانێکی زۆر بەهێز هەیە کە (ساواك) واتا موخابەراتی ئێرانی ئەوکات کوشتویەتی یان زەهر خواردی کردبێ بەهۆکاری داوا لێکردنی بۆ کاری جاسوسی لەسەر عێراق ئەویش ڕەتی دەکاتەوە.


زیرەک لەگەڵ ساکارو ئارەزووی کچی لەکاتی نەخۆشیدا



سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و کتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج و ڕونکردنەوەیەکی شاعیر سەرداری مام عەولا


محەمەد ئیبراهیم

## حەمە قوتو / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (محەمەد ئیبراهیم عەبدوڵڵا) یە، ساڵی ١٩٣٩ لە هەڵەبجە لەدایکبووە، بۆی نەلواوە بچێتە قوتابخانە لەبەر هەژاری، سەرقاڵی پیشەی (بەرگ دروو) و دواتریش (شوفێر) بووە، بەڵام لە ڕێگەی نەهێشتنی نەخێندەواری فێری خوێندن و نووسین بوو، فەرمانبەر بووە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی هەڵەبجە، لەهەمان کاتدا شۆفێری هێڵی نێوان سلێمانی و هەڵەبجە بووە، ساڵی ١٩٦١ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (مەلیحە ساڵح) کردووە باوکی ٦ منداڵ بووە ٤ کچ و ٢ کوڕ، ساڵی ١٩٥٤ دوکانێکی خەیاتی هەبووە بەدزی دایکی فرۆشتویەتی بە پارەکەی بەرەو بەغدا بۆ ئێزگەی کوردی چووە و گۆرانی (بارانە) تۆماردەکات، هونەرمەند زۆر حەزی بە گۆرانی گوتن بووە و تاقانە بووە لە ماڵی خۆیدا، هەردەم پاکو تەمیز بووە جلی کەشخەی لەبەر کردووە، جارێکیان چوەتە گوندی (گوڵان) لەوێ ژنێك پێی دەڵێ سەیری بکەن ئەڵێی قوتوە ئیدی لەو ڕۆژەوە ناوی بۆتەحەمە قوتو، گۆرانی بۆ هەورامان گوتووە هەورامانیش نەبووە، دووجار سەردانی سعودییەی کردووە بەئۆتۆمبیلی خۆی نەفەری بردووە و فەریزەی حەجیشی جێبەجێ کردووە، ساڵی ١٩٨٨ لە شەڕێکی شیوعی و جاشەکان (شوان) ی کوڕی دەکوژرێ، هونەرمەند ١٧ گۆرانی بۆئێزگەی بەغدا تۆمار کردووە(بارانە/ بەلەنجە/ دەنگی لایەکەت/ دادەی دادەی ڕۆڕۆ/ مەگری مەگری/ گوڵاڵە سوورە)، بۆ تەلەڤزیۆنیش

(لەرزانە/ دەنگی لایەکەت/ کیژی هەورامان/ پیرەمـەگروون/ دادهـەی ڕۆڕۆ/ مـەگری/ لەنجـە/ لەکۆلانی تەنگەبەر/ سەوزەی کالەبەی/ سەوزە قاسم خان/ ئیزنی شار/ گولەکەم)، بەداخەوە لـە ١٢-٢-١٩٩٢ بە مەبەستی بردنی نەوت بۆ هاوڕێکـانی لـە ڕێگـا جەلـدە لێیـداوە و گیـانی لەدەستداوە .



سەرچاوە — لەڕۆژنامەیەکی سالانی هەشتاکان و تـۆڕی ئەنتـەرنێت لـەزمانی کچـەکەی و کتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج ٢٠١٨





## محەمەدی مامڵێ/ گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (محەمەد سەعید عەلی) یە، ساڵی ١٩٢٥ لە شاری مهاباد لە دایکبووە، مامڵێ نەك هەر لە بواری هونەردا کەسێکی ناسراو بوو بەڵکو کورد پەروەرێکی دیار و تێکۆشەرێکی ماندوو نەناس بووە، دەرچووی سەرتاییە، لە ماوەی ژیانی (٣) ژنی هێناوە و (١٣) کوڕو کچی هەیە، زیاتر لە (٧٠٠) گۆرانی هەیە، ساڵی ١٩٣٨ بە تاوانی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەیە زیندانی کراوە، جگە لەمەش زیندانی عەبدوڵلای کوڕی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و دواییش لە سێدارە دراوە، ساڵی ١٩٧٢ بەشداری ڤیستیڤاڵی گەورەی شیرازی کردووە بە گۆرانی (شیرەکەم لێ دەڕژێ) و (سوبحی دەم)، محەمەدی مامڵێ چەندەها گۆرانی تۆمار کراوی هەیە، بە داخەوە لە ١٩٩٩/١/٢٣ کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (بوداخ سوڵتان) لە مهاباد لە تەك شاعیرانی مەزنی کورد مامۆستا هێمن و هەژار موکریانی نێژرا.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و کتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج ٢٠١٨



**جەمال جەلال – گۆرانی بێژ**

هونەرمەند (جەمال جەلال) ساڵی ١٩٤٢ لە سلێمانی لەدایك بووە، لە تەمەنی (١٤) ساڵیدا چووەتە ڕادیۆی کوردی بەغدا و دەستی بەکاری هونەری کردووە، هەر لەو چوونەیدا ویستویەتی گۆرانی (دەمەکەت بێنەو دەسەکەت لابە) تۆمار بکات بەلاّم هونەرمەند (شەماڵ سائیب)، پێش ئەو گوتوویەتی، دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدایە بەشی موزیك، شارەزاییەکی باشی هەبوو لەبواری ژەنینی ئامێری عود، چەندین ئاوازی بۆ هونەرمەندانی کورد و عەرەب داناوە، خاوەنی نزیکەی (٥٠) گۆرانییە و بەشداری (٥٦) ڤیستیڤاڵی ناوخۆیی و جیهانی کردووە، چەندین خەلاّت و ڕێزلێنانی پێبەخشراوە، گۆرانیەکی بەناوی (وەرە وەرە یاری من) بەشێوەی دوێت لەگەڵ هونەرمەند دکتۆرە بەلقیس دۆسکی گوتووە، بەداخەوە لە ٢٠١٦/٨/٢٠ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد،



سەرچاوە تۆڕی ئەنتەرنێت



## عومەر دزەیی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (عومەر حەمەدەمین بایز ئاغا) یە، ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی (دوو گرد کان) ی شاری هەولێر لەدایکبووە، ژیانی هەرزەکاری لە گوندەکەی بەسەر بردووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (الاولی) لە هەولێر و ناوەندی لە قوتابخانەی (شەرقی) لە کەرکوك و دواناوەندی لە (اعدادیة مرکزیة) لە بەغدا تەواو کردووە، دواتر لەساڵی ١٩٥٥ چووەتە دەرەوەی وڵات بۆ تەواو کردنی خوێندنی زانکۆ، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هێناوە لە ئەدەب بەشی (سیاسەت) بە پلەی شەرەف لە زانکۆی (لەندەن)، بۆ یەکەمجار لە شەقلاوە لەسەر شانۆ گۆرانی دەڵێ و هونەرمەندان (سەفوەت جەڕاح/ محەمەد ئەربیلی/دکتۆر خورشید دزەیی) دەبنە کۆرس، لە ١٩٥٤/١٢/٢٤ سێ گۆرانی تۆمار کردووە لە ڕادیۆی بەغدا بەشی کوردی بەناوی (ماچ — لەهۆنراوەی خۆی) (لەزولف و ڕوخسار — هۆنراوەی وەفایی) (بەستەی گوڵێ — هۆنراوە و ئاوازی فۆلکلۆر)، هەروەها بایەخی بە خوێندندا لەسەر ئالەتی (کەمانجە و پیانۆ و گیتار) بەڵام وازی لێهێنا لەبەر خوێندنی زمانەکان، ساڵی ١٩٦٩ لە هۆڵی خلود گۆرانی (جوانی بێناو) گوتووە و پاشان بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆماری کردووە، ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ دامەزراوە لە وەزارەتی دەرەوە بە پاشکۆی ڕۆژنامە نووسی و وەرگێڕ لە باڵیۆزی عێراق لە ڤیننا، ساڵی ١٩٧٤ چەند گۆرانیەکی ڕەش و سپی بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کردووە بەناوی (ئامینێ

تاقانەی دایێ/ بریندارو/ تاقانە خونچەجوانی بێناوو دوو گۆرانی توركیش)، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە ڕادیۆی ئەمریكا هەواڵی بەشی كوردی دەخوێندەوە، ساڵی ٢٠٠٧ دەبێتە ڕاوێژكاری هونەری بەڕێز (مام جەلال) سەرۆك كۆماری عێراق،



لەراستەوە: هۆمەر دزەیی، حاكم تەها بابان، مەلا جەمیلی رۆژبەیانی- ماوەت نەورۆزی ١٩٦٤

سەرچاوە لەیەكێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان و سوودم لەكتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر كرمانج وەرگرتووە ٢٠١٨




## فوئاد ئەحمەد / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (فوئاد ئەحمەد سلێمان) ە، ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی (عەوێنە) سەر بە شارۆچکەی گوێڕی شاری هەولێر لە دایکبووە لەتیرەی (نانەکەلی) یە، ساڵی ١٩٤٠ چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی (الاولی)، ساڵی ١٩٤٩ (خانەی مامۆستایان) لە دهۆك تەواو دەکات، پاشان دەبێتە مامۆستا لە گوندەکانی سنووری هەولێر وەك (عالڵلا/ گرد عازەبان) وانەی سروودی گوتۆتەوە، هونەرمەند دوو ژنی هێناوە و (٨) منداڵی هەیە، ساڵی ١٩٥٥ یەکەم سروودی بۆ ئێسگەی کوردی بەغدا تۆمار کردووە بەناوی (نەورۆز)، ساڵی ١٩٥٩ گۆرانی (ئەمیرەکەم) تۆمار کردووە کە لە هۆنراوەی (مەجید ئاسنگەر) و ئاوازی خۆی، پاشان گۆرانی (نامەکەت گەیشت) و سروودی (بەیان)، ساڵی ١٩٦٣ بۆ یەکەمجار گۆرانی (ئەی بووکی تازە) بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کردووە، تا ساڵی ١٩٨٦ نزیکەی (١٠٠) گۆرانی لە ئێسگە و (٥٠) گۆرانی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کردووە، لەساڵی ١٩٥٩ تا ١٩٧٠ لێپرسراوی جولانەوەی هونەری بووە، دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کوردستان جێدەهێڵێ و ڕوو دەکاتە دەرەوەی وڵات و دەچێتە وڵاتی (هۆڵەندا) و تا لە ٢٠٠٤/٨/١٧ لە نەخۆشخانەی هۆڵەندا کۆچی دوایی دەکات

و له ٢٠٠٤/٨/٢٢ تەرمەکەی گەیشتەوە کوردستان و لەر ێورەسمێکی شکۆدار لە هەولێر تەرمەکەی لەگۆڕستانی (کارگەی قیر) بەخاك دەسپێردرێت،

گۆرانی و سروودەکانی (ئەی ولاتم — مەدحەت بێخەو) (نەورۆز جەژنی کوردانە — حەبیب میرانی) (وەرە بابرۆین ئەی بووکی تازە — عەبدوڵڵا پەشێو) (ئێمە منالی جوانین — جەوهەر غەمگین) (بابخوێنین — عەبدوڵڵا پەشێو) (ئەو کچە کوردە — فوئاد ئەحمەد) (من هەڵەبووم — عەبدوڵڵا پەشێو) (سلاو بۆتۆ یار — مەدحەت بێخەو) (من کە رۆڵەی کوردستانم — مەجید ئاسنگەر) (بەهار بولبول ئەخوێنێ — عوسمان عوزێری)،



هونەرمەندان رەسوڵ بێزار گەردی و مائیدە نەزهەت و فوئاد ئەحمەد
لە تەلەفزیۆنی بەغدا لە مانگی دیسمبەری ١٩٧٠.

سەرچاوە لەیەکێ لە رۆژنامە و گۆڤارەکان




## وليەم يۆحەننا / مۆسيقا ژەن

مامۆستای هونەرمەند (وليەم يۆحەننا) ساڵی ١٩٣٤ لە گەڕەکی گۆيژەی شاری سلێمانی لەدايکبووە، خوێندنی سەرەتايی و ناوەندی و ئامادەيی لەسلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٥٤ پەيمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواوکردووە، پاشان بووەتە مامۆستای موزيك لە سلێمانی، دواتر لەزانکۆی سلێمانی بووەتە مامۆستا، لەو ماوەيەدا توانی هەردوو تيپی (زێڕين و زيوين) دروست بکات، چەندين هونەرمەندی گەورە و ناسراوی هونەری کوردی بەسەرپەرشتی ئەو فێری مۆسيقا بوون وەك (ئەنوەر قەرەداغی/ خاليد سەرکار/ محەمەد ئەمين حوسێن/ فرەنسيس داود)، هەر لە پەنجاکان لەگەڵ هونەرمەندان (قادر ديلان/ نەجاتی عەبدە/ حاتەم سەعيد) و چەندينی تر تيپی مۆسيقای مەولەوييان دامەزراندووە و بوونەتە ديارترين گروپی ئەو کاتەی مۆسيقای کوردی، ساڵی ١٩٥٦ يەکێك بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لە سلێمانی، يەکەم کەس بووە کەسروودی بە شێوەيەکی سەردەمانە بردۆتە قوتابخانەکانەوە، بەشداری ڤيستيڤاڵەکانی زانکۆکانی عێراقی کردووە و يەکێك بووە لەو پێنج مامۆستايانەی بانگهێشت کراون بۆ دەرەوەی عێراق، دەستەی دامەزرێنەری (تيپی مۆسيقای سلێمانی) و (کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان) و (نەقابەی هونەرمەندان)، ماوەيەکی زۆر مامۆستا بووە لەچالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی، چەندين ڕێزلێنانی پێدراوە لە مێژووی کاری هونەريدا لەوانە خەڵاتی مەکتەبی سياسی يەکێتی نيشتمانی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٤، خەڵاتی زێڕينی برايم ئەحمەد (بلە) لەساڵی ٢٠٠٥، بەداخەوە لە ٢٠٠٥/٩/١٤ کۆچی دوايی دەکات.

---

سەرچاوە لەيەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان




**خوداداد عەلی / مەقام بێژ**

ناوی تەواوی (خوداداد عەلی کەریم سوورە مێری) یە، ساڵی ١٩١٢ لە گوندی (تەفرە قەی عەلەمدار) شاری خانەقین لە دایکبووە، ساڵی ١٩٥٦ دەچێتە ڕادیۆی کوردی بەغدا، چەند مەقام و گورانی فۆلکلۆری ناوچەی خانەقینی تۆمار دەکات وەکو (مەقامی بەیات/ حیجاز/ قەتار/ نەغمەی ئەڵوەن/ ئای ئای باجەڵانی/ ئەڵڵا وەیسی)، هەروەها دوو بەرهەمی تۆمارکراوی هەیە بۆ تەلەفزیۆن، هونەرمەند خوێندن لە حوجرە فێر بووە، لە ژیانیدا سێ ژنی هێناوە دوو کوڕ و دوو کچی لێیان بووە، هونەرمەند لەبەر هەڵوێستی نەتەوایەتی ساڵی ١٩٦٣ ڕژێمی بەعس بۆ ماوەی شەش مانگ لە بەندیخانەی خانەقین زیندانی کردووە، هەروەها ساڵی ١٩٧٤ چەند مانگێك لە ئەمنی عامە لە بەغدا زیندانی کراوە، هونەرمەند خوداداد عەلی لە ١٩٨٧/٢/١٩ کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی عەلەمدار لە خانەقین بە خاك دەسپێردرێ.

---

(سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)







**عوسمان شارباژێڕی / گۆرانی بێژ و شاعیر و نووسەر**

ناوی تەواوی (عوسمان حاجی عەلی حاجی مارف) ە، ساڵی ١٩٤٠ لە گەڕەکی چوار باغی شاری سلێمانی لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لەبنکەی قەزای چوارتا تەواوکردووە، ناوەندی و خانەی مامۆستایانی لەسلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٦٣ بەمامۆستایی لە شاری (ڕواندوز) دامەزراوە و دواتر چووەتە شەقڵاوە، ساڵی ١٩٦٩ – ١٩٧٠ لە هەولێر لە مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان مامۆستای وانەی سروود و مۆسیقا بووە، هەروەها لە پیرزین و سلێمانی، ساڵی ١٩٥٦ لە گۆڤاری هەتاو و ڕۆژنامەی ژین هۆنراوەی بلاّو کردۆتەوە، لە ١٩٦٠/٨/١٦ لە ئێستگەی کوردی بەغدا یەکەم گۆرانی تۆمار کردووە، نزیکەی (٣٠) گۆرانی بۆ ئێستگەیە تۆمار کردووە، تا ساڵی ١٩٩٠ (٢١) گۆرانی ڕەش و سپی و (٧) گۆرانی ڕەنگی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کردووە، ، ساڵی ١٩٨١ لە سەر داواکاری خۆی خانەنشین بووە پاشان لە شاری هەولێر کاری زێڕنگری کردووە،

**چاپ کراوەکانی** (دیاری و یادگاری – هۆنراوە ١٩٦٢) (ئەستێرەی بەیان – هۆنراوە ١٩٦٩) (کاروان – هۆنراوە ١٩٦٩) (هەزار و یەك – پەندی گەلان ١٩٦٩) (لێدوانێکی کورت لە مۆسیقا و مەقامی کوردی – تۆژینەوە ١٩٧٢) (بەستە و مەقام ١٩٧٩) (گەوهەرێ – گۆرانییەکانی حەسەن زیرەك ١٩٨٢) (گەنجینەی گۆرانی کوردی ١٩٨٥) (کورد نامە ٢٠٠٦) (دڵ و دەوڵەت – هۆنراوە ٢٠١١) (کتێبی – نووسینەوەی مێژووی کۆن و نوێی گۆرانی و میوزیکی کوردی).

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## محەمەد قەدری / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (محەمەد غەریب قەدری) ە، ساڵی ١٩٣٥ لە پێنجوێن لە دایکبووە، گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێریش گەڕەکی بەڕێکردنی تەمەنی منداڵی ئەو بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو گەڕەکە تەواوکردووە، لەبەر ئەوەی باوکی بووە عەمیدی کۆلیژی شەریعە لە بەغدا هەولێر جێدێڵن و لە بەغدا نیشتەجێ بوون، لەبەغدا خوێندنی ئامادەیی و پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەشی مۆسیقا تەواوکردووە، باوکی (٥) کوڕە، یەکەم گۆرانی لەساڵی ١٩٥٨ بە ناوی (پەشیمانی) تۆمار کردووە، چەندین گۆرانی بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن تۆمارکردووە، وەهەروەها چەندین ئاوازی بۆ گۆرانی بێژان داناوە، چەندین ئاوازی بۆ گۆرانییەکانی خۆی داناوە، هونەرمەند محەمەد قەدری دوای ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە کوردستان و لە شاری هەولێر نیشتەجێ دەبێت.



---

سوودم لە چاوپێکەوتنی (سقیل) وەرگرتووە لەساڵی ٢٠١٥





**قادر مەردان / گۆرانی بێژ و مۆسیقا ژەن و ئاواز دانەر**

ناوی تەواوی (عەبدولقادر مەردان قادر) ە، ساڵی ١٩٣٨ لە گەڕەکی پریادلی کەرکوك لە دایکبووە، دەرچووی ئامۆژگای هونەرەجوانەکانە بەشی مۆسیقا، لە تەمەنی ٦ ساڵییەوە دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە، ساڵی ١٩٥٦ یەکەم گۆرانی (وەرە وەرە گولبەهار) بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٥٩ – ١٩٦٠ هونەرەجوانەکانی بەغدا بەشی (کەمانچ – ڤیۆلین) تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٩ دەچێتە (تیپی مۆسیقای کەرکوك) چەند بەرهەمێك تۆمار دەکات، دواتر بووەتە سەرۆکی (تیپی مۆسیقای کەرکوك)، پاشان (تیپی مۆسیقای سۆلاڤ) دادەمەزرێنێت، زیاتر لە (٣٦) گۆرانی تۆمار کراوی هەیە لە ئێسگە و تەلەفزیۆن دیارترینیان (بێ ئومێدی) یە لە حەفتاکان چڕیویەتی لە شیعری دکتۆر مستەفا زەنگەنە، جگە لە گۆرانی گوتن مۆسیقا ژەن و ئاواز دانەر بووە، ئامێرەکانی (عود/ کەمان/ جمبوش/ساز) ژەنیوە، هونەرمەند قادر مەردان خاوەنی گۆرانی (بێ ئومێدی) یە، هونەرمەند چەندین ئاوازی داوەتە هونەرمەندان وەکو (عەلی عەزیز/ ئیسماعیل کویستانی)، جگە لە هۆنراوەی خۆی هۆنراوەی شاعیران (ڕەمەزان زامدار/ عەبدوڵڵا سەراج/ جەمال شارباژێڕی/ مستەفا زەنگەنە) کردووە بە گۆرانی، بەداخەوە لە ٢٠١٤/٦/٧ لە وڵاتی سوید لە تەمەنی (٧٦) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و کتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج ٢٠١٨



## جان تۆماس جانۆ /مۆسیقاژەن

هونەرمەند (جان تۆمـاس جـانۆ) لـە ٤/٤/ ١٩٤٧ لـە شاری کۆیە لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لـە کۆیـە تـەواو کـردووە، ئامـادەیی لەهـەولێر و پـەیمانگای مامۆستایان لەسلێمانی تـەواو دەکـات، سـاڵی ١٩٧٦ لـە چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر دامەزراوە، ساڵی ١٩٧٧ لـە ئەمینداریـەتی گشـتی ڕۆشـنبیری و لاوان لـە ناوچـەکانی کوردستان دامەزراوە، سەرەتای دەستپێکردنی هونـەری سـاڵی ١٩٥٨ بـووە ئـەو کاتـە فێـری ئامێری (عود) بوو لەسەر دەستی مامۆستا (باکوری)، ساڵی ١٩٦٣ فێری ئـامێری (کـەمان) دەبێت، هونەرمەند جان تۆماس لە ماوەی ساڵی ١٩٦٩ تا ١٩٧٤ لەگەڵ هونەرمەندان (زاهـیر محەمەد/ وریا ئەحمەد/ ئەنوەر تاهیر/ سەردار ئەحمەد) توانیان تیپی مۆسیقای بـاواجی دابنـێن، ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر کاری کردووە ، **کارەکانی هونەرمەند جان تۆمـاس لە تیپەکان** (تیپی باواجی کۆیە (١٩٥٨ تا ١٩٦٣) (چالاکی قوتابخانەکانی هـولێر ١٩٦٣ تـا ١٩٦٦) (چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی ١٩٦٧ تا ١٩٦٩) (تیپی هونەری هەولێر ١٩٧٥)

ساڵی ١٩٧٧ بۆتە ئەندامی نەقابەی هونەرمەنـدان لقـی هـەولێر، سـاڵی ٢٠٠١ دەبێتـە سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر.




(سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)







## عایشەشان / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (عایشەشان ئوسمان) ە، ساڵی ١٩٣٨ لە (ئامەد) باکوری کوردستان لە دایکبووە، لە تەمەنی (٢٠) ساڵی گۆرانی گوتووە، لەبەر ئەوەی بنەماڵەکەیان پەیوەندیەکی گەرمیان لەگەڵ ئایین هەبووە، بەو هۆیەوە دوور خراوەتەوە لە گۆرانی، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە پیاوی لێبووە گۆرانی وتن بۆ ئافرەتان عەیب بووە، لەبەر ئەوەش بوو باوك و خزموو کەسی عایشەشان بینینی ئەویان لە خۆ حەرام دەکەن، ساڵی ١٩٥٨ بە یارمەتی (نائیل بایشوور) لە ڕادیۆی عەنتابدا بە زمانی تورکی گۆرانی گوتووە، بەلاّم لەبەر ئەوەی ئارەزووی ئەو بۆ گۆرانی کوردی بێکۆتا بوو لە ڕادیۆی عەنتاب دەرکرا، پاشان لە ساڵی ١٩٦٣ دەچێتە ئەستەمبۆل لەوێ گۆرانی کوردی و تورکی دەڵێت، لەبەر گوتنی گۆرانی کوردی دەکەوێتە ژێر گوشار ناچار تورکیا جێدێڵێت دەچێتە وڵاتی ئەڵمانیا، لە ئەڵمانیا کچێکی لە تەمەنی (١٨) ساڵی کۆچی دوایی دەکات دەبێتە خەمێکی زۆر بۆ عایشەشان لە وڵاتی غوربەت، بۆ ئەم خەمە گۆرانی (قەدەر) دەڵێت، ساڵی ١٩٧٩ ڕوو دەکاتە عێراق، بۆ ماوەیەك لە ڕادیۆی بەغدا کار دەکات، بەداخەوە لە ١٩٩٦/١٢/١٨ بەهۆی نەخۆشی شێر پەنجە کۆچی دوایی دەکات و لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی دەبەنەوە شاری ئامەد،

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

## عومەر ڕەزا/ گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (عومەر ڕەزا شەریف) ە، ساڵی ١٩٤٢ لە گەڕەکی سەرکارێزی شاری سلێمانی لە دایکبووە، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٦٠ ژنی هێناوە و تەنها یەك کوڕیان هەیە، ساڵی ١٩٥٨ دەستی بەگۆرانی گوتن کردووە، (٧) گۆرانی بۆ ئیسگەی کوردی بەغدا تۆمار کردووە، (٤) گۆرانیشی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کردووە، ئەندامی تیپی مۆسیقای مەولەوی بووە، هونەرمەندان (قادر دیلان – ولیەم یۆحەننا – شەماڵ سائیب) ئاواز و مامۆستایان (ع٠ع٠شەونم و لەتیف حەمدی) یش هۆنراوەی گۆرانیەکانیان بۆ داناوە، یەکەم بەرهەمی عومەر ڕەزا گۆرانی (یاری چاوکاڵ) بووە،

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان


 


## سەلاّح داودە/ گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (سەلاّح محەمەد خدر بارام چاوشە)، ساڵی ١٩٤١ لە (ئەلبوسەباح) سەر بەناوچەی (دوزخورماتوو) ی کەرکوك لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٤ هاتونەتە لەیلان دواتر دەچنە (خالۆ بازیانی)، ساڵی ١٩٦٥ دەچنە کەرکوك، لە تەمەنی (١٥) ساڵێدا باوکی لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ ئاهەنگەکانی بوك گواستنەوە بۆ ئەوەی شاباشی بۆ وەرگرێت و دەهۆڵی بۆ بکوتێ و نایەی بۆ لێبدات، ساڵی ١٩٥٩ یەکەم گۆرانی بۆ ڕادیۆی کوردی بەغدا تۆمار کردووە بەناوی (زالّم زالّم)، چەند گۆرانییەکی تر لەم سالاّنە تۆمار دەکات، ساڵی ١٩٦٨ گۆرانی (خانزادەخان/ یار وەرەوە) تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٧٢ گۆرانی (جوانە چاوەکەت/ دەشتی ئیمام حەسەن/ ڕێبوارو ڕێبوار/ ئای لادە) تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٨٦ بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك (مەقام و بەستەیەك) تۆمار دەکات، دوای ڕاپەرینیش چەند گۆرانییەك بۆ تەلەفزیۆنی کوردستان تۆمار دەکات، هونەرمەند زیاتر لە (٤٠) گۆرانی تۆمارکراوی هەیە لە ڕادیۆی کوردی بەغدا، بە داخەوە لە ٢٠٠٩/٥/٩ کۆچی دوایی کرد،

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان






## حەسەن سیساوەیی /لاوك و حەیران بێژ

ناوی تەواوی (حەسەن ڕەسول مام خاڵ) ە، ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی ( ئاری سیرەك) سەر بە ناحیەی هەریری شاری هەولێر لە دایکبووە، لە شەستەکان یەکەم حەیرانی بەناوی (حەیران غەریبە) بۆ ڕادیۆی بەغدا تۆمار کردووە لەگەڵ چەند حەیرانێکی تر، بەداخەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ ڕۆژێك ئۆتۆمبێل لێیدەدا، لەو کاتەوە هونەرمەند حەسەن سیساوەیی لە پێ دەکەوێ، بۆ دوا جار لە ٢٠١٥/١/١٠ کۆچی دوایی دەکات.

---

(سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)



## شەماڵ سائیب / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (شەماڵ جەلال سائیب) ە، ساڵی ١٩٣١ لە شاری سلێمانی لـە دایکبـووە، بـاوکی قایمقام بووە، دوای تەواو کردنی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی چـووەتە کۆلیـژی مـەلیك فەیسـەڵ لـە بەغدا کە قوتابخانەیەکی دواناوەندی بووە و وانەکانی بە زمانی ئینگلیزی خوێندراوە، تەنیا قوتابییـە یەکەمەکانی عێراق وەردەگیران، دوای تەواوکردنی لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان وەرگیراوە لە سـاڵی ١٩٥١، ساڵی ١٩٥٦ لە کۆلیژی ئاداب بەشی مێژوو لە زانکۆی بەغدا وەرگیراوە، خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لـە مێـژوو وەرگرتـووە و سـاڵی ١٩٥٩ بـووە مامۆسـتای بابەتی ڕۆشنبیری مۆسیقا لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا، ساڵی ١٩٦٣ دەچێتە ئەمریکا بـۆ تەواو کردنـی خوێنـدنی بـاڵا و بڕوانامـەی ماسـتەری لـە ئەدەبـدا بەدەسـتهێناوە، سـاڵی ١٩٧١ دەگەڕێتەوە کوردستان و لە زانکۆی سلێمانی دەکرێتە مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلیژی ئاداب، دواتر ئەم زانکۆیە گوێزرایەوە بۆ هەولێر کراوە بە زانکۆی سەلاحەدین، ئەمیش هاتۆتـە ئـەم زانکۆیـە تـا کۆچی دوایی کردووە، شەماڵ سائیب هەر لە منداڵیەوە فێری عـود ژەنـین بـووە، خـاوەن دەنگێکـی تایبەتی خۆی بووە ئاوازی بۆ زۆر گۆرانی داناوە، جگە لەمەش گرنگییەکی زۆری بـە فۆلکلـۆر داوە ئەو بەرهەمانەی کەبوونەتە پێناسەو مێژووی شەماڵ سائیب بریتین لـە (شـوانە هـۆ شـوانە/ بـەردە بەردە/ هاتم هاتم/ هەرە لەیلێ) و چەندین گۆرانی دیکەی ڕەسەن، شەماڵ سـائیب لـە ١٩٨٦/١١/٧ لە ئەنجامی نەخۆشیەکی درێژ خایەن لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردو تەرمەکـەی لـە گۆڕسـتانی بنەماڵەکەیان لە شاری سلێمانی نێژرا.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## یەحیا مەرجان – گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (یەحیا خدر مەرجان) ە، ساڵی ١٩٣٦ لە هەولێر لەدایکبووە، ٤ کچ و ١ کوڕی هەیە، دبلۆمی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا بەدەست هێناوە لەساڵی ١٩٦٠، ساڵی ١٩٥٩ وەك هونەرمەندێکی کورد بووە ئەندام و دامەزرێنەری سەندیکای هونەرمەندانی عێراق، دامەزرێنەری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بووە، ساڵی ١٩٦٠ ئەندامی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای دەرسیم بووە، لەهەمان ساڵدا بووە خاوەن کلیپ کە بە کامێرای سینەمایی وێنە گیراوە، دەستەی دامەزرێنەری تیپی هونەری هەولێر بووە، سەرۆك و دامەزرێنەری تیپی هونەری سەندیکای مامۆستایان بووە، سەرۆکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی بووە لە هەولێر، بەرپرسی هۆڵی گەل بووە لە سەرەتای دروستبوونیدا، بەرپرسی بەشی هونەری بووە لە (ڕۆشنبیری و لاوان)، لە دوای ڕاپەڕین لەبەر پێویستی بە پسپۆڕەکەی دەیگەڕێننەوە بۆ وەزیفە و درێژە بە خزمەتەکەی دەدات، ساڵی ١٩٩٦ سێ گۆرانی کلیپ کرد لەگەڵ سروودێك لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان، لەهەمان ساڵدا بووە بەڕێوەبەری چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر، ساڵی ١٩٩٩ بووە سەرپەرشتیاری پەروەردەی هونەری، ساڵی ٢٠٠٥ خانەنشین کراوە، لە دوای خانەنشینکردنی خەریکی تازەکردنەوەی گۆرانییەکی بوو بە تەکنیکێکی نوێ، بەداخەوە لە ٣٠-٨-٢٠١٦ کۆچی دوایی کرد.



---

سوودم لە ڕۆژنامەی (هەولێر) وەرگرتووە لەساڵی ٢٠١٦




## جەلال کۆچەر – گۆرانی بێژو ئەکتەر

ناوی تەواوی (جەلال ئەحمەد وەیس) ە، ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٥٤ خراوەتە بەرخوێندن لە قوتابخانەی فەیسەلیە، تا ئامادەیی خوێندووە لەبەر خراپی گوزەرانی خێزانەکەیان نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، دایکی ناوی (عیسمەت قادر) بووە زۆر هانیداوە لەبواری هونەر کار بکات، ساڵی ١٩٦٠ بەشداری لە شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر) کردووە بە ڕۆڵی سەرەکی، ساڵی ١٩٦٣ بە مەبەستی گۆرانی گوتن ڕوی کردۆتە ئێسگەی کوردی بەغدا، دوای بەشداری کردنی خولێکی گۆرانی و میوزیك بڕوانامەی شارەزایی گۆرانی و میوزیکی وەرگرتووە و لە ئیسگەی بەغدا دامەزراوە، لەماوەی چەند ساڵێکدا ژمارەیەك ئاوازی بۆ گۆرانی بێژانی ئەوکاتە داناوە، جگە لەوانەش (٥٠) گۆرانی خۆی بۆ ئیسگە تۆمار کردووە، یەکەم گۆرانی بەناوی (ئەستێرەی پرشنگدار) لەساڵی ١٩٦٤ تۆمار کردووە، لە تەلەفزیۆنی بەغدا و کەرکوکیش (١٧) گۆرانی تۆمار کردووە، دوای ڕاپەڕینی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ کۆمەڵەی هونەری نەتەوەیی کوردی دامەزراندووە، لە ١٩٩٣/٣/٣ لەسەر شاخی بێوران نزیك شاری سەردەشت لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەهۆی سەرماوە لەگەڵ (هونەر) ی کوڕی ڕەق بونەوە و گیانیان لەدەستدا.

---

سەرچاوە تۆڕی ئەنتەرنێت



## حەسەن حەیران / حەیران بێژ

ناوی تەواوی (حەسەن قادر خەلیل برایمە گەورە) یە، لەهۆزی (ڕۆژبەیانی) یـە، سـاڵی ١٩٣٧ لە گوندی (تەلەخێمی گەورە) سەر بە مەڵبەنداریێتی گوێڕی شاری هەولێر لە دایکبـووە، منـداڵ بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە ئەرکی خێزانی دەکەوێتە سەر شانی بە کـاری جوتیـاری خـەریك دەبێت و دواتر بە شوان کـارەیی و هـەژاری بردۆتـە سـەر، سـاڵی ١٩٥٠ هاتۆتـە هـەولێر بۆتـە پاسەوانی شەوانە لە قشلەی گەورە، لە ژیانیـدا ٢ ژنـی هێنـاوە بـەناوی (حەلیمـە حەمـەدەمین) خەڵکی گوندی تەلەخێمی گەورە و (سوعادەت سمایل) خەڵکی گوندی شۆڕە زەرتکە لە یەکـەمیان (٢) منداڵی هەیە بەناوی (چـەتۆ/مەهان) لـە دووەمیـان (٣) کـوڕ و (٣) کچـی هەیـە بـەناوی (ئومێد/ ئەمیر/ هیوا) (خەمان/ پەیمان /شیلان)، ساڵی ١٩٦٢ بووەتە پێشمەرگە، سـاڵی ١٩٧٥ لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی ئێران بووە، ساڵی ١٩٧٦ جارێکی تر بەشداری شۆڕشی گوڵان دەکـات، ساڵی ١٩٦٣ لاوکی (دەلێ وایێ گوتووە)، لەکاتی حەیران گوتندا خۆی شمشـاڵی ژەنیـوە، حەسـەن حەیران لە ژیانیدا زۆر حەزی بە گەشت و گوزار و دیتنی سەیرانگاکانی کوردستان کـردووە، هـەر ئەمـە وای لێکـردووە کـە هـەموو ناوچـەکانی کوردسـتان بگـەڕێ و لـەناو حـەیران و لاوکـە بەسۆزەکانیدا دەریان بخات، لە گەشتێکی نێوان (نەغەدە) و (ڕەزایە) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لـە ١٩٨٤/٦/٢٢ بە کارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی پاکی سپارد، پاش ئازاد کردنی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ بە چەند ساڵێك تەرمەکەی دەهێننەوە زێدی باب و باپیرانی بەخاکی دەسپێرن.

---

سەرچاوە کتێبی (سەربردەی کۆمەڵە حەیران بێژێکی کورد) ی سەعدوڵلا شێخانی ١٩٨٨

## گوڵ بەهار / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (فاتیمە محەمەد ئەحمەد عەلی) یە، ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی مارشیمونی سەر بە شاری جۆڵە مێرگ لە دایك بووە، ساڵی ١٩٦١ دەستی بە کاری گۆرانی بێژی کردووە لە ڕادیۆی بەغدا بەشی کوردی، لەهەمان ساڵ یەکەم گۆرانی بەناوی (کوڕێ گوندێ بەژن دارێ حەیزەرانێ) بۆ ڕادیۆ تۆمار کردووە، هونەرمەند ئەحمەد خەلیل نازناوی (گوڵ بەهار) ی بۆ داناوە، لە ساڵی ١٩٦١ تا ئەوکاتەی لە ساڵی ١٩٨٧ کە خانەنشین دەبێت ٢٧٢ گۆرانی دەڵێت بەڵام هەموو گۆرانییەکانی لە ڕادیۆ تۆمار نەکراوە زۆربەیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بڵاو دەکرانەوە، ساڵی ١٩٧٣ لەگەڵ هونەرمەندان (محەمەد عارف جزیری و عیسا بەرواری) لە لوبنان بەشداری ڤیستیڤاڵی بەیدرا دەکەن، ساڵی ١٩٧٦ دەچێتە وڵاتانی (فەڕەنسا و نەمسا) چەند کۆنسێرتێك ساز دەکات، ساڵی ١٩٧٨ دەچێتە وڵاتی (بەریتانیا) لەوێش کۆنسێرت ساز دەکات، ساڵی ١٩٨١ کۆنسێرت لە وڵاتی (ئەمریکا) ساز دەکات، ساڵی ١٩٨٧ خانەنشین دەبێت و لە شاری بەغدا نیشتەجێ دەبێت، پاش پرۆسەی ئازادی عێراق بە هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵێك ڕۆشەنبیری کورد و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ١٧ و ١٨

/٢٠٠٦/٣ مەراسیمێکی ڕێز لێنانی بۆ ساز دەکەن و لە شاری دهۆك نیشتەجێ دەبێت و ساڵی ٢٠٠٧ نەشتەرگەری چاوی بۆ دەکرێت بەڵام بەهۆی هەڵەی نەشتەرگەرییەوە چاوی لە دەست دەدات، دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٨ جەڵتە لێی دەدات و تووشی شەلەلی دەبێت، بەداخەوە لە ٢٠١٠/٢/٢٣ کۆچی دوایی دەکات و لەسەر وەسیەتی خۆی لە شاری نەجەف دەنێژرێت،



---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و تۆڕی ئەنتەرنێت



## جەودەت شاكر / مۆسیقا ژەن

ناوی تەواوی (جەودەت شاكر عەلی) یە، لە ۱۹٤٦/۱۰/۲۱ لە هەولێر لە دایكبووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانی هەولێر ۱۹٦٤ - ۱۹٦٥، دەرچووی خولی مۆسیقای مەركەزی/ پەیمانگای هونەرەجوانەكانی بەغدا ۱۹۷٥، یەكەم بەشداری وەك كەمانجە ژەن لەگەڵ تیپی مۆسیقای خانەی مامۆستایان بووە لەسەر شانۆی هۆڵی گەل لەساڵی ۱۹٦۲ بەسەرپەرشتی مامۆستا زیائەدین نوری قەساب، ساڵی ۱۹٦۲ تا ۱۹٦٥ ئەندامی تیپی مۆسیقای خانەی مامۆستایانی هەولێر بووە، ساڵی ۱۹٦٥ تا ۱۹۸۲ ئەندامی تیپی مۆسیقای چالاكی قوتابخانەكان بووە، ساڵی ۱۹٦۸ تا ۱۹۹۱ ئەندامی تیپی مۆسیقای سەندیكای مامۆستایان بووە، ساڵی ۱۹۷۰ تا ۱۹۹۱ ئەندامی تیپی مۆسیقای هەولێر بووە، ساڵی ۱۹۷۹ تا ۲۰۰٥ ئەندامی تیپی مۆسیقای هونەرە میللیەكانی هەولێر بووە، ساڵی ۱۹۷٥ تا ۱۹۹۱ ئەندامی دەستەی كارگێڕی تیپی هونەری هەولێر بووە، ساڵی ۱۹۹۷ بووەتە ئەندامی دەستەی كارگێڕی ئۆركسترای كوردستان، ئەندامی سەندیكای هونەرمەندانی عێراقە، ئەندامی ڕێكخراوی هونەرمەندانی كوردستانە، ساڵی ۱۹۷۹ خەلاتی یەكەم كەمانجە ژەنی وەرگرتووە لەسەر ئاستی عێراق، ئاوازی بۆ دوو تابلۆی هونەرە میللییەكان داناوە (لۆ شوانۆ – سنجانێ)، چەندین

ئاوازی بۆ گۆرانی بێژان داناوە، لەگەڵ تیپی هونەرە میلییەکان گەشتی دەرەوەی وڵاتی کـردووە وەك (ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ١٩٨١) (ئەڵمانیای ڕۆژهـەڵات ١٩٨١) (سـۆڤیەت ١٩٨٢) (نەمسـا ١٩٨٢)، ساڵی ٢٠٠٥ بەشداری ڤیستیڤاڵی هونـەری فەڕەنسـا و سویسـرای کـردووە، سـاڵی ٢٠٠٥ بەشداری ئاهەنگی نەورۆزی کردووە لە شتوتگارت).






(سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان) دواتر لە ٢٠١٨/٨/١٥ زانیاری زیاترم لـە وەجیدی کوڕیم وەرگرتووە.



## حەمەی نێرگز / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (محەمەد سالّح شەریف) ە، ساڵی ١٩٤٤ لە گەڕەکی پیرمەسووری سلێمانی لە دایکبووە، نازناوی نێرگز ناوی دایکی بووە، باوکی لە تەمەنی گەنجی بە نەخۆشی چاوەکانی لەدەستداوە ئەرکی بژێوی ژیانیان کەوتۆتە سەر شانی دایکی، حەمەی نێرگز لەلای چەند کەسێك شاگرد خەیات بووە، وەك (حەمەعەلی مەدهۆشی شاعیر و شەیدا و شێخ محەمەد و عەبدوڵلا حاجی سەعدی)، فەرمانبەر بووە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگا لە سلێمانی، ساڵی ١٩٦٢ ئەندامی کۆمەڵی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بووە، دوای ئەوەی شۆڕشی ئەیلول دەست پێدەکا بۆ ماوەیەك لە هونەر دادەبڕێ، تا بەیانی ئازاری ١٩٧٠ لەو کات دەبێتە ئەندامی هونەرو وێژەی کوردی، جگە لە گۆرانی وتن لەشانۆگەریشدا ڕۆڵی بینیوە وەکو (جەنابی موفەتیش/ کێچ/ بوکی خوێناوی/ بەقەد بەرەکەت پێ ڕاکێشە) و چەندینیتر، ئەگەرچی بەرهەمەکانی کەمە بەڵام ئاوازەکانی تاقانە و بەنرخن، گۆرانییەکانی بریتین لە (مەقامی لە دوریتا/ جوتێ چاوی شینت/ ئەی چاو چەشنی بازی قەفەس هەڵوەرێ پەرت/ بۆبێ لەو چاوە کاڵانەت چی شك ئەبەم/ کراس کەتانی سەوزی بەژن و باڵا بەرز/ باخم بێ بەرهەم/ نازەنین ئەی نازەنین)، بەداخەوە بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە ٢٠١٣/٩/٢٣ کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

---

سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و تۆڕی ئەنتەرنێت



## عەبدوڵڵا دڵسۆز – گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (عەبدوڵڵا محەمەد عومەر) ە، ساڵی ١٩٣٦ لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٢ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا بەشی مۆسیقا ئامێری عود تەواو کردووە، لە سەرەتای شەستەکان گۆرانی (دڵشکاوم) بۆ ڕادیۆی کوردی بەغدا تۆمار کردووە لە هۆنراوەی مەدهۆش و ئاوازی زاهیر محەمەد کۆیی، لەهەمان ساڵ گۆرانییەکی تری تۆمارکرد بەناوی (نامە لەیاری نازەنین) لە هۆنراوەی پیربال مەحمود و ئاوازی خۆی، لە کۆتایی شەستەکان یەکەم گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کردووە بەناوی (کیژۆڵەی دلگیر) لە هۆنراوەی عەبدوڵڵا پەشێو و ئاوازی خۆی، سەبارەت بە نازناوی دڵسۆز، سەرەتا (بێزار) ی هەڵبژاردووە پاشان ڕەسول گەردی پێی دەڵێت من بێزارم تۆ بۆ بێزاری دڵسۆزبە ئەویش یەکسەر بە گوێی دەکا، هونەرمەند ساڵی ١٩٧٤ هاوسەرگیری دەکات و کوڕێکیان دەبێت ناوی دەنێن (هونەر) بەلاّم بەداخەوە لەگەڵ خێزانەکی لێك جیادەبنەوە، ئیتر ژن ناهێنێتەوە، گۆرانییەکانی دڵسۆز لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دەگاتە (٦٠) گۆرانی، زیاتر لە (٥٠) ئاوازی بۆ گۆرانی بێژان داناوە، دڵسۆز ساڵی ٢٠٠٤ تووشی نەخۆشی دەبێت و لە ٢٠٠٤/٥/٧ کۆچی دوایی دەکات،

---

سەرچاوە کتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج ٢٠١٨





**فایەق داودە – گۆرانی بێژ**

ناوی تەواوی (فایەق شەوکەت نادر)ە، ساڵی ١٩٤٦ لە دوزخورماتووی شاری کەرکوك لە دایکبووە، منداڵ دەبێ ماڵیان دەچێتە گەڕەکی (شۆڕیجە) لە کەرکوك و لەوێ دەچێتە قوتابخانە سەرەتایی تەواودەکات و پاشان لەبەر نەبونی وازدێنێ، دوای ئەوە لەگەڵ (ئەحمەد داودە) دەست بە گۆرانی ووتن و دەهۆڵ لێدان دەکەن، ساڵی ١٩٦٤ تەمەنی (١٨) ساڵ بووە عەلی مەردانی لە کەرکوك دیتووە و خۆی پێناساندووە و گۆرانی بۆ گوتووە، عەلی مەردانیش پێی سەرسام دەبێت و پێی دەڵێ وەرە بۆ ئێسگەی بەغدا، لەگەڵ ئەحمەد داودە دەچێتە ئێسگەی بەغدا و گۆرانی (ئامینە گیانم) و گۆرانییەکی تری تۆمار دەکات بەنەی و پارەیەکی کەم وەردەگرن و مامۆستا گوتوویەتی چەندە ئەویش دەڵێ وەڵڵا ئەوەندەیان پێداوم گوتی نابێ قسەیان لەگەڵ دەکا و چوار ئەوەندەیان بۆ وەردەگرێ و هەقی هوتێل و سەیارەش عەلی مەردان بۆیان واسڵ دەکات،

---

سوودم لەکتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج وەرگرتووە ٢٠١٨

## ئەنوەر قەرەداغی /مۆسیقا ژەن و ئاواز دانەر

ناوی تەواوی (محەمەد ئەنوەر عومەر محەمەد) ە، ساڵی ١٩٤٦ لە شارۆچکەی هەڵەبجە لەدایکبووە، سەرەتای منداڵی خستویانەتە حوجرەی فەقێیان لە مزگەوتی پاشا، بەڵام زۆر بەردەوام نەبووە چونکە قوتابخانە کراوەتەوە لەگەڵ براکانی چووەتە قوتابخانە، ساڵی ١٩٥٤ ماڵیان چۆتە سلێمانی لەوێ لەپۆلی سێیەم لە قوتابخانەی (فەیسەلیە) دەخوێنێت لەو کاتی لەگروپی سروودی قوتابخانە لەلایەن مامۆستا ولیەم یۆحەنا هەڵبژێردراوە بۆ گروپی سروود، ناوەندی و دواتر خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە لە ١٩٦٤/١٠/٢٦، هەر لەو ساڵەدا بە مامۆستا دامەزراوە، تیپی مۆسیقای (کۆمەڵی خۆشی و بەختیاری) دواتر (تیپی مۆسیقای هیوا) ی دامەزراندووە دواتر لە ١٩٦٧/٢/٢٣ بوو بە تیپی مۆسیقای سلێمانی، لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٧١ لە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی وانەی مۆسیقای داوەتەوە، ساڵی ١٩٦٩ دەستەی دامەزرێنەری تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی بووە، ساڵی ١٩٧١ تا ١٩٧٤ لێپرسراوی بەشی مۆسیقا بووە لە زانکۆی سلێمانی و تیپی زانکۆی سلێمانی دروست کردووە، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە، لەوێ تیپی مۆسیقای شۆڕشیان دروست کردووە، دوای گەڕانەوەی لەناو شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥ لە زانکۆ دوورخراوەتەوە و گواستراوەتەوە شاری سەماوە لە خواروی عێراق بۆ ماوەی دوو ساڵ ماوەتەوە بە مامۆستا، لەو ماوەیەدا تیپی مۆسیقای پەروەردەی سەماوەی بۆ چالاکی قوتابخانەکان دروست کردووە، دواتر گواستراوەتەوە بۆ زانکۆیی سلێمانی وەك کارەکەی پێشووی بووەتەوە لێپسراوی بەشی مۆسیقا تا ساڵی ١٩٨١ کە زانکۆی سلێمانی گوازراوەتەوە بۆ هەولێر، ساڵی ١٩٧٣ لە بەرلین بەشداری ڤیستیڤاڵی

لاوانی جیهانی کردووە، هەر لە ساڵی ١٩٧٣ بۆ یەکەم جار لە تەلەفزیۆن (٩) پارچە مۆسیقا و گۆرانی تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٧٤ بەشداری ڤیستیڤاڵی یەکەمی هونەری کوردی لە بەغدا کردووە، دامەزرێنەری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانییە، ساڵی ١٩٩٨ بووەتە ڕاوێژکاری هونەری لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئەنوەر قەرەداغی یەکێکە لەدامەزرێنەرانی تەلەفزیۆنی (PUK)، ساڵی ٢٠١٠ بووەتە ڕاوێژکاری هونەری لە مەکتەبی ئیعلامی (ی ن ك)،




(سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)

## تەحسین تەها / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (تەحسین تەها محەمەد سەلیم) ە، لە ١٩٤١/٥/٢٥ لە ناحیەی (بیبۆ) ی شارۆچکەی ئامێدی لەدایکبووە، چونکە باوکی فەرمانبەر بووە گەلێك شارو شارۆچکە و ناوچەی دەڤەری بادینان ژیاوە، بۆیە خوێندنی لە ناوچەی مانگیش و باتووفە و دهۆك تەواو کردووە، دوای قۆناغی ناوەندی چووەتە بەغدا و لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان وەرگیراوە، ساڵی ١٩٦٤ هونەرەجوانەکانی بەشی نواندن و دەرهێنانی تەواو کردووە و هەر لە ماوەی خوێندنی لە پەیمانگا خۆی فێری ئامێری عود دەکات ئامو شۆی ڕادیۆی کوردی بەغدا دەکات و گۆرانی تۆمار دەکات، ساڵی ١٩٦٤ دەبێتە مامۆستای سروود و مۆسیقا لە قوتابخانەی مەخمووری سەرەتایی کوڕان گەلێك چالاکی هونەری لە بواری مۆسیقا و شانۆ و گۆرانی پێشکەش دەکات و ماڵەکەیشی لەو شارۆچکەیەدا کردبوە مەڵبەندی هونەری و یانەی مۆسیقا زان و گۆرانی بێژان، ساڵی ١٩٦٨ دەگوازرێتەوە بۆ هەولێر و لە قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی نموونەیی هەولێر وانە سروود و مۆسیقا دەڵێتەوە، دەستەی دامەزرێنەری تیپی هونەری هەولێر بووە، لە ماوەکی پتر لە ٢٠ ساڵ چالاکی هونەری دیارو بەرچاو دەنوێنێ چ لەسەر شانۆ چ لە ئێستگە و تەلەفزیۆنی بەغداو موسڵ و کەرکوك تیپەکەیان دەبێتە یەکێك لە تیپە سەرکەوتووەکانی هونەری ڕەسەنی کوردی، ساڵانی ١٩٧٦ – ١٩٧٩ لە سێ ئۆپەرێت وەك ئەکتەر ڕۆڵ دەبینێ لەگەڵ هونەرمەندان (سەلام مەحمود عەدۆ/ سەبحی کۆیی/ تەحسین سابیر/ جەودەت مەحمود/ کوردۆ گەلاڵی/ ئەسعەد عومەر/ ئامانج یونس)، ئۆپەرێتی یەکەم لەساڵی ١٩٧٧ (داستانی شۆڕش) نووسینی مەدحەت بێخەو ئاواز دانەران (وریا ئەحمەد/جان تۆماس/تەڵعەت عارف/

ڕەنجبەر خۆشناو/ سەید ئەحمەد بەرزنجی دەرهێنانی تەحسین تەها، ساڵی **١٩٧٨** ئۆپەرێتی (ڕووباری ژیان) هەمان نووسەرو دەرهێنەرو ئاواز دانەران، ئۆپەرێتی سێیەمیش (دەرگاکانی ژیان) قەدەغەکراوە نمایش بکرێت لە ساڵی **١٩٧٩**، تەحسینی هونەرمەند بەهۆی باری کوردستان سەخت بووە چووە وڵاتی هۆڵەندا و لە تەمەنی **٥٤** ساڵیدا لە **١٩٩٥/٥/٢٨** لە تاراوگە لە نەخۆشخانەیەکی هۆڵەندا بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد و جگە لەهونەرمەند فوئاد ئەحمەد کە تادوا هەناسەی ژیانی بەسەریەوە بوو، هیچ هونەرمەندێکی دیکەی کورد لەلای نەبووە، تەرمەکەشی لە **١٩٩٥/٦/٤** گەیشتەوە زاخۆ و هەر ئەو ڕۆژە لە گۆڕستانی باب و باپیرانی لە شاری ئامێدی بە خاك سپێردرا،

---


(سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامەکان و توڕی ئەنتەرنێت)

## بەلقیس دۆسکی – گۆرانی بێژ

هونەرمەند (دکتۆرە بەلقیس دۆسکی) ساڵی ۱۹۵۳ لە دهۆك لە دایكبووە، بەشێكی زۆری تەمەنی لە بەغدا بەسەر بردووە، لەساڵی ۱۹٦٥ یەكەم گۆرانی بەناوی (وەرە بابرۆین) تۆمار كردووە كە تەمەنی (۱۲) ساڵ بووە، ساڵانێكە لە دەرەوەی وڵات دەژی، ساڵی ۲۰۰۲ گەڕاوەتەوە كوردستان و لە هەولێر نیشتەجێ بووە، خاوەنی ۸۰ گۆرانی زیاترە،

سەرچاوە - تۆڕی ئەنتەرنێت ۲۰۱۸






## عوسمان عەلی/ گۆرانی بێژ

هونەرمەند (عوسمان عەلی خەیات) ساڵی ١٩٤٤ لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لە دایکبووە، تاپۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە، دواتر بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان چۆتە بەر کار کردن، ساڵی ١٩٦٣ بەهۆی بارودۆخی سیاسی کوردستانەوە چۆتە ڕیزی شۆڕشی کوردستان و بووە بە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٦٥ دەستی بەکاری هونەری کردووە، ساڵی ١٩٦٩ بووە بە ئەندام لە کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی بەشی مۆسیقا و گۆرانی، ساڵی ١٩٦٧ خێزانی پێکهێناوە و سێ کچ و کوڕێکیان بووە، دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ ئەندامانی (تیپی مۆسیقای سلێمانی) و (تیپی مۆسیقای شۆڕش) کاری کردووە، ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ (تیپی مۆسیقای سلێمانی) وەك ئەندامێکی چالاك هەتا دوا چرکەکانی ژیانی بەردەوام بووە، هاوکاتیش هاوکاری بەرهەمەکانی (تیپی مۆسیقای مەولەوی) و (تیپی مۆسیقای شۆڕش) و (تیپی مۆسیقای نەورۆز) کردووە، عوسمان عەلی لە زۆربەی بۆنە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکان و کۆنسێرت و ڤیستیڤاڵەکان لە عێراق و هەرێم بەشداری کردووە، ئەندامێکی چالاك و دیاری (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان) بووە، ساڵی ١٩٦٦ بووەتە لێپرسراوی کارگەی جل و بەرگی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەشەوی ٢١ لەسەر ٢٠٠٥/٦/٢٢ لە کاتی وتنی مەقامدا کۆچی دوایی کرد

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان


**وریا ئەحمەد / مۆسیقا ژەن**

مامۆستا (وریا ئەحمەد) ساڵی ١٩٤٧ لە گەڕەکی بەفری قەندی شاری کۆیە لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەکۆیە تەواو کردووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانی هەولێرە، ساڵی ١٩٦٥ دەستی بە کاری مۆسیقا ژەنی کردووە، ساڵی ١٩٧٠ لە قوتابخانەکانی شاری کۆیە بە مامۆستای هونەر دامەزراوە، لە ١٩٧٢/٣/١ دەستەی دامەزرێنەری (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە) بووە، ساڵی ١٩٧٣ لەگەڵ کۆمەڵێ هونەرمەندی کورد بەشداری لە ڤیستیڤاڵی دەیەمی لاوانی جیهان لە بەرلین / ئەڵمانیا کردووە، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بەڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلول کردووە و ئەندامێکی تیپی مۆسیقای شۆڕش بووە، ساڵی ١٩٧٥ لە خولێکی مۆسیقا و ئاواز دانان لە بەغدا بەشداری کردووە و لەسەر ئاستی (١٨) پارێزگای عێراق بە پلەی زۆر باش دەرچووە، ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە بۆتە لێپرسراو و سەرپەرشتیاری تیپی هونەری هەولێر، یەکێکە لە دامەزرێنەران و فێرکاران و ئاواز دانەرانی تیپی مۆسیقای منالانی هەولێر، لە هەشتاکان تیپی مۆسیقای خانزادی کچانی دامەزراندووە، دوای ڕاپەڕین تیپی مۆسیقای (زیرو بەم) ی دامەزراندوە، ماوەی (٨) ساڵ لە ولاتی هۆڵەندا ژیانی بەسەر بردووە و لەو ماوەیدا توانیویەتی لەوێ دوو تیپی مۆسیقی دابمەزرێنێت بەناوی

تیپی مۆسیقی دڵ ئارام و تیپی مۆسیقی شەهابەی هەولێری کە بەرهەمی کوردی و فارسییان پێشکەشی خەڵکی هۆڵەندا و ئەوروپا کردووە، بڕوانامەی دبلۆم لە زمان و ئەدەبی هۆڵەندی بەدەست هێناوە، دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان وەك شارەزا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك بەڕێوەبەری کەلەپوری دامەزراوە، پاش چەندین ساڵ لە خزمەتی هونەر خانەنشین دەبێت،



سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و پەیجی مەڵبەندی گۆرانی و ئاوازی ڕەسەنی کوردی




## ئەحمەد كایا / گۆرانی بێژ

هونەرمەندی گۆرانی بێژو شۆڕشگێڕ (ئەحمەد كایا) لە ١٩٥٧/١٠/٢٨ لە مەلاتیای باكوور كوردستان هاتۆتە دنیاوە، لەگەڵ باوكی كرێكاری چنین بووە دایكی و چوار خوشك و برای تری بەیەكە وە بژێوی خۆیان پەیدا دەكرد، تەمەنی (٩) ساڵ بوو لە جەژنی كرێكاراندا بۆ یەكەمجار هێنرایە سەر شانۆ، ئەحمەد كایا كاتێ كە هەوڵی تەواو كردنی خوێندنی ناوەندی دەدات لە ساڵانی حەفتاكاندا خۆی و دەنگی خۆی تێكەڵاوییەك دەدۆزێتەوە، ساڵی ١٩٨٥ بە شێوەیەكی نارەوا سزای نەفی كردنیان بەسەردا سەپاندوو بە ناچاری ڕێی ئەوروپای گرتەبەر و ژیانێكی دورخراوە لە فەرەنسا دەباتە سەر، دوا ئەلبومی خۆی وەك ئەلبومی ماڵئاوایی بە ئەمانەت دەداتە هاوڕێ و هاوسەری خۆی (گوڵتە كایا) بەناوی (چاوەكەم خواتان لەگەڵ)، لە دەرەوەی وڵات چەند داوایەكی بەرامبەر تۆماركرا بە تۆمەتی سوكایەتی كردن بە نیشتمان لە بەرامبەر یەكێك لەو داوایانە (٣) ساڵ و ٩ مانگ لە بەندیخانە ژیانی بەسەر برد، بەهۆی هەڵوێستی جوانیەوە ناوی خۆی خستە مێژووەوە بە حەسرەتی نیشتمانەوە ماڵئاوایی لێكردین، بەداخەوە لە ٢٠٠٠/١١/١٦ لە وڵاتی فەڕەنسا كۆچی دوایی كرد و هەر لە گۆڕستانی ئەو شارە لە تەنیشت هاوڕێی هونەرمەند و نووسەر و دەرهێنەر و ئەكتەر یەڵماز گۆنای بەخاك سپێردرا،

---

سەرچاوە لەیەكێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان



## کەریم خەمزەیی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (کەریم حەکیم عەزیز ئەحمەد) ە، ساڵی **١٩٤٩** لە گەڕەکی کانیسکانی شاری سلێمانی لە دایکووە، لەبنەچەدا خەڵکی گوندی (خەمزەیە)، ساڵی **١٩٦٦** لەگەڵ هونەرمەندان (عەزیز عوسمان/ عەزیز حەکیم/ سەمەد) تیپێکی میللی دروست دەکەن، تاساڵی **١٩٧٦** لەگەڵ ئەم تیپە کار دەکات و نزیکەی (١٠) شریتی بلاۆ کردۆتەوە، دواتر لەگەڵ هونەرمەند (ئەنوەر قەرەداغی و ئەسعەد قەرەداغی و عەبدولڕەحیم ڕەسول و عەزیز حەکیم) تیپێکی نوێیان دروست کرد و تاساڵی **١٩٧٩** توانیان (٦) گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار بکەن لەوانە (هەی زێڕینێ/ ئەی یار/ ئازیز بەهارە)، ساڵی **١٩٨٠** بەشداری چیرۆکی تەمسیلی (نامەی خنکاو) کردووە بە دوو گۆرانی (زاوا بەرەو پیری هات/ ئای لەیلا عەمرم)، گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنەکانی (کوردسات/ گەلی کوردستان/ کوردستان تیڤی/ جەماوەر/ تەلەفزیۆنی کۆیە) تۆمار کردووە، ئەندامی تیپی هونەری میللی سلێمانییە، دوا نیشتەجێبوونی شارۆچکەی سیتەکی سلێمانییە،

---

سوودم لەکتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج وەرگرتووە ساڵی ٢٠١٨



## جەبار ئەحمەد / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (جەبار ئەحمەد شێخ فەتحی) یە، سالّی ١٩٤٣ لە گەڕەکی تەعجیلی شاری هەولێر لە دایکبووە، سالّی ١٩٦١ دەبێتە سەرباز و دەبێتە شوفێر، دوای تەواو بوونی لە سەربازی وەك شوفێر دەمێنێتەوە و دەبیتە پیشەی ڕۆژانە بۆ بژێوی ژیانی، دەسپێکی هونەری لە منداڵی دەستپێدەکا ئەوکاتە تەمەنی (١٠) سالّ بووە کە بە گۆرانی فۆلکلۆری سەرسام بووە، گۆرانی تورکمانی گوتووە، سەرسام بووە بە دەنگی گۆرانی بێژان (محەمەد ئەحمەد ئەرِبیللی برای و حەیدەر بەقالّ و مشکۆ)، سالّی ١٩٦٧ یەکەم گۆرانی بۆ ئێسگە و تەلەفزیۆن تۆمار کردووە، لەوێوە ناوبانگی دەرکردووە،




---

سەرچاوە تۆڕی ئەنتەرنێت ٢٠١٥



## ڕزگار خۆشناو / مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر

ناوی تەواوی (ڕزگار حەسەن ئەحمەد) ە، ساڵی ١٩٥٢ لە شارۆچکەی شەقڵاوەی شاری هەولێر لە دایکبووە، برای هونەرمەند ڕەنجبەر خۆشناوە، ساڵی ١٩٦٧ دەسپێکی کاری هونەری ڕزگار خۆشناو دەستی پێکرد لە لقی دووی (پ د ك) ئاهەنگێکی سازکرد و ئەمیش بە گۆرانی ( موژدەی بەهار) بەشداری کرد، دواتر بە نهێنی کار دەکەن و تیپێك پێکدێنن، بەر لەساڵی ١٩٧٠ لە چەند ئاهەنگێك لەناو پردان و گەڵاڵە و چۆمان بەشداری دەکەن، ساڵی ١٩٧١ لە پەیمانگەی مۆسیقای بەغدا وەرگیراوە، ساڵی ١٩٧٧پەیمانگەی تەواو کردووە، لەهەمان ساڵ سەرپەرشتیاری تیپی میوزیکی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی بووە، ئاوازی بۆ چەندین گۆرانی بێژ داناوە لەوانە (فوئاد ئەحمەد/ شێرزاد عەبدولڕەحمان/ جەلال سەعید/ قادر زیرەك/ محەمەد جەزا/ جەبار ئەحمەد/ ناسر ڕەزازی/ مەرزیە فەریقی) و چەندانی تر، لەهەمان ساڵ ئەندامی تیپی هونەر هەولێر بووە و چەند گۆرانییەکیان بەڕەش و سپی بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکردووە، ساڵی ١٩٧٨ چەند گۆرانییەکی تریش بۆ تەلەفزیۆن تۆماردەکەن، چەندین ئاوازی بۆ گۆرانی بێژانی بەناوبانگ داناوە، تاساڵی ١٩٨١ توانی خزمەتێکی بەرچاو پێشکەش بە مۆسیقای کوردی بکات، لەوساڵە بەدواوە بەهۆی جەنگی نێوان (عێراق — ئێران) و گوشاری ڕژێم بۆسەر هونەرمەندان ڕزگار خۆشناو کوردستانی بەرەو نەمسا جێهێشت لەوێ تیپێکی مۆسیقای بەناوی (سکۆردیا) پێکهێنا،

---

(سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)

**ڕەنجبەر خۆشناو – مۆسیقا ژەن**

ناوی تەواوی (ڕەنجبەر حەسەن ئەحمەد) ە، لە ٢٩-٦-١٩٥٣ لـە شارۆچـکەی شـەقلاوەی شـاری هــەولێر لــە دایکبــووە، بــرای هونەرمەنــد (ڕزگــار خۆشــناو) ە، لــە ١٥-٦-١٩٧٨ هاوسەرگیری کردووە (٤) کچ و کوڕێکی هەیە، ساڵی ١٩٦٨ دەستی بەکاری هونەری مۆسـیقا کردووە لە تیپی مۆسیقای سەفین لە شەقلاوە، بەشداری ڤیستیڤاڵی کردووە لەگەڵ ئـەو تیپـە، هەر لەگەڵ ئەو تیپە چەندین ئاهەنگیان گێڕاوە لەساڵی ١٩٦٨ تا ١٩٧٤ لە ناوچەکانی (هیران و نــازەنین/ نــاوپردان/ گەلاڵــە/ مەکتــەب سیاســی)، ســاڵی ١٩٧٠ چــووەتە پــەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا، ساڵی ١٩٧٤ لە پەیمانگا دادەبڕێ دەبێتە پێشمەرگە، لە شاخ دەسـت بە چالاکی هونەری دەکاتەوە لەگەڵ تیپی هونەری سەفین هاوشان لەگـەڵ تیپـەکانی مۆسـیقای هەولێر و باواجی کۆیێ و سلێمانی، دواتر دەبێتە تیپێکی گەورە ناوی دەنێن (تیپی مۆسـیقای شۆڕش)، ساڵی ١٩٧٥ دەچێتەوە پەیمانگا و درێژە بە خوێندن دەدات و سـاڵی ١٩٧٦ پـەیمانگا تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە تیپی هونەری هەولێر کردووە و چەند گۆرانییەکیان بە ڕەش و سپی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کردووە، هەر لەساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ تیپـی مۆسـیقای زیـرەك دوو ساڵ یەکەمین بەدەست دێنن لە سەرتاسەری عێراق لە ڤیستیڤاڵی ساڵانە، لە ساڵی ١٩٧٨ چەند گۆرانییەکی تریش بۆ تەلەفزیۆن تۆمار دەکەن، دامەزرێنەری تیپـی مۆسـیقای منـداڵان بووە لە ساڵی ١٩٧٨ تا ١٩٨٠ چەندین چالاکیان ئەنجامداوە و پلەی یەکەمیان لەسەر ئاسـتی

عێراق بەدەست هێناوە، ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ دامەزراندنی پەیمانگەی هونەر بۆ فێربوونی مۆسیقا مامۆستای پەیمانگە بووە، ئاوازی بۆ گۆرانی بێژان (نیزام شوکر/ ڕزگار ڕەنجەڕۆ/ تەحسین تەها) داناوە، ساڵی ١٩٩٤ دەچێتە وڵاتی ئەڵمانیا و لێی نیشتەجێدەبێت، ساڵی ١٩٩٦ لە سەتەلایتی (مێد تیڤی) کاری کردووە، ساڵی ٢٠٠٧ بەیەکجاری دەگەڕێتەوە کوردستان و لەسەر وەزیفەی خۆی لە چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر دەستبەکار دەبێتەوە کە لەساڵی ١٩٧٧ مامۆستای چالاکی قوتابخانەکان بووە،


لە نمایشەکانی تیپی مۆسیقای هەولێر

---

ئەو ژیاننامەم لەگەڵ خۆی نووسیومە لە ٢٥-٤-٢٠١٨ هەولێر – تەیراوە – چایخانەی کوردو عەرەب



## سەلاح ڕەئوف / مۆسیقا ژەن

ناوی تەواوی (سەلاح ڕەئوف عەلی) ە، لە ١٩٥١/٣/١٥ لە شارۆچکەی (تانجەرۆ/عەربەت) لە شاری سلێمانی لە دایکبووە،ساڵی ١٩٧٠ خانەی مامۆستایانی سەرەتایی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٨ بووەتە ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی و ئەندامی تیپی مۆسیقای چالاکی هونەری پەروەردەیی سلێمانی وەك ئامێر ژەن و مامۆستا، ساڵی ١٩٧٧-١٩٧٨ لە خولی شارەزایانی مۆسیقا لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا پلەی نایابی لەسەر ئاستی عێراق بەدەست هێناوە، ساڵی ١٩٧٧ تیپی مۆسیقای پیرەمێردی دامەزراندووە کە سەرەتای ئەو تیپە منداڵانی تێدا فێری مۆسیقا کردووە و پاشان بووەتە تیپێکی باشی سەردەمی خۆی تاساڵی ١٩٩١، یەکێك بووە لە دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای منداڵانی سلێمانی و هاندەرێکی باشی منداڵانی ئەو سەردەمە بووە و چەندین کاری وەك تۆمار کردنی مۆسیقا و گۆرانی و ناساندنیان بە مۆسیقا بۆ ئەنجام داون کە ئێستا چەندین هونەرمەندی خاوەن ئەزموونیان تێدا هەڵکەوتووە، ساڵی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥ ئەندام بووە لە تیپی مۆسیقای شۆڕش، ساڵی ١٩٨٣ یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، ساڵی ١٩٩٨ لە هۆڵەندا ئەندامی کارای تیپی مەڵتی کەلتووری هۆڵەندی میودانتا بووە و دواتر ئەندامی کارای تیپی سیمفۆنی ئەپلدۆرنی هۆڵەندی بووە، ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٨ ڕاهێنەری تیپی هونەری میللی نەتەوەیی سلێمانی بووە، مامۆستا سەلاح بێجگە لە ژەنین خاوەن چەند پەرتووکێکی تایبەت بە مۆسیقایە لەوانە (فێربوونی کەمانچە/ تیۆرەکانی مۆسیقا/ پۆلێن کردنی پەیژەکانی مۆسیقای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست)، ئاوازی بۆ گۆرانی بێژان (کەریم کابان/ عوسمان عەلی/ عەدنان کەریم/ ئەسعەد قەرەداغی / پەیمان عومەر/ عەباس محەمەد/ ئالا عومەر/ دیاری

قەرەداغی/ ئەمەل سەعید/ ئاڤان جەمال/ تارا ڕەسول) و چەندانی تر دانـاوە، چـەندین کـاری مۆسیقی و ئاوازی بۆ دراما کوردییەکان داناوە وەکو (نێرگز بووکی کوردستان/ ژاڵە/ گوڵاڵـە)، ساڵی ١٩٩٧ کوردستانی جێهێشتووە لەگەڵ هاوسەری و دوو کوڕو دوو کچی،






سەرچاوە – بڕێك زانیاریم لە دوای ڕاپەڕین لە ڕۆژنامەیەك دەست کـەوتبوو دواتـر سـوودم لەتۆڕی ئەنتەرنێت وەرگرتووە ٢٠١٨



**شێرزاد سەر سپی – مۆسیقا ژەن و ئاواز دانەر**


ناوی تەواوی (شێرزاد محەمەد حوسێن) ە، ساڵی ١٩٤٨ لە شاری هەولێر لە دیک بووە، دەرچووی ئامادەییە، ساڵی ١٩٦٨ دەستی بەکاری هونەری کردووە، بە درێژایی ئەم چەند ساڵەی کار کردنی لە بواری هونەر کۆکەڵێك هونەرمەندی ئافرەت و پیاوی پێگەیاندووە، پتر لە (٣٠) ساڵ ڕابەرایەتی تیپی هونەرە میللیەکانی کردووە، ئامادەکاری موزیکی چەندین تابلۆی ئەم تیپە بووە، بەشداری چەندین خولی موزیکی کردووە لە بەغدا، ئێستا خانەنشینە، دوای خانەنشینی بووەتە بەڕێوەبەری هونەرەکانی موزیك، ئەندامی ئەنجوومەنی ڕاوێژکارانە لە لقی دووی پاتی دیموکراتی کوردستان، ئەندامی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پاتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر، سەرۆك و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئەمانە بووە (تیپی موزیکی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان) (تیپی موزیکی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر) (تیپی هونەرە میللیەکانی هەولێر) (بەڕێوەبەرایەتی هونەرەکانی موزیك) (بەڕێوەبەرایەتی کۆشکی هونەر) (ئۆرکسترای کوردستان) (ئەنجوومەنی باڵای هونەر لقی هەولێر) (دەستەی هونەرمەندانی ئاشتی لە شەڕی برا کوژی) (گروپی موزیکی ڕەسەن) (تیپی کۆراڵ و تیپی مریەم خان) (بەڕێوەبەری سەتەلایتی نەورۆز) (ئەندامی یەکەمین کۆنگرەی موزیك ژەنانی عێراق) (ئەندامی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق پاش ڕوخانی ڕژێم)،

لەم ولاّتانە کار و چالاکی هونەری پێشکەش کردووە (ئەڵمانیای ڕۆژئاوا) (ئەڵمانیای ڕۆژهەلاّت) (نەمسا) (دوبەی) (مۆسکۆ) (لاتیڤیا) (ریکا) (پاریس) (جنێف) (سکۆتلەندا) (بابل) (جۆرجیا) (دەرسیم)




---

ئەم ژیاننامەم لە خۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١١/٢١




## عەزیز شارۆخی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (عەزیز عەبدوڵڵا) یە، ساڵی ١٩٣٧ لە گەڕەکی (قەبران) شەقامی وەفایی شاری مەهاباد لە دایکبووە، ساڵی ١٩٦٠ پەیمانەگی مامۆستایانی تەواو کردووە و بووەتە مامۆستا، ساڵی ١٩٦٨ چالاکی هونەری خۆی دەست پێکردووە بە گۆرانی (زەردی خەزانی)، بەرهەمە هونەرییەکانی بە هاوکاری مامۆستایان (عەندەلیبی/موجتەبا میرزادە/سەعیدی فەرەج پوری/مەهدی خەجەندی) تۆمار کردووە، زۆربەی گۆرانییەکانی شیعری خۆیەتی، ساڵی ٢٠٠٠ ئەدەبیاتی زاراوەی کوردی کۆکردۆتەوە و (نێچیرڤان بارزانی) هاوکاری کردووە بۆ بەچاپ گەیاندن و بلاوکردنەوەی لە دەزگای ئاراس، عەزیز شارۆخی بە دانانی کۆنسێرت لە ولاتانی ئەورۆپا موزیکی ڕەسەنی فۆلکلۆری کوردی بە گوێی جیهانیان ناساند، وەهەروەها چەندین گۆرانی تۆمار کراوی هەیە،

---

سەرچاوە - تۆڕی ئەنتەرنێت




**ئەسعەد قەرەداغی/گۆرانی بێژ و مۆسیقا ژەن**

ناوی تەواوی (ئەسعەد عومەر محەمەد ) ە، ساڵی ١٩٥١ لە شارۆچکەی هەڵەبجە لە دایکبووە، برای مۆسیقا ژەن ئەنوەر قەرەداغییە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی پیرەمەگرون تەواو کردووە لەساڵی ١٩٦٣، ناوەندیش لە ١٩٦٧ ئامادەییش لە ١٩٦٩، دەرچووی زانکۆی سلێمانی کۆلیژی زانیاری بەشی کیمیا ساڵی ١٩٧٣، سەرەتای کاری هونەری لە تیپی مۆسیقای سلێمانی بووە وەك گۆرانی بێژ و ژەنەری ئامێری قانون و سەنتور لە ساڵی ١٩٦٩ تا ١٩٧٠، چەند گۆرانیەکیشی بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کردووە وەك (تەنکە) (جوانی بێ ناو) (ئازیز) (بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە)،



---

(سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)



## محەمەد شێخۆ / گۆرانی بێژ

هونەرمەند (محەمەد شێخۆ) ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی (کرباوی) شاری قامشلی ڕۆژئاوای کوردستان لە دایکبووە، لە گوندی خجۆکی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قامیشلی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٨ فێری ئامێری (بزق) بووە، ساڵی ١٩٦٩ چۆتە بەیروتی پایتەختی لوبنان و لەگەڵ هونەرمەندان (مەحمود عەزیز و سەعید یوسف) تیپی مۆسیقای نەورۆزیان دامەزراند، ساڵی ١٩٧٢ بۆ سوریا چووە، بەهۆی گۆرانی و سروودی نیشتمانی کوردایەتی لەلایەن سوریاوە تەنگی پێهەڵچنراوە و چەند جار ڕەتی کردۆتەوە لە ئاهەنگە ڕەسمییەکانی حکومەتدا بەشداری بکات، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە، پاش نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە، لە ئێران توانی عەرشی گۆرانی فارسی بلەرزێنێت لە ڕێگەی گۆرانییەکانی وەك (هەر ئەڕۆم ئەڕۆم/ ئێرەم/ نا دڵ هەر/ د بەهارە)، بەلاَم هونەرمەند تووشی بێزاری و غەمۆکی بوو بەهۆی چاودێری ئیتلاَعاتی ئێران و لەلایەکی دیکە جیابونەوەی لە هاوڕێکانی بەهۆی گەڕانەوەی هەندێکیان بۆ عێراق و هاتنە دەرەوەی هەندێکی دیکە بۆ ولاَتانی ڕۆژئاوا، دواتر بەناچاری لەساڵی ١٩٨١ بەیەکجاری گەڕایەوە ولاَتی سوریا و لە شاری قامیشلۆ نیشتەجێ دەبێت، بەردەوام دەبێت لە گۆرانی ووتن و تیپێکی مۆسیقای مندالاَنی دامەزراند، ساڵی ١٩٨٦ گۆرانی (جوانی ئازادی) گوتووە لە شیعری (جگەرخوێن)، هونەرمەند محەمەد شێخۆ زۆر غەم و ئازاری ستەم و زوڵمی ئینسانەکانی لەدڵ گرت، بەلاَم مخابن هێشتا لەسەرەتای ژیان و گەرمی هونەردا جۆشی هەبوو لە ١٩٨٩/٣/٩ بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (الهلالیە) لەسەر وەسیەتی خۆی بەخاك شپێردرا،

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و کتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج ٢٠١٨



## خەلیل وەندی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (خەلیل موراد خان عەلی) ە، ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی (سەی بەرزۆ) لە خانەقین لە دایکبووە، هەر لە خانەقین چۆتە بەر خوێندن و تا قۆناغی ناوەندی لەوێ تەواو کردووە، دواناوەندی و کۆلیژی ئاداب و خوێندنی باڵای لە بەغدا تەواو کردووە لە ١٩٧٣ - ١٩٧٤، دواتر سێ ساڵ لە شاری فەلوجە وانە دەڵێتەوە و لەوێشەوە دەچێتە پەیمانگەی مامۆستایانی بەغدا، ساڵی ١٩٨٠ ڕوو دەکاتە شاری هەولێر، دوای ساڵی ٢٠٠٠ لە سۆران وانەی بەشی دەروونناسی لە کۆلێژ دەڵێتەوە، هونەرمەند لە ١٩٧٥/٨/٣ بە خۆشەویستی ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئامۆزای پێکهێناوە و باوکی (٢) کچ و (٥) کوڕە، ساڵی ١٩٦٩ بۆ یەکەم جار گۆرانی لە ڕادیۆی کوردی بەغدا تۆمار کردووە بەناوی (خۆشەویستەکەم) لەهۆنراوەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و ئاوازی مامۆستا عەلی مەردان، دەستپێکی هونەری دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٦٠ کەقوتابی پۆلی شەشی سەرەتایی بووە،




(سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)




**سادق هەریری /گۆرانی بێژ**

ناوی تەواوی (سادق سەعید ئەحمەد) ە، ساڵی **١٩٤٣** لە شارۆچکەی هەریری شاری هەولێر لە دایکبووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانی هەولێر ١٩٦٩ – ١٩٧٠، لەساڵی **١٩٥٦** ەوە لاسایی گۆرانییەکانی (تاهیر تۆفیق) دەکاتەوە، ساڵی **١٩٦٩** دەبێتە دەستپێکی هونەری، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە خزمەتێکی بەرچاوی هونەری کوردی کردووە، لە زۆربەی بۆنە و یادەکان بە دەنگە خۆشەکەی بەشداری کردووە، زیاتریش بە گۆرانیەکانی هونەرمەندی پایە بەرز مامۆستا (تاهیر تۆفیق) ناوبانگی دەرکردووە و هەر بۆیە بە (تاهیر تۆفیق) ی ئەم سەردەمە ناسراو بوو، لە ژیانیدا تەنها مەقام و گۆرانییەکانی (تاهیر تۆفیق) ی گوتووەتەوە لەگەڵ (تیپی مۆسیقای هەولێر/ تیپی مۆسیقای سلێمانی/ تیپی هونەرە میللیەکان/ تیپی باواجی کۆیە/ تیپی مۆسیقای پاشای گەورە)، ساڵانە لە یادی هونەرمەند تاهیر تۆفیق لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکان بەشدار بووە، تاکە هونەرمەندە تاهیر تۆفیق ڕەزامەند بووە گۆرانییەکانی بڵێتەوە، هونەرمەند سادق هەریری دوای ململانەیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی بۆ دواجار لە ٢٠١٤/٩/١٦ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد،

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## عەبدوڵڵا زێڕین / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئەحمەد) ە، ساڵی ١٩٥٦ لە شاری (ئامێدی) لە دایکبووە، ساڵی ١٩٦٩ تیپێك دامەزرا بە ناوی (ئێکەتیا پاڵا) لەگەڵ ئەم تیپە بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٧٠، پاشان دێتە شاری دهۆك و لەگەڵ تیپی ١١ ی ئازاری مۆسیقا و شانۆ بوو بە ئەندام، لەم تیپە چەند شانۆگەریەکیان پێشکەش کرد لەوانە شانۆگەری (بزاڤیا قوتابیا/ ئوتێلا سحەر کەر/ دوو شاهی)، ساڵی ١٩٧٣ گۆرانی (شیرین دەلال) ی بۆ تەلەفزیۆنی موسڵ تۆمار کردووە، وەهەروەها زیاتر لە (٤٠) گۆرانی بۆ ئێستگەی کوردی بەغدا و (١٥) گۆرانیشی بۆ تەلەفزیۆنی تەئمیم تۆمار کردووە، بەداخەوە لە ٢٠١١/٥/٢٩ لە شاری دهۆك کۆچی دوایی کردووە،

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان




## محەمەد جەزا / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (محەمەد جەزا عەلی) ە، لە ١٩٤٩/٢/٣ لـە حەوشـەی گـەورە لـە گـەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لە دایکبووە، پاش چەندین ساڵ ژیان، چـۆتە نـاو شـۆڕش و بۆتـە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٦٧ هاوسەرگیری لەگەڵ (گوڵزار خان) کردووە و دوو کوڕ و چـوار کچـیان هەیە، ساڵی ١٩٦٩ دەستی بە کاری هونەر کردووە و بووەتە ئەندامی تیپـی هونـەر و وێـژەی کوردی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی وەك (عوسمان عەلی و سەلاح مەجیـد و حەمـەی نێرگـز)، یەکەم بەرهەمی لەساڵی ١٩٧١ بەناوی (بیبی خـان) بـڵاو کردۆتـەوە، سـاڵی ١٩٧٧ گـۆرانی (ئەشق و ئازادی) بڵاو کردۆتەوە لە هۆنراوەی هێمن موکریانی، دواتر نیشتەجێی شاری هەولێر بووە، ساڵی ١٩٧٧ دوو گۆرانی لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٧٨ چوار گۆرانی تری لەگەڵ هەمان تیپ بڵاو کردۆتەوە بـەناوی (بـووکی ئـازادی و جـوانی نـاو چـیا)، لەهەمان ساڵ گۆرانی (ناڵەی جودایی) بڵاو کردۆتەوە لە هـۆنراوەی هـێمن، سـاڵی ١٩٨٠ دوو گۆرانی تـری بـڵاو کردۆتـەوە، زۆربـەی بەرهەمـەکانی لەگـەڵ هونەرمەنـد (ڕزگـار خۆشـناو) ئەنجامداوە، ساڵی ١٩٨١ بووەتە سەرباز، دواتر سەربازی جێدێڵێت و لە ١٩٨١/٥/٢٢ شـاری هەولێر جێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە، لەگـەڵ تیپـی مۆسـیقای شـەهید

کارزان درێژە بە کاری هونەری دەدات و کۆمەڵێك سروودی نیشتمانی تۆمار دەکات، دواتر دەچێتە دەرەوەی وڵات و لە دانیمارك نیشتەجێ دەبێت، دواتر دێتەوە کوردستان، بۆ ماوەی (٣) ساڵ تووشی نەخۆشی شێر پەنجەی دڵ دەبێت، تا لە ١/١٠/٢٠١٠ کۆچی دوایی کردو لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا،










---


سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان




## ناسری ڕەزازی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (ناسر سالّح محەمەد ئەحمەد) ە، لە ۱۹۵۵/٦/۲۱ لە شاری سنە لە دایکبووە، تەمەنی (٦) ساڵ بووە دایکی بەسەر منداڵەوە مردووە، تەمەنی بووەتە (۱۰) ساڵ باوکیشی مردووە، لە تەمەنی (٦) ساڵی چووەتە بەر خوێندنی قورئانی پیرۆز، دواتر دەچێتە قوتابخانەی سەرەتایی، دەرچووی دبلۆمی ئەدەبە، لە تەمەنی (١٤) ساڵی لە قوتابخانە لەگەڵ گروپێکی مۆسیقا لە قوتابخانەی (هیدایەت) دەچێتە سەر شانۆ و بە گوتنەوەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەك هەنگاو دەنێتە ناو گۆرانی و کاری مۆسیقای کوردیەوە، باوکی بەرگ دروو بووە، ناسر (۳) براو (٥) خوشکی هەیە، ساڵی ۱۹٦۹ یەکەم گۆرانی دەسماڵێ لە ئێسگەی سنە تۆمار کردووە، ساڵی ۱۹۷٥ لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی سنە بە گروپێکی کوردییەوە گۆرانی تۆمار دەکات دوای ئەم بەرهەمە زۆر هەوڵ دەدات کە بەرهەمی تر تۆمار بکات، بەلاّم ڕێی پێنادەن، دوای ئەوەی کە دبلۆم وەردەگرێت لەساڵی ۱۹۷۸ لەگەڵ خاتوو مەرزیە زەماوەند دەکات و پاش ماوەیەك بووەتە مامۆستای سەرەتایی، بەلاّم لەبەر ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و شۆڕشی کوردستان ناتوانێ مامۆستاییەکەی درێژە پێبدات و دەکەوێتە زیندان، پاش بەربوونی خۆی و مەرزیە و دوو منداڵەکەی دەچنە شاخ و دەبنە پێشمەرگە، چەند شریتێك لە شاخ تۆمار دەکات، تا هەشتاکان نزیکەی (۲٥) گۆرانی تۆمار کراوی لە سنە هەبووە، پاشان ڕوو دەکاتە دەرەوەی وڵات و دەچێتە سوید، لەوێش درێژە بە کاروانی هونەری خۆی دەدات و چەند کاسێت و

سیدیەك تۆمار دەكات وەك (هەڵەبجە ١٩٨٨ ئەڵمانیا) (ڕازیانە ١٩٩٠ ئەمریكا) (بەپیرۆز ١٩٩٢ ئەڵمانیا) (نیاز ١٩٩٣ ئەمریكا) (خەمی نان ١٩٩٤ سوید) (پایز ١٩٩٥ لەگەڵ مەرزیە) (كرماشان ٢٠٠٠ سوید)، پاشان دەگەڕێتەوە كوردستان و لە شاری سلێمانی نیشتەجێ دەبێت، دواتر نیشتەجێی شارۆچكەی دوكان دەبێت،




---

سەرچاوە لەیەكێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكانی نۆهەتەكان و كتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر كرمانج ٢٠١٨




## شەهێن تاڵەبانی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (شەهێن محێدین حاجی محەمەد) ە، ساڵی ١٩٥٢ لە گەڕەکی جۆرئاوای شاری سنە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەمجار دوو گۆرانی تۆمار کردووە لە ڕادیۆی (سنە) یەکێکیان بەناوی (سەبری گوڵ فرۆش) بوو، سەرەتا ویستویەتی بە تەنیا بیڵێت، بەڵام لە کاتی پرۆڤە کردن پێیان وابوو کە بە دوو قۆڵی ئەم گۆرانیە تۆمار بکرێت باشترە، ئەوە بو لەگەڵ هونەرمەند (عەباسی کەمەندی) تۆماریان کرد، هونەرمەند شەهێن یەکەم کچ بووە گۆرانی دوو قۆڵی گوتووە، سەرەتا ناوی خۆی ئاشکرا نەکردووە ناوی خۆی ناوە (ڤیدا)، دواتر گۆرانیەکی تری تۆمار کرد بەناوی (دوێنێ شەو خەوم دی)، شەهێن تاڵەبانی خوێندنی لە شاری سنە تەواو کردووە بووەتە مامۆستای سەرەتایی لە شاری (دیوانداران)، دوو ساڵ ماوەتەوە دواتر دوو ساڵیش لە مەریوان بووە دوای ئەوە گەڕاوەتەوە بۆ سنە و سێ ساڵیش لەوێ مامۆستا بووە، ساڵی ١٩٧٣ دەچێتە تاران بۆ خوێندن لە زانکۆ چونکە لە سنە زانکۆ نەبووە، دوای بیست ساڵ دوور کەوتنەوەی لە هونەر جارێکیتر دەگەڕێتەوە نێو هونەر و (٣) سیدی تۆمار دەکات (یادی یاران/بۆتۆ کوردستان/دووری)، شەهێن شووی کردووە و دایکی (٣) کوڕە (سامرەند/سیروان/سامان)، لە بەریتانیا دەژیت،




سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## نەجمەدین ئاوارە – گۆرانی بێژ


ناوی تەواوی (نەجمەدین عەبدوڵڵا حەسەن وەیسی) یە، ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لە دایك بووە، دەرچووی سەرەتاییە، برای گۆرانی بێژ زەکەریا عەبدوڵڵایە، لە سالآنی شەستەکان ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەندان (قادر زیرەك/ ڕەحمان قوربانی) پەیدا کردووە لەماڵی (ئەبو سەباح)، دواتر هەر لەوێ شەوان گۆرانیان گوتووە و تۆماریان دەکرد، ساڵی ١٩٧٠ بەشداری چەندین ئاهەنگی ماڵان و دانیشتنی برادەران و بۆنەکانی نەورۆز و جەژنەکان و بەهاران دەبێت، ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ هونەرمەند (شێرزاد عوزێری) چەند گۆرانییەك تۆمار دەکات، ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر گۆرانی (نەخۆشی چاوی تۆم) بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کردووە لە هۆنراوەی (وەفایی) و ئاوازی خۆی، دواتر لەگەڵ تیپی کاروان بە سەرپەرشتی (شێرزاد عوزێری) ٦ گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار دەکات، هونەرمەند ژەنیاری ئامێری (عود) ە، خاوەنی چەندەها ئاوازی خۆیەتی بۆ نمونە گۆرانی (چەندە جوانی چەند هێمنی) کە زەکەریا عەبدوڵڵای برای گوتوویەتیەوە، گۆرانییەکانی لە شیعری شاعیران (وەفایی/ جەبار حەبیب/عەبدولڕەحمان بێلاف) ە، ساڵی ١٩٩١ لە شاری مهاباد بە یارمەتی و

سەرپەرشتی هونەرمەند (سەید ئەحمەد ڕواندزی) شریتێك تۆمار دەكات و بلاَوی دەكاتەوە كە لە شیعری شاعیران (هێمن/ وەفایی/بێلاف/ جەبار حەبیب) سەرجەم ئاوازەكانیشی هی خۆی بووە، لەگەڵ دروست بوونی تیپی هونەرەمیللیەكان بۆتە ئەندامی ئەو تیپە، بەم دواییە بەهاوكاری (سەید ئەحمەد بەرزنجی) ٣ گۆرانی تری تۆمار كردووە (دوور كەوە – لە هۆنراوەی جەبار حەبیب و ئاوازی خۆی) (حەزان – هۆنراوەی بێلاف و ئاوازی خۆی) (شەوگار – هۆنراوەی جەبار حەبیب و ئاوازی خۆی)، هونەرمەند لە ولاَتی كەنەدا دەژیت،




---

سوودم لە كتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر كرمانج وەرگرتووە لەساڵی ٢٠١٨



## ئازاد خانەقینی – گۆرانی بێژ و بێژەری شۆڕش

ناوی تەواوی (ئازاد وەهاب عەبدولرەحمان) ە، ساڵی ١٩٥٨ لە گەڕەکی پالاۆتگەی ئەڵوەند لە خانەقین لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئەڵوەند تەواو کردووە، لە دەست پێکردنەوەی خوێندنی کوردی لە ناوەندی ١١ ی ئازار قۆناغی ناوەندی تەواو کردووە، ئامادەیی کشتوکاڵی لە قەزای (خالس) ی پارێزگای دیالە تەواو کردووە، سەرەتای ژیانی هونەری دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٧١، کاتێك بۆ یەکەمجار لەگەڵ تیمێکی مۆسیقادا وەك کۆرس بەشداری لە ئاهەنگێکی گۆرانی وتندا کرد کە کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی خانەقین بەبۆنەی ساڵڕۆژی جیهانی یەکی ئایار سازیان کردبوو، ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا بەشدار بوو لە دامەزراندنی تیپی مۆسیقای خانەقین، دوای ئەوەی تیپەکە کاسێتێك گۆرانی تۆمار کرد ئەندامانی تیپەکە لەلایەن دەزگای ئەمنەوە گیران و داوایان لێکرا چیتر گۆرانی بە زمانی کوردی تۆمار نەکەن، ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگە لەخری ناوزەنگ، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆر بۆنەو ئاهەنگی کردووە بە سروودی نیشتمانی و نەتەوەیی، ئەندامی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای شەهید کارزان بووە لە شاخ، یەکەمین بەرهەمی سروودی نیشتمانی لەگەڵ ئەو تیپە تۆمار کردووە، لەوانە (دەبا فاشییەکان بزانن/ ئەی کوردینە/ کەڵکی قەیوان)، هەروەها بە هاوکاری لەگەڵ هونەرمەند شوان کابان هەر دوو سروودی (لێرە نارۆم/ ئاسودەبن) ی تۆمار کردووە، هەر لەوکاتەشدا چەندین گۆرانی فۆلکلۆری ناوچەی کرماشانی تۆمار کردووە و بۆتە ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان –

کۆمیتەی شاخ، پاش ئەنفال چۆتە ئێران و درێژەی بەکاری پێشمەرگایەتی داوە، یەکێك بووە لە هەڵسووڕاوانی پێکهێنانی یەکەم ڤیستیڤاڵی هەڵەبجە لە سەقز، ساڵی ١٩٨٩ بەشداری ڤیستیڤاڵی هەڵەبجەی کردووە لە شاری سەقز، لەساڵی ١٩٩١ بەدواوە چەندین بەرهەمی دیار و ناوازەی تۆمار کردووە لەوانە (بڕۆ بڕۆ/ ئەی شەهید — و هتد)، ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ ڕۆژنامەنووس (پەیمان عزەدین) هاوسەرگیری کردووە خاوەنی دوو کچە بەناوەکانی (ڕازبار و زنە)، ساڵی ١٩٩٢ تا ١٩٩٦ لێپرسراوی بەشی بەرنامە هەمەجۆرەکان بوو لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە سلێمانی، ساڵی ١٩٩٧ یەکەم کۆنسێرتی خۆی لە سلێمانی بەناوی (دیمانەی عاشقان) سازکرد، هەر هەمان ساڵ دامەزراندنی پرۆژەی ئەرشیفی شۆڕشی پێشنیار کردو بەپشتیوانی خاتوو هێرۆ برایم ئەحمەد توانی ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکات، لەم کارەدا هەزاران دیکۆمێنتی گرنگی دەربارەی ڕاگەیاندن و دادگاکان و نەخۆشخانەکان و بێتەلەکان و چالاکییە هونەریەکان و بڵاوکراوەکان و چالاکی و وێنەی پێشمەرگەی کۆکردەوە و هەمووی بە تازەترین ڕێو شوێنی زانستی لەناو کۆمپیوتەردا پاراست، ساڵی ١٩٩٩ هۆنراوەی (وەرزە ئاڵەکانی عەدەم) ی جەمال غەمباری کرد بە بەرهەمێکی هونەری و چەندین گۆرانی دیکەشی تۆمار کرد، ساڵی ٢٠٠٠ بەشێکی ئەو دیکۆمێنتانەی تایبەت بە مێژووی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون لە دوو تویی کتێبێکی (٢٠٠) لاپەڕەی قەبارە مام ناوەنجیدا بەناونیشانی (مادێنا) مێژوو و بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ١٩٧٥ — ١٩٩١ بڵاو کردەوە، لەماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ — ٢٠٠٦ جێگری بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بوو لە چوارتا، ئەندامی دامەزرێنەری گروپ موزیکی (هۆرە) بووە، ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات کرایە بەڕێوەبەری گشتی لە دەزگای شەهیدان، بەداخەوە لە ٢٠٠٦/٥/١ بۆ دواجار لە سلێمانی لە نەخۆشخانەی بوژاندنەوەی دڵ چاوەکانی لێکنا و بەرەو کاروانی نەمران بەڕێکەوت،

---

سەرچاوە — p u k ئا / کاوان ئەحمەد هەڵەبجەیی








**تاهیری خەلیلی / گۆرانی بێژ**

هونەرمەند (تاهیری خەلیلی) ساڵی ١٩٥٦ لە شاری بۆکان لە دایکبووە، لە تەمەنی (٧) ساڵییەوە ئاشقی گۆرانی و مۆسیقا بووە، گوێ گرتن لە دەنگی هونەرمەندان (محەمەدی مامڵێ/ حەسەن زیرەك/ تاهیر تۆفیق/ عەلی مەردان/ ساڵح دیلان) بوو بەهۆی ئەوەی کە بەرهەمی یەکەمی لە تەمەنی (١٥) ساڵی بڵاو بکاتەوە لە شارەکانی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان، ئەو بڵاو کردنەوەی بوو بەهۆی ئەوەی کە ڕاگەیاندنە کوردییەکانی ئەو کاتی حکومەتی ئێران بۆ وتوو وێژ بانگی بکەن، چەند گۆرانییێکی بۆ تەلەفزیۆنی مەهاباد تۆمار کردووە وەك (دەنگ و ڕەنگ – شەوی تاریك و بێدەنگ – گوڵی مەهاباد – کیژۆڵەی کوردستان)، هەر ئەوە بوو بردیە تەلەفزیۆنی تاران بۆ کۆنسێرت لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا، هەروەها تەلەفزیۆن و ڕادیۆی سنە، گەیشتە قۆناغێکی کە هەستی کرد کە دەتوانێ گۆرانی بڵێ لەو کاتەدا ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دەستی پێکرد ئەویش وەك کوردێك بە هەستێکی نەتەوەیی چووە ناو خەبات و بوو بە پێشمەرگە، زیاتر لە (٥٠) گۆرانی و سروودی نەتەوەیی بڵاو کردۆتەوە، بە سروودی (لە قەندیلی سەربەرزەوە) ناوبانگی دەرکرد،

---

(سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و برێك زانیاری لەکتێبی ژیان و هونەری تاهیر کرمانج)




## جەلال سەعید / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (جەلال سەعید ڕەمەزان حوسێن) ە، ساڵی ١٩٥٣ماڵی باوکی ڕوو دەکەنە مەهاباد هەر لەو ساڵەدا لەوێ لە دایك دەبێ، ساڵی ١٩٥٦ دێتەوە هەولێر، دەرچووی سەرەتاییە لەقوتابخانەی (ئیبن خولەکان)، ساڵی ١٩٦٦ لەبەر نەبونی واز لە خوێندن دێنێ دەبێتە شاگرد چایچی پاشان کرێکاری دواتر دەستگێڕی جلی منداڵان، لە سەرەتای حەفتاکان دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە، ساڵی ١٩٧٨ گۆرانی (چاوی ڕەشی جوانە) تۆمار کردووە، کاری لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر و تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێر کردووە، تەمەنی (١٦) ساڵ بووە تەپڵی بۆ حەسەن زیرەك لێداوە، وەك گۆرانی بێژ سەردانی وڵاتانی (ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا/ نەمسا/ ڕوسیا/ جۆرجیا/ پۆڵۆنیا) ی کردووە، بەداخەوە لە ٢٠١٣/١٢/٩ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە ،

---

سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و کتێبی ژیان و هونەری تاهیر کرمانج

## جەمال جەمیل – مۆسیقا ژەن و شێوەكار

ناوی تەواوی (جەمال جەمیل محەمەد) ە، ساڵی ١٩٥٦ لە شارۆچكەی مەخموری شاری هەولێر لە دایكبووە، قۆناغەكانی خوێندنی لە مەخمور تەواو كردووە، ساڵی ١٩٦٤ پۆلی دووی سەرەتایی بووە لە قوتابخانەی مەخمور گۆرانی بێژ تەحسین تەها تیپی شانۆ پێكهێناوە چەند شانۆگەرییەكی نمایش كردووە و تیپی منداڵانی دروست كردووە و چەند ئامێرێكی عودی دروست كردووە لە گاڵون و مەنجەڵ بۆ پرۆڤە كردن كە ماوەی (٧) ساڵ لە مەخمور مایەوە، لەو كاتەوە مامۆستا جەمال خولیای مۆسیقا بووە، زۆربەی چالاكی و ئاهەنگەكانی كاتی تەحسین تەها ئەنجام دەدرا بەشدار بووە، ساڵی ١٩٧١ دەستی كردووە بە فێر بوونی ئامێری كەمان بە هاوكاری مامۆستا (سەید ئەحمەد بەرزنجی) كە لەخانەی مامۆستایانی هەولێر دەوامی دەكرد لە پشووی هاوین دەهاتە مەخمور، مامۆستا جەمال بۆ یەكەمجار لە مێژووی مەخمور تیپی مۆسیقای مەخموری دامەزراندووە، لەگەڵ چەند مۆسیقا ژەنێك (باقی محەمەد – عود) (كەریم – نای) (دیموقرات برای تەحسین تەها – عود) (خۆشی بە كەمان)، لەگەڵ (٢٠) منداڵ بۆ گۆرانی ووتن و كۆرس، لە ڕێگای مامۆستا (بەهائەدین جەلال) كە بێژەری ڕادیۆی كوردی بەغدا بووە چەند بەرهەمێكیان تۆمار كردووە، مامۆستا جەمال بۆ یەكەمجار لەساڵی ١٩٧٥ لە مەخمور خولێكی مۆسیقای كردۆتەوە، ساڵی ١٩٧٧ دوای تەواوكردنی قۆناغی ئامادەیی لە ئەكادیمیای بەغدا وەردەگیرێ لەبەشی شانۆ، بەڵام تەواوی ناكات دەچێتە پەیمانگای ناوەندی مامۆستایان، ساڵی ١٩٧٧ تا ١٩٨١ لە مەخمور چەند ئاهەنگێكیان ساز كردووە بە ئامادەبوونی گۆرانی بێژان (محەمەد جەزا و قادر زیرەك) وە لەگەڵ مۆسیقا ژەن (ڕزگار

خۆشناو)، جارێکیش (سەعید گاباری) یان بانگهێشت کردووە، ساڵی ١٩٨٢ دەبێتە سەرباز و بەشداری شەڕی (عێراق – ئێران) دەکات کە شوفێری دەبابە بووە، لە شەڕێکی سەخت ئەسیر دەبێت و ماوەی (٨) ساڵ بە دیلی دەمێنێتەوە، لەماوەی دابڕانی ئەو ماوەیە قوتابییەکانی خۆی لەو تیپە بەردەوام ببون وەك (دلۆزار یاسین/ نزار جەمیل/ جەمیل سنجاوی/ یوسف خالید)، دوای ئازاد کردنی دەست دەکاتەوە بە چالاکی، دواتر ماڵی دێنێتە هەولێر و دەبێتە ئەندام لەکۆمەڵی و هونەرو وێژەی کوردی، پاشان دەبێتە ئەندامی دەستەی کارگێڕی، دوای هەڵبژاردن دەنگی زۆرینە دێنێت و تیپێکی مۆسیقا پێکدێنێت، پێش ڕوخانی سەدام لەگەڵ چەند هونەرمەند و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسی مەخمور سەنتەری ڕۆشنبیری (قەرەچوغ) دادەمەزرێنن، دوای ڕوخانی سەدام بارەگای سەنتەر دەبەنە مەخمور و یەکەم ڤیستیڤاڵ سازدەکەن و (١٣) چالاکی جۆراو جۆری لەخۆ گرتبوو، مامۆستا جەمال جگە لە مۆسیقا ژەنی هونەرمەندی شێوەکاریشە، مامۆستا لە مەخمور تیپی خونچەکانی دامەزراندووە بە فەرمانی بەڕێز (فەلەکەدین کاکەیی) وەزیری ئەوسای ڕۆشنبیری، لە هەولێر لەگەڵ چەند هونەرمەندێك تیپی مۆسیقای (هەست) دادەمەزرێنن و چەند کۆنسێرتێکی سەرشەقام ئەنجام دەدەن، مامۆستا سەرپەرشتیاری پەروەردەی خانەنشینانە،

---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٧/٦




**حەسەن گەرمیانی – گۆرانی بێژ**

ناوی تەواوی (حەسەن عەبدوڵلا محەمەد ئاغا) یە، ساڵی ١٩٤٥ لە ناحیەی قادر کەرەم لە شاری کەرکوك لە دایکبووە، هەر لەوێش قۆناغەکانی خوێندن تەواو دەکات، دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵە لە سلێمانی بەکرەجۆ ١٩٦٥ – ١٩٦٦، لە ١٩٦٦/١١/٢٩ یەکەم ڕۆژی دەست بە کار بوونی وەکو موعید لە ئامادەیی کشتوکاڵ لە بەکرەجۆ، ساڵی ١٩٧١ بۆ یەکەمجار گۆرانی گوتووە لەسەر شانۆی ئامادەیی سلێمانی بەبۆنەی ١١ ی ئازار بەناوی (خۆم قوربانی سوخمەی کۆن)، بە ڕێککەوت کامێرە مانی تەلەفزیۆنی بەغدا لەوێ بوونە دوو گۆرانی بۆ وێنە دەگرن (کەمەرە شل و مەیلەنگێنە)، هونەرمەند چەندین جار ڕژێمی بەعس بەڵێنی پێداوە بیکەنە بەڕێوەبەری ناحیە لە بەرامبەردا ببێتە بەعسی بەڵام ڕەتی کردۆتەوە و لە بەرامبەریشدا زیندانی کراوە، ڕژێم هەوڵیداوە ئەگەر گۆرانیش بۆ بەعس و بۆنەکانی بەعس نەڵێت هیچ نەبێت گۆرانییەکانی (کەمەرە شل و مەیلەنگێنە) و ئەوانی تر لە ئاهەنگەکانی بەعسدا نەڵێت لە بەرامبەردا زەوی و پارە و ئۆتۆمبێلی بدرێتێ، بەڵام دیسان ڕەتی دەکاتەوە و ئەمجارە ئازار و ئەشکەنجە و زیندانی دەکرێت، دواتر خەڵکانێك دەستیان ڕۆیشتووە لەناو ڕژێم هەوڵی بەربونیان بۆ داوە، لە ئەنجامدا ناچار سلێمانی بەجێدێڵێت و بە ماڵەوە دێتە هەولێر و

نیشتەجێ دەبن، ساڵی **١٩٧٠** بۆتە ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی و زۆربەی بەرهەمەکانی لەو تیپە ئەنجامداوە، ساڵی **١٩٩٧** ئاوارەی هەندەران بووە، ساڵی **٢٠٠٤** نۆبــەرە بەرهــەمێکی تری لە ژێر ناوی (گەرمیان) تۆمار کردووە، سەرچاوە – تۆڕی ئەنتەرنێت






## سابیر کوردستانی /گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (سابیر محەمەد ئەحمەد) ە، ساڵی ١٩٥٥ لە شاری کەرکوك لە دایکبووە، لە تیرەی (بلباس) ە، ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و ٣ کچ و کوڕێکی هەیە (هانا/ هاوژین/ هاوڕێ/ هەنار)، ساڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەمجار لە قوتابخانەی ئیمام قاسم لە کەرکوك لە یادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان گۆرانی گووتوە، ساڵی ١٩٧١ یەکەم گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٧٣ ئەندامی تیپی مۆسیقای سۆلاڤ و تیپی مۆسیقای کەرکوك بووە، ساڵی ١٩٧٣ یەکەم گۆرانی (هەرمێ و هەنار) لەگەڵ تیپی مۆسیقای (دور الجماهیر) بڵاو کردەوە، ساڵی ١٩٧٥ یەکەم گۆرانی (میوانم هاتم بۆ لای تۆ) بۆ ئێسگەی کوردی بەغدا تۆمار کرد لە هۆنراوەی خۆی و ئاوازی عەلی مەردان، هەر لەو کاتەوە خۆی فێری مۆسیقای (عود و نای و ئیقاع) کرد، هونەرمەند سابیر کوردستانی تاکو ساڵی ١٩٩٠ نزیکەی (٢٠) گۆرانی بۆ ئێسگە و (٦) گۆرانیشی بۆ تەلەفزیۆنی تەئمیم تۆمار کردووە، دوای ڕاپەڕینیش چەندین بەرهەمی تری ئەنجامدا،

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و کتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج ٢٠١٨



## ڕزگار ڕەنجەڕۆ / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (ڕزگار محەمەد شێخ محەمەد) ە، لە ١٩٦١/٧/٧ لە شارۆچکەی گوێڕی شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی مستەوفی ١٩٧٣ ناوەندی لە برایەتی ١٩٧٧ ئامادەیی لە کوردستان ١٩٨١ تەواو کردووە، لە ١٩٨١/١١/٢٧ بە مەبەستی خوێندنی بالاّ ڕووی لە هەندەران کردووە و لە پەیمانگای فێر بوونی زمانی سربی و خرڤاتی لە شاری (نیش) خوێندوە و دیبلۆمی بەپلەی (باش) بەدەست هێناوە لە ١٩٨٢/٥/٤، لە ١٩٨٢/٦/١٨ دیبلۆمی لە زمانی لاتینی بەپلەی باش بەدەست هێناوە، لە کۆلیژی ئەندازە بەشی پاراستنی کار دەستی بە خوێندنی بالاّ کردووە، سالّی ١٩٨٥ لەپۆلی سێی کۆلیژ لەبەر کار و چالاّکی سیاسی دژی ڕژێمی بەعس و پەیوەندی پتەوی یوگوسلاڤیا بە بەعس لەو ولاّتە دوور خرایەوە، سالّی ١٩٩٢ بڕوانامەی بەکەلۆریۆس و ماجستێری لە کۆلیژی زانستە کۆمەلاّیەتییەکان لە بەشی ڕۆژنامە نووسی بەدەست هێناوە، سالّی ١٩٩٣ لە لەندەن خولێکی یەك سالّەی خوێندووە بۆ فێر بوونی زمانی ئینگلیزی، زیاتر لە (٣٠) سالّە شیعر دەنووسێ و هەندێ شیعری ناوازەن بە ستوونی و ئاسۆیی دەخوێندرێتەوە، لە ١٩٨٥/٤/٢٨ بووە بە سەرۆکی کۆمەلّەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا – لقی یوگوسلاڤیا، لە ١٩٨٤ – ١٩٨٥ سەرنووسەری گۆڤاری (خوێندکاری کورد) بوو کە لقی یوگوسلاڤیای کۆمەلّەی خوێندکارانی کورد دەری دەکرد، لە ١٩٨٨/٣/١٩ نامیلکەیەك بۆ کارەساتی هەلّەبجە بەناوی (هێلانە وێرانەکەم) بلاّو دەکاتەوە، سالّی ١٩٨٩ وەك مامۆستا لە چەند قوتابخانەیەکی شاری پراگ دەربارەی مێژووی کورد وانەی پێشکەش کردووە، بە تایبەتی بۆ کارەساتی کیمیابارانی هەلّەبجە و ئەنفال، لەهەمان سالّدا بووەتە ئەندامی کارای یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی، هەر لەسالّی ١٩٨٩ دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ڕابیتەی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندانی دیموکراتی عێراقی لە ولاّتی چیك، پاشان دەبێتە بەڕێوەبەری بەشی کوردی ڕۆژنامەی (بەندەران)، سالّی ١٩٩٠ بۆ ماوەی ٦ مانگ لە بەشی عەرەبی ڕادیۆی پراگ کاری کردووە، سالّی ١٩٨٨ – ١٩٩٢ لە چیك نووسینی لە ڕۆژنامەی (مالادا فرۆنتا – نارۆدی) و

گۆڤاری (ژیڤۆت – کڤێتی – زاپیسنیك) بڵاو کردۆتەوە، ساڵی ١٩٩٥ – ١٩٩٧ دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کوردی لە شاری ئلمیرای وڵاتی هۆڵەندا، پاشان بۆ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (بینایی)، لە ٢٠٠٤/٤/٢٧ بووەتە سەرۆکی بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کورد لە ئەلمیرا، ساڵی ٢٠٠٥ دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری (بینایی)، لە ٢٠٠٤/١٠/١٨ بووەتە ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، لە ٢٠٠٤/٤/١٤ دەبێتە پەیامنێری ڕۆژنامەی (خەبات)، ساڵی ٢٠٠٦ – ٢٠١٠ بابەتی لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان نووسیوە وەك (کوردستان نێت / پەیامنێر/ کلاو ڕۆژانە/ چرا تیڤی/ هیوا/ ماڵپەڕی لقی ٦ی پ-د-ك/ ماڵپەڕی لیژنەی ناوچەی هۆڵەندا/ ماڵپەڕی قەڵات)، ٢٠٠٩ – ٢٠١٠ و ٢٠١٥ – ٢٠١٦ مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین بووە، ٢٠١٦ – ٢٠١٧ مامۆستای زانکۆی جیهان بەشی ڕاگەیاندن بووە، ٢٠١٧ – ٢٠١٨ مامۆستا بەشی ڕاگەیاندن بووە لە زانکۆی سەلاحەدین و کۆلیژی هونەرەجوانەکان بەشی سینەماو شانۆ، لە ٢٠١٦/١١/٢٣ بە فەرمانی وەزاری پلەی زانستی بەرز کرایەوە بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر، ساڵی ١٩٧١ بۆ یەکەمین جار لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر سروودی مژدەی ئازادی بۆ ئێسگە تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٧٨ بووەتە ئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لە هەولێر، لەهەمان ساڵ لە ڤیستیڤاڵی لاوان بە گۆرانی (قاسپە قاسپی کەوان دێ لە کوردستانە) بەشداری کردووە، دواتر بۆ ئێسگە تۆماری دەکات، ساڵی ١٩٨٠ گۆرانی (ماڵی بابم نەجیبە) تۆمار دەکات، ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ (قادر دیلان) ئەلبووم بۆیادی هەڵەبجە بڵاو دەکاتەوە، ساڵی ١٩٩٠ دەستەی دامەزرێنەی تیپی مۆسیقای گۆران بووە لە هەندەران، ساڵی ٢٠٠٤ ئەلبوومی (کچەکۆیی) بڵاو کردۆتەوە،

---

ئەم ژیاننامە لەسەر داوای خۆم بۆمنی ڕەوانە کردووە لەڕێگای مێسنجەر لە ٢٠١٨/٧/٧ زۆر سوپاسی دەکەم




## زرار ڕواندوزی/ مۆسیقا ژەن و شانۆکار

ناوی تەواوی (زرار محەمەد مستەفا) یە، ساڵی ١٩٣٧ لە ڕواندوز لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ڕواندوز و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٨ بۆتە مامۆستا لە گوندی دەربەندی ڕایات، دواتر هاتۆتە ڕواندوز لە قوتابخانەی پاشای گەورە بۆتە مامۆستا، ساڵی ١٩٦٣ بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلول و پاش (٢) ساڵ لە پێشمەرگایەتی لەلایەن ڕژێمی ئەوسای ئێران دەستگیر دەکرێ، لە ساڵانی حەفتاکان یەکەم تیپی مۆسیقای لە ڕواندوز دامەزراندوە بە هاوکاری چەند مامۆستایەك، ساڵی ١٩٧٧ تیپی مۆسیقای پاشای گەورەی دامەزراندوە و لە هەمان ساڵیش بۆتە بەرپرسی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی ڕواندوز، ساڵی ١٩٨٣ بۆتە ئەندام لە (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان) و سەندیکای هونەرمەندانی عێراق، جگە لە کاری هونەری وانەی ئینگلیزیشی گووتۆتەوە لە قوتابخانەکان، هونەرمەند زیاتر لە (٣٠) شانۆگەری دەرهێناوە و چەندین خولی نیگارکێشی و مۆسیقا بۆ منداڵان کردۆتەوە، لە ٢٠٠٥/٨/٢٠ ڕێزی لێندراوە لە لایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەدوای ساڵانی دوو هەزەرەکان




## جەعفەر کوردستانی – گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (جەعفەر سەلیم مستەفا) یە، ساڵی ١٩٤١ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٠ بۆ تۆمارگەی (لەتیف) شریتێك تۆماردەکات کە (٨) گۆرانی لەخۆ گرتبوو، دوای ئەوشریتە ساڵانە شریتێکی دەخستە بازاڕ هەموو گۆرانییەکانیش لەئاواز و هۆنراوەی خۆی بوو، ساڵی ١٩٧٧ بۆ یەکەمجار دوو گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کرد بەناوی (یاخوا بەخێر بێی/ خرینگە) لەئاواز و هۆنراوەی خۆی، ناوبراو لەگەڵ ئەم تیپانە کاری کردووە (تیپی مۆسیقای ڕواندز/ تیپی مۆسیقای شەقلاوە/ تیپی هونەری هەولێر/ تیپی مۆسیقای سلێمانی/ تیپی کەرکوك/ تیپی مۆسیقای بەغدا)، هونەرمەند سێ ژنی هێناوە (نەسرەت عەبدوڵڵا ١٩٥٩/ گەلاوێژ حەمەد ئەمین ١٩٧٤/ بەلقیس میکائیل ١٩٧٦)، لەم سێ ژنە (٢٠) منداڵیان بووە، هونەرمەند (١٦) گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك و بەغدا تۆمار کردووە، وەهەروەها شارەزاییەکی باشی لە مەقامات هەبووە وەك (بەیات/ حیجاز/ عەجەم/ کورد)، بەداخەوە لە ٢٠٠١/٧/٢٥ کۆچی دوایی دەکات ،

---

سودم لە کتێبی (ژیان و هونەر) وەرگرتووە ، تاهیر کرمانج




## سەعدی عەلی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (سەعدی عەلی ئیسماعیل) ە، ساڵی ١٩٢٥ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، لە هۆزی (پشدەر) ە، خوێندەواری نەبووە، ساڵی ١٩٣٥ دەچن بۆ گوندی (سەرکەپکان) سەر بە مەڵبەنداریێتی ڕانیە تا ساڵی ١٩٤٠، ساڵی ١٩٤٠ تا ١٩٧٢چووەتە (سەنگەسەر)، پاشان (چوار قوڕنە) تا ساڵی ١٩٧٧، دواتر دێنەوە شاری هەولێر، ساڵی ١٩٦١ ژنی هێناوە، دواتر ژنێکی تریشی هێناوە، واتە دوو ژنی هەبووە، (٦) کوڕ و (٤) کچی لێیان بووە، بەداخەوە ساڵی ١٩٩٧ لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کردووە،

---

سەرچاوە کتێبی (سەربردەی کۆمەڵە حەیران بێژێکی کورد) ١٩٨٨ سەعدوڵلا شێخانی — زانیاری مردنی لە تاهیر کرمانج وەرگرتووە



## سەلاح مەجید / گۆرانی بێژ

هونەرمەند (سەلاح مەجید) ساڵی ١٩٤٧ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، ساڵی ١٩٧١ دەستی داوەتە گۆرانی وتن، ساڵی ١٩٧٤ لە میهرەجانی یەکەمی هونەری بە دەنگ خۆشترین گۆرانی بێژ هەڵبژێردرا، بەشداری (٥) درامای کردووە وەکو (پێ بەقەدەر بەڕەکەی خۆت ڕاکێشە)، دواتر داوای لێکراوە بەردەوام بێت بەڵام لە وەڵامدا گوتوویەتی من گۆرانیم هەڵبژاردووە کاری درامی ناکەم، چەندین گۆرانی تۆمارکراوی لە تەلەفزیۆنی کەرکوك هەیە، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەچێتە دەرەوەی وڵات دوای چەند ساڵێك دەگەڕێتەوە و چەند گۆرانیەکی تریش تۆمار دەکات،

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان




## سەید ئەحمەد بەرزنجی – مۆسیقا ژەن

ناوی تەواوی (ئەحمەد عەبدولکەریم) ە، ساڵی ١٩٥٢ لە شارۆچکەی مەخمور لە دایك بووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە مەخمور تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٧ چووەتە خانەی مامۆستایانی هەولێر، دوای دەرچوونی لە خانەی مامۆستایان لە چالاکی قوتابخانەکان و تیپی مۆسیقای شۆڕش ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە و هەر لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی هەر زوو پەیوەندی پێوە کردون لە تیپی هونەری هەولێر بە ئامێری کەمانجە خزمەتی ئەو تیپەی کردووە و ئاوازی بۆ زۆربەی زۆری هونەرمەندە گۆرانی بێژەکانی وەك (عارەب عوسمان/ قادر زیرەك/ ئیبراهیم سابیر/ محەمەد جەزا) و چەندانی تر داناوە و کاری مۆسیقا و دابەش کردنی بۆ کردون، بەڵام بەداخەوە دوای بەسەر بردنی ئەو تەمەنە هونەرییە بەر چاوە لە ١٩٩٩/٢/٣ کۆچی دوایی دەکات،



---

سەرچاوە – تۆڕی ئەنتەرنێت ٢٠١٨




## ئیبراهیم سابیر – گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (سابیر حەمەد غەفور) ە، ساڵی ١٩٤٩ لە گەڕەکی (هەواوی) کۆیە لە دایکبووە، دەرچووی سێی ناوەندییە، ساڵی ١٩٧٦ هاوسەرگیری کردووە باوکی (٤) کوڕ و (٤) کچە، ساڵی ١٩٧٢ دەچێتە تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، لە ١٩٧٣/٤/٣ دوو گۆرانی لە ئێسگەی کوردی بەغدا تۆمار دەکات بەناوی (پەروانە – زاوا لە بوکێ مەدە) لە ئاواز و هۆنراوەی حەسەن زیرەك و دابەشکردنی مامۆستایان (ووریا ئەحمەد – زاهیر محەمەد – سەردار محەمەد)، هەر لەهەمان ڕۆژ دەچنە تەلەفزیۆنی بەغدا تۆماری دەکەن، ساڵی ١٩٧٤ لە ماڵی هونەرمەند (محەمەدی مامڵێ) بە یەکەوە گۆرانییان گوتووە، ساڵی ١٩٧٦ دوو گۆرانی تر لە تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار دەکات بەناوی (کەتان کەتانە – هاتەوە با بێتەوە)، ساڵی ١٩٧٧ شەش گۆرانی تر بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار دەکات بەناوەکانی (ئۆف سەلام – یارم بێ شانە – ڕۆژەك لە ڕۆژان – هەتیوێك بووم لە کاروانێ – ئەو چاوانەی هەڵیان دێنی – ئاییە و ئۆییە) کەسەرجەم گۆرانییەکان لە ئاواز و هۆنراوەی فۆلکلۆری بوون، ساڵی ١٩٧٧ بە بۆنەی دامەزراندنی ئێسگەی کوردی بەغدا دوو گۆرانی تر تۆمار دەکات بە ناوەکانی (مریەمێ – یاڵڵا مسافر)، ساڵی ١٩٨١ دوو شریتی بۆ تۆمارگاکانی کوردستان تۆمار کردووە کە (٢٢) گۆرانی لەخۆ گرتبوو، ساڵی ١٩٨٧ چەند گۆرانییەکی تری بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کردووە (ئەسمەران دولبەران – خەزێم و خەزێم – جوانێ هۆ جوانێ)،



---

سەرچاوە – کتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج ٢٠١٨



**بلەی سەعە کەڕ / گۆرانی بێژ**

ناوی تەواوی (ئیبراهیم سەعید مستەفا) یە، ساڵی ١٩٤٣ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، زیاتر لە (٤٠) ساڵ خزمەتی هونەری میللی کردووە، خاوەنی چەندین بەرهەمە، یەکێك بووە لەو هونەرمەندانەی کە تەواوی ژیانی بە هەژاری و نەداری بردۆتە سەر و لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و عێراق بە دوای بژێوی ژیانیدا گەڕاوە و پیشەی کرێکاری کردووە، لە تەواوی ئەو شوێنانەش بەهۆی دەنگ خۆشی و خۆش مەعشەرەکەی لەناو مەجلیسان خۆشەویست بووە، لە پاڵ ئەوەشدا توانیویەتی بەشێکی زۆر لە تەمەنی خۆی بۆ خەباتی پێشمەرگایەتی تەرخان بکات، بەداخەوە ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠١٠/٩/٢ بەهۆی نەخۆشی لە شارۆچکەی دارەتووی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد ،

---

(سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)





## سەلاح محەمەد / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (سەلاح مەلا محەمەد مەلا برایم عەودالانی) یە، سالی ١٩٤٧ لە گەرەکی بەفریقەندی شاری کۆیە لە دایك بووە، لە کۆتایی پەنجاکان و لە سەرەتای دامەزراندنی تیپی مۆسیقای باواجی پەیوەندی بەو تیپەوە کردووە، یەکەم گۆرانی لە سالی ١٩٧٢ بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کردووە بەناوی (بازان باز قەتار قولینگان هەوالی) بوو لەگەل تیپی مۆسیقای باواجی، سالی ١٩٧٤ لەگەل تیپی مۆسیقای باواجی بەشداری کردووە لە ڤیستیڤالی هونەری کورد، دوای هەلوەشاندنەوەی تیپی باواجی بە فشاری رژێم دوای نسکۆی ١٩٧٥ لە تیپی هونەری هەولێر بە سەرپەرشتی وریا ئەحمەد (٣) گۆرانی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کرد بەناوی (خەجێ/ جوانی کوێستان/ درۆیە گەر بلێم ئاگام لە خۆیە)، لە سالی ١٩٩٩ رووی کردۆتە کاری هونەری مندالان چەندین کلیپی بۆ مندالانی کورد بەرهەم هێناوە بەمەش بۆتە خۆشەویستی مندالان و بە مام عەولا ناسرا، سالی ٢٠٠٩ لەگەل تیپی مۆسیقای باواجی سی دییەکیان بەرهەم هێناوە کە (٧) مەقام و گۆرانییەك لەخۆگرت بە ناوی (وەرزی مەقام)

---

سەرچاوە لەیەکێ لە رۆژنامە و گۆڤارەکان




## قادر كابان / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (عەبدولقادر جەلال مەحمود) ە، ساڵی ١٩٣٧ لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ خاتوو (نەسرین کەریم حەمەسور) ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و سێ منداڵیان بە ناوەکانی (کاروان/ کاوان/ کوێستان) بووە، سەرەتا لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی کۆندا دەست بەکار بووە، پاشان یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای سلێمانی، ساڵی ١٩٧٢ یەکەم بەرهەمی لە تەلەفزیۆن تۆمار کردووە، پاشان ڕوو لە هەولێر دەکات و لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێر دوو گۆرانی تۆمار دەکات، سەرجەم بەرهەمی تۆمار کراوی ئەم هونەرمەندە تەنها (٩) گۆرانیە، هونەرمەندی شەهید قادر کابان لە ١٩٨١/٢/٢٨ لەسەر هەڵوێستی نیشتمان پەروەری لە شاری سلێمانی و لە دوکانەکەی خۆی کە سەرتاش بووە دەستگیر دەکرێت و چارەنووسی بە نادیار دەمێنێتەوە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس بەپێی هەندێ بەڵگە نامە دەردەکەوێت کە لە سێدارە دراوە،




---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## نەجمەدین غولامی – گۆرانی بێژ

هونەرمەند (نەجمەدینی غـولامی) لـە ١٩٥٨/٣/٢١ لـە گـەڕەکی گوڵشـەن لـە کـۆلانی دەماوەند لە شاری سنە لە دایکبووە، (١٢) ساڵ لە بواری ئەدەب خوێندویەتی پاشان چـووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگە و نەیتوانیوە زانکۆ تەواو بکات، هونەرمەند (٤) براو (٥) خوشـکن، لە تەمەنی (٦) ساڵییەوە گـۆرانی گوتـووە، لـە تەمـەنی (١٤) سـاڵی لـە ڕێگـای عەباسـی کەمەندی چووەتە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن گۆرانی تۆمار کردووە، مامۆستا کەمەندی بردویـەتی بـۆ کۆشکی لاوان و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی سنە بە شێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ ئیقبـال و فـەروغی ڕییاحی گۆرانییان تۆمار کردووە، هەر ئەوکاتە یەکەم بەرهەمی بەناوی (نازدارەو نازدار) تۆمار کرد ئەم گۆرانییە یەکەمین ئاوازی خۆی بوو،

---

سوودم لە تۆڕی ئەنتەرنێت وەرگرتووە لەساڵی ٢٠١٨



## پەیمان عومەر /گۆرانی بێژ

خاتوو (پەیمان عومەر) ساڵی ١٩٦٤ لە گەڕەکی شێخانی شاری سلێمانی لە دایکبووە، بەڵام دایك و باوکی لە دایکبووی شاری کۆیەن، دەسپێکی هونەری لەساڵی ١٩٧٣ بووە کە قوتابی بووە لە پۆلی سێی سەرەتایی لە چالاکی قەتابخانە کە مامۆستایان (خالید سەرکار/ فرانسیس داود/ سەباح محەمەد ئەمین) ناسیویانە، ساڵی ١٩٨٤ چۆتە پەیمانگای هونەرەجوانەکان بەشی مۆسیقا لەسەر ئامێری ئۆکۆردیۆن، ساڵی ١٩٩٩ کوردستان جێدێڵێت ڕوو لە نەرویج دەکات لەگەڵ هاوسەرەکەی، ساڵی ١٩٧٧ وەك کچە کوردێك بە دوو گۆرانی بەشداری لە یەکەم ڤیستیڤاڵی مۆسیقای جیهانی کردووە لە بەغدا، گۆرانیەك بە ناوی (لە باخا) ئەوی تر (هەی جان)، ساڵی ١٩٧٨ لە دووەم ڤیستیڤاڵی جیهانی لە بەغدا بە گۆرانی بادینی (هەی لێ لێ) بەشداری کردووە، لە ١٩٨٥/٣/٢١ لە دووکان بەبەر چاوی هەزارەها خەڵك گۆرانی (ئەم ڕۆژە ڕۆژی نەورۆزە جەژنێکی خۆش بۆ کورد پیرۆزە) پێشکەش کرد کەوتە ژێر لێپرسینەوەی ئەمنە سوورەکە، لەگەڵ یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین بۆ یەکەمجار لە دونیای ئازادی لە ١٩٩١/٣/٧ گۆرانی بۆ پێشمەرگە بەناوی (چەك هەڵگرن) لەگەڵ شەماڵی عەبەڕەش گوتووە




(سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)



## عەلی زەنگەنە – گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (عەلی محەمەد عوبدولڕەحمان) ە، ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کەرکوك تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٨ پەیمانگەی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردووە، ئەو کاتەی قوتابی بووە لە سلێمانی پەیوەندی کردووە بە تیپی مۆسیقای مەولەوی، یەکەم گۆرانی بە هاوکاری تیپی مۆسیقای مەولەوی بەناوی (بەرزی بالاکەت) بوو بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆماری کردووە، ساڵی ١٩٨٧ گۆرانی (نازە نازە/ عەشقی ئێمە) بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار دەکات کە سەدایەکی زۆری هەبوو، وەکو یەکەم بەرهەمی لە دراما گۆرانییەك بوو لە درامای (مەرەزە) لەساڵی ١٩٧٣، دەستەی دامەزرێنەری چالاکی قوتابخانەکانی کەرکوك بووە بەشی کوردی، ساڵی ٢٠٠٤ دوو تیپی منداڵانی دامەزراندووە بۆ شانۆ و مۆسیقا، تیپی مۆسیقای (سۆلاڤ) ی دامەزراندووە لە کەرکوك کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هەولێرە و لە ڤیستیڤاڵەکانی کوردستان بەشداری کردووە، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە لە کەرکوك،

---

هونەرمەند عەلی زەنگەنە لەکەرکوکەوە لە ڕێگەی مێسنجەر لەسەر داواکاری خۆم ئەم ژیاننامەی بۆم ڕەوانەکرد لە ٢٠١٨/٧/١٣



## سەلاّح نەجمەدین – گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (سەلاّح نەجمەدین سەید ئەحمەد شێخ محەمەد بەرزنجی) یە، سالّی ١٩٦٠ لە گەڕەکی عارەبانی شاری هەولێر لە دایکبووە، سالّی ١٩٧٠ چووەتە قوتابخانەی (مزەفەرییە)، هۆی دواکەوتنی بۆ قوتابخانە زیندانی بوونی باوکی بووە لەلایەن بەعسییەکان، لە تەمەنی (١١) سالّی لەگەلّ تیپی هونەری هەولێر بەشداری لە ئاهەنگەکانی نەورۆز و یەکی ئایار و بۆنەی تایبەتی کردووە، سالّی ١٩٧٣ گۆرانی (شلکەو تەنکە) بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کردووە، سالّی ١٩٧٤ لە میهرەجانی بەغدا لەگەلّ تیپی باواجی کۆیە و تیپی هونەری هەولێر بەشداری کردووە بە چەند گۆرانییەك، سالّی ١٩٧٧ هونەرمەند ڕزگار خۆشناو تیپی مۆسیقای شیلانی دامەزراندووە، گۆرانی (نانا مەڕۆ) بۆ هونەرمەند سەلاّح نەجمەدین داناوە لە شیعر و ئاوازی خۆی بەو گۆرانییە بە ناوبانگ بوو، چەند گۆرانییەکی تریشی بۆ داناوە، سالّی ١٩٨١ ناوی ئەو تیپە گۆڕا بووبە (تیپی مۆسیقای شیلانی غەربی)، زیاتر لە (١٥) گۆرانی لەگەلّ ئەم تیپە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك و بەغدا تۆمار کردووە، بۆ تەلەفزیۆنی (تەرەتە) گۆرانی (بینابیم کوێرە/ ئەسمەر یارم جوانە/ کچی فریشتانی) تۆمار کردووە، چەند کۆنسێرتێکی کردووە لە سالّەکانی (٢٠١٠ تورکیا/٢٠١٣ سنە/٢٠١٤ نەورۆز لە ئێران)،

---

سوودم لەکتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج وەرگرتووە ٢٠١٨



**جاسم وەندی / گۆرانی بێژ**

ناوی تەواوی (جاسم محەمەد مستەفا) یە، ساڵی ١٩٥٠ لە گەڕەکی (ئیمام عەباس) لە شاری کەرکوك لە دایکبووە، لە تەمەنی (٥) ساڵی لەگەڵ خێزانەکەیاندا گوازرانەوە بۆ خانەقین تەمەنی منداڵی لەوێ بەسەر بردووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەخانەقین تەواو کردووە و ئامادەییش لە بەغدا تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٤ لە ئێسگەی کوردی بەغدا دامەزراوە و چەند گۆرانییەکی تۆمار کردووە، ئەمەش وەکو ئارەزویەك بووە چونکە ئیشی ئەو لە ڕادیۆ دەرهێنەر بووە، توانیویەتی بەرنامەیەکی هونەری پێشکەش بکات بەناوی (ئێوەو ئەم هونەرمەندە) کە دیداری هونەرمەندان بووە، کاری دەرهێنانی بۆ کۆمەڵێك بەرنامەی ڕۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتی و بەرنامەی منداڵان کردووە، جاسم وەندی چەند گۆرانیەکی بۆ ئێسگە و تەلەفزیۆن تۆمار کردووە، لە شیعری شاعیران (بێکەس و مەدهۆش و کەمال ئەحمەد و دایکی سۆلاڤ)، ساڵی ١٩٩١ دێتە کوردستان و لە سەتەلایتی کوردستان دەستبەکار بووە،

---

(سەرچاوە — لەخۆیم وەرگرتووە ٢٠١٨





## محەمەد عەباس – گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (محەمەد عەباس بارام) ە، لە ١٩٥٢/١٠/١٥ لە تەپەی مەلا عەبدوڵلا لە گەڕەکی ئازادی شاری کەرکوك لە دایکبووە، بنەماڵەکەی دانیشتووی گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی بوون، دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانە، لە ١٩٧٣/١١/١٥ یەکەم گۆرانی (هەرمن ڕەنجەڕۆم) بۆ ئێسگە تۆمار کردووە، لەحەفتاکان گۆرانی (سورە گوڵ – کە بەشێکی هۆنراوەی حەسەن عەلی بەگەو ئەویتر خۆی تەواوی کردووە) (نیگای ئاوات) (بەختی من وابوو) (کیژی کوردستان) (یاری چاوشین) (سروشت و جوانی) (سەیرانی کوردستان) (ئاگرێکی بێ خۆڵەمێش) تۆمار کردووە، لە سەرەتای هەشتاکان کەرکوك جێدێڵێت بەهۆی ئەوەی هەڵهاتووی سەربازی بووە، بە مەبەستی خۆشاردنەوە دەچێتە سلێمانی، بەڵام خەڵکی ئەو شارە هەواڵیان بە حکومەت داوە کە لە سلێمانییە، ئیتر بەناچاری دەچێتە دەرەوەی وڵات، سەرەتا چووەتە ئیتالیا دواتر لە (ئەدەمبرە) پایتەختی سکۆتلەندا نیشتەجێ دەبێت، لە دەرەوەی وڵاتیش بەشداری

چەندین ڤیستیڤاڵ و چالاکی هونەری نیشتمانی و کۆکردنەوەی هاوکاری کردووە، ساڵی ١٩٨٨ لە دوای کیمیاباران کردنی هەڵەبجە کۆنسێرتێکیان ساز کردووە بۆ هاوکاری کردنی خەڵکی هەڵەبجە و بریندار ی ئاوارە بوون، دوای کۆنسێرتەکە مقۆ مقۆ دروست بوو وتیان جانتای پارەکە دزراوەو نەماوە،



سوودم لەتۆڕی ئەنتەرنێت لاپەڕەی ئاوێنە وەرگرتووە لەساڵی ٢٠١٨





## هابه / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (عەبدولوەهاب بەرغش حوسێن) ە، ساڵی ١٩٤٦ لە شاری کەرکوك لە دایکبووە، یەکێك بووە لە دیارترین گۆرانی بێژە میللیەکانی کەرکوك، ئەو هونەرمەندە گۆرانی بە کوردی و تورکمانی گوتووە، دوای مردنی (٢٥٠٠) کاسێت و (٥٠٠) کاسێتی ڤیدیۆی بەجێ هێشتووە، پێش مردنی لە شاری سلێمانی لەگەڵ هونەرمەند ناسر ڕەزازی ئاهەنگێك ساز دەکەن بەسەر کوردستان دا هەڵدەرێن، هونەرمەند هابە هەموو تەمەنی بە هەژاری بەرێ کردووە تا لە ٢٠٠١/٨/١٨ لە شاری کەرکوك کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (شێخ محێدین) بە خاك دەسپێردرێت.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان




## بێژەن کامگار – گۆرانی بێژ و موزیك ژەن

ناوی تەواوی (بێژەن حەسەن) ساڵی ١٩٤٩ لە شاری سنە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی موزیك و گۆرانی کوردی لە خزمەت حەسەن کامگاری باوکی فێر بووە، پاشان لەساڵی ١٩٧٤ بۆ خوێندنی هونەری شێوەکاری لە کۆلیژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی تاران وەرگیراوە، یەکێکە لە ئەندامانی دامەزرێنەری گروپەکانی سەرکەوتووی موزیکی شەیدا و عارف و هەروەها یەکێکە لە ئەندامانی سەرەکی گروپی موزیکی کامگاران و بەوپەڕی توانـاوە ئامێرەکانی (تار/ قەیچەك/ دەف/ دەهۆڵ/ روباب/ زەرب) دەژەنێت، هەروەها بە دەنگی بەسۆزی خۆی چەندین ئەلبوومی موزیك و گۆرانی لەگەڵ گروپی موزیکی کامگاران گروپی موزیکی شەمس و گروپەکانی دیکەی موزیکی ئێرانی بلاّو کردۆتەوە لەوانە (زەردی خەزان/ کۆنسێرتی کامگارها/ ئاگری زیندوو/ گوڵ نیشان/ دەف و نەی/ دەف و ڕوباب/ کانی سپی/ سەمای زەربییەکان بۆ ئامێرە دەهۆڵییەکان/ بە یادی سەبا/ ئەوراد/ بەهارانی ئاوییەر/ ئاوازی باران/ سێوی سوور/ ئەفسانە سرزمین پدریام واتە ئەفسانەی ولاّتی باوکم/ بە یادی حافز) و چەندین ئەلبوومی گۆرانی و موزیکی دیکە، بێژەن کامگار یەکەمین کەس بووە لە ولاّتی ئێران کە بەشێوەی پیشەیی ئامێری دەفی بردە ناو گروپەکانی موزیکی سونەتی ئێرانەوە، هەروەها لەگەڵ هونەرمەندانی ناودار شەهرام نازری و محەمەد ڕەزا شەجەریان و گروپی موزیکی کامگاران لە زۆربەی ولاّتانی دنیا کۆنسێرتی موزیك و گۆرانی کوردی و فارسی پێشکەش کردووە و بەسەر کەوتووییەوە توانی ئامێری عیرفانی و هونەری دەف لەناو دڵی موزیکی ئێراندا جێ بکاتەوە،

---

سەرچاوە – تۆڕی ئەنتەرنێت ٢٠١٨




## ئیسماعیل کوێستانی /گۆرانی بێژ و شێوەکار

هونەرمەند (ئیسماعیل کوێستانی) لەساڵی ١٩٥٨ لە شارۆچکەی مەخمور لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٥ یەکەم گۆرانی بەناوی (لەبەر نازی چاو بازان) لە ڕادیۆی کوردی بەغدا تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٧٨ یەکەم پێشانگای شێوەکاری لە هۆڵی ئەیوبییەی کچان لە هەولێر کردۆتەوە لە هەمان ساڵدا بەشداری لە ڤیستیڤاڵی سەرانسەری عێراق کردووە لە شاری سەماوە کە بە کۆراڵ بەشدار بووە، لە ساڵی ١٩٨٢ – ١٩٨٤ چەند گۆرانیەکی لە تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کردووە لەوانە (جەمیلە – بێ قەرار – نازێك – بەهار)

---


(سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)



## زولێخا پشدەری / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (زولێخا وەلی ئیسماعیل) ە، لە هۆزی بلباسە، ساڵی ١٩٣٠ لە نزیک مەزاری شێخی باڵەك لە حاجی ئۆمەران لە دایك بووە، لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری مهاباد پشبێنی بەستووە، لە منداڵیەوە وەك ئافرەتێکی کۆچەری کوێستان حەزی لە گۆرانی گوتن کردووە، بۆ یەکەمجار لە ئاهەنگی جەژنی کرێکاران لەساڵی ١٩٧٤ لە سلێمانی (دۆکان) ئاهەنگی گێڕاوە، هەر لەو ساڵەدا چووەتە ئێسگەی کوردی بەغدا ئەم گۆرانیانەی تۆمار کرد (لاوکێ مەمێ/ لاوکێ میوانێ/ بەستەی وەی وەی زارا)، لەو ساڵەدا چووەتە تەلەفزیۆنی کەرکوك بۆ تۆمار کردنی (لاوکی دەروێشی عەبدی/ لۆرکێ لۆرکێ/ دەنگیان دێ)، هونەرمەند زولێخا لە ١٩٨٩/١/٣١ دەبێتە میوانی بەرنامەی (لە کەلو پورەوە) ی مامۆستا ئەسعەد عەدۆ لە تەلەفزیۆنی کەرکوك بۆ ماوەی (٣٢) خولەك، هونەرمەند ئەندامی نەقابەی هونەرمەندانی عێراق لقی سلێمانی بووە، تیپێکیشی هەبووە بەناوی (تیپی پشدەر)، هونەرمەند جاسم وەندی دوو گۆرانی بۆ تەمار کردووە لە تەلەفزیۆنی بەغدا (لۆرکێ و لۆرکێ) (وەی زارا) بە تەپڵ و زوڕنا، جارێکیان پێی گوتووە توخوا کاکە وەندی کە گۆرانی دەلێم مەیبڕە تا خۆم کۆتایی پێدێنم، ئەمیش لە وەلأمدا پێی گوتووە نابێ دادە زولەیخا چونکە گۆرانی دەبێ زۆر نەبێ بە تایبەت لەناو ستۆدیۆ، زولێخا خان زاوایەکی خۆی دەکوژێت، پاش چەندین ساڵ کوڕی کچی واتە کوڕی ئەو زاوایەی کە کوشتی لە تۆڵەی باوکی زولێخای داپیری دەکوژێت، لەوانەیە ساڵی ٢٠٠٧ بێت.

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و هەندێك زانیاریم لە هونەرمەند جاسم وەندی وەرگرتووە لە ٢٠١٨



## عەباسی کەمەندی – گۆرانی بێژ

هونەرمەند (عەباسی کەمەنـدی) سـاڵی ١٩٥٢ لـە گـەڕەکی جـەوراوای شـاری سـنە لـە دایکبووە، زۆربەی بنەماڵەی ئەم هونەرمەندە قەساب بوون و کەشێکی سونەتی (داب و نەریتی کۆن) بە سەریاندا زاڵ بووە، کەمەندی جیا لـە هونـەری مۆسـیقا شـارەزایی زۆری لـە بـواری وێنەکێشی و شانۆ و سینەما و ئەدەبیاتی کوردی هەبووە، ماوەی (٣٥) ساڵ لە ڕادیۆی دەنگی سنە کاری کردووە، لە تەمەنی (٢٣) ساڵیدا ژیانی هاوسـەرگیری پێکـدێنێ و دەبێتـە بـاوکی کوڕێك و دوو کچ، لەبەرەبەیانی ٢٠١٤/٥/٢٢ لە تەمەنی ٦٢ ساڵی کۆچی دوایی دەکات،

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## شەریف جەرجیس – زەڕب لێدەر

ناوی تەواوی (شەریف جەرجیس سلێمان) ە، ساڵی ١٩٥٥ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (هەولێر) و ناوەندی لە قوتابخانەی (جمهوری) تەواو کردووە، چووەتە خانەی مامۆستایانی دهۆك دوای ساڵێك دێتە خانەی مامۆستایانی هەولێر، لە ١٩٧٧/٧/١٩ بڕوانامە بەدەست دێنێ، لەهەمان ساڵ بووەتە مامۆستا لە گوندی (کەونە گوند) کەخۆی قوتابخانەی لەو گوندە کردۆتەوە، دوای چوار مانگ دەگوازرێتەوە چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر، دووبارە دەنێردرێتەوە گوندی (کەونە گوند)، دوای چوار مانگ دەگوازرێتەوە گوندی (باقرێن)، پاشان بە یەکجاری دەگەڕێتەوە چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر، ساڵی ١٩٧٤ دەستی بەکاری هونەری کردووە لە تیپی هونەری نوێی کوردی بە سەرپەرشتی مامۆستا شێرزاد حەوزێری، یەکەم ئاهەنگ بەشدار بووە لە باخچەی باغی شار، ساڵی ١٩٧٥ بووەتە ئەندامی تیپی هونەری هەولێر تا ساڵی ١٩٨١ بەردەوام بووە، ساڵی ١٩٨١ بووەتە سەرباز، لەجەنگی (عێراق – ئێران) لە ١٩٨١/٩/٢٧ بەدیل دەگیری لەلایەن سوپای ئێران، بۆ ماوەی (٩) ساڵ دیل بووە، لە ١٩٩٠/٩/١٣ ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە وەزیفەی خۆی لە چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر، ئەندامی تیپی مۆسیقای (زیرو بەم) بووە بە سەرپەرشتی مامۆستا وریا ئەحمەد، دواتر چووەتەوە تیپی هونەری هەولێر،

هاوكات ئەندام بــووە لــە تیپــی هونــەرە میللیــەكانی هــەولێر كــە لەســاڵی **١٩٧٦** دەســتەی دامەزرێنەری ئەو تیپە بــووە، دواتــر چــووەتە تەلــەفزیۆنی توركمــان بووەتــە ئەنــدامی تیپــی مۆسیقای توركمان بۆماوەی (٧) ساڵ، دەستەی كارگێڕی یەكێتی هونەرمەندانی توركمان بووە، ساڵی **١٩٧٩** بووەتە ئەندامی سەندیكای هونەرمەندانی عێراق، ساڵی **١٩٩٢** بووەتە ئەندامی یەكێتی هونەرمەندانی كوردستان، ئەندامی كارای سەندیكای هونەرمەندانی كوردستانە، كاری لەگەڵ كۆمەڵ و هونەرو وێژەی كوردی هەولێر كردووە،



---

ئەم ژیاننامەم لەگەڵ خۆی ساز كردووە لە ٢٠١٨/٦/٢١



**ئامانج غازی – مۆسیقا ژەن**

ناوی تەواوی (ئامانج غازی شاکر ئاغا) یە، لە ١٩٦٥/٥/١٠ لە ڕواندز لە دایکبووە، خوێندنی سەرتایی و ناوەندی لە ڕواندز تەواو کردووە، دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی موسڵە، بڕوانامەی ماستەر لە موزیکۆلۆژدا بەدەست هێناوە، ساڵی ١٩٧٥ چووەتە تیپی سروودی قوتابخانەی پاشای گەورە، لەسەر دەستی هونەرمەند زرار مستەفا فێری ئامێری عود بووە و بووەتە ئەندامی تیپی پاشای گەورە، ئاوازی بۆ گۆرانی بێژان داناوە، موزیکی بۆ شانۆگەری کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی داناوە، کۆڕو سیمیناری هونەری تایبەت بە موزیك و گۆرانی ساز کردووە، موزیکی بۆ تابلۆکانی هونەرمەندان (محەمەد عارف/نامیق عەلی قادر/سەردار سنجاوی/ڕۆستەم ئاغەلە) داناوە، دەستەی دامەزرێنەری (تیپی پاشای گەورە/پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر/ئۆرکسترای کوردستان/گروپی ستران) بووە، لە ١٩٩٢ تا ٢٠٠٣ مامۆستای پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر بووە، لە ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٦ بەڕێوەبەری کەلەپوری کورد بووە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٥ بەشداری ڤیستیڤاڵی بەڕێوەبەرایەتی موزیکی میللی میللەتانی کردووە لە وڵاتانی (فەڕەنسا/ سویسرا/ ئەڵمانیا)، ساڵی ٢٠٠٨ بووەتە مامۆستای بەشی موزیکی کۆلیژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین،

---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٥/١٠



## فەتانەی وەلیدی – گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (فەتانە شەریفی وەلیدی) یە، باوکی (شەریفی وەلیدی) هونەرمەند بووە، ساڵی ١٩٥٣ لە شاری سنە لە دایکبووە، لە تەمەنی هونەری خۆیدا (٦٠) گۆرانی لە ڕادیۆی سنە و کرماشان تۆمار کردووە، هەریەك لەو هونەرمەندانە (شەریفی وەلیدی/ حەسەن کامگار/ محەمەدی عەبدولسەمەدی/ گریشا میکائیل زادە/ ڕەزا ڕەزازی/ حیشمەتوڵڵای لورنەژاد/ عەباسی کەمەندی) ئاوازیان بۆ داناوە، شیعرەکانی لەلایەن (سامانی) بۆی داناوە و کەڵکی لە فۆلکلۆر وەرگرتووە، ناوی هەندێك لە گۆرانییەکانی (لای لای/ هەی گوڵ ئامان گوڵ/ لەسەر کانی



تیتەو لێو بەپێکەنین/ مریەم باوانم بۆچی تۆریاگە/ شیرین تەشی دەڕێسێ/ بێ تۆ بیمارم بێ دۆست و یارم/ئەی دڵی غەمینی من بۆچ بێ قەراری/ گوڵی ناو باخان/ ڕازی شەیدایی)، لەگەڵ هونەرمەند (ساڵح پیرزەهیری) ئەم گۆرانییانەی بە دوو قۆڵی گوتووە (بەهار فەسڵێکی خۆشە/ دوور لە یاری چاوجوانم/ کەوملکەو مل)، هەروەها لەگەڵ هونەرمەند (بەهادین نەورۆزی) گۆرانی گوتووە، یەکێ لە هاوڕێ نزیکەکانی فەتانە هونەرمەند (شەهێن تاڵەبانی) دەڵێ فەتانە یەکەم کچە کورد بووە لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران بە جلی کوردی گۆرانی گوتووە.

---

کەلکم لەکتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمان وەرگرتووە ٢٠١٨



## مەرِبێن سلێوە – گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (مەرِبێن سلێوە حەننا ئیبراهیم) ە، ساڵی ١٩٥٣ لە گەرِەکی بەفری قەندی کۆیە لە بنەماڵەیەکی مەسیحی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٥ ماڵیان چووەتە بەغدا، لە ١٩٧٥/٧/١٢ یەکەم بەرهەمی مەقامێك بووە بە زمانی عەرەبی تۆماری کردووە کە مەقامی (پێنج گا) بووە، هەر لەو ساڵەدا بووەتە ئەندامی تیپی چالغی بەغدادی و بەزمانی (کوردی/ عەرەبی/ فارسی/ تورکی/ مەسیحی) گۆرانی دەڵێت مەقامەکانی لەگەڵ گۆرانییەکانی تۆمار دەکات لە ئێسگەی بەغدا بەشی کوردی و عەرەبی، تا ساڵی ١٩٨٨ چەندین بەرهەم تۆمار دەکات، سالآنی ١٩٩١ – ١٩٩٢ – ١٩٩٣ بەشداری ڤیستیڤاڵی (بابل) ی کردووە، وەهەروەها بەشداری ڤیستیڤاڵی (منبر الاول والثاني و الثالث) کردووە و بروانامەی رِێزلێنانی وەرگرتووە لە (بەیتی مەقانی عێراقی)، ساڵی ٢٠٠٦ ماڵی دێتەوە هەولێر و بەرهەمی تۆمار دەکات لە تەلەفزیۆنەکانی (عەشتار/ کوردسات/ گەلی کوردستان/ زاگرۆس/ هەرێم)، لە ٢٠١١/٩/١٤ بەشداری ئاهەنگی (چرای پاییز) کردووە لە مەزاری (مەرِبێنە قەدیشە)،

---

سوودم لە کتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج وەرگرتووە لەساڵی ٢٠١٨




**دڵشاد محەمەد سەعید – مۆسیقا ژەن**

هونەرمەند (دڵشاد محەمەد سەعید) ساڵی ١٩٥٨ لە شاری دهۆك لە دایکبووە، خوێندنی مۆسیقا لە زووەوە لە بەغدا فێر بووە، کە ئەوکات ئەندامی تیپی مۆسیقای ئێسگە و تەلەفزیۆن بووە، ساڵی ١٩٧٧ بە پلەی یەکەم پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا تەواو دەکات، پاشان چووەتە تیپی سەمفۆنیای نیشتمانی عێراق ژەنیاری کەمانجە بووە و یارمەتیدەری سەرۆکی ئۆرکسترای ئەو سەردەم بووە، ساڵی ١٩٧٩ گروپی مۆسیقای دهۆکی دامەزراندووە، ساڵی ١٩٨٤ تا ١٩٨٨ لە زانکۆی وێڵز ماستەری مۆسیقای وەرگرتووە، لە نەوەتەکان چووەتە نەمسا و لە یەکێ لە تیپەکانی سەمفۆنیا دەبێتە ئەندام، لە ٢٠١٠/١٠/٢ بەشداری لە کردنەوەی هەفتەی ڕۆشنبیری عێراقی کردووە.


---

(سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)



## نیزام شوکر / گۆرانی بێژ


ناوی تەواوی (نیزام شوکر مەحمود) ە، ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر لە دایك بووە، دەرچووی سەرەتاییە، ساڵی ١٩٧٥ کاتێ قوتابی بووە لە چالاکی قوتابخانەکان دەستی بە گۆرانی و سروود گوتن کردووە، ساڵی ١٩٧٨ چووەتە (تیپی نەقابەی کرێکاران) بە سەرپەرشتی مامۆستا (سەید ئەحمەد بەرزنجی) گۆرانی (ئای نەرمە نەرمە) بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کرد، ساڵی ١٩٧٨ تا ١٩٩١ بەشداری لە ڤیستیڤاڵەکانی (یەکێتی سۆڤیەت/ ئەڵمانیا/ تورکیا/ئێران) کردووە، ساڵی ١٩٨٢ بە بۆنەی ٦ی کانون گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کردووە، لەهەمان ساڵ لە تەلەفزیۆنی کەرکوك بە ڕەش و سپی گۆرانی (ئەرێ هۆ لەیلێ) لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر تۆمار کرد، نیزام شوکر دەڵێت ئێمە کاتی خۆی گۆرانیمان بۆ کێشەی کورد دەگوت، ڕۆژێك بیرمان لەوە نەدەکردەوە ئافرەتێکی



کورد بێنین ڕوتی بکەینەوە کلیپی لەگەڵ بکەین، دوا سیدی گۆرانییە ڕۆمانسیەکانی (١٢) گۆرانی لەخۆ گرتبوو کە ئاوازەکانی هی خۆی و نەجمەدین بابەکر بووە و سەرجەم هۆنراوەکانی (عەبدولڕەحمان بێلاف) بوو، هەر لەگەڵ ڕاپەڕین سروودی (پێشمەرگەی) تۆمار کرد لە هۆنراوەی عەبدولڕەحمان بێلاف و ئاوازی نەجمەدین بابەکر، ساڵی ١٩٩٣ گۆرانی (کوڵمە خوێن) بەدوو قۆڵی لەگەڵ (تەنیا عارەب) تۆمار کردووە لە هۆنراوەی عەبدولڕەحمان بێلاف، یەکەم سەفەری حەجی لە ساڵی ٢٠٠٣ بووە، دوای ئەوە دەستی کردووە بە گوتنی سروودی ئایینی و مەولود خوێندنەوە، ئاماژە بەوەش دەکات کە بەردەوام دەبێت لە هونەر، بەڵام لە ڕێی ئایینی ئیسلام.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و کتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج ٢٠١٨



## جەلال شاكر /مۆسيقا ژەن

ناوی تەواوی (جەلال شاكر سەعید) ە، ساڵی ١٩٦١ لە ڕواندز لە دایك بووە، تاپۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، هەر چەندە كەسێكی زیرەك و بە توانا بووە، بەڵام بارودۆخ وای لێكردووە كە خوێندنی بۆ تەواو نەكرێ، ساڵی ١٩٧٨ بووەتە ئەندام لە تیپی پاشای گەورە، دواتر ماڵیان دێتە هەولێر لەگەڵ تیپی (كاوە) كار دەكات كە مامۆستا (سەید ئەحمەد بەرزنجی) سەرپەریشتی دەكرد، هونەرمەند زیاتر لە (١٠٠) ئاوازی بۆ زۆربەی زۆری هونەرمەندانی كوردستان داناوە وەكو (زەكەریا عەبدوڵڵا/ زیاد ئەسعەد/محەمەد عەزیز/ چۆپی/ نوری گەرمیانی/ نیزام شوكر).

---

(سەرچاوە - لەیەكێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان)



## شێخ لوقمان – مۆسیقا ژەن

ناوی تەواوی (لوقمان جەوهەر) ە، ساڵی ١٩٦٦ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، سەرەتا لای باوکی دەخوێنێ و دواتر سەرەتایی لە قوتابخانەی ئەربیل ئولا و ناوەندی لە ناوەندی رزگاری تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٦ لە خولی مۆسیقا و گۆرانی (ڕزگار خۆشناو) بەشداری کردووە و گۆرانییەکیشی بۆ تۆمار کردووە لە کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی – هەولێر، ساڵی ١٩٧٨ یەکەم مامۆستای ووریای ئەحمەد بووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی موسڵ بەشی مۆسیقا ئامێری کلارنێت لەساڵی ١٩٨٧، ساڵی ٢٠٠٨ بەکالۆریۆسی موزیکی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ خولێك دەکاتەوە لە چالاکی قوتابخانەکان و بەشداری ڤیستیڤاڵی ساڵانەی چالاکی قوتابخانەکانی عێراقی کردووە و بە یەکەم دەرچووە، بەشداری کردووە لە خولەکانی چالاکی قوتابخانەکان (١٩٧٧ بۆ هونەری موزیك و لە سەرجەم ڤیستیڤاڵەکان) (١٩٧٨ ڤیستیڤاڵی عێراق – سەماوە بە پلەی یەکەم دەرچوون) (١٩٨٤ لەگەڵ وریا ئەحمەد هەولێر) (١٩٨٦ – ١٩٨٧ خولی منداڵان بۆ سەرجەم ئامێرە موزیکەکان و چەندین ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵیان ئەنجامدا) (لە هەمان ساڵ لەگەڵ ئامانج غازی لە کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی – هەولێر بۆ لاوان لە ئەنجامدا کۆنسێرتیان لە هەولێر و سلێمانی ئەنجامدا) (١٩٨٨ – ١٩٨٩ چالاکی قوتابخانەکانی عێراق و بە یەکەم دەرچووە) (١٩٩٠ – ١٩٩١ لەگەڵ فەرهەنگ غەفور بۆ منداڵان بە چاودێری ئەندامانی بەرەی کوردستانی لە هۆڵی میدیا) (١٩٩١ – ١٩٩٢ لەگەڵ گروپی هاوبەشی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی گشتی

ڤیستیڤاڵی ڕاپەڕینیان ئەنجامدا لە هەولێر و سلێمانی) (١٩٩٤ یەکەم خولی موزیك دەکاتەوە بۆ منداڵە بێ دایك و باوکەکان لەگەڵ ڕێکخراوی ئێکیولیبەری فەڕەنسی بۆ کوڕان و کچان)، ساڵی ١٩٩٢ دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر و ١٩٩٧ — ١٩٩٨ ئۆرکسترای موردستان و ١٩٩٨ بەشی منداڵان لە سەتەلایتی کوردستان و ٢٠٠٤ ڕێکخراوی منداڵە ئیش کەرەکانی سەر شەقام)، ساڵی ٢٠٠٤ بووەتە سەرپەرشتیاری هونەری پەروەردەیی لە هەولێر، ٢٠٠٦ — ٢٠٠٧بووەتە بەڕێوەبەری چالاکی قوتابخانەکان بە پلەی شارەزا، کاری بۆ چەندین درامای تەلەفزیۆنی کردووە، ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە، ئەندامی دەستەی کارگێڕی ئۆرکسترای کوردستانە، بەڕێوەبەری چالاکی هونەری قوتابخانەکانی پارێزگاکانە لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە.



ئەم ژیاننامەم لە خۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١١/١٩



**بوڕهان خۆشناو – گۆرانی بێژ**

هونەرمەند (بوڕهان خۆشناو) ساڵی ١٩٦٢ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی شێخ وەسانانی ناوچەی خۆشناوەتییە، ساڵی ١٩٩١ ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و خاوەنی (٣) منداڵە، لە منداڵییەوە کاریگەری دەنگی هونەرمەندان (تاهیر تۆفیق/ عەلی مەردان/ حەسەن زیرەك/ ڕەسول بێزار گەردی/ محەمەد عارف/ کاوێس ئاغا) لەسەر بووە ، ساڵی ١٩٧٧ لە سەرەتای تەمەنی لاویدا لەگەڵ تیپە هونەرییەکانی هەولێر و شیلان و زۆربەی بەرهەمەکانی ئەو کاتی تیپی هونەری هەولێر کە بۆ هونەرمەندان (محەمەد جەزا/ جەلال سەعید/ قادر زیرەك/ سەلاح محەمەد) تۆمار کراون وەك کۆرس بەشداری کردووە، ساڵی ١٩٧٩ یەکەمین بەرهەمی خۆی لەگەڵ کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد تۆمار کردووە بە ناوی (ئەی دڵ) لە شیعر و ئاوازی فۆلکلۆری بووە و لەلایەن هونەرمەند (ئازاد قەرەداغی) کاری دابەش کردنی مۆسیقای بۆ کراوە، بەهۆی ئەوەی خەڵکی گوندی شێخ وەسانی ناوچەی خۆشناوەتییە و سروشتی ناوچەکەی زۆر لا جوان بووە بۆیە نازناوی (خۆشناو) ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، لەگەڵ هونەرمەندان (تاهیر تۆفیق/ مشکۆ/ تەحسین تەها/ محەمەد جەزا/ قادر زیرەك/ تەنیا عارەب عوسمان) لە زۆربەی یاد و بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و لە ئاهەنگەکانی شەوانی هەولێردا بەشداری کردووە، چەندین حەیرانی تۆمار کردووە و لەو

بوارەشدا حەیران بێژ (ڕەسـول بێـزار گـەردی) بـە مامۆسـتای خـۆی دەزانێـت، لـە سـەرەتای هێرشەکانی داعش بـۆ سـەر بەشـێك باشـووری کوردسـتان لـە سـاڵی ٢٠١٤ (٨) بەرهـەمی نیشتمانی بۆ گەیاندنی هاواری کوردانی ئێزیدی و سـەرکەوتنەکانی هێـزە کوردییـەکان تۆمـار کردووە لەوانە (لاوکی دیلانا سەرکەوتنێ/ لاوکی چەغار و هاواری شەنگال)،



سەرچاوە تۆڕی ئەنتەرنێت ٢٠١٨



## قادر زیـرەك /گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (قادر ئەحمەد مستەفا) یـە، سـاڵی ١٩٥٤ لـە گونـدی (بێرکـۆت) ی شـاری هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لـە بێرکـۆت تـەواو کـردووە، دواتـر دێتـە هـەولێر بەردەوام دەبێ لە خوێندن، بەهۆی بارودۆخی ژیان ناتوانێ خوێندن تەواو بکات تا پـۆلی سـێی ناوەندی خوێندووە، ساڵی ١٩٦٩ ژیـانی هاوسـەری پێکـدێنێ لەگـەڵ (نەسـرین ئەحمـەد) دوو منداڵیان دەبێت بە ناوی (ئەیوب و ژیان) دوای چوار ساڵ بە یەکەوە بوون بە هـۆی کارەسـاتی سووتان لەساڵی ١٩٧٣ نەسرینی خێزانی و ژیانی کچـی ماڵئـاوایی لـە ژیـان دەکـەن، سـاڵی ١٩٧٦ لەگەڵ (ئاواز عەبدولعەزیز) ژیانی هاوسـەری پێکدێنێتـەوە لـەم خێزانـەش (ئومێـد و ئاوات و ئەردەڵان) لە دایك دەبن، ساڵی ١٩٧٧ یەکەم گۆرانی (دوورم لە یاران) تۆمار کـردووە لە شیعری سالار قادر ئاوازی رزگار خۆشناو، ساڵی ١٩٨٠ چـەند بەرهـەمێکی دیکـە تۆمـار دەکات لەوانە (دوگمەی سینە/ ئەمان ساقی/ لە بنەوار/ بازی کوێستان)، مخابن مـەرگ دەرفەتی زیاتری پێنەدا کە زیاتر خزمەت بـە گـۆرانی کـوردی بکـات لـە ١٩٨١/٧/١٧ لەگـەڵ چـەند برادەرێکیدا لە گەڕانەوەی گەشتێك لە بێخاڵ و گەلی عەلی بەرەو هەولێر لە ڕێگای (خەلیفان/ هەریر) ئۆتۆمبیلەکەیان وەردەگەڕێ و قادر زیرەك و هاوڕێیەکی گیان لە دەست دەدەن ،

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## موخلیس حەسەن – موسیقا ژەن

ناوی تەواوی (موخلیس حەسەن وەسمان) ە، ساڵی ١٩٦٨ لە گەڕەکی سەعدوناوەی شاری هەولێر لە دایك بووە، لە حەفتاکان دەستی بەکاری هونەری کردووە، ساڵی ١٩٧٧ بەشداری لە خولێکی هاوینە بەشی مۆسیقا کردووە بە سەرپەرشتی مامۆستا ڕەنجبەر خۆشناو لەسەر ئامێری ئۆکۆردیۆن، ساڵی ١٩٧٨ لەبەر لێهاتوویی بووەتە ئەندام لە تیپی مۆسیقای منداڵانی هەولێر بەسەرپەرشتی مامۆستا وریا ئەحمەد، ساڵی ١٩٨٢ بووەتە ئەندام لە تیپی مۆسیقای کاوە بەسەرپەرشتی مامۆستا سەید ئەحمەد بەرزنجی، ساڵی ١٩٨٣ بووەتە ئەندام لە تیپی مۆسیقای هەولێر و لە هەمانساڵ زیاتر لە (١٠) بەرهەم بەشدار بووە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك بۆ گۆرانی بێژان



(عارەب عوسمان/ نیزام شوکر/ نەجمەدین ئاوارە/ جەلال سەعید/ کامەران عونەر)، ساڵی ١٩٨٤ بووەتە ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق لقی هەولێر، ساڵی ١٩٨٥ بووەتە ئەندامی تیپی هونەرە میللیەکانی هەولێر بە سەرپەرشتی مامۆستا شێرزاد سەرسپی، تا وەکو ئێستاش بەردەوامە وەکو موزیك سیان لەو تیپە و بەشداری چەندین ڤیستیڤاڵی دەرەوەی وڵاتی کردووە وەکو (ئیسپانیا/ جۆرجیا/ یۆنان/ بولغاریا/ پۆلۆنیا).

---

ئەم ژیاننامەم لە خۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١١/٢٤




## ئەردەوان زاخۆلی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (ئەردەوان عەلی محەمەد) ساڵی ١٩٥٧ لە شارۆچکەی زاخۆ لە دایک بووە، خوێندنی تاکو پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووە لە قوتابخانەی ئەحمەدی خانی لە زاخۆ هۆی نەخوێندنی لەبەر بژێوی ژیان بووە، لە ١٩٧٨/٢/٢٣ یەکەمین کاسێتی تۆمار کردووە، لەهەمان ساڵ گۆرانی (دچمە هاوارا خابیری) تۆمار کردووە، لەساڵی ١٩٧٩ خێزانی پێکەوە ناوە، ئەردەوانی هونەرمەند لە ژیانی خۆیدا چەندین ساڵ پێشمەرگەیەکی بە جەرگ و ئازاو چاونەترس بووە، ئەم هونەرمەندە (٣٠٠) گۆرانی هەیە، ئەو کاتەی پێشمەرگە بووە گۆرانی (چومە چیا / چیا بلند) تۆمار کردووە، مخابن شەوی ٢٨ – ١٩٨٦/١/٢٩ لە میوانخانەی ئەرجەوان لە بەغدا چەند سیخورێکی بەعس دەیڕفێنن و تاوەکو ئێستاش بێ سەرو شوێنە، هونەرمەند لە دوای خۆی کچێك بەناوی (هۆزان) لە دایك بووی ١٩٨١ و کوڕێك بەناوی (کۆڤان ) لە دایك بووی ١٩٨٤ و هاوسەرەکەی بەجێ دەمێنێ.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و دواتر لە تۆڕی ئەنتەرنێت لە کوردی ناوەڕاست (مەسعود لاوەند) ٢٠١٨



## زانیار بەرزنجی – گۆرانی بێژ و مۆسیقا ژەن

ناوی تــەواوی (زانیــار شــێخ موحســین شــێخ محەمەد بەرزنجی) یــە، ســاڵی ١٩٦٧ لــە هــەولێر دایك بووە، لە قۆناغی سەرەتایی لــە قوتابخانــەی (ئەربیل ئــولا) گرۆپێکیــان دروســت کــردووە بــە سەرپەرشتی مامۆستا ئەمجــەد تایبــەت بــووە بــە گروپی مسیر بەمانی ڕۆیشت بــە هاوتــای (جــوق عەســـکەری) وە یـــەکێك بـــووە لـــە باشـــترین ژەنیارەکانی ڕیتمی سایدرام، ساڵی ١٩٧٨ وەکــو کۆرس لە تیپی مۆسیقای زیرەك بە سەرپەرشتی مامۆستا وریا ئەحمەد کاری کردووە، هەر لــەو ساڵەدا بەهۆی لێهاتویی لە کاری هونەری وەك ئەکتەر بەشداری کردووە لە شانۆگەری (تەرازوو) لە ئامادەکردن و دەرهێنانی (هاشم زەینەل) لە هەولێر و دهۆك و پیرمــام نمــایش کــرا، ســاڵی ١٩٧٩ هونەرمەنــد (ســەعدون یــونس) هەڵیدەبــژێرێت بــۆ بەشــداری کــردن لــە شــانۆگەری (چیرۆکەکانی مام سمایل)، هــەر لــەم کاتــەوە بــە یارمــەتی و پاڵپشــتی یەکــەمی براگــەورەی هونەرمەند (پایەدار بەرزنجی) ڕۆژانە چەند ساتێك وانەی موزیکی لەسەر ئامێری (فلوت) فێــر دەکــرد، ســاڵی ١٩٨٠ لەگــەڵ هونەرمەنــدان (کــارۆخ زرار و زۆزك زرار و مامۆســتا نــزار و کامەران) لە یانەی لاوان گروپێکیان دروست کرد، لە بەردەوامی هەوڵدان بۆ فێربوونی زیاتر لە (دار الفن) لەگەڵ چەند برادەرانێکی تازە پێگەیشتوو (بەهزاد گــەنجۆ/ عیمــاد گیتــار/ شــاهین نەجمەدین) ڕۆژانە خەریکی کاری پرۆڤە کردن بون بۆ ئەوەی زیاتر ئاستیان بەرز بکەنەوە، ساڵی ١٩٨٠ – ١٩٨٣ بووەتە ئەندامی تیپی مۆســیقای کــاوە بــە سەرپەرشــتی مامۆســتا (ســەید ئەحمەد بەرزنجی)، لەگەڵ ئەو تیپە چەندین کۆنسێرت و تۆمــاری دەنگــی و ڤیســتیڤاڵ لەســەر ئاستی عێراق بەشداری کــردووە، ســاڵی ١٩٨٣ لەگــەڵ پایــەداری بــرای تیپێکــی ڕۆژئاوایــان دامەزراندووە بەناوی (تیپی مۆسیقای تریفە) لەگــەڵ مۆزیــك ژەنــان (قــەیس گیتــار/ ســیروان گیتار/ سەباح حەیدەری/ دیار گیتار/ سیروان مستەفا) تا ساڵی ١٩٨٨ بەردەوام بــوون، دواتــر ناوی کرا بــە (تیپــی پایــەدار) لــە ئاهەنگــەکانی شــوێنە گەشــتیارەکانی هــەولێر و زۆربــەی

ئاهەنگەکانی زانکۆی سەلاحەدین لە ئەستۆی ئەوان بوو، دوای واز هێنانی هونەرمەند پایەدار بەرزنجی لەساڵی ١٩٩٧ ناوی تیپەکە کرا بەتیپی موزیکی (زانیار)، ساڵی ١٩٨٤ تا ١٩٨٩ ئەندام بووە لە تیپی مۆسیقای خانزاد کە هونەرمەندان (وریا ئەحمەد/ جان تۆماس/ تەڵعەت عارف/ پایەدار بەرزنجی) سەرپەرشتی ئەم تیپەیان دەکرد، ساڵی ١٩٨٦ جارێکی تر هونەرمەند (شێرزاد سەرسپی) گرێبەستێکی بۆ دەکات لە تیپی هونەرە میللیەکانی هەولێر و دادەمەزرێت، ساڵی ١٩٩٤ دەبێتە فەرمانبەری هەمیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتی هونەرە میللیەکان، بەهۆی شارەزایی لە سیستەمی دەنگ وەك ئەندازیاری دەنگ لە هۆڵی میدیا و هۆڵی ڕۆشنبیری تاساڵی ٢٠٠٠ کار دەکات، ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠١٠ وەك بەرپرسی بەشی کارگێڕی و خۆیەتی لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری کار دەکات، ساڵی ١٩٨٣ ناوی لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا دەرچوو بەلاّم لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ باوکی دەچێتە لای ڕاگری پەیمانگا کە کەسێکی شۆڤێنی دەبێت وە باوکی دەبینێ بەجلی کوردی و جەمەدانی هەر زۆر بەبێ شەرمانە دەڵێ ئێمە کوردی وەرناگرین بڕۆنە موسڵ یان سلێمانی بۆیە بە ناچاری ئامادەیی پیشەییەکان تەواو دەکات، لە هەریەك لە کۆلیژەکانی ئای تی کەرکوك و کۆلیژی هونەر لە هەولێر وەرگیرا بەلاّم لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت نەیتوانی تەواویان بکات،

بەشداریەکانی (کارو چالاکی هونەری ١٩٨١ تا ١٩٩٤ بەشداری کردووە) (تۆمار کردنی دوو گۆرانی لە تەلەفزیۆنی کەرکوك — یەکێکیان بۆ منداڵاّن ئەوی تر بۆ هونەرمەند پایەدار بەرزنجی ١٩٨٦) (تۆمار کردنی گۆرانی بۆ کۆڕاڵی ئافرەتان لە تەلەفزیۆنی کەرکوك ١٩٨٨) (١٩٨٩ تا ١٩٩٦ دانانی ئاواز ٤ ئاواز بۆ زیاد ئەسعەد ٣ ئاواز بۆ محەمەد عەزیز ١ ئاواز بۆ سەیفەدین ١ ئاواز بۆ دلێر حەویز) (تۆمار کردنی گۆرانی کەلتوری لەکێم دیت ١٩٩٦) (تۆمار کردنی گۆرانی بەتەمامە/ وەرن وەرن هەڵپەڕن ١٩٩٨) (سروودی ئیعلانی دەوڵەت ٢٠١٤) (سروودی مژدەی سەرکەوتن ٢٠١٥) (گۆرانی هەولێر ٢٠١٦) (تۆمار کردنی نزاە کە بلاّو نەکرایەوە ٢٠١٦).

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٩/٢٠



## عەبدولعەزیز مەجید – پسپۆڕ و ڕاهێنەری هونەری میللی

ناوی تەواوی (عەبدولعەزیز مەجید مەولود لاس) ە، ساڵی ١٩٦٥ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەو گەڕەکە تەواو کردووە، دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی کەرکوك بەشی ئیدارە، ساڵی ١٩٧٨ دەستی بەکاری هونەری کردووە بە ئۆپەرێتی (دەرگای ژیان) لەدەرهێنانی (تەحسین تەها)، ساڵی ١٩٧٩ لەسەر دەستی شارەزایان و ڕاهێنەرانی بیانی بووەتە ئەندام لە تیپی هونەری میللی هەولێر،

بەرهەمەکانی - ساڵی ١٩٨٠ (ئەڵمانیا) ١٩٨١ (یەکێتی سۆڤیەت/ لاتیڤیا) ١٩٨٢ (نەمسا) تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە سەرجەم ڤیستیڤاڵەکانی عێراق بەشداری کردووە، ساڵی ١٩٩٦ ماڵی چووەتە سلێمانی، ساڵی ١٩٩٧ تیپی هونەری میللی لە سلێمانی دامەزراندووە و گەشتی هونەری بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە و بەشداری ڤیستیڤاڵی کەلتوری هونەری لە شارەکانی (سنە و مەریوان و کامیران) کردووە، ساڵی ٢٠٠٥ گەشتی هونەری کردووە بۆ (هۆڵەندا)، بەشداری ڤیستیڤاڵی (گلگامش) کردووە لە بەغدا، چوار وەرزی هونەری ئەنجامداوە بە (٢١) تابلۆ، بۆ شانۆ و کەناڵی تەلەفزیۆن تابلۆی (شیرین تەشی دەڕێسێ) (ئاشت بوونەوە) (مەشخەڵان) (خاك) (چریکەی لادێ) (گوڵی خوێناوی) (داستانی پێشمەرگە) پێشکەش کردووە، لە چەندین چالاکی بەشداری کردووە وەك سەرپەرشتیاری ڤیستیڤاڵی یەکەمی هونەری میللی و هەڵپەڕکێی کوردی لە سلێمانی ٢٠٠٤، دەستەی کارگێڕی یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتوو کوردستان لقی هەولێر بووە ١٩٩٣ – ١٩٩٦، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای یەکێتی

هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستان بووە ١٩٩٧ – ٢٠٠٧، ئەنجومەنی بالای ڤیستیڤالی کەلتوری گەلان بووە ٢٠١١ – ٢٠١٣، وەك بەڕێوەبەر و ڕاهێنان بەشدار بووە لە ئاهەنگی (٣٩) مین سالیادی دامەزراندنی حکومەتی ئیماراتی عەرەبی لە شارەکانی (دوبەی/ عەجمان/ شارقە/ ئەبو زەبی) ٢٠١٠، وەك سەرۆکی شاندی بەڕێوەبەرێتی هونەرە میللیەکانی سلێمانی بەشداری کردووە لە ڤیستیڤالی هونەری میللی گەلان لە (پۆلۆنیا) لە ٣ تا ٢٠١٠/٧/١٢، بەهەمان شێوە بەشداری کردووە لە (کرواتیا) ٢٠١١، ڤیستیڤالی ڕۆژانی کوردستان لە (ئەردەن) ٢٠١٢، کۆنگرەی ولاتان بۆ ڤیستیڤالی هونەری میللی لە (چیك) و بووە ئەندامی کۆنگرە، بەڕێوەبەر و ڕاهێنەری تیپی هونەری میللی نەتەوەیی سلێمانی بووە ١٩٩٨ – ٢٠١٢، بەرهەمە شانۆییەکانی ئۆپەرێتی (دەرگای ژیان – نووسینی فەیسەڵ محەمەد و دەرهێنانی تەحسین تەها ١٩٧٨) (ئاژاوە چییەکان نووسین و دەرهێنانی زاهیر عەبدوڵلا ١٩٧٩) (گوندەکەم جێناهێڵم - نووسینی سەلام کۆیی دەرهێنانی هیوا سوعاد ١٩٨٣) (خەج و سیامەند – نووسینی نازم دڵبەند دەرهێنانی تەڵعەت سامان ١٩٨٥) (فانتۆماییم – نووسین و دەرهێنانی تەڵعەت سامان ١٩٩٤) (حوکمی قەرەقۆش – نووسینی شێرزاد پۆلیس دەرهێنانی تەڵعەت سامان ١٩٩٤) (سێدارە – نووسین و دەرهێنانی تەڵعەت سامان و فەتحی کەریم ١٩٩٥)

زنجیرە دراما (خۆرنەوازان – سیناریۆ و دەرهێنانی حوسێن میسری ١٩٩٨) (گەردەلول – بەشی (١ ) ٢٠٠٣ – (٢) ٢٠٠٦ نووسین و دەرهێنانی جەلیل زەنگەنە)

کورتە فیلم (هەرمان – نووسین و دەرهێنانی تەحسین فایەق) فیلم (مامەڕیشە - سیناریۆ و دەرهێنانی جەلیل زەنگەنە ١٩٩٧) (گردی پیرۆز – سیناریۆ و دەرهێنانی جوان بامەڕنی ١٩٩٨) (گەمەی پڕ گوناح – دەرهێنانی کامەران ڕەفیق ١٩٩٩).







---

لەسەر داواکاری خۆم برای بەڕێزم عەبدولعەزیز مەجید لە سلێمانییەوە بە مێسنجەر ئەم ژیاننامەی بۆ ڕەوانە کردووم ٢٠١٨/٧/٦

## میدیـا حوسێن /گۆرانی بێژ



ناوی تەواوی (میدیا حوسێن حەسـەن) ە، سـاڵی ١٩٦٠ لـە گەڕەکی چوارباغی شاری سـلێمانی لـە دایـك بـووە، دەرچـووی ناوەندییە، لەبەر ئەوەی حەزی بە خوێندن نـەبووە وازی هێنـاوە، ساڵی ١٩٧٨ دەستی بە کـاری هونـەری کـردووە لـە ئێسـگەی کوردی بەغدا (٣) گۆرانی تۆمار کرد بە ناوی (ئای ئـای شـلێر گیـان – دەبـارێ – چـەپکێ گـوڵ و ڕەیحانـە)، دوای ئـەوە لـە سەربازگەی ٧ی نیسان لـە بەغـدا لەگـەڵ هونەرمەنـد (کـەمال محەمەد) چەند گۆرانیەکی لەسەر شریتێك تۆمار کرد (شێخ فەتاح شێخ محێدین – هۆنراوە و ئاوازی خۆی) (ئەرێ نەونەمام – هـۆنراوەی وەلـی دێوانـە و ئـاوازی خۆی) (دۆستی جارانم – هـۆنراوە و ئـاوازی خۆی) (هـەی نـامراد خـۆم – هەڵبەسـت و ئاوازی خۆی) (دیسان لە بـاڵم – هـۆنراوە و ئاوازی خۆی) (لاوی خنکـاو – هەڵبەسـت و ئاوازی خۆی) (کاری بـەدکاران – هـۆنراوەی خۆی و ئاوازی بێگانە) (کاروانـە کاروانـە – هـۆنراوە و ئـاوازی کـۆن) بـەم گۆرانیانـە



ناوبانگیان دەرکرد کە تەنانەت بێ مۆسیقا تۆماریان کردووە بەس بە قسعەیەکی عەسکەری کە کردویانە بە تەپڵ، تا ساڵی ١٩٨٦ (١٠) گۆرانی بۆ ئێسگەی کـوردی بەغـدا و تەلـەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کردووە زۆری ئاواز و هۆنراوەی خۆی و هەندێ لە بەرهەمـەکانی فۆلکلـۆرین، ساڵی ١٩٨٦ چەندین گۆرانی تری تۆمار کردووە، هەروەها چەندین ئاواز و هۆنراوەی بۆ گۆرانی بێژان داناوە، دوای ڕاپەڕینیش چەندین گۆرانی تریشی تۆمار کردووە

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان سالأنی هەشتاکان وکتـێبی (ژیـان و هونـەر) ی تاهیر کرمانج ٢٠١٨



## ئازاد سەعید –پسپۆر و راهێنەری هونەری میللی و ئەکتەر

ناوی تەواوی (ئازاد سەعید مەولود) ە، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی (هێلەوە) ی شاری هەولێر لە دایك بووە، ساڵی ١٩٩٢ هاوسەرگیری کردووە و کچێکیان هەیە، لە ١٩٧٩/٢/٥ وەك ئەندام لە تیپی هونەری میللی هەولێر وەرگیراوە لەسەر دەستی پسپۆڕان و شارەزایانی بیانی وەك (سەلمان محەمەد) ی فەلەستینی و (ڕەشیدیان) ی سەڤیەتی هەڵسەنگێردراوە بە سەرکەوتوویی پلەکانی ناو تیپی بڕیووە،

چالاکییەکانی (بەشداری بووە لە هەموو تابلۆکانی وەرزی یەکەم و دووەمی تیپی هونەری میللی هەولێر وەك تابلۆی کویستان - شوان - بادینی - لۆرکێ - نەورۆز - دوورنە - ئایشۆکی - ساوار کووتانەوە - شیخانی - هەری کولی، گەشتەکانی (ساڵی ١٩٨١ وولاتی المانیا بە مەبەستی نمایش کردنی کارە هونەرییەکان لەم گەشتەدا شەش تابلۆ وهەندێ گۆرانی وپارچە موزیك پیشکەش کران هەمان نمایش لە شەش شاری المانیا پیشکەش کران) (ساڵی ١٩٨١ ولاتی یەکێتی سۆڤیەت بە مەبەستی بەژداری کردن لە هەفتەنامەی رۆشنبیری نێوان عیراق وسۆڤیەت لە هەمان گەشتداچەند تابلۆیەکی هونەری جوان پێشکەش کران هەروەها لە کۆماری لاتیفیاش تابلۆکان پێشکەش کران) (ساڵی ١٩٨٢ ولاتی نەمسا لە هەفتەنامەی هاورێیەتی نێوان عیراق وفیەنا  نمایشێکی هونەری تابلۆ و گۆرانی و مۆزیك پێشکەش کران

هەمان نمایش لە شاری سالس بۆرك پێشكەش كرا بووە جیگەی سەرنجی بەژدار بـووان)، سـاڵی ۱۹۹۳ تا ۱۹۹٥ وەك بەرێوەبەری شانۆ لە تیپی هونەری میللی هەولێر كـاری كـردوە، سـاڵی ۱۹۸٦ لەگەل چەند هاورێیەكی لە لایەن ئەمنی هەولێر دەستگیر دەكرێت لەبەرئەوەی پەیوەندی هەبوو بە رێكخستنەكانی ی . ن . ك دووای ئازار و ئەشكەنجەیەكی زۆر و مانەوەی یەك سال و دوو مانگ لە دائیرەی ئەمن لە ۱۹۸۷/۲/۹ لە محكەمەی بەناو سەورە حـوكمی هـەتا هـەتای بەسەری سەپێندرا لە ۱۹۸۸/۹/۱٤ بە لێبوردنی گشتی ئازاد دەكرێـت، سـاڵی ۱۹۹۸ چـۆتە سلیمانی وەك ڕاهێنەر و پسپۆری لە تیپی هونەری میللی سـلێمانی دەسـت بـەكار بـووە، وەك دەرهێنەر و ئامادەكار و ڕاهێنەر بەشدار بووە لە چوار وەرزی تیپی هونـەری میللـی سـلێمانی بەژداری كاراو چالاكی هەبووە لە بەرەوپیش چوون و سەركەوتنی تیپی سلیمانی، بەژدار بووە لە چەندین ئاهەنك وڤیستڤالی ناوە وە دەروەری ووڵات ٤ چوار تابلۆی لە ئامادەكردن و ڕاهێنانی خۆی پێشكەش كردووە تابلۆی داستانی پێشمەرگەش بە هاوكاری ئەم راهێنەرانە ئامـادەكراوە (عبدالعزیز مجید ، ئازاد سعید ، بوشری ابراهیم)، ئەم تابلۆیانەی كە لە دەرهێنان و راهێنانی خۆیەتی بریتین لە (بناری قەرەجووغ/ شەنكەبیری/ ملوانكە)، بەشدار بووە لـە ڤیسـتیڤاڵەكان (ساڵی ۲۰۰٤ لە یەكەمین فیسـتفالی هونـەری میللـی و هەڵپـەڕكێی كـوردی لـە سـلێمانی ئەندامی لێژنەی باڵای فیستیفالە كە بووە) (كلتوری هەفتە نامەی رۆشنبیری نێوان سلێمانی و سنە لە شـاری سـنە) (سـاڵی ۲۰۰٥ نمایشـێكی تایبـەتیان لـە ووڵاتـی هۆڵەنـدا شـارەكانی ئەمستردام/ ئاپل دۆرن/ نایمیخن/رایز فایك پیشكەش كردووە) (لە ۲۰۰۹/۱۰/٤ لـە رۆژانـی كلتوری كوردی ئەڵمانی لەگەل تیپی شانۆی منالان وەك ڕاهینـەر و ئامادەكـاری جولـە ئۆپـە رێتیكیان نمایش كردووە) (فیستفالی یەكەمی كلتوری گەلان لە كـەلار قـەلای شـێروانە سـاڵی ۲۰۱۰ – ۲۰۱۱ ئەندانی لێژنەبالآبووە) (چوار جار لە ئیران لە شارەكانی سـنە - مـەریوان – تاران) (پۆلۆنیا ۲جار) (سالآنەی رانیە ٥ جار) (۳ فیستیفال لە هـەنگاریا) (ئـوردن) (بەغـدا وەك پایتەختی رۆشنبیری) (سلۆڤاكیا) (سالانەی كرواتیا) (هـەورامان ۲ دوو جـار) (سـالانەی عیل وبەكی جاف ف ٤ جار) (كەلآویژ ۷ جار) (ئاهەنكی نەتەوەی نەورۆز ٦ جار ) (سـالآنەی یۆنان ) ( ۳۹ یەمین جەژنی نیشتیمانی ئیمارات) (پیشـمەرگە لـە دهـۆك) (لاو لـە هـەولێر) (سالانەی هەولێر ٤ جار) (گلگامش لە بغداد) (پیشـانگای كتـابی نیودەولـەتی لـە هـەولێر) (سینما لە سلیمانی ۲۰۱٦) (رۆژی جیهانی تالاسیما) (كامران موكری بۆ شیعر) (ڕیـوەڕەسمی كردنەوەی شانۆی رۆمانی بـە تابلۆیـەك)، ئەنـدامی سـەندیكای هونەرمەنـدانی كوردسـتانە،

ئەندامی کۆمەڵەی هونەر و ریژەی کوردی مەلبەندی گشتی بووە، ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٣ ئەندانی دەستەی کارکیری لقی هونەرمەندانی هەولێر بووە لە سلیمانی، ئەندامی کۆنگرەی هونەرمەندان بووە ساڵی **١٩٩٣** لە هەولێر، وەك ئەکتەر بەشداری کردووە لە (شانوگەری گوندەکەم جێناهێڵم ١٩٨٥) ( کەوەکانی قەرەجووغ) (شانۆگەری سێدارە لەساڵی ١٩٩٥) (شانۆگەری خەج وسیامەند لە ١/١٠/١٩٨٥) (بانتۆمایمی ئاشت بوونەوە) ( ١٠ ئەلقەی تەلەفزیۆنی مەلای مشهور)،







ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٩/١٧



## سەلاّح حەمە عەزیز – مۆسیقا ژەن

ناوی تەواوی (سەلاّح حەمە عەزیز حوسێن) ە، لە ١٩٦٧/٢/١١ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، ئاستی خوێندن بەکالۆریۆس لە زانستی فیزك زانکۆی سەلاّحەدین سالّی ١٩٩٣ – ١٩٩٤، سالّی ٢٠٠٥ هاوسەرگیری کردووە خاوەنی کور و کچێکە (لاس / لارا)، بۆ یەکەمجار لە مانگی ئەیلولی ١٩٧٩ پەیوەندی کردووە بە تیپی مندالاّنی نەورۆز و لەسەر دەستی مامۆستا (عوسمان محەمەد ئەمین) لەسەر ئامێری ئۆکۆردیۆن دەستی بە فێر بوونی موزیك کرد، سالّی ١٩٨٠ لە تۆمار کردنی چەند بەرهەمێکی مندالاّنی ئەو تیپە بەشداری کردووە لەوانە (بەرخەکەم/ باخچەی فێرگە/ چۆلەکە)، پاشان چووەتە سەر ئامێری کەمانچە، سالّی ١٩٨١ لە تۆمار کردنی چەند بەرهەمێکی تری ئەو تیپەو سێ بەرهەمی تیپی موزیکی مندالاّنی پیرەمێرد بەشداری کردووە، سالّی ١٩٨٢ بۆ یەکەمجار بەشداری کردووە لە تۆمار کردنی دوو گۆرانی تیپی مۆسیقای سلێمانی (دۆستی دێرین – عوسمان عەلی) (عەدنان کەریم)، دواتر (حەسەن گەرمیانی)، پاشان بەشداری کردووە لە دوو ئەلبومی تیپی موزیکی نەورۆز، سالّی ١٩٨٩ بە یەکجاری پەیوەندی بە تیپی موزیکی سلێمانی کردووە و بەشداری لە تۆمار کردن و وێنە گرتنی لە تەلەفزیۆنی کەرکوك کردووە، بەشداری دوو بەرنامەی (نسمات من بلادی) کردووە لە تەلەفزیۆنی موسلّ، هەر لەو سالاّنەدا بەشداری ڤیستیڤالّی چالاکی قوتابخانەکانی کردووە لە شاری تکریت، بەشداری ئۆپەرێتی (دارستان) کردووە، دوای ڕاپەڕین بەشداری زۆربەی ئەلبومەکان و ئەو ڤیستیڤالاّنە کردووە لەگەلّ تیپی موسیقای سلێمانی، ئەندامی

سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە، ساڵی ٢٠٠١ وەك ئەندازیاری دەنگ لە ستۆدیۆی سەنتەری گەنجان کاری کردووە و تۆماری نزیکەی (١٨٠) گۆرانی جۆراو جۆری ئەنجامداوە، لە گۆرانی پێشەکی هەندێك لە زنجیرە تەمسیلی تەلەفزیۆنی بەشداری کردووە، لەگەڵ دروست بوونی تیپی هونەری میللی سلێمانی وەك موزیك ژەن سەرەتا و پاشتریش وەك لێپرسراوی بەشی موزیك کاری کردووە و لە ساڵی ٢٠١٣ ەوە بەڕێوەبەری ئەو تیپەیە، بە درێژایی ساڵانی هەشتاکان بەشداری خەباتی سیاسی کردووە، بەشداری کۆنسێرتی (ناسر ڕەزازی/ مەرزیە فەریقی/ حەمە ڕەئوف کەرکوکی) کردووە، لەگەڵ تیپی موزیکی سلێمانی گەشتی هونەری کردووە بۆ (ئەڵمانیا/ نەمسا/ سوید/ هۆڵەندا/ دانیمارك)، موزیکی گۆرانی بۆ کۆمەڵێك هونەرمەند ئامادە کردووە لەوانە (عوسمان عەلی/ مەرزیە فەریقی/ حەمە ڕەئوف کەرکوکی/ زامبیا حەمە عەزیز)، لەگەڵ تیپی هونەرە میللیەکانی سلێمانی گەشتی هونەری کردووە بۆ بەشداری کردن لە ڤیستیڤاڵە نێو دەوڵەتیە کەلتوریەکانی وڵاتەکانی (ئێران و ئوردون و ئیمارات/ یۆنان/ هۆڵەندا/ هەنگاریا/ پۆڵەندا/ چیك/ کرواتیا)، هەروەها لە هەمان تیپ بەشداری دوو ڤیستیڤاڵی کردووە لە بەغدا، لە تیپی هونەری میللی ئامادە کردنی موزیکی بۆ تابلۆکانی (گوڵی خوێناوی/ هاڕەی گۆبەرۆك) کردووە، لەگەڵ نیاز محەمەد بەیەکەوە ئامادە کردنی موزیکیان بۆ تابلۆی (پێشمەرگە) ئەنجامداوە، بەشداری لە تۆمار کردنی (٢٣) تابلۆ و (٥) وەرزی هونەری تیپی هونەری میللی سلێمانی کردووە، بۆ ماوەی (٤) ساڵ سکرتێری تیپی مۆسیقای سلێمانی بووە و (٩) ساڵیشە ئەندامی لیژنەی هونەری ئەو تیپەیە، چەند ساڵێك لیژنەی پسپۆڕی موزیکی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی تیپی زانکۆی سەلاحەدین کە ٣ ڤیستیڤاڵی ئەنجامداوە، لە چەندین خولی خۆبەخشی فێر کردنی موزیك بۆ منداڵان لە سلێمانی بەشدار بووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٣ ئەندامی ئۆرکسترای ژیداری سلێمانی بووە.

---

ئەم ژیاننامەم لە خۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١١/٧




**تەنیا عارەب عوسمان/ گۆرانی بێژ**

ناوی تەواوی (عارەب عوسمان خدر جەردیس) ە، ساڵی ١٩٥٢ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایك بووە، خانەوادەکەی خەڵکی ناوچەی کەندێناوەن لە گوندەکانی (تەلەخێمی گەورە و زمارە و چەغەمیرە) جێنشین بووینە، تا پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە، لە خێزانێکی هونەر پەروەر پەروەردە بووە، باوکی هونەرمەندی حەیران بێژ (عوسمان حەیران) زۆر یارمەتی داوە بۆ فێرکردنی لاوك و حەیران سەرەتای دەست پێکردنی هونەری لە ساڵانی حەفتاکان بووە، ساڵی ١٩٧٩ بۆ یەکەمجار بە یارمەتی تیپی هونەری هەولێر گۆرانی (بلوێری شوان) بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کردووە، تا ساڵی ١٩٩٠ (١١) گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کردووە، لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ چەندین گۆرانی و حەیرانی بۆ تەلەفزیۆنەکان تۆمار کردووە، هونەرمەند چەندین گەشتی بۆ وولاتانی دەرەوە ئەنجام داوە بە مەبەستی ئاهەنگ گێڕان، زۆربەی گۆرانیەکانی لە شیعری شاعیر (عەبدولڕەحمان بێلاف) ە، جگە لە گۆرانی گوتن وەرزشوانی پایسکلسواری و تێنس بووە،

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



**عەدنان کەریم / گۆرانی بێژ**

هونەرمەند (عەدنان کەریم) ساڵی ١٩٦٣ لە شاری کەرکوك لە دایك بووە، لە بنچینەدا خەڵکی دێی ژاژڵەی سەر بە ناوچەی شاباژێڕە، ساڵی ١٩٨٥ بەشی نیگار کێشانی لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی بە گۆرانی (دەسماڵێ) دەستی بە کاری هونەری کردووە، ساڵی ١٩٨٣ گۆرانی (شەوی تاریك و بێدەنگی) تۆمار کردووە، لەهەمان ساڵ پەیوەندی دەکات بە تیپی مۆسیقای (نەورۆز)، ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ هەندێ هونەرمەندی تردا تیپی مۆسیقای (کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان) دادەمەزرێنن، ساڵی ١٩٩١ دەچێتە وڵاتی سوید لەگەڵ مهابادی خانی هاوسەری و منداڵەکانی دەژین و درێژە بە کاری هونەری دەدا،




سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## کامەران عەبدولڕەحمان – گۆرانی بێژ و سروود بێژ

هونەرمەنـــد (کامـــەران عەبـــدولڕەحمان) لـــە ١٩٦٤/٣/٣ لە گەڕەکی بلاغـی شـاری کـەرکوك لـە دایـك بـووە، بـاوکی ناسـراوە بـە (عەبـدولڕەحمان ئاسنگەر)، بنەماڵەکەیان بـە گشـتی بـە ئاسـنگەری ناسراون، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی بێکەس و سەرکەوتن دواتر لە ئەسیری تێکـەڵاو تـەواو کـردووە، ناوەندی لە قوتابخانەی زێوەر تەواو کردووە، دەرچووی ناوەندییە، ساڵی ١٩٧٩ لە ئاهەنگی قوتابخانە بـۆ یەکەمجار لەسەر تەختەی شانۆ گۆرانی ووتـوە، پـاش هەوڵـدان و بـەردەوامی و مانـدوو بـوونێکی زۆر ئاشنابووە بە هونەر و ئاواز و گۆرانی و مەقامات، ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ پۆلێك لە هونەرمەندانی شـاری کەرکوك تیپی مۆسیقای ئەسیری دادەمەزرێنن، ساڵی ١٩٩٢ یەکەم بەرهەمی بـڵاو دەکاتـەوە بـەناوی (مەتۆرە)، ئەم گۆرانییە ناوبانگێکی باشی دەرکرد و بـووە هـۆی بـەردەوام بـوونی لـە هونـەر، سـاڵی ١٩٩٤ یەکەم ئەلبوومی هونەری خۆی بڵاو کردەوە بە حەوت گۆرانی و پارچە موزیك، لەهـەمان سـاڵ لەبەر بارودۆخی شەڕی ناوخۆ چووەتە شاری دهۆك، ساڵی ١٩٩٥ لـە شـاری دهـۆك لەگـەڵ پـەیمانگای هونەرەجوانەکان گۆرانی (مۆمی تەمەن) لە هۆنراوە و ئاوازی خۆی بڵاو کردۆتـەوە، هـەر لەوماوەیـەدا چەندین بەرهەمی تری تۆمار کرد، لە بـواری سروودیشـدا خـاوەنی چـەندین بەرهـەمی شۆڕشـگێڕی و نیشتمانی و نەتەوەییە، لە بواری ئاواز دانانیش بۆ چەندین هونەرمەند ئاوازی داناوە، خاوەنی زیـاتر لـە (٦٥) بەرهـەمی سـروود و گۆرانییـە، زۆربـەی بەرهەمـەکانی لـە هـۆنراوە و ئـاوازی خۆیـەتی، لـە ١٩٩٧/٩/١٧ هاوسەرگیری لەگەڵ ڕاگەیاندنکار (فێنك نەجمەدین قادر) کـردووە خوشـکی هونەرمەنـد (شاهین نەجمەدین)، دوو کوڕیان هەیە بەناوی (هێڤی و داسـتان)، خـاتوو (فێنـك نەجمـەدین) لەسـاڵی ١٩٩٢ چووەتە ناو بواری ڕاگەیاندن، هەروەها دەرهێنەر بووە لە ڕادیۆ و تەلـەفزیۆنی گـولان و ڕادیـۆی هەرێم.

---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/٩/٨



## کاوه حەمەساڵح – گۆرانی بێژ

هونەرمەند (کاوه حەمه ساڵح) ساڵی ۱۹٦۰ له شارۆچکەی (پێنجوێن) لـه دایـك بـووه، لەبەر ئەوەی بـاوکی فەرمانبـەر بـووه ماڵیـان دەچـێته سلێمانی، سـەرەتای کـاری هونـەری دەگەڕێتەوه کاتی منداڵی لەچالاکی قوتابخانـەکان، سـاڵی ۱۹۷۹ لەگـەڵ هونەرمەنـد (ناسـر ڕەزازی) گۆرانییـەك بـە یەکـەوه تۆمـار دەکـەن بـەبێ مۆسـیقا ناوبـانگی پێـدەردەکا، لـە ۱۹۸۱/۱۰/۱۹ بووەته پێشمەرگە، دوای دوو ساڵ پێشمەرگایەتی بەسەختی بریندار دەبێت لـە ناوچەی قاجەری شارەزوور، دوای ئەو ڕوو دەکاته وڵاتی سـوید، لـە سـویدیش دەسـت بـەکاری هونەری دەکاتەوه، خاوەنی گۆرانی (غەریبی/ نیشتمان/ هـاوار/ ئەگـەر وتیـان/ ئـای فەلـەك/ کوردستان/ مەقام/ ئازار/ سەبووری)،

---

سوودم لەکتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج وەرگرتووه له ۲۰۱۸



## میران هەرکی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (میرەکە سلێمان فەیزی کەریم) ە، ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی (ڕەزگە) کە سەر بە ناحیەی هەریری قەزای شەقلاوەی شاری هەولێر لە دایك بووە، لە تەمەنی (٩) ساڵیدا دەستی بە خوێندنی قورئانی پیرۆز کردووە، پاشان هاتۆتە هەولێر و دەچێتە تەکیەی (شێخ ڕەشید لۆلانی) و قورئان ختم دەکات، ساڵی ١٩٨١ هاوسەرگیری کردووە (٥) منداڵیان هەیە بە ناوەکانی (ڕێناس/ ئەیاس/ خۆناس/ گەلناس/ ئەقراس)، ژنێکی تریشی هێناوە لەویان دوو منداڵی هەیە (ڕوناس/ سوریاس)، ساڵی ١٩٧٠ لە زۆربەی ئاهەنگی ماڵان گۆرانی گوتووە بە تایبەتی ئاهەنگی ژن گواستنەوە، ساڵی ١٩٧٩ تۆمارگای داناوە بەناوی (تۆمارگای گۆڤەند)، لە ١٩٧٩/٣/٢١ لەگەڵ (تیپی نەقابەکانی کرێکاران) تابلۆی (مەیرۆ مەیرۆ) بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ هەمان تیپ تا ساڵی ١٩٨٣ چەند بەرهەمێکی تر تۆمار دەکەن، ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ (تیپی مۆسیقای کاوە) گۆرانی (نەشێم نەشێم) تۆمار دەکات، دوای ئەوە گۆرانی (خانمێ لێ خانمێ) تۆمار دەکات، ساڵی ١٩٨٤ لەهەمان تیپ گۆرانی (کێروشکێ) تۆمار دەکات، دواتر ئەم تیپە بو بە (تیپی هونەرە میللیەکان) بە فەرمانبەر لەم تیپە دامەزرا، ساڵی ١٩٩١ چەند گۆرانییەك بۆ کەناڵەکانی کوردستان تۆمار دەکات، لاسایی گۆرانیەکانی (مریەم خان و حەسەن جەزراوی) کردۆتەوە، لە سەردەمی ڕژێمی بەعس لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی دەستگیر کراوە فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە دواتر بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراوە، ساڵی ١٩٩٣ چووەتە دەرەوەی وڵات ،

---

(سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و کتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج ٢٠١٨ )



**قادر ئەسعەد – گۆرانی بێژ**

ناوی تەواوی (عەبدولقادر ئەسعەد ئەحمەد) ە، ساڵی **١٩٦٧** لە شاری هەولێر لە دایک بووە، ساڵی **١٩٨٠** لە چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر کاری هونەری کردووە، ساڵی **١٩٨٣** وەك ئەکتەر بەشداری لە شانۆگەری (لاس و خەزاڵ) کردووە، ساڵی **١٩٨٣** دەبێتە ئەندامی کۆرالی تیپی هونەری هەولێر، ساڵی **١٩٨٤** تا **١٩٩٣** ئەندام و دامەزرێنەری (تیپی مۆسیقای ژاڵە) بووە، ساڵی **١٩٩٢** ئەندامی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی هونەرمەندانی کوردستان بووە، هەروەها ئەندامی یەدەگی لقی هەولێری یەکێتی یەکگرتووی هونەرمەندان بووە، ساڵی **٢٠٠٨** دوو بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە لەلایەن سەرۆکی حکومەت و پارێزگاری هەولێر،

ئەلبومەکانی- (ئازیزان **١٩٩٦**) (سەفەری عیشق **١٩٩٨**) (لاوە لاوە **٢٠٠١**) (ببورە **٢٠٠٣**) (نۆستەڵجی **٢٠٠٦**) (کەرکوك **٢٠٠٨**) (شاییی **٢٠١١**) (وەرین **٢٠١٤**)،

---

سوودم لەکتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر کرمانج وەرگرتووە ٢٠١٨




## محەمەد عەزیز / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (محەمەد عەزیز قادر حەمەد ئەمین) ە، ساڵی ١٩٦٥ لە گەڕەكی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایك بووە، دەرچووی ئامادەییە، لەبەر ئەوەی باوكی زیندانی بووە لەلایەن ڕژیمی بەعس نەیتوانیووە خوێندن تەواو بكات وازی لە خوێندن هێناوە و كاسبی كردووە ساڵی ١٩٨٠ دەبێتە ئەندامی (تیپی لاوانی هەولێر) بەشداری چەندین ئاهەنگ لە شارەكانی عێراق و كوردستان دەكات، تا ساڵی ١٩٨٣ توانی دوو گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی كەركوك تۆمار بكات (لەیلا/ لەرزانە) لە ئاواز و هۆنراوەی فۆلكلۆری، ساڵی ١٩٨٥ دوو گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆماردەكات (مالاّ باركر/ بەناز) لە ئاواز و هۆنراوەی فۆلكلۆری، ساڵی ١٩٨٧ بە یارمەتی دەرهێنەر (ناسر حەسەن) دوو گۆرانی تۆمار كرد (دڵی بولبول/ كاتی بەهار) لە ئاوازی (نەجمەدین بابەكر و هۆنراوەی (ڕازی)، ئاوازی بۆ گۆرانی بێژان (دوارۆژ/ ڤینا فەرشید/ شەهریار/ ئیسماعیل كۆیستانی/ ڕێكان محەمەد/ نازدار/ ڕێگر حەیدەر/ ئاواز حەسەن) داناوە، لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی لەسەر شانۆی یانەی سەلاّحەدین لە شاری بەغدا بەشداری كردووە، ساڵی ١٩٨٩ هاوسەرگیری كردووە.

---

سەرچاوە لەیەكێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان و كتێبی (ژیان و هونەر) ی تاهیر كرمانج ٢٠١٨



## لالۆ ڕەنجدەر / گۆرانی بێژ و ئەکتەر

ناوی تەواوی (سوبحی مستەفا عاسی) یە، ساڵی ١٩٥٦ لە شاری کەرکوك لـە دایـك بـووە، خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەندی لەو شارە تەواو کردووە، یەکێك لەو کارانـەی لالـۆ منداڵـەکانی گـەڕەکی (ڕەحیمـاوە) فێـری مۆسـیقا دەکـرد بەخۆڕایی، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بـە هێزەکـانی شۆرشـی ئەیلول کردووە، کە شۆڕش تووشی نسکۆ بوو، لالـۆ دەسـت دەکـا بـە کرێکـاری، سـاڵی ١٩٧٧ دیسـان دەبێتـەوە بـە پێشمەرگە، لە چەندین بۆنەی سیاسـیدا لـە پـاڵ چـالاکییە پێشمەرگایەتییەکانی چالاکی هونەری نواندووە و تیپی مۆسـیقای (شـەهید کـارزان) و دواتـر (تیپی هونەری چەوساوەکان) دامەزراندووە و یەکەم سروودی لە شاخ گوتووە بەناوی (بەندیخانە) لە هۆنراوەی خۆی و ئاوازی خالید سەرکار، سـاڵی ١٩٨٠ وەك ئەکتـەر بەشـداری کـردووە لـە شانۆگەری (لالۆ) هەر ئەوکاتە نازناوی (لالۆ) بەسەردا دەسەپێت، دواتر بەشـداری دەکـات لـە شانۆگەرییەکانی (جاش – ئۆپەرێت ١٩٨١) (بابە نوئێل ١٩٩٢ لە نووسین و دەرهێنانی خۆی) (وەرزێکی شووم ١٩٩٤ ئامادە کردن و دەرهێنـانی خـۆی)، لـە ڕاپـەڕین و لـە ١٩٩١/٣/٢١ لەماڵی دراوسێیەکیان بـەناوی (محەمـەد سـەمەد) دایکـی و هاوسـەرەکەی خـەرامان بـەکر و کچێکی بە بۆردومانی هێزەکانی بەعس شـەهید کـران، دوای ئـەوە لـە ١٩٩٤/٩/٢٠ لەگـەڵ (تانیا جەمال غەریب) هاوسەرگیری دەکات، لالۆ دوای ڕاپەڕین لە چەندین بۆنەی سیاسیدا بـە گۆرانی بەجۆش بەشداری کردووە، بەبێ جیاوازی لایەنی سیاسی ئاهەنگی گێڕاوە، هەندێك لـە سروودەکانی (ئەی بەندیخانە/ هەستن ئەی لاوەکان/ ئەنتەرناسیونال/ بۆ دوژمـنی گـەوج/ ڕابـن ڕابن/ کەرکوك/ ئالا).

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکـان و کتـێبی (ژیـان و هونـەر) ی تـاهیر کرمـانج ٢٠١٨ دواتر برێك زانیاریم لە هاوڕێی محەمەد سەمەد وەرگرت




**بەرهەم حەسەن /گۆرانی بێژ**

ناوی تەواوی (بەرهەم حەسەن غەفور) ە، ساڵی ١٩٦٤ لە گەڕەکی دەرگەزێنی سلێمانی لە دایك بووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبایە، لە سەرەتای هەشتاکان دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە، تاساڵی ١٩٩٠ (١٢) گۆرانی تۆمار کردووە لەڕادیۆ و تەلەفیۆنی بەغدا، هاوسەرگیری لەگەڵ (پەیمان خان) کردووە دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبایە، هونەرمەند ساڵی ١٩٧٦ بەشداری لە شانۆگەری (بەندەکانی ناو بەندیخانە) کردووە لە دەرهێنانی حکمەت هندی،

گۆرانیەکانی/ (موبارەك بێ- تیپی مۆسیقای ژوان) (ڕۆژگار- تیپی مۆسیقای نەورۆز) (خەوی پڕ ئۆخەی ) (گوڵچن )

---

(سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)



## سالار کۆشار – هونەرمەند و ڕاگەیاندنکار

ناوی تەواوی (سالار محەمەد عەلی) یە، ساڵی ١٩٧٠ لە شاری هەولێر لـە دایـك بووە،لـە بواری ڕاگەیاندن و هونەر و لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و نووسین و بەرنامـەی هونـەری خزمـەتی بـە هونەر و هونەرمەندان کردووە، ساڵی ١٩٨٢ لە تەمەنی (١١) سـاڵیدا لـە ڕێگـەی قوتابخانـە دەچێتە خانەی هونەر (دار الفن) بۆ خـولی مۆسـیقا لەسـەر ئـامێری کـەمان لەسـەر دەسـتی مامۆستا (جەودەت هاشم)، ساڵی ١٩٨٣ تا ١٩٩٠ بەشداری هەموو ڤیستیڤاڵەکانی عێراق و کوردستان دەکات، ئەو کار و چالاکیانەی ئەنجامی داوە بریتین لە (ئاواز دانان/ دابـەش کردنـی مۆسیقا/ سروودی منداڵان/ سروودی نیشتمانی/ سروودی ئایینی/ گـۆرانی ووتـن)، ئەمانـەش بەشێکیان (سروودی ئەنفالەکان – ئاواز و دابەش کردن) (گۆرانی وەریـنی گوڵێـك – ئـاواز و هۆنراوە) (سروودی خوایە خوایە – ئاواز و ووتن) (گـۆرانی کـزەی شـاعیر – ئـاواز) (گـۆرانی شیرین – ئاواز و هۆنراوە و ووتن) (گۆرانی فریشتە – ئاواز) (گۆرانی ئەندێشەی ئەوین – ئاواز و هۆنراوە و دابەش کردن و ووتن) (گۆرانی زیـن – ئـاواز) (گـۆرانی ئاوێتـە بـوون – ئـاواز و هۆنراوە و ووتن) (سروودی پەروانە – ئاواز و دابـەش کـردن) (سـروودی ڕەمـەزان – ئـاواز و دابەش کردن) (حەوت بەردانێ – ئاواز و دابەش کردن) (بەهارە – دابەش کردن) (بابەو دایە – ئاواز و دابەش کردن) (کە بووم گریام – ئاواز و هۆنراوە و دابەش کردن) (ئـاڵای کوردسـتان – ئاواز و دابەش کردن) (بۆ ڕۆیشتی - ئاواز و دابەش کردن) (هەڵەم کرد – ئاواز) (خۆشم ئەوێی – بۆ درامای پرس – ئاواز) (سوبحانەڵا - ئاواز و دابەش کردن) (ناڵـەی نـەی – ئـاواز) (یـا

ڕەسولەلاّ - ئاواز و هۆنراوە) (شاسوار – ئاواز) (پارچە مۆسیقای هەناسەی شەو) (گۆرانی گوڵی بەهارم)،لە ساڵی ٢٠٠٤ لە ڕاگەیاندن کار دەکات وەکو ئامادە کار و پێشکەش کاری بەرنامەی هونەری لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، ئەو بەرنامانەی تا ئێستا پێشکەشی کردوون (١٥) زنجیرە بەرنامەی ئاوازی نوێ، (٢٩) زنجیرە بەرنامەی لە ڕۆژێکدا، (٨٠) زنجیرە بەرنامەی دوێنێ و ئەمڕۆ، (٣٠) زنجیرە بەرنامەی چاوگە، (٣٠) زنجیرە بەرنامەی ناونیشانی سەربەخۆ ١- تایەر تۆفیق بەرنامەی دیکۆمێنتاری ٢- دلّداری شاعیر بەرنامەی دیکۆمێنتاری ٣- مێژووی تیپی هونەری هەولێر بەرنامەی دیکۆمێنتاری ٤- هونەرمەند سەید ئەحمەد بەرزنجی بەرنامەی دیکۆمێنتاری،وە چەندین بەرنامەی ڕاستەوخۆ و ڕیپۆرتاژ و بەشداری بە مۆسیقا کردووە، لە بواری نووسین لە بەشیك لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بابەتی هونەری و ووتاری هونەری بلاّو کردۆتەوە ١- هونەر بۆ بینین یا بۆ ڕۆح – گۆڤاری هەریمی کوردستان ٢- با ڕەسەنەیاتی فەرامۆش نەکەین - گۆڤاری هەریمی کوردستان ٣- پێکهاتەی گۆرانی - گۆڤاری هەریمی کوردستان ٤- ڕەسەنەیاتی لە پێکهاتەی گۆرانی - گۆڤاری هەریمی کوردستان، هەروەها شیعریش دەنووسێ تا ئێستا دوو دیوانی بۆ چاپ ئامادەیە و بەشێك لە شیعرەکانی کراونەتە گۆرانی، بەشێکیش لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بلاّو بۆتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی زیاتر لە (٣٣) کلیپە شیعری بلاّو کردۆتەوە وەکو ڤیدیۆ، هەروەها کتێبێکی ئامادەیە بۆ چاپ لە ژێر ناونیشانی (لە ڕۆژێکدا)، ژین و گفتو گۆی (٣٣) هونەرمەند و ئەدیبی شاری هەولێرە، وەکو ڕۆژنامە نووس و ڕاگەیاندکار و هونەرمەند لە کار و چالاکیەکانی بەردەوامە وەك خۆی دەڵێ زۆر کار و پڕۆژەی ماوە بە هیوای جێبەجێیان بکات.




ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١٢/١٠



## مــەرزیـە / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (مەرزیە شەهاب عەبـدوڵڵا) یـە، لـە ١٩٥٨/٥/٢٢ لە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایك بووە، دایك و باوکی لە بنەڕەتدا خەڵکی شـاری سنەن، ساڵی ١٩٧٥ بۆ خوێندن دەچـێتە شـاری سـنەو لــەوێ خوێنــدن تــەواو دەکــات و دبلــۆم لــە بــواری مامۆســتایەتی بەدەســت دێــنێ، لــەپۆلی ســێیەمی سەرەتایی گۆرانی چڕیووە بۆ مامۆستایان و قوتابیان، بۆ یەکەمجار لە تەمەنی (٩) ساڵی چووەتە سەر شانۆی قوتابخانە گۆرانی (لەسەر کانی دێتەوە لێو بەکـەنی) و (گۆزە بەشانەوە) ی فەتانەی وەلیدی گوتووە، ئیدی ئەو حەزە جوانەی مەرزیـە بـەردەوامی هـەبووە و توانیویەتی تەکان بە خۆی بداو باوەڕی بە ئاینـدەی خـۆی هـەبێت، سـاڵی ١٩٧٧ لـە شـاری سـنە بـە هونەرمەند (ناسری ڕەزازی) ئاشنا دەبێت و ساڵی ١٩٧٨ هاوسەرگیری دەکەن، ئیدی لەو کاتەوە دەرگـا هونەرییەکەی بۆ فراوانتر بووە، ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ ڕەزازی ڕێگەی خەباتی شۆڕشی ڕزگـاریخوازی گـەلی کوردستان هەڵدەبژێرن و لـە ڕیزەکـانی (کۆمەڵـەی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان) خـەبات دەکـەن، وەك هونەرمەندێکی لێهاتوو و لە شاخ شانبەشانی خەباتی سیاسی کاری هونەریش بـە ئـەنجام دەگەیـەنێت، ئــەوە بــوو لەگــەڵ تیپــی مۆســیقای (کــۆڕی بانگــەوازی کۆمەڵە) یەکەمین کاری هونــەری لــە شــاخ بــە ســروودی (سڵاو بۆ پێشمەرگە) بە ئەنجام دەگەیەنێت، ئــەم ســروودە بووە ناونیشانی مەرزیە، دواتر لــە ســاڵی ١٩٨٥ ەوە لــە وڵاتی سوید ژیان بەسەر دەبەن لەگــەڵ ســێ منداڵــەکانیان (دڵنیا و ماردین و کاردۆ) جار جارەش سەردانی باشــووری کوردستانی دەکــرد و لــە نزیکــەوە بــە دیــدەی عاشــقانی دەگەیشت، لە بەرواری ٢٠٠٥/٩/١٨ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ لە وڵاتی ســوید شــاری ســتۆکهۆڵم کۆچــی دوایــی دەکــات، دوای چــەند ڕۆژێــك تەرمەکــەی دەهێننــەوە کوردستان و لە شاری سلێمانی بە خاك دەسپێردرێ.



---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان




## جەلال پەرێشان /گۆرانی بێژ و بێژەر

ناوی تەواوی (جەلال محەمەد عەبدوڵڵا) یە، ساڵێ ١٩٦٧ لە گوندی کەردزی شاری هەولێر لە دایك بووە، ساڵێ ١٩٧٤ هاتوونەتە شاری هەولێر قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە، خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمی باڵایە لە ژمێریاریی موسڵ لەساڵێ ١٩٩٠ بە کالۆریۆسی لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزش زانکۆی سەلاحەدین ساڵێ ٢٠٠٦ - ٢٠٠٧ بە دەست هێناوە، ساڵێ ١٩٨١ پەیوەندی بە هونەرەوە کردووە لە تیپی کۆشکی هونەر بە سەرپەرشتی خوالێی خۆشبێ سید ئەحمەد بەرزنجی، زیاتر لە (٧٥) گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنەکان تۆمار کردووە، ساڵێ ١٩٩١ وەك راگەیاندکار زیاتر بەدیار کەوت لەگەڵ وتاری هونەری، چەندین بەرنامەی هونەری و وەرزشی و تەرفیهی لە تەفزیۆنەکانی )کوردستان و گوڵان و زاگرۆس و نەورۆز و هەرێم و دەنگی کوردستانی عێراق و ڕادیۆی گوڵان و ڕادیۆی هەرێم، پێشکەش کردووە ،

---

(ساڵی ٢٠١٥ ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە)




## ئەیاس زاخۆلی /گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (ئەیاس یوسف ئەحمەد عەلی ) ە، ساڵی ۱۹٦۰ لە گەرەكی شەمرینی شاری زاخۆ لە دایك بووە، دەرچووی ئامادەیی كشتوكاڵی زاخۆ، پاشان چۆتە كۆلیژی ئەفسەری یەدەك (كلية ضباط الاحتياط) بوبە ملازم دوو، هونەرمەند (۲۰) گۆرانی بۆ ڕادیۆی كوردی بەغدا تۆمار كردووە وەكو (من دیت جارا عەولی) (لاندك) (بەس خۆ گرانكە) (ئەڤین دایێ) (دێ بهەژینە) (كەڤۆك) (چوخك) (سرودانەڤرۆز) (سرودا شەهید) (چیبكەم ئەز) (هیڤی) (گۆڤەندە)، (٥) گۆرانی بۆ تەلەفزیۆن تۆمار كردووە، ئەیاز زاخۆلی لەگەڵ چەندین شاعیر كاری هاوبەشی ئەنجامداوە بۆ سازكردنی گۆرانیەكانی لەوانە (عەبدولعەزیز سلێمان/ بەشار محەمەد/ سەگڤان عەبدول حەكیم/ بەدرخان سندی/ عەبدوڵلا حوسێن)، ئەیاز خاوەن گەنجینەیەكی مەزنی فۆلكلۆری و ڕەسەنی كوردی بوو، چەندین ستران و چیرۆك و پەندی پێشنیان و داستانی لەبەر بوو هەوڵی دەوڵەمەند كردنی زیاتری گەنجینەی دەداو بە دوای كەلەپووردا دەگەڕا تا زیاتر ڕەسەنایەتیان لێ هەڵبهێنجێنت و هونەرەكەی خۆی پێ دەوڵەمەند بكات، ساڵی ۱۹۸۲ چەند گۆرانییەكی بە دوو قۆڵی لەگەڵ هونەرمەند (ئەردەوان زاخۆلی) گوتووە، لە ۱۹۸٦/۱/۲۰ لە نەخۆشخانەی لەشكری شاری موسل كۆچی دوایی كرد لەسەر وەسیەتی خۆی داوای كرد تەرمەكەی بەناو شاری زاخۆ دا بگێرن و گۆرانی (وولاتێ من باخچێ گولان) بۆ لێبدەن وەسیەتەكەی بەجێ گەیاندرا،

---

(سەرچاوە لەیەكێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان)

## ئەرسەلان کاروانی /گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (ئەرسەلان سابیر عەبدوڵڵا) یە، ساڵی ١٩٦٤ لە شارۆچکەی مەخمور سەر بە شاری هەولێر لە دایك بووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە مەخمور تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٣ دەستی بە کاری هونەری کردووە، لە هەمان ساڵ تیپی مۆسیقای (قەرەچوغ) دامەزراوە بە سەرپەرشتی هونەرمەندی کۆچ کردوو (دلزار یاسین) بۆتە ئەندام لەم تیپە، یەکەم بەرهەمی بەناوی (پەشیمانی) بووە، ساڵی ١٩٩٠ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، ساڵی ١٩٩١ بۆتە ئەندامی تیپی مۆسیقای هەولێر.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان




## مستەفا ڕەئوف / گۆرانی بێژ

هونەرمەند (مستەفا ڕەئوف) ساڵی ١٩٦٥ لە شاری سلێمانی لـە دایـك بـووە، دەرچـووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشـی شـانۆ، سـاڵی ١٩٨٦ دەچـێتە کـەرکوك، سـاڵی ١٩٨٣ سێ گۆرانی تۆمار کردووە بە ناوی (ڕەیحانە – دەریا دەریـا – یـاری تـازە)، مسـتەفا ڕەئوف ماوەیەك لە وڵاتی نەرویج ژیانی بەسـەر بـردووە پاشـان دەگەڕێتـەوە شـاری کـەرکوك، سەرەتای دەستپێکردنی هونەری لەگـەڵ گـۆرانی بێـژان (میـدیا حوسـێن و کـەمال محەمـەد و کامەران عومەر و کاروان عوسمان) بووە، ساڵی ١٩٨٩ یەکەم گۆرانی بۆ تەلـەفزیۆنی کـەرکوك تۆمار کردووە بە ناوی (ئەمشەو)،

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## دلێر بەرزنجی – گۆرانی بێژ و ئەكتەر

ناوی تەواوی (دلێر نوری ڕەزا) یە، لە ١٩٧٢/١/١ لە گەڕەكی شێخ محێدینی شاری سلێمانی لە دایك بووە، باوكی خەڵكی سلێمانیە و دایكی ڕواندزییە، باپیرەی دایكی ناوی (حاجیلە) بووە لە سەردەمی خۆی لە ڕواندز كاتی ڕەمەزانان بۆ فیتار تۆپی دەتەقاندەوە، لە ١٩٩٣/٣/٢١ هاوسەرگیری كردووە و باوكی (٢) كوڕو كچێكە (موعین ١٩٩٧/ بەڵێن ٢٠٠٠/ ناز ٢٠٠٦)، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو كردووە، ساڵی ١٩٨٥ بە هۆی كاری سیاسی ماڵیان دێتە هەولێر، لە هەولێر ئامادەیی پیشەسازی تەواو دەكات لەساڵی ١٩٩١-١٩٩٢، ساڵی ١٩٨٣ دەستی بەكاری هونەری كردووە لەگەڵ تیپی شانۆی منداڵان بە هونەری گۆرانی و نواندن بە سەرپەرشتی مامۆستا جەمال شادان، ساڵی ١٩٩٤ بووەتە فەرمانبەر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری تا ساڵی ٢٠٠٦ دواترخۆی دەگوازێتەوە وەزارەتی كارەبا، هونەرمەند دلێر بەرزنجی یەكەم كەس بووە شیعری حەمە سەعید ئیبراهیمی كردووە بە گۆرانی، ساڵی ١٩٩٥ چەند گۆرانییەكی ئایینی گوتووە، ساڵی ١٩٩٨ هونەرمەند و بێژەر سوهەیب جەمیل (٢) گۆرانی و (٣) مەقامی بۆ تۆمار كردووە، وەك تازەترین هونەر كە تەنها شانۆ كراوە لەسەر شەقام ئەمان مۆسیقایان هێناوەتە سەرشەقام لەبەردەم قاوەخانەی مەچكۆ و شەقامی ئیسكان، بەشداری چەندین ڤیستیڤاڵی ساڵانەی نەورۆزی كردووە،

كاری كردووە لەگەڵ (تیپی ڕاستی/ كۆمەڵ و هونەرو وێژەی كوردی هەولێر) (گروپی مۆزیكی نالی)،

كارە تەمسیلییەكانی- (زنجیرەدرامای ژیانێكی سەخت ١٩٩٤ نووسین و دەرهێنانی عەدنان شەریف) (فرمێسكی پەشیمانی ١٩٩٥ چیرۆكی دارا حەمەئەمین و سیناریۆو

دەرهێنانی سلێمان گەلاڵی) (شانۆگەری منیش مرۆڤم ١٩٨٨) (هەڵگەڕانەوە نووسین و دەرهێنانی هیوا سوعاد، ساڵی ٢٠٠٠)

گۆرانییە تۆمارکراوەکان- (قڕمان دەکەن قورتان بەسەر ١٩٩٤ ش- عەبدوڵڵا پەشێو) (مەڕۆ مەڕۆ شیعرو ئاوازی حەمە سەعید ئیبراهیم) (شیرینەکەم ٢٠٠١ شیعرو ئاوازی سروود فوئاد) (سروودی سەربەخۆیی ٢٠١٥ شیعر کەیفی کوردستانی و ئاوازی جەمیل سنجاوی) (مەقامی ئالای وڵات ٢٠١٥ لە کامەران عومەر وەریگرتووە) ،



---

ئەم ژیاننامەم لەگەڵ خۆی سازکردووە لە قاوەخانەی مەچکۆ لە ٢٠١٨/٤/٢٠



**زیاد ئەسعەد / گۆرانی بێژ و ئاواز دانەر**

ناوی تەواوی (زیاد ئەسعەد مەجید) ە، ساڵی ١٩٦٦ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەیی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٣ دەستی کردووە بەکاری هونەری و یەکەم گۆرانی بە ناوی (دووعا دەکەم شەوو ڕۆژان من/ بسوتێنیٚ ئاهو ناڵەی من) بووە، سالی ١٩٨٨ یەکەم کاسێتی بڵاوی کردۆتەوە، ساڵی ١٩٨٩ دەچێتە وڵاتی ئێران و سەردانی چەند هونەرمەندێك دەکات، ساڵی ١٩٩٠ دەگەڕێتەوە کوردستان و ئەلبومێك بڵاو دەکاتەوە ، ساڵی ١٩٩٣ ئەلبومێکی تر بڵاو دەکاتەوە و پاشان کوردستان جێدەهێڵێت و جارێکی تر دەچێتەوە بۆ ئێران و ماوەیەك لەویٚ وانەی (ردەف و ئاواز و چۆنیەتی ئەداکردنی گۆرانی) دەخوێنێت و هەروەها فێری زمانی (فارسی) دەبێت، پاشان دەچێتە وڵاتی ڕوسیاو ماوەیەکی زۆر وانەی فێربوونی موزیك و شێوازەکانی کارکردن لەسەر ستایلە جۆر بە جۆرەکانی گۆرانی و موزیکی جیهانی دەخوێنێت بۆ ماوەی دوو ساڵ لەویٚ دەمێنێتەوە و فێری زمانی (روسی) دەبێت، ئنجا دەچێتە وڵاتی سوید ماوەی سیٚ ساڵ لە قوتابخانەیەکی هونەری وکلتوری مۆسیقی جیهانی و سویدی دەخوێنێت و شارەزایی لەچەند ئامێرێکی موزیك پەیدا دەکات لەوانە (کیبۆرد و کلارنێت) پێشتریش لە کوردستان زۆر بە باشی ئامێری (شمشال) ی ژەنیوە، ساڵی ١٩٩٨ ئەلبومێکی گۆرانی بە ناوی (نەمزانی) ئامادە دەکات و بڵاوی دەکاتەوە، ساڵی ٢٠٠١ چەند گۆرانیەکی تر لە ڕێگەی

پڕۆگرامێکی کەناڵی ئاسمانی (مەداتڤ) بڵاو دەکاتەوە، ساڵی ٢٠٠٣ جارێکیتر ئەلبومی گۆرانی خۆی بەناوی (سکاڵا) بڵاو دەکاتەوە، زیاد ئەسعەد جگە بۆ خۆی" گۆرانی بە شێوەی ئاواز و هۆنراوە لە لایەن گۆرانی بێژی کورد کراوە بە گۆرانی، زیاد ئەسعەد لە دوای ساڵی ١٩٩٩ وە ئەزمونی هونەری خۆی کردۆتە هەوێنێك بۆ هونەری گۆرانی کوردی.



سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و تۆڕی ئەنتەرنێت



## سلێمان قەرەچوغی – لاوك و حەیران بێژ

ناوی تەواوی (سلێمان عەلی ئەسعەد) ە، ساڵی ١٩٦٥ لە گەڕەکی بنـدیانانی شارۆچـکەی مەخمور لـە دایکبـووە، لـەهۆزی (ئۆمـەر بـل) ە، دەرچـووی سـەرەتاییە، لـە ١٩٨٧/٩/١١ هاوسەرگیری کردووە، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردسـتانە، سـاڵی ٢٠١٣ دەسـتەی دامەزرێنەری ناوەندی حەیران بێژان بووە و بووەتە کارگێڕ، ساڵی ١٩٧٧ پۆلی سێی سـەرەتایی بووە لە مەخمور مامۆستا تەحسـین تـەها مامۆسـتای سـرود بـووە سـلێمان قەرەچـوغی لـە ئاهەنگێکی قوتابخانە گۆرانی گووتوە، ساڵی ١٩٨٣ دەستی بەگۆرانی گـووتن کـردووە لەگـەڵ تیپی مۆسیقای مەخمور بە سەرپەرشتی هونەرمەند ئیسماعیل کوێستانی لە چەندین ئاهـەنگ بەشداری کردووە لەسەر تەختـەی شـانۆ و بۆنـەکان، سـاڵی ١٩٨٥ بووەتـە سـەرباز و بووەتـە ئەنـدامی تیپـی مۆسـیقای سـەربازی و چـەندین کـار و چـالاکی ئـەنجام داوە هاوکـات ئـەم هونەرمەندانە ئەندامی ئەو تیپە بوون وەك (حەمید مەنسور/ یاس خزر/ فـازل عـەواد) هـیتر، ساڵی ١٩٨٩ ئەندامی تیپی مۆسیقای کاروان بووە بە سەرپەرشتی هونەرمەند شێرزاد حەوێزی لە چەندین ئاهەنگ بەشداری کردووە، ساڵی ١٩٩٢ (٣) سروودی نەتەوەیی تۆمار کـردووە بـۆ تەلەفزیۆنەکانی ناوخۆ (هەڵەبجە – شیعرو ئاوازی جەمیل سنجاوی) (ئاوارە – شیعری ئیبراهیم محێدین و ئاوازی جەمیل سنجاوی) (نەعرەتەی شێران – شیعری فاتیح بێلان تاڵەبان و ئـاوازی جەمیل سنجاوی)، ساڵی ١٩٩٢ وەکو گۆرانی بێژ بەشداری فیلمی (ئازارەکانی کورد) کـردووە

له دەرهێنانی کامەران سەمەد جەبار و وێنەگر سۆران جاف، ساڵی ١٩٩٢ بووەتە ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان، ساڵی ٢٠٠٤ کلیپی حەیرانی بۆ تەلەفزیۆنی (گەلی کوردستان) تۆمارکردووە لە دەرهێنانی (زاهیر عەبدوڵلا) وێنەکانی ئەم کلیپە لە گوندەکانی دەشتی قەراج و قەرەچوغ وێنە گیراوە، ساڵی ٢٠٠٥ کلیپی (ڕاو) تۆمار داکات لەسەر ئەستۆی خۆی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان (سامی کەمال) مۆنتاژی بۆ دەکات ئەم کلیپە لە ناوچەی دەشتی هەولێرو قەراج و دلۆپە وێنەگیراوە و مۆسیقا لەلایەن (جەمیل سنجاوی و یوسف خالید)، ساڵی ٢٠٠٦ کلیپی سروودی (نەورۆز) بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان تۆمار دەکات لە ناوچەی مەخمور وێنەدەگیرێ لەلایەن وێنەگر (سەنعان هەولێری، ساڵی ٢٠٠٨ کلیپی بەستە (دەی دەی) تۆمار دەکات و سەباح ماستاوەیی وێنە دەگرێت و مۆسیقا (سالم سەباح/ نزار جەمیل)، ساڵی ٢٠٠٩ کلیپی (تەمبۆڵێ) تۆمارکردووە، ساڵی ٢٠١٠ کلیپی (ڕەشە ڕەیحانە) ٢٠١٢ لاوك و مقاماتی (ئەنفال) ٢٠١٥ سروودی (پێشمەرگە) تۆمارکردووە،




---

ئەم ژیاننامەم لەگەڵ خۆی سازکردووە لە ٢٠١٨/٩/١٢



## ئاراس کۆیی – گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (ئاراس فاتح ڕەسول عەبدوڵلاّ ئەحمەد) ە، لە ١٩٧٢/٩/٢٦ لە گەڕەکی (ئەڵماس) لە شاری کەرکوك لە دایك بووە، لە عەشیرەتی (مەرزانی) یە، لەبنەچەدا خەڵکی شاری کۆیەن، بەلاّم بەهۆی کاری سیاسی باوکی (فاتح ڕەسول) کە ئەندامێکی حزبی شیوعی عێراق بووە لە کۆیەوە ماڵی چووەتە کەرکوك بۆ ئەوەی لەبەرچاوی ڕژێم وون ببێت ئیتر ئاراس لە کەرکوك لە دایك دەبێت، خوێندنی سەرەتایی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨١ لەبەر باری سیاسی باوکی دەچنە وەرتێ و باوکی دەبێتە پێشمەرگە، دواتر دەچنە ولاّتی ئێران، پاشان دەچنە سوریا، لە ١٩٨٢/١/٤ دەچنە ولاّتی ڕوسیا شاری ئیڤانۆڤا، ساڵی ١٩٨٤ بەژەنینی گیتار دەست بەکاری هونەری دەکات و دەچێتە سەر شانۆ لە تیپی مندالاّنی عێراق لە ڕوسیا، هەر لەو ساڵە تا ساڵی ١٩٩٨ لە هەموو بوارەکان کاری کردووە وەك (گۆرانی/ مۆسیقا/ سەمای بالیە/ سەمای فۆلکلۆری)، بۆ دەستپێکردنەوەی خوێندن چووەتە قوتابخانەی نەوجەوانانی نێو دەوڵەتی و ناوەندی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٩٧ بڕاوانامەی ماستەر لە دەرهێنانی سینەما بەدەست هێناوە، ئاراس کۆیی خوێندنی سەمای بالیە و سەمای فۆلکلۆری میللەتانی خوێندووە، ساڵی ١٩٩٨ یەکەم سیدی سنگڵی بلاّو کردۆتەوە بە دوو گۆرانی (ناسك و نەرم) (دەستەکانت بینە)، بلاّو کراوەکانی دواتر (تەماتە ساڵی ٢٠٠٠) (لە ئاراسەوە بۆ ---- ١٢ تراك ٢٠٠٣) (کورتە فیلمی خەپە گیان ٢٠٠٤) (٣ کلیپی – بە تاك و بەکۆ – یادی جاران – ڕێمدە ڕێمدە ٢٠٠٨) (کورتە فیلمی کوردستانی من ٢٠١٣)، لەساڵی ٢٠٠٨ وە کلیپی دەرهێنان و مۆنتاژی بۆ هونەرمەندان (ئەردەلاّن بەکر/ نەتالیا/ لەیلا فەریقی/ بڵند عەبدوڵلاّ) هیتر کردووە،

---

ئەم ژیاننامەم لەگەڵ خۆی سازکردووە لە ٢٠١٨/٩/٣



## بڵند عەبدوڵڵا /گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (بڵند عەبدوڵڵا ئەمین) ە، لە ۲۱/۹/ ۱۹۷۸ لە شاری ڕومادی باشوری عێراق لە دایك بووە، بەهۆی کاری سیاسی باوکی گواستراونەتەوە بۆ ئەم شـارە، دوای تێپـەڕبونی دوو مانگ بەسەر تەمەنی بڵند خێزانەکەیان دەگواسترێنەوە بۆ شاری هەولێر، لـە بنەچـەدا بـاوکی خەڵکی شاری (زاخۆ) یە و دایکی خەڵکی شارۆچکەی (شەقڵاوە) یە، پلەی خوێندن ماجسـتێر لە زانستی دەرمان سازی لە زانکۆی ئۆپسالا، ساڵی ۱۹۸٤ دەستی کردووە بە گۆرانی گوتن لە چالاکی قوتابخانەکان و تەلەفزیۆنی کەرکوك،

---

(سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)




## ڕێبوار هەورامی – هونەری موزیك و ڕۆژنامەگەری

ناوی تەواوی (ڕێبوار ئیدریس حوسێن) ە، ساڵی ١٩٦٩ لە شارۆچکەی تەوێڵەی ناوچەی هەورامان لە دایك بووە، ساڵی ١٩٩٤ هاتوەتە شاری هەولێر چونکە لە ڕۆژنامەی (برایەتی) کاری دەکرد و فەرمانبەری وەزارەتی ڕۆشنبیری بووە و بەو هۆیەوە ئێستا دانیشتوی شاری هەولێری پایتەختە، ساڵی ١٩٩٨ هاوسەرگیری کردووە (٢) کوڕ و کچێکی هەیە، لە ناوەڕاستی هەشتاکان دەستی کردووە بە نووسین و بلاّو کردنەوەی بابەتی ئەدەبی و هونەری لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان، خاوەنی دوو کتێبی چاپکراوی شیعر و پەخشانە، ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێرە، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستانە، لە بواری موزیك و هونەر و ئەدەبدا بەردەوامە و چەندین بابەتی تایبەت بە موزیکی بلاّو کردۆتەوە وەك ژەنیارێکی ئامێری ساز و جەمبوش، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنە لە بەڕێوەبەرایەتی لاوانی هەولێر سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.

---

ئەم ژیاننامەم لە خۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١١/٨



## زاهیر جەلال / گۆرانی بێژ و ئەکتەر

ناوی تەواوی (زاهیر جـەلال هاشـم) ە، سـاڵی ١٩٦١ لـە ئەسحابە سپی شاری سلێمانی لە دایـك بـووە، تـاپۆلی دووی ناوەندی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٠ لەناو جەماوەر ناسـراوە، بـۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٨٤ بەستەی (لـەرزان لەرزانـە) بـۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمـار کـردووە تـا سـاڵی ١٩٩١ (٤٠) گۆرانی هـەبووە، دوای سـاڵی ١٩٩١ چـەندین گـۆرانی تـری تۆمار کردووە و بەشداری چەندین درامای کردووە، هونەرمەند زاهیر جەلال بەشداری لە شانۆگەری (چراو نامەیەکی ون بوو) کردووە، بـە گـۆرانیش بەشـداری تەمسیلی تەلەفزیۆنی (بوکی ژێر دەواری ڕەش) ی کردووە ئەم بەرهەمە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کراوە، بەشداری دراماکانی وەك (ئاژاوەچییەکان/ بۆیاغچی/ ناڵەی نەگبەت/ کلۆڵـەکان) کردووە.



سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەکۆتایی هەشتاکان




## خۆشەوی عەزیز – گۆرانی بێژ و ئەکتەر

ناوی تەواوی (حەبیب عەزیز خدر) ە، لە ١٩٧٢/٨/١٠ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایك بووە، بەڕەچەڵەك خەڵکی گوندی (عەلاوە) ی بناری سەفینە عەشیرەتی خۆشناوە، دەرچووی ئامادەیی بازرگانییە، ساڵی ١٩٨٥ دەستی بەکاری هونەری کردووە،

بەرهەمە شانۆییەکانی (هەڵبژێرن نوێنەری ڕاستەقینەی خۆتان ١٩٩٢) (ئاشتیمان دەوێ ١٩٩٣) (قوتابخانەی ئاژاوەچییەکان ١٩٩٣) (غەلۆکە گوللەی بابیت پەڕۆکە ١٩٩٤) (تاوان و سزا ١٩٩٥) (پارە ١٩٩٥) (گوریس ١٩٩٦) (پیلان ١٩٩٦) (ئۆپەرێتی پەپوولەکان ١٩٩٧) (خەنجەری ناو سندوقەکە ١٩٩٧) (ماسی گر و ژنەکەی ١٩٩٧) (ئۆتێللۆ ١٩٩٨) (ئۆپەرێتی تارا ١٩٩٨) (ڕزگار و جیهان ١٩٩٩) (سزای تاوانباران ٢٠٠٢).

بەرهەمە تەلەفزیۆنەکانی (زنجیرە درامای غەریب ١٩٩٨) (زنجیرە درامای ڕەجەبی دەرگەوان ٢٠٠٣).






---

ئەم ژیاننامەم لەخۆیم پێگەییوە لە ١٠/٨/٢٠١٨



**سەید ئەحمەد ڕواندزی / مۆسیقا ژەن**

ناوی تەواوی (ئەحمەد جەبار عەزیز) ە، ساڵی ۱۹٦۳ لە شارۆچکەی ڕواندوز لە دایك بووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی موسڵە، سەرەتای بەهرەی هونەری لە دەنگە بە سۆزەکەی دەست پێدەکات لە قۆناغی قوتابخانــەی ســەرەتاییدا مامۆســتاکانی شــەیدای دەنگــی دەبــن و دەیکەن بە پێشەنگی سروود خوێندن، مامۆستای سروود هونەرمەند زرار مستەفا زۆر گرنگــی پێدەدات خۆڕسکانە بە یارمەتی مامۆستا زرار دەکەوێتە دەریای هونەر و مۆسیقا هەتا فێــری ژەنــینی ئــامێری (ئۆکۆردیــۆن) دەبێــت و هــەر لەگــەڵ مامۆســتا دڵســۆزەکەی و چــەند هونەرمەندێکی تر لە ڕێگای لقی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە ڕوانــدز تیپــی پاشــای گەورەی ڕواندز دادەمەزرێنن و دەبێتە یەکێك لە دەستەی دامەزرێنــەرانی ئــەو تیپــە، ســاڵی ۱۹۸۱ ڕواندز بەجێدەهێڵێت و ڕوو لە شاری موسڵ دەکات بۆ خوێندنی مۆسیقا لە پــەیمانگای هونەرە جوانەکان، ساڵی ۱۹۸۵ پــەیمانگا تــەواو دەکــات و ڕوو لــە شــاری ڕوانــدوز دەکاتــەوە دەکەوێتەوە خەباتی هونەری و دەیان سروود و گۆرانی تۆمار دەکەن، هونەرمەند سەید ئەحمــەد هەر لەگەڵ دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی سەتەلایتی کوردســتان تیڤــی بەڕێوەبەرایــەتی بەشــی مۆسیقای گرتە ئەســتۆ، جگــە لــەوەش چــەندین درامــای کــوردی ڕازایــەوە بــە مۆســیقاکانی هونەرمەند سەید ئەحمەد لەوانە (گوندی نەسرین/ مــەمی ئــالان/ گەمــەی خەونــە ئازادەکــان ۰۰۰هتد).

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



**نوری گەرمیانی / گۆرانی بێژ**

ناوی تەواوی (نورەدین عوسمان عەبدوڵڵا) یە، لە ١٩٦٩/٤/١ لەبەر ئەوی باوکی سەرباز بووە بۆیە لە شاری کەرکوك لە دایك بووە، دەرچووی سەرەتاییە، بۆ یەکەمجار لە ئاهەنگە میللیەکان بەشداری کردووە، ساڵی ١٩٨٥ لە شاری هەولێر دەستی بە کاری هونەری کردووە، یەکەم بەرهەمی لە ساڵی ١٩٩٠ بوو کە بەناوی (ئەو زوڵمەی لە من و تۆ کرا) لە هۆنراوە و ئاوازی خۆی، هەروەها بەرهەمەکانی تری وەك ئەلبوم (چۆن لە یادت کەم – نەرمە نەرمە – مەلەنگێ – دوریتان)، لەگەڵ تیپی مۆسیقای قەڵات و تیپی هونەری هەولێر کاری کردووە، ساڵی ٢٠٠١ بەشداری فیلمی (چارەنووس) کردووە، ساڵی ٢٠٠٢ بە گۆرانی و تەمسیل بەشداری فیلمی تەلەفزیۆنی (دابڕانێکی تر) کردووە، چەند گۆرانیەکی لە دەرەوەی وڵات کلیپ کردووە، ئەندامی تیپە میللیەکانی هەولێرە.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## ئەردەلان بەکر – گۆرانی بێژ

هونەرمەند (ئەردەلان بەکر) لە ١٩٦٧/٤/١ لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لە دایك بووە، لە تەمەنی (١٥) سالێدا دەبێتە پێشمەرگە لە تیپی بەڕانەتی لە ڕیزی هێزەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، لەبەر ئەوەی تەمەنی بچوك بووە ڕەوانە دەکرێتەوە، بەڵام جارێکیتر لە کۆتایی هەشتاکان دەبێتەوە پێشمەرگە، بەشداری شەڕی ئازاد کردنی هەولێر و کۆیێ و کەرکوکی کردووە، لە کاتی پێشمەرگایەتی لە ئاهەنگێك گۆرانی (ئای مەڕۆ مەڕۆ) گوتووە، ساڵی ١٩٨٦ یەکەم کاسێتی خۆی بلاو کردۆتەوە، ساڵی ١٩٩٢ دەچێتە دەرەوەی وڵات و لە سوید نیشتەجێ دەبێت، ئەردەلان یەکێك بووە لەو دەنگ خۆشانەی نێو گۆرانی بێژانی کورد، خاوەن جەماوەرێکی یەکجار زۆر بووە لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، لەو کاتەی کە نەخۆش بووە پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات بەهەفتەیەك کەناڵی کوردسات سەردانی کردووە لە نەخۆشخانەی سوید و گوڵیان بە دیاری بۆ بردووە، لە ٢٠٠٩/١٠/١٠ کۆچی دوایی کرد، پاشان تەرمەکەی هێنرایەوە کوردستان و لە شاری هەولێر لە گۆڕستانی (شێخ ئەحمەد) بەخاك سپێردرا.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## محەمەد ڕەئوف کەرکوکی / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (محەمەد ڕەئوف سالّح) ە، ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی تەکیەی تاڵەبانی شاری کەرکوك لە دایك بووە، لە حەفتاکان لەسەر تەختەی شانۆکانی کەرکوك دەستی بە گۆرانی وتن کردووە، لە کاتی خوێندنی قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی چەند جارێك لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەشداری لە شانۆگەریدا کردووە وەك ئەکتەر ڕۆڵی بینیوە، هەروەها پێشتریش لە یانەی (سۆلاڤ) وەرزشوان بووە و یاریزانێکی پلە دوو بووە لە تۆپی پێ و تۆپی سەر مێز و دوو جاریش یەکەمی شاری کەرکوك بووە لە یارییەکانی تۆپی سەر مێز لەو یانەدا، لەگەڵ هاوڕێکانی پێکەوە تیپێکی پێیان بەناوی (اتحاد شوان) پێکهێناوە، ساڵی ١٩٨٦ یەکەم بەرهەمی بە ناوی (شەوانە) بەمۆسیقا و ئاوازی مامۆستا (نەجمەدین ئیبراهیم جاف) بۆ تیپی کەرکوك تۆمار کردووە، وەك ئەکتەرێکیش لەگەڵ مامۆستا (عومەر عەلی ئەمین) لە زنجیرەی تەلەفزیۆنی (نەهێشتنی نەخوێندەواری) بەشداری کردووە، لەساڵی ١٩٩٠ ەوە ڕووی کردۆتە شاری سلێمانی لەوێ نیشتەجێ بووە.




سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## تارا ڕەسوڵ /گۆرانی بێژ

هونەرمەند (تارا ڕەسوڵ) ساڵی ١٩٧٥ لە گەڕەکی سەر شەقامی سلێمانی لە دایک بووە، لە کوردستان هیچ خوێندنێکی تەواو نەکردووە، بەڵام لەگەڵ چوونی بۆ وڵاتی سوید دەستی کرد بە خوێندن و بەشی موزیکی لە زانکۆی ستۆکهۆڵم تەواو کردووە، ئەو لە منداڵیدا کەمتر هەستی بەو ژیانەی کردووە، بەڵام وەکو منداڵەکانی تر یاری بە بووکە شووشە و لانکی منداڵانە کردووە و ئێستاش ئاواتە خوازە ئەو یارییانە بمایە چونکە هەست دەکات جار جارە ڕۆحی منداڵی تیا ماوە، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە نەیتوانیوە ڕۆڵی منداڵی خۆی بە تەواوی ببینێت، تارا لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە ڕووی کردە دەرەوەی وڵات و لەسوید نیشتەجێبوو، لەو کاتەشەوە بەردەوام بووە لە کاری هونەری و هەوڵی داوە بە شێوەیەکی ئەکادیمی موزیک بخوێنێت، ساڵی ١٩٩١ لە دوای ڕاپەڕین پەیوەندی کردووە بە تیپی مۆسیقای سلێمانی، یەکەم بەرهەمیشی سروودی هەڵەبجەی شەهید بووە کە تۆمار کراوە، ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ هونەرمەند فەرهاد حەمە ساڵح ژیانی هاوسەریان پێکهێناوە، ساڵی ٢٠٠٢ لێك جیا بونەتەوە،

---

(سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)



**فەرهەنگ غەفور / مۆسیقا ژەن و ئاواز دانەر**

ناوی تەواوی (فەرهەنگ عەبدولغەفور مستەفا) یە، ساڵی ١٩٧١ لە گەڕەكی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایك بووە دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەكانی سلێمانییە لەساڵی ١٩٩١، كۆلیژی هونەرەجوانەكانی لە هەولێر لەساڵی ٢٠٠٨ تەواو كردووە و هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە بواری مۆسیقا، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگەی هونەرەجوانەكانی هەولێر بووە لەساڵی ١٩٩٢، ماوەی (١٠) ساڵ لە بواری كارگێڕی و وانە وتنەوە خزمەتی كردووە، ماوەیەك سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە، پاشان بەڕێوەبەری چالاكی قوتابخانەكانی گشتی هەولێر و دواتر بووەتە شارەزا لە بواری هونەر لە وەزارەتی پەروەردە، ماوەی چوار ساڵ ڕاگری پەیمانگەی هونەرەجوانەكانی هەولێر بووە، دەستەی دامەزرێنەری ئۆركسترای كوردستانە، سەرپەرشتیار و دامەزرێنەری سەنتەری نەوای هەولێرە، بۆ ماوەی (٤) ساڵ وەك موزیك ژەنێك لە بەڕێوەبەرایەتی هونەرەكانی موزیك بووە، دانانی دەیان ئاواز بۆ هونەرمەندانی كوردستان، بەشداری كردووە لە دەیان ڤیستیڤالی جیهانی وەك نەوای هەولێر، دواتر بووەتە بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری هەولێر، خاوەن سەدان وتاری هونەرییە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان،

---

سەرچاوە لەیەكێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان



## ئاڤان جەمال / گۆرانی بێژ

هونەرمەند (ئاڤان جەمال) ساڵی ١٩٧٧ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووە، دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانییە، ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ ئەحمەد عوسمان ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە، ساڵی ١٩٩٢ دەستی بە هونەری گۆرانی گوتن کردووە، بەڵام یەکەم دەرکەوتنی ساڵی ١٩٩٥ بووە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و گۆرانی (حەریرە) ی گوتووە، ساڵی ٢٠١٠ یەکەم ئەلبومی بڵاو کردۆتەوە بە ناوی (بۆ لاس) کە (٨) تراکی لەخۆ گرتبوو (٤) گۆرانی بە شێوازی کرمانجی خوارو (٤) یش بە کرمانجی ژورو، ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ هونەرمەند محەمەد ڕەئوف کەرکوکی کۆنسێرتیان کردووە،



سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## ئەژدەر وەهبی – گۆرانی بێژ

هونەرمەند (ئەژدەر وەهبی) ساڵی ١٩٧٧ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، خوشكەزای هونەرمەند محەمەد جەزایە، ساڵی ١٩٩٢ یەكەم بەرهەمی بەناوی (هاواری منداڵانی هەڵەبجە) لە ڤیستیڤاڵی هەڵەبجەی شەهید پلەی یەكەمی بە دەستهێنا، ساڵی ١٩٩٣ چووەتە بەشی مۆسیقا لە پەیمانگای هونەرەجوانەكانی سلێمانی لەسەر ئامێری كەمانچە، لە ماوەی خوێندنیدا لە سەرجەم ڤیستیڤاڵەكانی پەیمانگا وەك گۆرانی بێژ بەشداری كردووە، ساڵی ١٩٩٦ بەهۆی بارودۆخێكی تایبەت لە خوێندن دابڕا، ساڵی ١٩٩٧ دەچێتە وڵاتی سوید، پاشان لە دانیمارك نیشتەجێ دەبێت.

---

سەرچاوە لەیەكێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان.




## دڵزار زرار – گۆرانی بێژ و بێژەر

ناوی تەواوی (دڵزار زرار قادر) ە، لە ١٩٧٢/٨/٢٧ لە گوندی (داربەسەر) ی ناوچەی کۆیە لە دایك بووە، دەرچووی ئامادەیی بەشی وێژەیی، پەروەردە و گۆشکراوی هونەر بووە کە باوکی بەهرەی هونەری مۆسیقا و گۆرانی هەبوو، چەند گۆرانییەکی لەگەڵ (ئاشنا) ی خوشکی گوتووە، ساڵی ١٩٩٩ هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ خاتوو (سوعاد) دوو کچ و کوڕێکیان بووە (ڕوگە/هۆلان/ڕێگا)، فەرمانبەرە لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بۆیەکەمجار لە ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٩٢ لە شارۆچکەی تەق تەق گۆرانی گوتووە لەسەر شەقام لە بەردەم قوتابخانەی زێڕین، هەر لەو ئاهەنگە بەشداری کرد لە شانۆگەی عارەبانەیەکی تراکتۆر، ئەو کات لە تەق تەق هۆڵی شانۆگەری نەبووە، دواتر بە هەمان شێوە بەشداری ئاهەنگێکی تری کردووە بەبۆنەی ساڵیادی حزبی شیوعی عێراق، ساڵی ١٩٩٥ لەگەڵ (کارزان کەمال/ جەرجیس/ ئاراس مەغدید/ جەوهەر ساز/ مەسعود زەرب/ ئومێد باڵەبان/ ئاشنا زرار) تیپی مۆسیقای هونەر دادەمەزرێنن، لەگەڵ ئەم تیپە گۆرانی (ئەی هاوڕێیان) تۆمار دەکات، یەکەم دیداری تەلەفزیۆنی دلێر بەرزنجی لەگەڵی سازی کردووە، یەکەم دیداری ڕادیۆیی دڵدار زراری بۆ ڕادیۆی نیشتمان لە گەڵی سازی کردووە، تیپی مۆسیقای هونەر ئەگەرچی تەمەنی کورت بووە بەڵام چالاکییەکی زۆریان ئەنجامدا، ساڵی ١٩٩٧ دەبێتە ئەندامی بەشی مۆسیقا و گۆرانی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی و چەند گۆرانییەك تۆمار دەکات (دەلال/ دەنگی یار/ خەمێکی شێت/ نازیاتەمە)، ساڵی ٢٠٠٣ سێ گۆرانی بە هاوبەشی لەگەڵ ئاشنای خوشکی تۆمار

کردووە (لاوکۆ دۆتمامیێ تەمە/ هور هور لیّخن گۆڤەندە/ سەبری)، ساڵی ٢٠٠٦ بە هاوبەشی لەگەڵ ئاشنای خوشکی ئەلبومیّك بلاّو دەکەنەوە بەناوی (خەمیّکی شیّت) کەلە ٧ گۆرانی پیّکهاتبوو، ساڵی ٢٠٠٠ چەند سروودیّك تۆمار دەکات (ئەی کوردینە/خوایە وەتەن ئاواکەی)، ساڵی ٢٠٠٨ لەگەڵ کۆمەڵی هونەری دیجلە لە کەرکوك گۆرانییەکی نیشتمانی (ئیدی بەسە) بۆ ڕۆژ تیڤی تۆمار کرد، ساڵی ٢٠١٢ گۆرانی (یەکبون) بەرهەمیّکی هاوبەشە لەگەڵ هونەرمەندان (نەجمەدین غولامی/ لالۆ ڕەنجدەر/ سەفین خەرەجیانی/ فەرهاد حوسیّن/ دلّشاد خانەقینی/ تریفە خدر/ ژیان/زارا) لە سلیّمانی تۆماریان کردووە، ساڵی ٢٠٠٤ وەك میدیا کاریّك لە ڕادیۆی ئازادی دواتر تەلەفزیۆنی ئازادی و کەناڵی ڕیّگا وەك بیّژەر و ئامادەکار و پیّشکەشکار کاری کردووە دواتر لە ڕادیۆی دەنگی ژیان، چەندین بەرنامەی ئامادە و پیّشکەش کردووە (بەهرە/ ورینگە/ تەمەن/ هەوارگە/ ئیّوارەی ئازادی/ هەموومان هاو نیشتمانین/ جڤاك/ بیروڕا/ ژیانیّکی نویّ)، ساڵی ٢٠١٢ خەلاّتی ڕیّزلیّنانی پیّبەخشراوە، ئەندامی لقی هەولیّری کۆمەڵەی ویّنەگرانی کوردستانە، چەندین ساڵ کاری کردووە لە یەکیّتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستان و عیّراق کە یەکیّکە لە ڕیّکخراوە جەماوەریەکانی حزبی شیوعی کوردستان.

---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتوو لە ٢٠١٨/٦/١



## ئەیوب عەلی / گۆرانی بێژ

هونەرمەند (ئەیوب عەلی) لە ساڵی ١٩٧٣ لە شارۆچکەی سەنگاو لە دایك بووە، لە تەمەنی (٩) ساڵی خولیای هونەر بووە، خوێندنی سەرەتایی لەسەنگاو تەواو کردووە و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی، دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری بەشی میکانیکی زانکۆی سەلاحەدینە لە هەولێر ساڵی ١٩٩٧-١٩٩٨، ساڵی ١٩٩٣ لە هەولێر لەگەڵ چەند برادەرێك تیپی زانکۆ دادەمەزرێنن لەوانە (ڕێبین جەمال/ زانا/ وەیسی محەمەد/ ماهر محەمەد ئەمین/ لوقمان سادق)، دوای دەرچوونی لە زانکۆ لە سلێمانی لە تەلەفزیۆنی خاك لە بەشی ئەرشیف کاری کردووە دواتر لە ساڵی ١٩٩٩ دەچێتە دەرەوەی وڵات.

---

(سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)



## دیاری قەرەداغی – گۆرانی بێژ

هونەرمەند (دیاری قەرەداغی) ساڵی ١٩٦٧ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، دەرچووی بەشی کوردی کۆلیژی زمانە لە زانکۆی سلێمانی، ساڵی ١٩٩٣ یەکەم بەرهەمی تۆمار کرووە، چەندین کۆنسێرتی لە هەولێر و سلێمانی ساز کردووە، خاوەنی چەندین وتاری هونەرییە کەلە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بلاٌو کراوەتەوە، ئەلبومەکانی (سەراب ١٩٩٤) (عەشق لێرە ١٩٩٦) (سەدەیەك بێ ئارامی ١٩٩٧) (بۆنی خاك ٢٠٠٠) (نیشتمان لە گوڵ)،

---

(سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)



## زەکەریا عەبدوڵڵا / گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (زەکـەریا عەبـدوڵڵا حەسـەن وەیسـی) یـە، لـە ١٩٧٤/١/٢٥ لـە گـەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایك بووە، ساڵی (١٩٩٣) هاتۆتە نێو دونیایی هونەرەوە، لـە گـەڵ هونەرمەند (ئەردەلان بەکر) دەستی کردووە بـە (ئـۆرك) ژەنـین، چـەند سـالێکی تەمـەنی لـە (ستۆکهۆڵم) بەسەر بردووە، یەکەم کار کە هونەرمەند زەکەریا بە فەرمی پێی هەڵساوە لە ساڵی (١٩٩٨) بوو کە یەکەم ئەلبوومی گۆرانی بە ناوی (توهاتی) بـلاّو کـردەوە، دواتـر ئـەلبوومی (بگەڕێوە) لە ساڵی (٢٠٠٠) بلاّو کردەوە، وە لە ساڵی دواتـر وەك ئەسـتێرەییێك لـە ئاسمـانی هونەری کوردی بـەدیار کـەوت، هـەر لـەو سـاڵ واتـە سـاڵی ٢٠٠٢ ئـەلبومی (رۆژگـار) ی بلاّوکردەوە، لە ساڵی (٢٠٠٤) ئەلبوومی (تیلیناز) ی بلاّو کردەوە، وە ئەلبومی (گەنجی پـیر) لە ساڵی (٢٠٠٧) بلاو کردۆتەوە، هونەرمەند زەکەریا عبدالله جەندین گۆرانی کلیب کـردووە وەك (بگەڕێوە) (نەمزانی) (دایـە) (بۆچـی هـاتی) (رۆژگـار) (نـەدبینم) (تـو نازانەکـە) (تیلیناز) (کوردستان) (گوڵێ) ،

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## چۆپی فەتاح / گۆرانی بێژ

هونەرمەند (چۆپی فەتاح) لە ١٩٨٣/٦/١٠ لە شاری کەرکوك لە دایك بووە، ساڵی١٩٨٦ لەبەر خراپی باری کورد ئەو شارەی جێهێشتووە، تاساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ باوك و دایکی لە ناوچە سنورییەکانی نێوان عێراق و ئێران ماوەتەوە، لەساڵی ١٩٨٨ ئاوارەی ئەوروپا بووە و پاشان لە هۆڵەندا نیشتەجێ بووە، ساڵی ١٩٩٠ چووەتە قوتابخانەیەکی کۆراڵ لە هۆڵەندا لەوێ فێری زانستێکی سەرەتایی مۆزیك بووە، ساڵی ١٩٩٦ چووەتە قوتابخانەی دەنگ و لەوێ بە شێوەیەکی زانستی و لە ژێر چاودێری مامۆستا هۆڵەندێکانیدا بە شێوەیەکی زانستی فێرە گۆرانی چڕین بووە، لە هەمان ساڵدا چووەتە قوتابخانەی مۆزیك و بۆ ماوەی ساڵێك دەرسی کیبۆردی خوێندووە، ساڵی ١٩٩٩ چووەتە ئەکادیمی کوردی لە ئەڵمانیا و لەوێوە دەرگاکانی هونەری کوردی بۆ کراوەتەوە و لە ڕێگای مامۆستا وریا ئەحمەد زیاتر بوارەکەی بۆخۆش بووە و هاریکاری کراوە، ساڵی ٢٠٠٠ بۆ یەکەم جار دەچێتە سەر ستەیج لە شاری دانهاخی هۆڵەنداو بۆ زیاتر لە ٣ هەزار کەس گۆرانی دەڵێت و دوابەدوای ئەوە دەچێتە میدیا تیڤی و لە پرۆگرامی شانشیین بەشداری دەکات، ساڵی ٢٠٠٣ لە ژێر کاریگەری هونەرمەند بورهان موفتی یەکەم سیدی خۆی کەلە (٩) تراك پێکهاتووە بەناوی (چیت ناو بنێم) بڵاو کردەوە، ساڵی ٢٠٠٧ دووەم سیدی خۆی کەلە (١٣) تراك پێکهاتووە بەناوی (ناوت دەنێم ژینۆ) بڵاو کردەوە ،

---

(سەرچاوە - لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان)



**باخان**

ناوی تەواوی (باخان سەلاّح مەجید) ە، لە ۱۹۸۹/۷/۲۱ لە گەڕەکی تووی مەلیکی شاری سلێمانی لە دایك بووە، خێزانەکەیان لە چوار کچ و یەك کوڕ پێکهاتوون کە باخان بچوکترینیانە، ساڵی ۱۹۹۷ لەگەڵ خێزانەکەیان ڕوو دەکەنە ولاّتی هۆڵەندا هەتا ئێستاش هەر لەوێ نیشتەجێن، جگە لە خۆیی و باوکی کە دەکاتە هونەرمەند سەلاّح مەجید چەندین هونەرمەند و شاعیر و نووسەریان لە بنەماڵەکەیاندا هەڵکەوتووە وەکو شاعیران (کامەران موکری/ ئەخۆڵ) وێنە کێش (لالە عەبدە/ ئاکۆ نوری ئەحمەد) گۆرانی بێژ و مۆسیقا ژەن (فەرهەند غەریب/ پشکۆ مستەفا/ هەلۆ قادر/ کلّپە مستەفا).

---

سەرچاوە – تۆڕی ئەنتەرنێت ۲۰۱۸



## ئاشتی عەوێنە- گۆرانی بێژ

ناوی تەواوی (ئاشتی عزیز عەبدوڵلاّ) یە، لـە ١-١٠-١٩٩٤ لە هەولێر لە دایـك بـووە، سـاڵی ٢٠١٢ دەسـتی بەکاری هونـەری کـردووە، سـەرەتا لـە دانیشـتن و کـۆڕی خزمانی، ساڵی ٢٠١٣ لەگەڵ تیپی قـەلاّو منـارە چـالاکی هەبووە، لە ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠١٦ بەشـداری کـردووە لـە چـــەندین فیســـتیڤاڵ و کـــۆڕی هونـــەری و بەرنامـــەی تەلەفزیۆنی، ساڵی ٢٠١٥ بووەتە ئەندامی ناوەندی حەیران بێژان، لەگەڵ ئەم ناوەندەش بەشداری چەندین چالاکی کـردووە، لـە کۆتـایی ٢٠١٦ بەشـداری بەرنامەی (کورد ئایدڵ) کردووە توانیویەتی بگاتە قۆناغی فیناڵ،




---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ساڵی ٢٠١٧

# شێوەکاران





**ئازاد شەوقی – شێوەکار**

ناوی تەواوی (ئازاد مەحمود شەوقی) یە، ساڵی ١٩٢٩ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، لە بنەماڵەیەکی ناسراو و دیاری شاری سلێمانییە، خوێندنی سەرەتایی لە شاری دیوانیەی باشووری عێراق و ناوەندی و دواناوەندی لە شاری کەرکوك، پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە شاری بەغدا تەواو کردووە لە ساڵی ١٩٥٥، پاشان بۆماوەی (١٣) ساڵ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە لە سلێمانی، سەرەتای کاری هونەری لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداوە دەستی پێکردووە، لەژیانی هونەریدا دەیان پێشانگای نایابی کردۆتەوە، کە سەرجەمی تابلۆکانی گوزارشت لە جوانی کوردستان و کۆمەڵی کوردەواری دەکەن، مامۆستا ئازاد شەوقی لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٠ تووشی نەخۆشی (غودەی لیمفاوی) بوو، ئەگەرچی دواتر نەشتەرگەری و چارەسەری بۆکرا، بەڵام بە ئازار و کۆمەڵێك لە هیوای هونەری و مرۆڤایەتییەوە لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٢ بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکناو گیانی بووە تابلۆیەك و دەستی ماندووی لە ملی خاکی نیشتمان کرد کە ئاواتی بوو،


هەندێك لە پێشانگاکانی (١٩٥٨ پێشانگای شێوەکاری هاوبەش لەگەڵ قوتابییەکانیدا) (١٩٥٩ پێشانگای شێوەکاری لەگەڵ هونەرمەند خالید سەعید) (١٩٦٢ پێشانگای هاوبەش لە ئەڵمانیای دیموکراتی، لە ڤیستیڤاڵەکانی دیموکراتی) (١٩٦٥ پێشانگای تایبەتی خۆی لە زانکۆی ئەمریکیلە بەیروت) (١٩٧٣ پێشانگای تایبەت لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لەبەغدا) (١٩٨١ پێشانگای تایبەتی لە بەغدا) (١٩٩٢ پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی

مۆزەخانەی سلێمانی) (١٩٩٣ پێشانگای ڕێزلێنانی پەڕلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ کارە هونەرییەکانی) (١٩٩٣ پێشانگای شێوەکاری هاوبەش لەپاریس) (١٩٩٧ پێشانگای ڕێزلێنانی پەڕلەمانی کوردستان) (٢٠٠٠ پێشانگای تایبەتی لەهەولێر)،.



---

سەرچاوە – تۆڕی ئەنتەرنێت – کتێبخانەی کوردی ئەوین ٢٠١٨/٧/٢٠




**ئەسکەندەر جامباز – شێوەکار**

ناوی تەواوی (ئەسکەندەر عوسمان جامباز) ە، ساڵی ١٩٣٨ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (ئیبن خەلـەکان) و ناوەنـدی لـە (جمهـوری) تـەواو دەکـات، دەرچووی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی هەولێرە، لە گوندی سیسـاوە مامۆسـتا بـووە، دوای ساڵێك سەبارەت بە لێهـاتوویی شـێوەکاری دەگوازرێتـەوە بـۆ نـاو هـەولێر و بـۆ قوتابخانـەی (هەولێری نموونەیی) وانەی هونەری دەڵێتەوە، یەکەمین تابلۆی بەناوی (ژنە بۆلی) بووە، ئینجـا تابلۆی (مانگا دۆشین و ژنە دۆم)، لە ماوەی ژیانیـدا (٣٠٠) تـابلۆی نایـابی کێشـاوە، جگـە لەمانەش مەرگ ماوەی نەداوە (١٦) تابلۆی بەر دەستی تەواو بکات، ساڵی ١٩٦٢ لە یەکـەم پێشانگای هونەری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بـە چـەند تابلۆیـەك بەشـداری کـردووە، ساڵی ١٩٨٢ – ١٩٨٣ بەشداری کردووە لە ڤیستیڤاڵی ڕۆشنبیری کوردی لە هۆڵی میـدیا لـە هەولێر، چەند تابلۆیەکی بردراون بـۆ دەرەوەی وڵات، (٣) تـابلۆ بـۆ ئیتاڵیـا (٢) بـۆ سـوید، مامۆستا ئەسکەندەر تاکو نەوەتەکان هەستی بە هیچ نەخۆشـییەك نـەکردووە، دواتـر تووشـی نەخۆشییەکی خراپ بوو ڕۆژ بە ڕۆژ تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو، هیچ چارەسەرییەك دادی نەدا تا لە ١٩٩٤/٨/١٨ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان


 

**بەدیع باباجان /شێوەکار**

هونەرمەندی (بەدیع باباجان) ساڵی ١٩٢٣ لە گەرەکی ئەخ حوسێنی شاری کەرکوك لە دایك بووە، ساڵی ١٩٥١ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە و دواتر لە (مدیریه المساحه العامه) لە شاری بەغدا وەك فەرمانبەرێکی هونەری کاردەکات، لە لایەکی ترەوە بۆ بژێوی خۆی و خێزانەکەی لەشاری بەغدا نووسینگەیەکی نەخشەسازی خۆشنووسی دادەنێت بە ناوی (الخط العربي)، بێهاوتایی بەدیع باباجان، دەبێتە هۆی ئەوەی لە سەرتاسەری عێراق بانگهێشتی بکەن بۆ نەخشەسازی دراوی عێراقی و بەشێکی زۆر لە دراوی عێراقی هەر لە ئاسنەوە تاکو کاغەز هونەرمەند کاری نەخشەسازی بۆ کردووە، هەر پاش وادەیەك لەلایەن (عەلائەدین سەجادی) ەوە بانگهێشت کراوە تاکو هێڵکاری بۆ شاعیری کورد بکێشێت، هەر ئەو بلیمەتییەی دەبێتە هۆکار دەستنیشان بکرێت لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی عێراقی بۆ خولی نەخشەسازی لە دەرەوەی عێراق، بەلاّم تەنها (بەدیع باباجان) سەرکەوتوو بووە، هونەرمەند هێلکاری بۆ بەرگی کتێبی (یادگار و هیوا)ی مامۆستا برایم ئەحمەد (اغانی کردستان) ی د/ مارف خەزنەدار (بۆ کوردستان) ی هەژار، گۆڤاری (گەلاوێژ) و (نزار) و دیوانی (شێخ سەلام) دەکات، نەخشاندنی چەندان پولی عێراقی کردووە، لە دوای ئەو هەموو شانازی و داهێنانە لە ١٩٩٦/١١/١٥ کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (محەمەد سکران) لە نزیك ڕاشدیەی شاری بەغدا بەخاك دەسپێردرێت.

---

سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.



## دارا محەمەد عەلی / شێوەکار

هونەرمەند (دارا محەمەد عەلی) ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی عەوێنەی شاری هەولێر لە دایکبووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانە ساڵی ١٩٧٤، بەشداری چەندین پێشانگای کردووە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و جیهان، چەندین بەرهەمی هونەری کاریکاتێری هەیە لە ڕۆژنامە جیا جیاکانی کوردستان بڵاو کراوەتەوە، لەساڵی ١٩٧٥ وە کاری وێنەیی بۆ منداڵان کردووە لە چەندین گۆڤاری جۆراو جۆر، لەساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٧ کاری وێنەیی بۆ پەرتوکی پەروەردەیی مەدەنی و سریانی و مۆسیقی کردووە، گرنگترینیان پەرتوکی (ئەلف و بێ ی کوردی) چەندین تابلۆی تیادا ئەنجامداوە، یەکێکە لە دامەزرێنەری کاری دەستی (گەلەری ئەربائیلۆ) و (گەلەری زامۆ) لەگەڵ پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر.




سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## عەزیز پیرداود – شێوەکار

ناوی تەواوی (عەبدولعەزیز پیرداود حەمەدەمین) ە، ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکی (درگزلـی) ی شاری موسڵ لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٠ هاتونەتە هەولێر و لە گـەڕەکی کۆمـاری نیشـتەجێ بوونە، ساڵی ١٩٧٨ دەستی بەکاری وێنەکێشان کردووە، سـاڵی ١٩٨٦ پەیمانگـەی مەڵبەنـدی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ٢٠٠٧ کۆلیژی پەروەردەی هونـەری لـە موسـڵ تەواو کردووە، ساڵی ١٩٩٢ دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هـەولێر بـووە، ساڵی ١٩٩٤ تا ٢٠٠٣ سەرۆکی بەشی شێوەکاری بووە لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر، ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە،

پێشانگاو چالاکیە هونەریەکانی (١٩٧٨ پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی دواناوەندی سەیداوەی کوڕان) (١٩٨٢ پێشانگای تایبـەتی لـە قوتابخانـەی ئەیوبیـەی کچـان) (١٩٨٤ – ١٩٨٥ – ١٩٨٦ بەشداری لە چەندین پێشانگای کردووە لە هۆڵی پەیمانگـەی مەڵبەنـدی مامۆسـتایان) (١٩٨٧ – ١٩٨٨ – ١٩٩٠ بەشداری لە زۆربەی پێشانگاکان کـردووە لـە ڕۆژی هونـەری لـە هەولێر) (١٩٨٧ پێشانگای هاوبەش لەگەڵ هونەرمەند فوئاد کەریم لـە باخچـەی الجزیـرە لـە بەغدا) (١٩٨٩ پێشاگای تایبەتی لە هۆڵی میدیا لە هەولێر) (١٩٩٢ تا ٢٠٠١ بەشداری لـە تەواوی چالاکیە هونەرییەکان بەبۆنەی یادەوەری هەڵەبجەی شەهید) (١٩٩٤ – ١٩٩٥ بەشداری

له خولەکانی گەلەری سەردەم لەناو قەلاّی هەولێر) (١٩٨٩ پێشانگای تایبەت لە هۆڵی میدیا هەولێر) (١٩٩٠ تا ٢٠٠٤ بەشداری لە تـەواوی چـالاکیە هونەریـەکانی نـاو شـاری هـەولێر) (١٩٩٩ — ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ — ٢٠٠٢ بەشداری لە خولەکانی گەلەری زامـوا لـە سـلێمانی) (١٩٩٦ بەشداری لە خولی گەلەری ئـەربایلۆ لـە هـەولێر) (١٩٩٩ بەشـداری لـە پێشـانگای هاوبەشـی هونەرمەنـدانی کـورد لـە ئێـران) (٢٠٠٢ بەشـداری لـە پێشـانگای هاوبەشـی هونەرمەندانی هەولێر لە گەلەری زاموا لەسلێمانی) (٢٠٠٣ — ٢٠٠٤ بەشداری لە خولەکانی گەلەری زاموا لە سلێمانی) (٢٠٠٦ بەشداری پێشانگای هاوبەشی ٣٥ هونەرمەنـد لـە هـۆڵی میدیا هەولێر) (٢٠٠٦ بەشداری لەپێشانگای هاوبەش لەگەڵ ٣٠ هونەرمەند لە هۆڵی سلێمان مەتەری دهۆك)،

کتێبەکانی (مێژووی هونەری کۆن) (مێژووی هونەری ئیسلامی) (مێژووی هونەری ئەوروپی بەرگی یەکەم و دووەم وەری گێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی) (شمشاڵی سحراوی — منـدالآن بـە نیگارەوە وەری گێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی).



سەرچاوە — لەسەر داوای خۆم لەڕێگای ماسنجەر بۆمی ڕەوانە کردووە ٢٠١٨/٧/٢٨




## عەزیز سەلیم/شێوەکار

هونەرمەند (عەزیز سەلیم) ساڵی ١٩١٧ لە گوندی (وەیسی) سەر بەقەزای پشدەر لە دایکبووە، خوێندنی لە مزگەوت تەواو کردووە، یەکەم پێشانگای لە ساڵی ١٩٣٦ بە یارمەتی (حوسێن حوزنی موکریانی) کردۆتەوە، تا ساڵانی هەشتاکان ٧٠ پێشانگای کردۆتەوە لە زۆربەی وڵاتانی دەرەوە وەك (فەڕەنسا/ ئیتاڵیا/ ئینگلتەرا/ تورکیا/ هۆڵەندا/ ئەڵمانیا/ چیکۆسلۆفاکیا/ بولگاریا/ باکۆ/ مەهاباد)، دوای ئەم هەموو گەشتە جوانترین تابلۆ (مردوان قسە دەکەن) لەساڵی ١٩٤٩ لە پێشانگای پاریس دەوڵەمەندێك لیێ دەکڕێ، هونەرمەند دوو جار چاوی بە (بیکاسۆ) کەوتووە، وەهەروەها ١١ تابلۆی لە مۆزەخانەی جیهان هەیە، جگە لە تابلۆ شیعریشی نووسیوە ٤ دیوانی هەیە، هونەرمەند عەزیز سەلیم لە ٢٠٠٣/١/٦ کۆچی دوایی کردووە.



سەرچاوە لەیەکێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان



## کەریم سابیر – شێوەکار

ناوی تەواوی (کەریم سابیر مستەفا قادر) ە، ساڵی ١٩٥٥ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، لە ١٩٧٧/١٢/٢٨ هاوسەرگیری کردووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا ١٩٨٦، دەرچووی کۆلیژی پەروەردەی موسڵ ٢٠٠٧، ساڵی ١٩٧٣ بۆ یەکەمجار بەشداری لە پێشانگای هاوبەش کردووە لەگەڵ هونەرمەندان (عەبدوڵڵا ڕەسول و جمشیر خەتات) لە شاری هەولێر لە هۆڵی دواناوەندی سەلاحەدین بە سەرپەرشتی مامۆستا جەلیل مستەفا، بەشداری لە گشت پێشانگا هاوبەشەکانی ناو شاری هەولێر کردووە لەدوای ڕاپەڕین، بەشداری لە خولی شەشەمی گەلەری کوردستان کردووە لە هەولێر، بەشداری لە پێشانگای تایبەت بە مامۆستایانی پەیمانگا کردووە لەساڵی ٢٠٠٣، ئارمی کۆنگرەی یەکێتی لاوانی کوردستانی دروست کردووە، دیکۆری بۆ چەندین شانۆگەری کردووە لەوانە شانۆگەری (وولاتێ لە ئاگر) لە نووسین و دەرهێنانی (لالۆ ڕەنجدەر)، چەندین ماسکی بۆ شانۆگەری منداڵان ئەنجامداوە، بۆماوەی (٩) ساڵ مامۆستای هونەری شێوەکاری بووە لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر، ماوەی (٣) ساڵ سەرۆکی بەشی شێوەکاری بووە لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.

---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٢٠١٨/١٠/٢



## یحیی ئەربیللی – شێوەکار و خۆش نووس

ناوی تەواوی (یحیی ئیبراهیم) ە، لە ١٩٧٧/٧/١٧ لە گەڕەکی تەکیە لە قەڵای هەولێر لە دایك بووە، بڕوانامەی دبلۆم لە ژمێریاری پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر بەدەست هێناوە ٢٠٠٠ – ٢٠٠١، بەکالۆریۆس لە یاسا – موسڵ ٢٠٠٩ – ٢٠١٠، پیشە پارێزەر ٢٠١٠ – ٢٠١٢، فەرمانبەر لە وەزارەتی داد فەرمانگەی دادنووسی عەنکاوە یاریدەدەری دادوەری و بەڕێوەبەری کارگێڕی لەساڵی ٢٠١١ تا ئێستا، هاوکات پیشەی زێڕنگری دەکات، کاری هونەری و نەخش و دروست کردنی میدالیا و تابلۆی خۆش نووسی لە زێڕ و زیو، ساڵی ١٩٩٤ بووەتە ئەندامی دەستەی کارگێڕی و بەرپرسی دارایی کۆمەڵەی خۆش نووسانی کوردستان، ٢٠٠٨ تا ٢٠١٠ ئەندامی دەستەی کارگێڕی و بەرپرسی پەیوەندی ڕۆشنبیری خۆش نووسانی کوردستان بووە، ٢٠١٠ – ٢٠١١ جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی خۆش نووسانی کوردستان بووە، ٢٠١٥ بووەتە ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، ٢٠١٠ – ٢٠١٢ ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی عێراق، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و سەندیکای ژمێریارانی کوردستان و یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان و کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستانە، بەرهەم و چالاکییەکانی، لەمانە کارکردن لە بواری هونەری خۆش نووسی و نەخشەسازی بازرگانی ١٩٩٣، کردنەوەی پێشانگای خۆشنووسی و نەخشەسازی لە قوتابخانەی ئامادەیی کوردستان ١٩٩٧، کردنەوەی خولی فێربوونی هونەری خۆش نووسی ١٩٩٧، ڤیستیڤاڵی یەکەمی هەولێر بۆ خۆش نووسی و نەخشەسازی ١٩٩٨، ڤیستیڤاڵی دووەمی هەولێر بۆ خۆش نووسی و نەخشەسازی ٢٠٠٠، پێشبڕکێی جیهانی خۆش نووسی ٢٠٠٠، پێشبڕکێی حەفتەمی ساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆش نووسانی کوردستان ٢٠٠١، پێشبڕکێی جیهانی خۆش نووسی لە

توركیا ٢٠٠٣، پێشبڕکێی یادەکانی ئادار و نەورۆز ٢٠٠٥، پێشبڕکێی قـەڵاو منـارە ٢٠٠٦، پێشبڕکێی جیهانی (البردە) ئیمارات ٢٠٠٦، پێشـبڕکێی جیهـانی خـۆش نووسـی لـە تورکیـا ٢٠٠٧، پێشانگای خۆش نووسی و نەخشەسازی (کۆربەندی هزری ئیسـلامی) هوتێـل خـانزاد هەولێر ٢٠٠٧، پێشـانگای خـۆش نووسـی و نەخشەسـازی زانکـۆی حـەدبا موسـڵ ٢٠٠٧، ڤیستیڤاڵی خۆش نووسی و نەخشەسازی لە ڤیستیڤاڵی ئازادی کوردستان زانکۆی سـەلاحەدین ٢٠٠٨، پێشبڕکێی خۆش نووسی (حاجی خەلیل زەهـاوی و (خالیـد زامـدار) لـە سـلێمانی و ڤیستیڤاڵی (مەولانا خالید) لە سلێمانی و (البردە) ئیمارات و (بدوی الدیرانی) تورکیا ٢٠٠٩، پێشانگای خۆش نووسی (تابلۆی نووسنی زیـو) ڤیسـتیڤاڵی حەوتـەمی بـەدرخان (واشـتنۆن) ٢٠١٠، پێشبڕکێی خۆش نووسـی عێـراق (کـۆڕەك) ٢٠١٠، پێشـبڕکێی خـۆش نووسـی لـە سلێمانی ٢٠١٣، پێشبڕکێی خۆش نووسی بەبۆنەی لە دایك بوونی (پێغەمبەر محەمەد د خ) لە هەولێر و نێو دەوڵەتی لە مەدینەی پـیرۆز سـعودیە ٢٠١٤، پێشـبڕکێی نێودەوڵـەتی مالیزیـا ٢٠١٤، پێشبڕکێی خۆش نووسی نێو دەوڵەتی (بنك البرکـە) ئەسـتەنبۆل ٢٠١٥، پێشـبڕکێی خۆش نووسی بەبۆنەی لە دایك بوونی (پێغەمبەر محەمەد د خ) بەناوی (ساتێك بۆ پیرۆزیەکانی ئیسـلام) سـلێمانی ٢٠١٦، پێشـبڕکێی خـۆش نووسـی (حـافظ عثمـان) ئەسـتەنبۆل ٢٠١٦، پێشبڕکێی خۆش نووسی (دار السلام للخط العربي و الزخرفـة) بەغـدا ٢٠١٧، (سمپۆزیـۆمی چوارەم بۆ هونەرمەندان) هەولێر ٢٠١٧، (مهرجان الرواد لفن الخط و الزخرفة) بەغـدا ٢٠١٧، (مهرجان القشلة الاول للحضارة و التراث) کەرکوك ٢٠١٨، (ملتقـی الفنـانون العـرب) میسـر ٢٠١٨، لەم هەموو بەشدار بووانەی خەڵات و ڕێزلێنانی پێبەخشراوە.



---

ئەم ژیاننامەم لەخۆی وەرگرتووە لە ٨/١٠/٢٠١٨.



## خالید عومەر عوسمان

- لە دایك بووی هەولێر ١٩٦٧/٩/١٤
- دەرچووی سەرەتایی ١٩٨٠
- هاوسەرگیری لە ١٩٩٠/١١/٩
- (٣) کچ و کوڕێك (مارلینا ١٩٩١/١١/٨) (ساکار ١٩٩٢/٩/١٥)
- (ئامانج ١٩٩٥/١/١٣) (سازگار ١٩٩٩/٦/٢٩)
- دەسپێکی هونەری نواندن ١٩٨٤
- ساڵی ١٩٩٤ ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان.
- ساڵی ٢٠٠٠ ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان
- هەندێك لە بەرهەمە تەمسیلییەکانی (حوکمی قەرەقۆش ١٩٩٤) (گرێ ٢٠٠٠) (کۆچ – ٢ - ٢٠٠١) (ئازارەکانی بارام)
- (زیاتر لە ٥٠ کورتە تەمسیل لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو) (وون بوەکان ٢٠١٨)